ڕێنووس و هەڵەچن کراوە

# دەروازەیەک بۆ ناسیونالیزم

نووسینی: ئەنتۆنی دی سمیس، بیندین ئەندیرسۆن، بلۆژ کۆنیف، میلۆس ڤوکیلک، نیناد میسیڤیک

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداخی

--------------------٢٠٢٤ ---------------------------------------------

ناوەڕۆک:

٠- پێشەکی

١- ناسیونالیزم

٢- تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم

٣- تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم: ڕێبازە کۆنەکان بۆ سەدەی بیست و یەک

٤- کەلتووری بەپیشەسازیکردن

٥- ناسیونالیزمی ڕۆژئاوایی و ناسیونالیزمی ڕۆژهەڵاتی

٦- سەرچاوەکان

## پێشەکیی وەرگێڕ:

ناسیونالیزم چییە؟ کەی بۆ یەکەم جار دەرکەوتووە و لە چ بارودۆخ و قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتووە؟ چ پرۆژە یان گوتارێکی هەیە؟ لە لایەکەوە

پەیوەندیی ناسیونالیزم و نەتەوە و لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی ناسیونالیزم و مۆدێرنیزم چییە؟ ئایا دەشێت لە قۆناغی پێش پیشەسازی و کەلتووریی خوێندەواریدا ناسیونالیزم دەربکەوێت یان هەبێت، یان بە دەربڕینێکی تر ئایا دەشێت لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی نیمچەخوێندەواردا، یان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کەلتووریی نزم و نەخوێندەواری و خێڵایەتیدا ناسیونالیزم هەبێت؟ بەتایبەتی ناسیونالیزمی خاوەن پرۆژە؟ کەواتە پرۆژەی ناسیونالیزم چییە؟ پەیوەندیی ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوە چییە؟ نەتەوە چییە و کەی ئیتنۆس یان گرووپێکی ئیتنیکی دەبێت بە نەتەوە؟ بکەری دروستکەری نەتەوە و پارێزەر و درێژەپێدەری ژیانی نەتەوە چییە؟

ئەم چەند بابەتە تیۆرییەی لەم دۆسیەیەدا کۆ کراونەتەوە، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تری پەیوەست بە ناسیونالیزم و نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەدا دەگەڕێن، هەوڵ دەدەن وەڵامی ڕوون لە ڕێگەی بەڵگە و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی چەمکی نەتەوە و ناسیونالیزم و دەرکەوتنیان و پەیوەندیی نێوانیان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدۆزنەوە.

ناسیونالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیا کۆمەڵایەتییە جەماوەرییەیە کە پەیوەستە بە نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەوە، چەمکی ناسیونالیزم پرسیار سەبارەت بە چەمکی نەتەوە و شوناسی نەتەوەییەوە بەرز دەکاتەوە، واتە پرسیار دەکات سەبارەت بەوەی پەیوەستبوون بە نەتەوەیەکەوە –یان سەر بە نەتەوەیەک بوون- چییە، هەروەها لەوە دەکۆڵێتەوە تاکەکەس یان مرۆڤ لەوانەیە چەند گرنگی بە نەتەوەکەی بدات و لە چوارچێوەی نەتەوەکەیدا چۆن خۆی دەبینێت، یان چۆن خەیاڵی بوونی خۆی دەکات، لە دەرەوەی هەر جۆرە پەیوەستبوونێک بە نەتەوەکەیەوە.

لەم دۆسیەیەدا لە ڕووی تیۆرییەوە ئاخاوتنی دەرکەوتنی ناسیونالیزم دەکرێت و باس لەو تێزانەش دەکرێت کە بە ئاراستەی جیاوازدا، هەم باس لە دەرکەوتنی نەتەوە و هەم لە دەرکەوتنی ناسیونالیزم دەکەن، بۆ نموونە بۆچوونی پریمۆردیاڵ کە نەتەوە بە بوویەکی ئەزەلیی خواکرد دادەنێت و پێی وایە بوونی نەتەوە بۆ سەرەتای بوونی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، گوایە لە مێژووی زانراوی مرۆڤایەتییەوە نەتەوەکان هەن و لە یەکتر جیاوازن و بوونی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، ئەمەش پاڵپشتیی بنەمای تێزی کلاسیک یان نەریتی بۆ سەیرکردنی نەتەوە دەکات، کە لەم ڕوانگەیەوە پایەکانی ڕەچەڵەک، زمان، خاک، مێژووی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش نەتەوە دروست

دەکەن و هەر پێکهاتەیەکی ئیتنی ئەم بنەمایانەی هەبێت، لەم ڕوانگەیەوە بە نەتەوە دادەنرێت.

لە پاڵ ئەم تێزەدا بۆچوونی پێرێنیەڵ -هەمیشەیی- هەیە کە پێی وایە نەتەوە بوویەکی هەمیشەییە، واتە پێکهاتەیەکە هەبووە و هەیە و دەبێت، بەڵام لە پاڵ ئەم بۆچوونانەدا تێزی مۆدێرن مێژوویەکی تر بۆ نەتەوە دیاری دەکات و وەکو بەرهەمی مۆدێرنیتە سەیری نەتەوە دەکات، بێگومان سەردەمی مۆدێرنێتە بە مانای قۆناغی پیشەسازی و دابەشبوونی نوێی کار و دروستبوونی تایبەتمەندی و پسپۆری دێت، کە پێشمەرجی ئەمانەش پەروەردەی گشتی و خوێندەواریی کۆمەڵگە و دروستبوونی کەلتووری باڵای هاوبەشی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی ئاراستەی بڵاوبوونەوەی کەلتووری بەرزی خوێندەوارییە لە شێوازی شاوڵییەوە بۆ شێوازی ئاسۆیی، بەخشینی مانای نوێیە بە شێوازی پەیوەندییەکان، هەروەک قۆناغی پیشەسازی بە مانای قۆناغی پێکهاتن و دەرکەوتنی چینی ناوەند و کۆبوونەوەی سەرمایە و بەخوێندەواربوونی کۆمەڵگە و زیندووکردنەوەی ڕەمز و هێماکانی ڕابردوو، ژیانەوەی توخم و ڕەگەزە ڕەسەنەکانی کەلتووری میلی و پایەکانی ڕابروو و کردنیان بە بنەما و ڕەگەزەکانی پێکهێنانی ناوەند یان چەقێک بۆ کۆبوونەوە و دروستکردنی ئینتیما بۆ خۆناسین و ئەوی تر ناسین، واتە بەستنەوەی بنەما ڕەسەنەکانی بوون و ڕابردوو لەگەڵ پێداویستییە نوێ و بنچینەییە هاوچەرخەکان بۆ دروستکردن و بونیادنانی کەلتووری باڵای نەتەوەیی کە یەکێتیی کۆنەستی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێت.

لەم قۆناغەدا بابەتی شوناس و خۆجیاکردنەوە لەوانی تر و پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە تەنها لە چوارچێوەیەکدا دەبێت کە ئەو پێکهاتەیە ببێتە خاوەنی سەروەری، ئەویش تەنها لە بوونی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، ئەم دەوڵەتەش دروستکراوی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی جەماوەرییە کە لە چوارچێوەی ناسیونالیزمدا پێناسە دەکرێت، ئەرکی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە پێکهێنانی ئەو چوارچێوەیە کە ئەم تایبەتمەندییەی تێدا دەپارێزرێت، ئەوەش واتە ئەو ئەرکەی بریتییە لە گەوهەری گوتاری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە. ئەو تایبەتمەندییەش کە لەسەر بنەمای بوویەکی جیاواز و خاوەن شوناس دەستەبەر دەبێت، ئەوە نەتەوەیە؛ بەڵام بەبێ سەروەریی ئەو بووە نە پارێزراو دەبێت، نە ئامادەبوونی فەرمی دەبێت و نە دەتوانێت گوزارشت لە بوونی خۆی بکات، بێگومان ئەو چوارچێوەیەی ئەو بووەی تێدا دەپارێزرێت و بوونی تێدا دەسەلمێنرێت، چوارچێوەی دەوڵەتە کە بەرهەمی ناسیونالیزمە.

ئەم بابەتانەی لەم دۆسیەیەدا بڵاو کراونەتەوە، تاووتوێی چۆنێتیی دروستبوونی نەتەوە و ناسیونالیزم و ڕۆڵی ناسیونالیزم لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەدا دەکەن. هیوادارم وەرگێڕانی ئەم بابەتانە بۆشاییەک (ئەگەر بچووکیش بێت) لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە.

سلێمانی ٢٦/کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.

## بەشی یەکەم: ناسیونالیزم

نووسینی/ نیناد میسیڤیک

زاراوەی ناسیانالیزم بەگشتی بۆ وەسفکردنی دوو دیاردە بەکار دەهێنرێت:

یەکەم: ئەو هەڵوێستەی ئەندامانی نەتەوەیەک هەیانە، کاتێک لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان بەئاگان.

دووەم: ئەو کارانەی ئەندامانی نەتەوەیەک ئەنجامی دەدەن، کاتێک هەوڵی بەدیهێنانی (بەهێزکردنی) مافی چارەنووسی خۆیان دەدەن.

یەکەم: -ناسیونالیزم- پرسیار سەبارەت بە چەمکی نەتەوە (یان شوناسی نەتەوەیی) بەرز دەکاتەوە، کە زۆر جار لە ڕوانگەی ڕەچەڵەکی گشتی و ئیتنیستی یان پەیوەندییە کەلتوورییەکانەوە پێناسە دەکرێت، بەتایبەتی سەبارەت بەوەی ئایا ئەندامێتیی تاکەکەس لە نەتەوەیەکدا دەبێت ناخۆبەخشانە یان خۆبەخشانە دابنرێت. دووەم ناسیونالیزم پرسیار سەبارەت بەوە بەرز دەکاتەوە: ئایا پێویستە بڕیاردانی چارەنووس بەو جۆرە تێبگەین کە بریتییە لە هەبوونی دەوڵەتدارییی تەواو بە دەسەڵاتی تەواوەوە بەسەر کاروباری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، یان شتێکی کەمتر لە دەوڵەت پێویستە.

سێ دەیە لەمەوبەر، ناسیونالیزم هاتە سەر جەختکردن لەسەر مشتومڕی فەلسەفی، واتە لە ساڵانی نەوەدەکاندا، بەشێکی ئەوەش لە ئاکامی پێکدادانەکانی ناسیۆنالیستی تا ئەندازەیەک سەرنجڕاکێش و پڕ لە کێشە بوو، دەرکەوتنی شەپۆلەکانی ناسیونالیزم لە ڕووی ڕەفتارییەوە مەیلی نیشاندانی ناڕوونی هەیە. لەبەر ئەم هۆیەش، زۆر جار وێنەیەکی ئەفسووناوییە، 'بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی' و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی سیاسی زۆر جار

پاڵـەوانێتی و دڕندەییشـە، پێکهێنـانی دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی ددانپێـدانراو ئاسـایی وەڵامی هەسـت و سـۆزی قـووڵی میلی دەداتـەوە، بـەڵام هەنـدێک جـار دەرەنجـامێکی نامرۆڤانـەی لێ دەکەوێتـەوە، لـە بـەلاوەنانی تونـدوتیژی و 'خاوێنکردنەوە'ی نانەتەوەییەکان لە کوشتنی جەماوەریی ڕێکخـراودا، مشـتومڕی ئاکاری لەسەر ناسیونالیزم لە لایەکـەوە پشـێوییەکی قـووڵی ڕەفتـاری لـە نێـوان هاریکاریکردن لەگەڵ گرووپە نەتەوەییە سەرکوتکراوەکاندا پێچەوانە دەکاتەوە، لە لایـەکی تـرەوە دوورکەوتنـەوە لـە ڕووی ئـەو تاوانانـەدا کـە بـە خـراپی بـە نـاوی ناسیونالیزمەوە ئەنجام دەدرێن، سەرەڕای ئـەوە بابـەتی ناسـیونالیزم ئامـاژە بـۆ بوارێکی فراوانتری ئەو کێشانە دەکات کە بـە مامەڵـەکردنی جیاوازییـە ئیتـنیکی و کەلتوورییەکانـەوە پەیوەسـتن، لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتداری دیموکراتیـدا، بـە شێوەیەکی بەڵگەدار، لەناو کێشە هەرە فشارلەسەردانراوەکانی تیـۆری سیاسـیی هاوچەرخدا.

لە دوو دەیەی دواییدا، قەیرانی کۆچکردن و کاردانەوە پۆپۆلیسـتییەکان بەرانبـەر بـە کـۆچکردن و بابەتـەکانی ئـابووریی نـاوخۆ، بریـتی بـوون لـە خاسـیەتە دیاریکراوەکانی گردبوونەوەیەکی نوێی سیاسی، پرسـی نـەریتی جیـاوازیی نێـوان ناسیونالیزم و کۆسمۆپۆلیتیزم سیمای خۆی گۆڕیـوە: دژایـەتیی تونـدی ئێسـتا لـە نێوان ڕق و کینەی پۆپۆلیست بۆ بیانیەکان-کۆچکەران و بەخشـندەییەکی زیـاتردا، یان ئاسایی تەنها هەڵوێستی پەسـەندکردن و یارمـەتیی سـاماریتان (یارمەتـدەری ئەوانی تر)ە، ڕق و کینەی پۆپۆلیست بە میراتی هەندێک خاسیەتی بـۆ ماوەتـەوە، کـە بـە شـێوەیەکی نـەریتی بـە نیشـتمانپەروەری و ناسـیونالیزمەوە پەیوەسـتن، لەگەڵ هەڵوێستی دژی خاسـیەتە سـەرەکییەکانی کۆزمۆپۆلیـتی نـەریتی، مـرۆڤ دەشێت پێشبینیی ئەوە بکات کارکردن لەسـەر ناسـیونالیزم لەسـەر ئـەم زەمینـە نوێ و بەرگریکارە زیاتر بـڕوات و دژایـەتیی نـوێ ئاراسـتە بکـات و هـەوڵ بـدات ناسیونالیزم لەگەڵ ئەم دژایەتییەدا بخاتە پەیوەندییەوە.

لەم چوونەناوەوەیەدا، ئێمە یەکەم بابەتە چەمکییەکانی پێناسەکردن و پۆلێنکردن (بەشـەکانی ١ و ٢) دەخەینـە ڕوو، پاشـان گفتوگۆکـان دەخرێنـە بـەردەم تاووتوێکردنـەوە (بەشـی ٣)، مـاوەی زیـاتر بـۆ گفتوگۆکـان لـە بەرژەوەنـدیی ناسیونالیزم تەرخان دەکەین، نەک بۆ ئەوانەی دژی ناسیونالیزمن، بەو مەبەستەی تێگەیشتنێکی تەواو بۆ ناسیۆنالیستی فەلسەفی فەراهەم بکـەین. لـە دوا بەشـدا، بۆ گردبوونەوە -کۆمەڵبوون-ی نوێ دەگەڕێینـەوە و هێڵکـاریی ئـەو بابەتـە نوێیانـە دەکـەین کـە لـە لایـەن ناسیۆنالیسـت و پۆپۆلـیزمی ناسیۆنالیسـتیی گـوازراوە و قەیرانی کۆچکردنەوە وروژێنراون.

## 1، نەتەوە چییە؟

## 1،1 چەمکی بنچینەیی ناسیونالیزم:

هەرچەندە زاراوەی 'ناسیونالیزم' مانای جۆراوجۆری هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی دوو دیاردەدا سنوور دەدرێت، یەکەم: ئەو هەڵوێستەی ئەندامانی نەتەوەیەک هەیانە، کاتێک لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان وەکو ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بەئاگان. دووەم: ئەو کردارانەی ئەندامانی نەتەوەیەک لە کاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن (یان بەردەوامبوون) بە شێوەیەک لە سەروەریی سیاسی ئەنجامی دەدەن (بۆ نموونە بڕوانە Nielsen 1998-1999: 9)، هەریەکە لەم لایەنانە پێویستی بە درێژەپێدان هەیە.

یەکەم: چەمکی ناسیونالیزم سەبارەت بە چەمکی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی پرسیار بەرز دەکاتەوە، سەبارەت بەوەی پەیوەستبوون بە نەتەوەیەکەوە -یان سەربەنەتەوەیەکبوون- چییە؟ هەروەها سەبارەت بەوەی مرۆڤ لەوانەیە چەند گرنگی بە نەتەوەکەی بدات پرسیار دەکات، نەتەوەکان و شوناسی نەتەوەیی دەتوانرێت لە ڕووی بنەچەی هاوبەش یان ئیتنیستی یان پەیوەندییە کەلتوورییەکانەوە پێناسە بکرێن، کاتێک ئەندامێتیی تاکەکەس لە نەتەوەیەکدا زۆر جار وەکو نائیرادی دادەنرێت، هەندێک جاریش بە شتێکی ئیرادی دادەنرێت، ئاستی گرنگیدانی کەسێک بە نەتەوەی خۆی کە ناسیۆنالستەکان داوای دەکەن، زۆر جار وا وەردەگیرێت کە زۆر بەرزە، بەڵام نەک هەمیشە: بەپێی ئەو بۆچوونانە، داواکارییەکانی نەتەوەیی کەسێک دەکەوێتە پێش کێبڕکێی کێبڕکێکەرانەوە بۆ دەسەڵات و دڵسۆزی[١].

دووەم: چەمکی ناسیونالیزم سەبارەت بەوە پرسیار دەکات کە ئایا سەروەرێتی پێویستی بە بەدەستهێنانی دەوڵەتداریی تەواو و دەسەڵاتی تەواو بەسەر کاروباری ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا هەیە، یان شتێکی کەمتر لەوەی پێویستە کە دەوڵەتداری دەیەوێت، هەرچەندە زۆر جار سەروەری بە مانای دەوڵەتداریی تەواو وەردەگیرێت ((Gellner 1983:ch1 [2]، هەڵاوێرکردنە شیاوەکان ناسراونەتەوە ( Miller 1992: 87, Miller 2000)، هەندێک لە نووسەران، تەنانەت بەرگری لە شێوەی ئەنارشیستیی نیشتمانی-ناسیونالیزمی میانڕەو دەکەن، کە لە لایەن باکۆنینەوە پێشبینی کرا (see Sparrow 2007).

پرسیارێکی زاراوەیی و چەمکی پەیوەست بە جیاکردنەوەی ناسیونالیزم لە نیشتمانپەروەریدا هەیە، پێشنیارێکی میلیی جیاوازی نێوان پەیوەستبوون بە وڵاتی کەسێکەوە، وەکو پێناسەکردنی نیشتمانپەروەری و پەیوەستبوون بە میللەتی کەسێک و نەریتەکانی ئەو میللەتەوە، وەکو پێناسەکردنی ناسیونالیزم لەئارادایە ( Kleinig 2014: 228, and Primoratz 2017: Section 1،2)، کێشەیەکی ئەم

پێشنیارە ئەوەیە خۆشەویستی بۆ وڵات لەڕاستیدا تەنها خۆشەویستی نیە بۆ پارچە خاکێک، بەڵکو ئاسایی پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەی دانیشتوانی سەر ئەو خاکەوە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش نەتەوە بە چەمکی نیشتمانپەروەرییەوە دەناسێنێت، جیاوازییەکی تر ئەوەیە لە نێوان ناسیونالیزمی بەهێز و شتێکی وەک پەیوەستبوونی دوژمنکارانەی ناسیونالیزم و پەیوەستبوونێکی نەرمی 'نیشتمانپەروەرانە'دایە، بەرواری ئەمەش بە لایەنی کەمەوە بۆ سەردەمی جۆرج ئۆرێڵ دەگەڕێتەوە (بڕوانە وتارەکەی ساڵی ١٩٤٥ی)[٣].

سەرەڕای ئەم نیگەرانیە پێناسەییانە، ئاستی باش لە ڕێکەوتن لەسەر شێوەی کلاسیکی و نموونەیی مێژوویی ناسیونالیزم هەیە، بە شێوەیەکی تایبەت باڵادەستیی داواکارییە نەتەوەییەکان بەسەر داواکارییەکانی تردا بۆ دڵسۆزی و پەیوەستبوونی تاکەکەسی و سەروەریی تەواو وەکو ئامانجێکی بەردەوامی بەرنامە سیاسییەکەی نیشان دەدات، سەروەریی خاک بە شێوەیەکی نەریتی وەکو ڕەگەزێکی پێناسەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و بنچینەیی بۆ نەتەوەسازی بینراوە، ئەوە لە بەرهەمە کلاسیکییە نوێیەکانی وەکو هۆبز، لۆک و ڕۆسۆدا پەسن کراوە و بۆ چەقی مەیدانی مشتومڕ دەگەڕێتەوە، هەرچەندە فەیلەسوفەکان ئێستا زۆر لە گوماندان (سەیری دواتر بکە)، ئەو پرسانەی دەوری کۆنترۆڵکردنی جووڵەی پارە و خەڵکیان داوە (بەتایبەتی کۆچکردن)، مافەکانی سەرچاوە کە لە سەروەریی خاکدا ئاماژەیان پێ کراوە، بابەتەکە لە ڕووی سیاسییەوە دەکەن بە چەق -ناوەند- لە سەردەمی جیهانگیریدا، لە ڕووی فەلسەفییەوە بۆ ناسیۆنالیستەکان و دژەناسیۆنالیستەکان هاوشێوە و بایەخدار دەبێت.

لەم دواییانەدا، جەختکردنی فەلسەفی زیاتر بە ئاراستەی 'ناسیونالیزمی لیبراڵ'دا جووڵاوە، ئەو تێڕوانینە کە بانگەشە کلاسیکییەکان دەخاتە دەرەوە و هەوڵ دەدات هەڵوێستی لایەنگری نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە بەها لیبراڵە نەریتییەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە، بۆ نموونە دەوڵەتی هەرێمایەتی وەکو یەکەیەکی سیاسی لای ناسیۆنالیستانی کلاسیک، وەکو ئەوە دەبینرێت کە لە ڕووی ناوەندییەوە سەر بە یەک گرووپی ئیتنیکی-کەلتووری بێت و بە شێوەیەکی چالاکانە پاراستن و بڵاوکردنەوەی نەریتەکانی خراوەتە ئەستۆ، جۆراوجۆرێتیی لیبراڵی بوار بە هاوبەشیی دەوڵەتی خاک لەگەڵ گرووپە ئیتنیکییە ناباڵادەستەکاندا دەدات، دەرەنجامەکان جۆراوجۆرن و تەواو بایەخدارن (بۆ بینینی زیاتر، سەیری دواتر بکە، بەتایبەتی بەشی ٢-١).

## 2،1 چەمکی نەتەوە

لە شێوەی گشتیی خۆیدا، پرسی ناسیونالیزم پەیوەندیی بە نەخشەسازیی نێوان بواری ئیتنۆ-کەلتووری (کە گرووپە ئیتنۆکەلتوورییەکان، یان نەتەوەکانی تێدایە) و

بواری ڕێکخستنی سیاسییەوە هەیە، لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بابەتەدا، ئێمە باسی گرنگیی ئەو هەڵوێستەمان کردووە، کە ئەندامانی نەتەوەیەک هەیانە، کاتێک بایەخ بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەدەن، ئەم خاڵە دوو جۆر پرسیار بەرز دەکاتەوە.

یەکەم: پرسیارە وەسفییەکانن:

(1a) نەتەوە چییە و شوناسی نەتەوەیی چییە؟

(1b) چی سەر بە نەتەوەیە؟

(1c) سروشتی لایەنگری نەتەوەیی چییە؟

(1d) ئایا ئەندامبوون لە نەتەوەیەکدا خۆبەخشانەیە یان ناخۆبەخشانەیە؟

دووەم، پرسیارە پێوانەییەکان:

(1e) ئایا هەڵوێستی گرنگیدان بە ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە گونجاوە؟

1f)) تا چەند پێویستە مرۆڤ بایەخدانی هەبێت؟

ئەم بەشە گفتوگۆی پرسیارە وەسفییەکان دەکات، کە بە '1a,1b' دەست پێ دەکات، پرسیارە پێوانەییەکان لە بەشی سێیەمدا و لە مشتومڕێکی ئەخلاقیدا تاووتوێ دەکرێن، ئەگەر کەسێک بیەوێت خەڵک بۆ خەباتکردن لەپێناوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیاندا ئاگادار بکاتەوە، ئەوا ئەو کەسە دەبێت بیرۆکەیەکی سەبارەت بەوە هەبێت کە نەتەوە چییە و چ شتێک دەبێت سەر بە نەتەوە بێت؟ لەبەر ئەوە بە مەبەستی داڕشتن و زەمینەسازی بۆ هەڵسەنگاندن و بانگەشە و ئاراستەکاری بۆ کارکردن، بیرمەندانی لایەنگری ناسیۆنالیست، خاوەنی تیۆرییەکانی لێکدانەوەی ئیتنیستی، کەلتوور و نەتەوە و دەوڵەتن، لە بەرانبەردا نەیارەکانیان لە ڕووی ئەم درێژەپێدانانەدا وەستاون، ئێستا سەبارەت بە گرووپە ئیتنیکییەکان و نەتەوەکان هەندێک خەملاندن -وادانان- بۆ ناسیۆنالیست بنچینەیین، لە کاتێکدا ئەوانی تر وردکردنەوەی تیۆرین، بۆ پشتگیریی وادانانە بنچینەییەکان نەخشە کێشراون، پێناسە و دۆخی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی لە بەرنامەی ناسیۆنالیستدا سوود وەردەگرێت و بنچینەییە، بە شێوەیەکی جیاواز پێی دەگوتریت 'نەتەوە'، 'ئیتنۆ-نەتەوە'، یان 'گرووپی ئیتنیکی'، لەبەر ئەوە ناسیونالیزم، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گرووپانەدا دیارە کە هێشتا دەوڵەتیان نیە، پێناسەکردنی نەتەوە و ناسیونالیزم بە هەموو مانایەک لە ڕوانگەی پەیوەستبوون بە دەوڵەتەوە دەستپێکەر، یان سەرەتا نیە.

لەڕاستیدا، دڵسۆزییە خاوێنە مەدەنییەکان زۆر جار بە جیا لەژێر ناونیشانی 'نیشتمانپەروەری'دا، کە ئێمە پێشتر باسمان کردووە، یان لەژێر ناونیشانی 'نیشتمانپەروەریی دەستووری'دا پۆلێن دەکرێن[٤]، ئەمەش دوو هەڵبژاردەی پەڕگیر و ژمارەیەک ناوەند بەجێ دەهێڵێت، یەکەم هەڵبژاردەی پەڕگیر لە لایەن دەستەیەکی بچووک، بەڵام دیار لە خاوەن تیۆرییەکانەوە خراوەتە ڕوو[٥]، بەپێی پێناسەی تەواو خۆبەخشانەی ئەم خاوەن تیۆرییانە، نەتەوە هەر گرووپێکە لە خەڵک کە خواست و ویستی دامەزراوەیەکی گشتیی سیاسیی وەکو دەوڵەتی هەیە، ئەگەر ئەم گرووپەی خەڵک لە دروستکردنی دەوڵەتێکدا سەرکەوتوو بن، ئەوا دڵسۆزی و بەوەفایی ئەندامانی ئەم گرووپە بە سروشتی دەبن بە 'مەدەنی' (وەکو دژ بۆ ئیتنیکی)، لە پەڕگیرییەکی تر و تایبەتتردا، بانگەشەکانی ناسیۆنالیست جەخت دەکەنە سەر کۆمەڵی ناخۆبەخشی ڕەچەڵەک، زمان، نەریت و کەلتووری هاوبەش: ئیتنۆ-نەتەوەی کلاسیک کۆمەڵێکە لە ڕەچەڵەک و کەلتوور، کە بە شێوەیەکی لەبەرچاو زمان و داب و نەریتیش دەگرێتەوە، جیاوازیی پەیوەندی (سەرباری ئەوەی چوونیەک نین) بۆ ئەو وێناکردنە دەگەڕێتەوە کە لە لایەن قوتابخانە کۆنترەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوان ناسیونالیزمی 'مەدەنی' و ناسیونالیزمی 'ئیتنیکی'ەوە، کە یەکەمیان وا دانراوە سەر بە ئەورووپای ڕۆژئاوایە، دووەمیان ناوەندیترە و سەر بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە و ڕەگوڕیشەی بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە[٦]، گفتوگۆ فەلسەفییەکان کە جەختیان لەسەر ناسیونالیزم کردووە، مەیلیان بە لای بایەخداندایە، تەنها بە جۆراوجۆرێتیی ئیتنیکی-کەلتووری، ئەم خووەش لێرەدا شوێنکەوتنی دەبێت: گرووپێک کە خواست و ویستی دەوڵەتداریی لەسەر ئەم بناغەیە هەیە، بە 'ئیتنۆ-نەتەوە' بۆ دڵنیاییدان لە 'ئیتنۆ-کەلتووری'، نەک پتەوکردنی 'مەدەنی' خاوێن ناو دەبرێت، بەگوێرەی ناسیۆنالیستی ئیتنۆ-کەلتووری، ئەوە پاشخانی ئیتنیکی-کەلتووریی مرۆڤە کە بڕیاری ئەندامێتیی ئەو کەسە لە کۆمەڵدا دەدات، مرۆڤ ناتوانێت بە ئەندامبوون هەڵبژێرێت، لەجیاتی ئەوە ئەندامبوون پشت بە ڕێکەوتی ڕەچەڵەک و بەکۆمەڵایەتیبوونی سەرەتا -زووتر- دەبەستێت، هەرچۆنێک بێت هاوبەشی لە ڕەچەڵەکدا بووە بە شتێکی ئەفسانەیی بۆ زۆرینەی گرووپە کاتییە -هاوچەرخە- پاڵێوراوەکان: گرووپە ئیتنیکییەکان بۆچی هەزار ساڵە تێکەڵاو بوون؟

لەبەر ئەوە لایەنگرانی ناسیۆنالیستیی کارامە و لیبراڵ مەیلیان بۆ جەختکردن لەسەر تەنها ئەندامبوونی کەلتووری و قسەکردن سەبارەت بە 'نەتەوایەتی' و بەلاوەنانی بەشی ئیتنۆ (Miller 1992, 2000)ـ، 1993, 2013; Gans 2003، Tamir) هەیە، پێشنیارەکەی میشێل سیمۆر سەبارەت بە پێناسەی کۆمەڵایەتی-کەلتووری ڕەهەندێکی سیاسی بۆ پێناسەی کەلتووری زیاد دەکات: لەوانەیە نەتەوە گرووپێکی کەلتووری بێت، بەڵام مەرج نیە بە ڕەچەڵەکێکی هاوبەش

یەکی گرتبێت، ڕایەڵە مەدەنیەکان، ڕایەڵەکانی هاووڵاتی دروستیان کردوون (Seymour 2000) ئەمە ئەو جۆرەی پێناسەکردنە کە ئەمڕۆ لە لایەن زۆرینەی لایەنەکانی ئەم گفتوگۆیەوە پەسەند کراوە، لەبەر ئەوە پێناسەکردنی نەتەوە کۆمەڵە شتێکی تێکەڵاوە، واتە هەریەکە لە ئیتنۆکەلتووری و مەدەنییشە، بەڵام هێشتا لە ئیتنۆ-کەلتووری نزیکترە، خاوێن لەچاو ئەوەی نزیک بێت لە پەڕگیریی مەدەنیی خاوێن.

با ئێستا بۆ بابەتی 'ڕەچەڵەک' و 'ڕەسەنایەتی'ی گرووپە ئیتنۆ-کەلتوورییەکان یان ئیتنۆ-نەتەوەییەکان بگەڕێینەوە. لە زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، مرۆڤ دوو بۆچوون لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەڵام گرووپێکی سێیەم هەیە کە ڕەگەز لە هەردوو لا یەک پێ دەگرێت، یەکەمیان بۆچوونی مۆدێرنیستەکانە کە سەیری ناسیونالیزم دەکات وەکو ئەوەی لە سەردەمی مۆدێرندا و پێکەوە لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا لەدایک دەبێت[٧]، لە سەردەمی ئێمەدا ئەم بۆچوونە لە لایەن ئێرنیست گیلنەرەوە ڕابەرایەتی دەکرێت (بڕوانە کتێبەکەی ساڵی ١٩٨٣ی[٨]) مۆدێرنیستەکانی تر هەمان شێوە خاڵی دەستپێکردن هەڵدەبژێرن بە جیاوازیی سەدەیەک یان دوو سەدە[٩]، تێڕوانینی بەرانبەر دەشێت لە دوای ئیدوارد شیلسی سەرەتاییخواز -پریمۆردیالیست-(ساڵی ١٩٥٧) ناو بهێنرێت، بەپێی قسەی ئەو، نەتەوە ڕاستەقینە ئیتنۆ-کەلتوورییەکان، لە کاتێکی لەیادنەماوەوە هەبوون.

سێیەم جۆرە تێڕوانینێکی تەواو پەسەندە، کە لە هەریەکە لە هێماگەریی ئیتنۆیی سەرەتایی-پریمۆردیال- و مۆدێرنیزم جیاوازە، ئەم تێڕوانینە لەسەر دەستی دەبلیو کۆرنۆر ساڵی ١٩٩٤ دەستی پێ کردووە[١٠]، نەتەوە گرووپێکی ئیتنیکیی بەسیاسیکراو و ئامادەکراوە، نەک دەوڵەتێک؛ کەواتە ڕەگوڕیشەکانی ناسیونالیزم دەکەوێتە پێش دەوڵەتی مۆدێرنەوە، ناوەڕۆکی عاتیفییانەی تا سەردەمی ئێمە دەمێنێتەوە (Conversi 2002: 270)، بەڵام ڕێکخراوی ڕاستەقینەی دەوڵەتی لەڕاستیدا مۆدێرنە، هەرچۆنێک بێت دەوڵەتی نەتەوە خەون و خەیاڵی ناسیۆنالیستە، هەرگیز بە هۆی فرەیی بێچەندوچوونی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕاستی جێبەجێ نەکراوە، ئەمە باری زیادی سێ تێڕوانینی باڵادەستە سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی ناسیونالیزم.

لەڕاستیدا، نووسەرانی کۆنتر -لە بیرمەندانی گەورەی وەکو هێردەر و ئۆتۆ باوەر بۆ ئەو پڕوپاگەندەچییانەی دوای شوێنپێکانی ئەوان کەوتوون- ڕەنجی گەورەیان بۆ فەراهەمکردنی بناغەی داواکارییە پێوانەییەکان دا، کە لەسەر واقیعیەتی بوونگەرایی چەسپاو سەبارەت بە نەتەوەکان: نەتەوەکان قەوارەی ڕاستەقینە و نیازپاکن، بەڵام مشتومڕی ئەخلاقیی هاوچەرخ بۆ کەمکردنەوەی بایەخی دابەشبوونی خەیاڵی/ ڕاستەقینە هەوڵی داوە، فەیلەسوفە دیارە

هاوچەرخەکان گوتوویانە بانگەشـە پێوانەییـە-هەڵسـەنگێنراوەکانی ناسیۆنالیسـت، لەگەڵ سروشتی 'خەیاڵی' نەتەوەدا گونجاون[١١]، ئەوان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن خەیاڵکردنە هاوبەشەکان دەتوانن خەڵک پێکەوە ببەستن و ئەو کارلێکە ناوخۆییەی لـە پێکەوەبوونـەوە بەرهـەم دێت، دەتـوانێت پەیوەسـتبوونە ئەخلاقییـە گرنگـەکان بەرهەم بهێنێت.

ئیسـتا بـا بگەڕێینـەوە بـۆ پرسـیاری 1c سـەبارەت بـە سروشـتی هەڵوێسـتەکانی لایەنگری نەتەوەیی، ئەو بابەتی ڕوونکردنەوەیەی کە بایـەخی بـە زانایـانی بـواری سیاسی و کۆمەڵایـەتی داوە، بـە سـۆزی ئیتنـۆ-ناسیۆنالیسـت و دۆخی نموونـەیی هەڵوێسـتی لایـەنگریی نەتەوایەتییـەوە پەیوەسـتە، ئایـا هەڵوێسـتی لایـەنگریی نەتەوەیی وەکـو ئـەوەی لـە ڕووکەشـدا دەشـێت ببینـرێت، شـتێکی ناعـەقڵانی و ڕۆمانسی و کەمتەرخەمانەیە بۆ بەرژەوەندیی تایبـەتی؟ ئـەم بابەتـە نووسـەرانی دابەش کردووە وا سەیری ناسیونالیزم دەکـەن لـە بنەڕەتـدا ناعـەقڵانی بێت، بـۆ ئەوانەی هەوڵ دەدەن ناسیونالیزم وا لێک بدەنەوە لە هەندێک ڕووەوە عەقڵانیـە، ئەو نووسەرانەی وا سەیری ناسیونالیزم دەکەن ناعەقڵانیە، پێشنیاری لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکـەن سـەبارەت بـەوەی بـۆچی خـەڵک بـە تێڕوانینـە ناعەقڵانیـەکان ڕازی دەبن، هەندێک بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە دەڵێن ناسـیونالیزم دەوەسـتێتە سـەر 'هۆشـیاریی درۆینـە'، بـەڵام ئـەم هۆشـیارییە درۆینەیـە لـە کوێـوە دێت؟ تێڕوانیـنی هـەرە سـادەکراو ئەوەیـە دەرەنجـامی کـارکردنی 'دەسـتەبژێرەکان'ە لەسەر 'جەماوەر'، لە لایەنی بەرانبەردا ڕەخنەگری بـەناوبانگی ناسـیونالیزم ئیلیـا قەدوری (١٩٦٠) بڕوای وایە ئەم ناعەقڵانیە لـە خۆوەیـە، یـان خۆڕسـکە، دەیـە و نێوێک پێش ئێستا لیها گرینفیلـد لـە وتـاری بەرگریکردنەکەیـدا سـاڵی ٢٠٠٥ زیـاتر لەسـەری ڕۆیشـت، کاتێـک ناسـیونالیزمی بـە نەخۆشـیی عەقڵییـەوە بەسـتەوە (هەروەها بڕوانە کتێبەکەی ساڵی ٢٠٠٦). لە لایەنی بەرانبەردا، میشیل واڵزەر لـە کتێبەکەی ساڵی ٢٠٠٢یدا حسابێکی دڵسـۆزانەی پێشکەشـی سـۆزی ناسـیونالیزم کـردووە، نووسـەرانێک کـە پشـت بـە نـەریتی مارکسـی دەبەسـتن، لێکدانـەوەی قووڵتری جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، بـۆ ناوهێنـانی یـەکێک لەوانـە، بونیادگـەری فەڕەنسی ئیتینی بالیبار وەکو دەرەنجـامی 'بەرهـەمی' ئایـدیۆلۆجیی جێبـەجێکراو سەیری ناسیونالیزم دەکات، کـە بـە هـۆی ئـەو میکانیزمانـەوە هیچ شـتێکیان نیـە لەگـەڵ سـاویلکەیی لـەخۆوەیی تاکەکەسـەکاندا بیکـەن، بـەڵکو لەگـەڵ بابـەتی-نـاوخۆیی و کارکـەرە بونیادییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا کـار دەکـەن (Balibar & Wallerstein 1988/ 1991[12]).

هەندێک لە نووسەران بانگەشەی ئەوە دەکەن زۆر جار بۆ تاکەکەسەکان شتێکی عەقڵانیـە ببن بـە ناسیۆنالیسـت (Hardin 1985)،ـ ئایـا مـرۆڤ دەتـوانێت بـە

شـێوەیەکی عـەقڵانی پەڕگیرییـەکانی نـاکۆکیی ئیتنـۆ-نەتەوایـەتی لێـک بداتـەوە؟ نووسەرانی وەکو ڕۆسڵ هاردین پێشنیاری ئەوە دەکەن لە ڕوانگـەی بۆچـوونێکی گشتییەوە ئەوە ئەنجام بدرێت کاتێک ڕەفتاری دوژمنانە عەقڵانی دەبێت، واتـە بـە شێوەیەکی زۆر ئاسایی، ئەگەر کەسێک هیچ هۆکارێکی بۆ متمانەکردن بـە یـەکێک نەبێت، بـۆ ئـەو تاکەکەسـە پەسـەند وایـە بەرانبـەر بـەوی تـر بـەئاگا بێت، ئەگـەر هەردوو لا وریا بن، هەرچۆنێك بێت هەریەکەیان مەیلیان دەبێت بـۆ ئـەوەی ئـەوی تریان بە شـێوەی نـەیار بـبینن، پاشـان دەسـتدانە مامەڵـەکردنی ئـەوی تـر وەکـو دوژمنێک شتێکی عەقڵانی دەبێت، بەم شێوەیە تەنها گومان دەتوانێت بە هەنگاوی بچووک و تاکەکەسییەوە عەقڵانی بەرەو دۆخی ململانێ ببات (زۆربەی کـات ئـەم جۆرە پەرەسەندنە نەرێنیە وەکو جۆرێک لە دژوارییەکانی زیندانی نیشان دەدرێت، بڕوانە چوونەناوەوە بـۆ دژواریی زینـدانی)، بـە شـێوەیەکی ڕێـژەیی ئاسـانە ئـەو بارودۆخانـە دەستنیشـان بکـرێت کـە تێیانـدا ئـەم نموونـە گشـتییە بـۆ هاریکارییـە نەتەوەییەکان و ناکۆکییەکان جێبەجێ دەکات (see also Wimmer 2013).

لە کۆتاییدا بۆ پرسیاری '1d'، نەتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی وەکـو کۆمـەڵێک کـە لـە بنچینـەدا ناخۆبـەخش سـەیر دەکـرێت کـە مـرۆڤ لـە سـاتی لـەدایکبوون و پەروەردەی سەرەتاییەوە سەر بەو کۆمەڵەیە، بەم جۆرەش ئەو پەیوەستبوونە بـە پشتگیریی هۆشیاریی زیادەی مرۆڤ پتەو دەکرێت و تـەواوتر دەکـرێت، هـەموان هاوڕا نین: ناسیۆنالیستانی لیبراڵ بیرۆکەی هەڵبژاردەی پەیوەستبوونی نەتەوەیی مرۆڤ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و کەلتوورسازیی نەتەوەییەوە بۆ ئەوەی کۆچکـەران ببن بە نەتەوەیی ئەو شیمانەیە پەسەند دەکەن.

# 2- جۆراوجۆرێتیی ناسیونالیزم

## 2،1 چەمکەکانی ناسیونالیزم: کلاسیک و لیبراڵ

ئێمە هەر لە سەرەتای ئەم هاتنەناوەوەیەدا ئاماژەمان بـۆ ئـەوە کـرد ناسـیونالیزم جەخت دەکاتە سەر:

یەکەم: ئەو هەڵوێستەی ئەندامانی نەتەوەیەک هەیانە، کاتێک گرنگی بە شوناسـی نەتەوەیی خۆیان دەدەن.

دووەم: ئەو کارانەی ئەندامانی نەتەوەیەک لـە کـاتی هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن (یـان بـەردەوامبوونی) شـێوەیەک لـە سـەروەریی سیاسـی ئـەنجامی دەدەن، خـاڵی ناوەندی سیاسی بریتییە لەو کردارانەی لە لایـەن ناسیۆنالیسـتەکانەوە فـەرمانیان پێ کراوە، ئێمە ئێستا بۆ ئەوانە دەگەڕێینەوە، بـە سـەروەری و خـاک دەسـت پێ دەکەین، کە بۆ سەربەخۆیی تیشکۆی ئاسایی خەباتی نەتەوەیین، ئەوان بابـەتێکی گرنگ دەخەنە ڕوو:

'2a' ئایا سەروەریی سیاسی لەناو (یان بەسەر خاکێکدا) پێویستی بە دەوڵەتدارییە یان شتێکی لاوازتر؟ وەڵامی کلاسیکی ئەوەیە دەوڵەتێک پێویستە، وەڵامێکی زیاتر لیبراڵانە ئەوەیە شێوەیەک لە ئۆتۆنۆمیی سیاسی بەسە، ئەمە جارێک گفتوگۆ کراوە، ئێمە دەتوانین بۆ بابەتە پەیوەندیدارە پێوانەییەکان بگەڕێینەوە:

'2b' کام کارکردنانە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بۆ بەدیهێنانی سەروەرێتی و بۆ پاراستنی بواریان پێ دەدرێت؟

'2c' لەژێر کام هەلومەرجانەدا لە ڕووی ئەخلاقییەوە بوار دەدرێت ئەم جۆرە کارانە بکرێن؟

سەرەتا وەڵامی ناسیۆنالیستی کلاسیکی بۆ '2a' لەبەرچاو بگرن، سەروەریی سیاسی پێویستی بە دەوڵەتێک هەیە کە لە لایەن ئیتنۆ-نەتەوایەتییەوە 'بە شێوەیەکی ڕەوا خاوەندارێتی بکرێت' (Oldenquist 1997)، پێشکەوتنەکانی ئەم هێڵەی بیرکردنەوە زۆر جار وەڵامی تایبەت دەخەنە ڕوو، یان بۆ '2b' و '2c'، ئەمەش مانای وایە لە خەباتی سەربەخۆیی نەتەوەییدا، بەکارهێنانی هێز دژی دەسەڵاتی ناوەندیی هەڕەشەکەر تا ئاستێکی نزیک هەمیشە ئامرازێکی ڕەوایە بۆ هێنانەدیی سەروەری، هەرچۆنێک بێت، ناسیونالیزمی کلاسیک تەنها پەیوەندیی بە دروستکردنی دەوڵەتەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە پاراستن و بەهێزکردنیشیەوە هەیە.

ناسیونالیزمی کلاسیک بەرنامەیەکی سیاسییە کە سەیری دروستکردن و پاراستنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی تەواو دەکات، کە گرووپێکی ئیتنۆ-نەتەوەیی (گەل، یان نەتەوە) وەکو ئەرکی سەرەتایی هەر ئەندامێکی ئەم گرووپە خاوەندارێتی دەکات، دەستپێکردن لەو گریمانەیەوە کە یەکەی گونجاوی -یان سروشتی- کەلتوور ئیتنۆ-نەتەوەیە، داوا دەکات ئەرکێکی بنچینەیی هەر ئەندامێک پابەندبوونە بە کەلتووری ئیتنۆ-نەتەوەیی ناسراوی ئەو کەسەوە لە هەموو بابەتە کەلتوورییەکاندا.

ناسیۆنالیستانی کلاسیک ئاسایی ئاگاداری جۆری ئەو کەلتوورەن کە دەیپارێزن و بەهێزی دەکەن، هەروەها ئاگاداری جۆری ئەو هەڵوێستەن کە خەڵک بەرانبەر دەوڵەتە نەتەوەییەکەیان هەیانە، ئەم هەڵوێستە چاودێرانە هەندێک مەترسیی شاراوە هەڵدەگرێت: ڕەگەزێکی کەلتووری دیاریکراو کە جیهانین، یان ئاسایی بە نەتەوەیی نەناسراون، لەوانەیە ببنە نێچیر بۆ ئەم جۆرە شێلگیرییە ناسیۆنالیستییانە، ناسیونالیزمی کلاسیکی لە ژیانی ڕۆژانەدا داواکاریی جۆراوجۆری سەربار دەخاتە بەردەم تاکەکەسەکان، لە کڕینی کاڵای گرانتری

بەرهەمهێنراو لەناوخۆ، کە لە کاڵای هاوردەکراوی هەرزانتر پەسەندترە، بۆ خستنەوەی گەورەترین ژمارەی ئەندامانی داهاتووی نەتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بەڕێوەی ببات (see Yuval-Davies 1997, and Yack 2012).

لە پاڵ ناسیونالیزمی کلاسیک و 'ئامۆزا زیاتر ڕادیکاڵە پەڕگیرەکانیدا'، تێڕوانینە جۆراوجۆرە میانڕەوەکان ئێستا وەکو ناسیۆنالیست پۆلێن دەکرێن، لەڕاستیدا گفتوگۆی فەلسەفی بۆ ئەم شێوە میانڕەوە (یان تەنانەت زۆر میانڕەوانەی) گۆڕاوە کە زۆرینەی ئەو فەیلەسوفانەی خۆیان وەکو ناسیۆنالیست وەسف دەکەن و پێشنیاری چەند بەرنامەیەکی زۆر میانڕەوی ناسیۆنالیستی دەکەن.

ناسیونالیزم بەم مانا فراوانترە هەر ئاڵۆزییەکی هەڵوێست و بانگەشە و ڕێنماییە بە مەبەستی کردار کە بەهایەکی بنەڕەتیی کەلتووری، سیاسی و ئەخلاقی دەداتە پاڵ نەتەوە و نەتەوایەتی و پابەندبوونەکان (بۆ ئەندامە تاکەکانی نەتەوە و بۆ هەر لایەنێکی سێیەمی بەشداربوو، تاکەکەسی یان دەستەجەمعی بێت) لەم بەهایەی کە دراوەتە پاڵی دادەڕێژێت، نوێنەری سەرەکیی ئەم گرووپەی بۆچوونەکان ناسیونالیزمی لیبراڵە، کە لە لایەن نووسەرانی وەکو میلەر، تامیر و گانسەوە پێشنیار کراوە (بڕوانە دواتر).

ناسیونالیزمەکان بەم مانا فراوانترە دەشێت تا ئەندازەیەک لە تێگەیشتنیاندا بۆ نەتەوە (کە زۆر جار بە شاراوەیی لە گوتارەکەیاندا بەجێ دەهێڵرێت)، لە زەمینە و پلەی بەهاکەیدا، هەروەها لە چوارچێوەی ئەرکە دیاریکراوەکانیاندا جیاواز بن، ناسیونالیزمی میانڕەو داواکاریی کەمترە لەچاو ناسیونالیزمی کلاسیکدا، هەندێک جار لەژێر ناوی 'نیشتمانپەروەری'دا دەڕوات (دیسان بەکارهێنانێکی جیاواز 'نیشتمانپەروەری' دەپارێزێت، بە مەبەستی بەهادان بە کۆمەڵێکی مەدەنی و دڵسۆزبوون بۆ دەوڵەت، بە پێچەوانەی ناسیونالیزمەوە، نیشتمانپەروەری لەسەر کۆمەڵە ئیتنۆ-کەلتوورییەکان چەقی گرتووە).

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ناسیونالیزمی لیبراڵ، کە جۆری زیاترین گفتوگۆکراوی ناسیونالیزمی میانڕەوە.

ناسیۆنالیستانی لیبراڵ بنەماکانی دیموکراتی- لیبراڵ و هەڵوێستەکانی لایەنگری نەتەوەیی وا دەبینن سەر بە یەک بن، یەکێک لە لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە یاێل تامیرە، کە لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٩٣یدا ئەم گفتوگۆیەی دەست پێ کرد و لە کتێبە تازەکەیدا باسی دەوڵەتی-نەتەوە دەکات وەکو 'خاڵی بەیەکترگەیشتنی نموونەیی لە نێوان هەردووکیاندا' (Yael Tamir 2019: 6)، بێگومان پێویستە قوربانی بە هەندێک شت بدرێت: پێویستە ئێمە ددان بەوەدا بنێین واتاداریی کۆمەڵێک یان کرانەوەی ئەو کۆمەڵە دەبێت تا ئاستێک قوربانی بدەن کە ئێمە

ناتوانین هەردووکیانمان هەبێت (Yael Tamir 2019: 57)، چەندێک لە هەریەکەیان ڕێگــەی پێ دەدرێت بــە کــراوەیی بــەجێ بهێڵــرێت، بێگومــان ناسیۆنالیســتە جۆراوجــۆرە لیبراڵــەکان تێڕوانیــنی جیاوازیــان هەیــە ســەبارەت بــەوەی وەڵامی ڕاست چییە.

وێنەی ناسیونالیزمی لیبراڵ لای تامیر جۆرێکە لە لیبراڵــیزمی کۆمەڵایــەتی، لــەم ڕووەوە هاوشێوەیە لەگەڵ تێڕوانینەکانی دایڤد میللەردا، کە لە کتێبەکــەی ســاڵی ١٩٩٩یـــدا 'بنـــەماکانی دادپـــەروەریی کۆمەڵایـــەتی' باســـی 'کۆمەڵـــەکانی هاوپشتیخوازی' دەکات، هــەروەها لــە کتێبــەکانی ســاڵی ١٩٩٥و ٢٠٠٨یـدا نموونــە وەردەگرێت، هەردووکیان سەیری هەستکردنی شوناسی نەتەوەیی دەکەن، وەکو هەستێک کە هاریکاری وەکو ئامرازێک بۆ دادپەروەریی زیاتری کۆمەڵایەتی بــەهێز دەکـات (Tamir 2019, in particular ch، 20, compare Walzer 1983, (Kymlicka 1995a, 2001, and Gans 2003, 2008)).

ناسیۆنالیستانی لیـبراڵ لـە بـەهای فرەکـەلتووری دوور دەکەونـەوە، کیملیکـا لـە وێناکردنیدا بۆ لیبراڵیزم ئەوە وەکو بنچینـە وەردەگـرێت، لـە کاتێکـدا تـامیر بـەبێ جووڵەیەکی زۆر ئـەوە بـە لاوە دەنێت: کیملیکـا وای نیشـان دەدات دیموکراسـیی فرەکەلتووری و فرەئیتـنیکی تۆمـارێکی هـەژاری پێشـتریان هەیـە (2019:ـ 62)، دەستنیشانکردنی قەیرانی سیاسیی ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە لایـەن تـامیرەوە، لەگـەڵ سیاسـییەکانی وەکـو تـرەمپ و لی پێن، ئەوەیـە دیموکراتـە لیبراڵـەکان بـە هـۆی 'ســەرکەوتنی گریمانەکراویانــەوە' ئیفلیج کــران، لــە کاتێکــدا 'ناسیۆنالیســتەکان هەستیان بە بەزین و باوەنەمانیان کرد' (2019: 7).

تامیر دوو جۆر لە هۆکاری کرد بە لیست کە زەمانەتی پێگەی تایبەتیی سیاسیی نەتــەوەکان دەکــەن، جــۆری یەکــەم ئەوەیــە هیچ قەوارەیــەکی تــری سیاســیی بەتواناتر لە دەوڵەت نیـە بـۆ بـەهێزکردنی بیروبۆچوونـەکان لـە بـواری گشـتیدا (2019:ـ 52)، جۆری دووەمیش ئەوەیە نەتەوە پێویسـتی بـە هـەوڵ و کۆششـی بەردەوامی داهێنەرانە هەیە بـۆ ئـەوەی وا بکـات نەتـەوە کـارا و سـەرنجڕاکێش بێت.

پێشـــکەوتنی مـــێژوویی لیبراڵـــیزم، لیبراڵـــیزمی بـــۆ بنەمایـــەکی جیهـــانی و دژەکۆمۆنیستی گۆڕی، ئەمە هەڵەیەکی کوشندە بوو کە دەتوانرێت و پێویستە لــە لایـەن پێکهـاتنی ناسیۆنالیسـتی لیبراڵـەوە ڕاسـت بکرێتـەوە، ئایـا ئێمـە دەتـوانین حیکایەتـەکانی یـەکگرتنی نەتەوایـەتیمان بـەبێ قوربانیـدان بـە مـیراتی لیبراڵـیی ئـازادی و مافـەکان زینـدوو بکەینـەوە؟ ناسـیونالیزمی لیـبراڵ بـە ئـەرێنی وەڵام دەداتـەوە، لـە ڕوانگـەی تێڕوانیـنی ئـەوەوە تایبەتمەنـدبوونی نەتـەوەیی گرنگـیی یەکەمی هەیە: ''خۆشەویسـتیی مرۆڤایـەتی نموونەیـەکی سەرنجڕاکێشـە، بـەڵام

خۆشەویستیی ڕاستەقینە هەمیشە تایبەتییە" (2019:ـ 68)، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشانە، تامیر ئەم بە بەرزدانانەی نەتەوە لەگەڵ تێڕوانینێکی بونیادنانی پەڕگیری سروشتی -نەتەوە-دا یەک دەخات: نەتەوەکان بریتین لەو بونیادە عەقڵییانەی لە مێشکی ئەندامانی نەتەوەکاندا بوونیان هەیە (2019: 58).

ئایا ناسیونالیزمی لیبراڵ لە جیهانی ئەمڕۆماندا لە هیچ شوێنێک بەدی هاتووە، یان ئایا زیاتر نموونەیەکە، لەوانەیە تیۆری کۆیایی-دەوڵەت بێت، کە پێشنیار بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرنجڕاکێش دەکات؟ بە هەڵسەنگاندنی نووسەرانی ناسیۆنالیستیی لیبراڵەوە، ئەوەی دواییانە؛ هەرچەندە وەکو نموونەیەکی تا ئەندازەیەک بەئاسانی دەستپێگەیشتوو نیشان دەدرێت، واتە یەکخستنی دوو نەریت کە بە کردەوە لە واقیعی سیاسیدا بە باشی جێبەجێ دەکرێن.

جیاوازییەکانی ناسیونالیزم کە بە فەلسەفەوە زۆر پەیوەندیدارە، ئەوانەن کە کار لە پایەی ئەخلاقیی بانگەشەکان و پیادەکردنە پەسەندکراوەکانی ناسیۆنالیستدا دەکەن، تێڕوانینە درێژەپێدراوە فەلسەفییەکان کە دەخرێنە پێشەوە لە بەرژەوەندیی ناسیونالیزمدا وەکو 'ناسیونالیزمی تیۆرییانە' ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئاوەڵناو بۆ جیاکردنەوەی ئەم تێڕوانینانە خزمەت دەکات کە لە گوتاری کەمتر ئاڵۆز و زیاتر کردەیی ناسیونالیزمدا، بانگەشەی ناوەندییە تیۆرییە هەڵسەنگێنراوەکانی ناسیۆنالیست دەتوانرێت لەسەر نەخشەی پێگە شیاوەکان لە چوارچێوەی تیۆری سیاسیدا هێڵکاری بکرێن، لە ڕێگە بەسوودەکانی دواتردا، بەڵام ئەوەش شتێکی ئاسانکراو و ڕێگەیەکی بەرنامەڕێژکراوە.

ناسیۆنالیست بانگەشەی شێوەپێدانی نەتەوە دەکات وەکو ناوەند بۆ کاری سیاسی کە پێویستە وەڵامی دوو پرسیاری گشتیی گرنگ بداتەوە، یەکەم ئایا یەک جۆری گرووپێکی گەورەی کۆمەڵایەتی هەیە کە گرنگییەکی تایبەتیی ئەخلاقیی هەبێت؟ وەڵامی ناسیۆنالیست ئەوەیە بە دڵنیاییەوە یەک گرووپ هەیە و پێی دەگوترێت نەتەوە. سەرباری ئەوە، کاتێک دوایین هەڵبژاردە لە نێوان پەیوەندییەکانی خێزاندا، یان هاوڕێیەتی و نەتەوەدا ئەنجام بدرێت، دواینیان (واتە نەتەوە) لە پێگەی یەکەمدایە، ناسیۆنالیستە لیبراڵەکان هەڵوێستێکی زیاتر میانڕەویان بە لاوە پەسەندە، کە بەها دەخاتە پاڵ وابەستەبوونی نەتەوەییەوە، بەڵام بەم شێوەیە نایکەن بە ناوەند. دووەم، زەمینەکانی پابەندبوونی تاک بەرانبەر بە گرووپی سەرەکی لە ڕووی ئەخلاقییەوە چین؟ ئایا ئەوانە دەوەستنە سەر ئەندامێتیی خۆبەخش -خۆویستی- یان ناخۆبەخش -خۆنەویستی- لە گرووپدا؟ بیرمەندی هاوچەرخی دیاری ناسیۆنالیست دووەمیان هەڵدەبژێرێت، لە هەمان کاتدا دان بەو پشتگیرییە خۆبەخشانەدا دەنێت کە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤ دەستکەوتێکی گرنگی ئەخلاقییە، لەسەر نەخشەی فەلسەفی چێژە پێوانەییەکانی لایەنگری ناسیونالیزم بە جوانی لەگەڵ هەڵوێستی کۆمەڵگەیی -

تائیفی-دا بەگشتی دەگونجێت: زۆربەی فەیلەسوفانی لایەنگری ناسیۆنالیست ئەو کۆمەڵگەییانەن -تائیفییانەن- کە نەتەوە وەکو کۆمەڵگەی پەسەند هەڵدەبژێرن (بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە لە شوێنکەوتوانی کۆمەڵگەییەکانن -تائیفی-، کە کۆمەڵانی دوورمەوداتریان بە لاوە پەسەندترە، وەکو ئەوانەی لە لایەن نەریتە ئایینیە جیهانیەکانەوە دیاری دەکرێن، یان پێناسە دەکرێن[١٣]).

پێش چوونە سەر بانگەشە ئەخلاقییەکان، با بە کورتی هێڵکاریی بابەتەکان و دیدگاکانی پەیوەست بە خاک و مافەکانی خاکەوە بکەین کە بۆ بەرنامە سیاسییە ناسیۆنالیستییەکان بنچینەیین[١٤]، بۆچی خاک بۆ گرووپە ئیتنۆ-نەتەوەییەکان گرنگە؟ مەودا و زەمینەی مافەکانی خاک چین؟ گرنگیی سەرەکیی خاک لە سەروەری و لە هەموو شیمانەکانی پەیوەستبووندا بۆ دەسەڵاتکردنی ناوخۆیی و وەدەرنانی دەرەکی جێگیر دەبێت، بۆچوونی ڕۆسۆ بۆ ئەمە زیاد بکە، کە وابەستە سیاسییەکان لە گەوهەردا سنووریان بۆ دادەنرێت، هەروەها خۆشەویستی -یان بە دەربڕینێکی نەرمونیانتر، دۆستایەتیی مەدەنیی کۆماریخوازی- بۆ گرووپی کەسێک پێویستی بە وەدەرنانی هەندێکی 'دیکە' هەیە و گرنگییەکەی تەواو ڕوون دەبێتەوە، ئەی چی لەبارەی زەمینەی داواکاری بۆ مافەکانی خاکەوە هەیە؟ تێڕوانینی ناسیۆنالیست و لایەنگرانی ناسیۆنالیست زیاتر دەوەستێتە سەر ئەو پەیوەستبوونەی ئەندامانی نەتەوەیەک بۆ خاکی نەتەوەیی هەیانە و بۆ بەهای پێوانەیی ئەو خاکە بۆ نەتەوە بە مەبەستی پاساودانی بانگەشەکانی خاک (see Miller 2000 and Meisels 2009) ئەمەش لە هەندێک ڕووەوە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو عەقڵانیەتەی لایەنگرانی مافەکانی گەلانی ڕەسەن(Tully 2004, but see also Hendrix 2008) ، هەروەها لە ڕووەکانی ترەوە بۆ تیۆری ناناسیۆنالیستی ئیتنۆ-جوگرافیی کۆلێرس ساڵی ٢٠٠٩ پێشکەش کراوە، بەڵام جیاوازە لە پەسەندکردنی گرووپە ئیتنۆ-نەتەوەییەکان وەک تاکە هەڵگرانی ماف، ئەم تێڕوانینانەی وابەستەبوون بۆ تێڕوانینە زیاتر پراگماتیکییەکان لە دژایەتییەکی زۆر بەهێزدا دەبن، سەبارەت بە مافەکانی خاک وەکو ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی (e،g،Levy 2000). جێگرەوەیەکی تری تەواو میللیی خێزانی ئەو تێڕوانینە تاکەکەسییانەیە کە لە مافەکان و بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسەکاندا زەمینەسازی بۆ مافەکانی خاک دەکەن[١٥]، لەسەر کۆتایی پەڕگیری تێڕوانینە دژەناسیۆنالیستییەکان بیرۆکەی پرۆگ خۆی ڕادەگرێت بەوەی کێشەی دیاریکراوی خاک لە فەلسەفەی سیاسیدا بوونی نیە، وەکو کۆلرێس ناوی دەبات 'ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە'یە.

## 2،2 داواکارییە ڕەفتارییەکان، کلاسیکی بەرانبەر لیبراڵی: بەناوەندبوونی نەتەوە

ئێستا ئێمە بۆ ڕەهەندی پێوانەیی ناسیونالیزم دەپەڕینەوە، یەکەم ئێمە باسی گەوهەری بەرنامەی ناسیۆنالیست دەکەین، واتە باسی هێڵکاری و پۆلێنی پێوانەی سەرەکیی داواکارییە هەڵسەنگێنراوەکانی ناسیۆنالیست دەکەین، ئەم داواکارییانە دەشێت وەکو وەڵام بۆ بەشی دووەم یان ناسەرەکیی پێوانەیی بۆ پرسیارەکانی دەستپێکردنی ئێمە سەبارەت بە هەڵوێستە نەتەوەییەکان و کارکردنەکان سەیر بکرێن.

ئێمە دەبینین ئەم داواکارییانە ڕاسپاردە بۆ خولی جۆراوجۆری کارکردن دەدەنەوە: بە شێوەیەکی ناوەندی ئەوانە مەبەستیان پاراستن و بەهێزکردنی ڕێکخراوی سیاسی بوو بۆ کۆمەڵی ئیتنۆ-کەلتووریی نەتەوەیی ئامادە، بەو ڕێگەیەش وەڵامەکان بۆ پرسیارە پێوانەییەکانی ئێمە تایبەتتر دەکەن (1e)، (1f)، (2b)، (2c). سەباری ئەوە، ئەندامانی کۆمەڵ بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە زانراوەکانی ئیتنۆکەلتووری وەکو خاسیەتە سەرەکییەکانی ژیانی کەلتووری لەناو هەر دەوڵەتێکی لەم جۆرەدا ئاگادار دەکاتەوە. لە کۆتاییدا ئێمە گفتوگۆی هێڵە جۆراوجۆرەکانی بیری لایەنگری ناسیۆنالیست دەکەین کە خرابووە بەردەم بۆ بەرگریکردن لەو داواکارییانە، بە مەبەستی دەستپێکردن، با بۆ ئەو داواکارییانە بگەڕێینەوە کە پەیوەندییان بە لایەنگیریی دەوڵەتی نەتەوە و کەلتوورەوە هەیە، ئەمانەش لە لایەن ناسیۆنالیستەوە پێشنیار دەکرێن، وەکو پێوانەکانی ڕەفتارکردن، گرنگترین جیاوازییەکان لە ڕووی فەلسەفییەوە پەیوەندییان بە سێ لایەنی ئەم جۆرە داواکارییە پێوانەییانەوە هەیە:

یەکەم: سروشت و هێزی پێوانەیی داواکاری: ئایا ئەوە تەنها مافێک و ڕێکارێکی ڕەفتاری بەرەو پێ دەدات کە ''دەڵێن شێوەیەکی خودبەڕێوەبردنی سیاسی و پاراستنی هەیە، کە ڕووی پەسەندکراو و سەرەکیی دەوڵەتێکە، یان ژیانێکی کەلتووری هەیە چەق دەبەستێتە سەر کەلتوورێکی ئیتنۆنەتەوەیی زانراو''، یان ''ڕێکاری ڕەفتاری بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مرۆڤ''، یان ڕێکارێکی ڕەفتاری و یاسایی و سیاسی؟ بەهێزترین داواکاری نموونەیە لە ناسیونالیزمی کلاسیکدا، پێوانە نموونەییەکانی هەردووکیان ڕەفتارین، ئەگەر دەوڵەتی نەتەوە هەبێت ئەوا ڕێکارەکان (کە لە ڕووی یاساییەوە بەهێز کراون) بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانە، لەناویاندا ئەندامانی تاکەکەسیی ئیتنۆ-نەتەوە، هێشتا وێنەیەکی تەواوی داواکردن (بەڵام لاوازتر) تەنها لەبارەی ڕێکاری ڕەفتارییەوە قسە دەکات (واتە ئەرکی پیرۆز).

دووەم: هێزی داواکاریی ناسیۆنالیست لە پەیوەندیدا بۆ بەرژەوەندی و مافە دەرەکییە جۆراوجۆرەکان: بۆ پێدانی نموونەیەکی ڕاستەقینە، ئایا بەکارهێنانی زمانی ناوخۆ ئەوەندە گرنگە کە تەنانەت پێویستە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەو

زمانە بگیرێت، لەسەر تێچووی لەدەستچووی بەشدارە زیاتر جێگە بایەخــەکان لــە دەرەوە؟ هێزی داواکاریی ناسیۆنالیست لێرەدا بەرانبەر هێزی داواکارییــەکانی تــر قورس دەبێت، لەناویاندا داواکاریی بەرژەوەندییــەکان، مافــەکانی تاکەکــەس یــان گرووپ، جیاوازییەکان لە هێزی بەراوردکاریی داواکارییــە نەتەوەییەکانــدا، لەســەر زنجیرەیەک لە نێوان دوو پەڕگیردا دەگەنە ئەنجام، لە یەکێک لە پەڕگیرەکاندا کــە تا ئەندازەیەک ناپەسەندە، داواکارییە جــەختلێکراوەکانی نەتــەوە دەکەوێتــە پێش هەر داواکارییەکی ترەوە، لەناویاندا دەکەوێتە پێش مافەکانی مرۆڤەوە، سەرباری ئــەوە بــە ئاراســتەی ناوەنــد، ناســیونالیزمی کلاســیک داواکارییــە ســەرەکییەکانی نەتەوە دەخاتە پێش بەرژەوەندی و زۆر پێداویستیی تاکەکەسەوە، بەڵام مەرج نیە بیخاتە پێش مافە گشتییەکانی مرۆڤــەوە (بــۆ نموونــە بڕوانــە،MacIntyer 1994, Oldenquist 1997)، لە بەرانبــەردا نــەرمونیانی و مرۆڤایــەتی و لیبراڵــیی هەیــە، داواکارییە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیستی کلاسیک تەنها لــە دۆخی بەڵگەنەویســتیدا دەگونجێنرێن (Tamir 1993, Gans 2003, Miller 2013) هەروەها بە مەبەستی پیادەکردنەکانی سەنتەری ئەورووپی (بڕوانە: Stefan Auer 2004).

سێیەم: ئایا بۆ کام گرووپانە، داواکارییەکانی ناسیۆنالیست، بــۆ کلاســیک یــان بــۆ لیبراڵ ڕەوایەتی دەگەیەنێت؟ مەوداکەیان چییە؟ داواکارییەکانی ڕێبازی یەکێکیان ڕەوایەتییان بۆ هەر ئیتنۆ-نەتەوەیەک هەیە و بەوەش دەبن بەجیهانی، نموونەیــەک بۆ ئەمە دەشێت ئــەم داواکارییــە بێت 'پێویســتە هــەر ئیتنــۆ-نەتەوەیــەک دەوڵــەتی تایبەتیی خۆی هەبێت'، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی تر بیخەینە ڕوو:

ناسیونالیزمی بەگەردوونیبوو، بەرنامەیەکی سیاسییە کە بانگەشەی ئەوە دەکــات هەر ئیتنۆ- نەتەوەیەک پێویستە دەوڵــەتێکی هــەبێت بــە مــافی خــۆی خاوەنــدارێتی بکات و پێویستە بەرژەوەندییەکانیشی برەو پێ بدات.

لەبری ئەوە، لەوانەیە داوایــەکی تایبەتمەنــد بێت، وەکــو ئــەو داوایــە 'گــرووپی X پێویســتە دەوڵــەتێکی هــەبێت'، کــە ئەمــە ســەبارەت بــە هــەر گــرووپێکی تــر هیچ ناگەیــەنێت: ناســیونالیزمی تایبەتمەنــد بەرنامەیــەکی سیاســییە، بانگەشــەی ئــەوە دەکات ئیتنۆ-نەتەوە دەبێت دەوڵەتی خۆیی هــەبێت، بــەبێ ئــەوەی ئــەو داوایــە بــۆ هەموو ئیتنۆ-نەتەوەکان درێژ بکاتەوە، بەم شێوەیەش بانگەشە دەکات بــۆ یــەکێک لەمانە:

a- بە سڕینەوەی 'ناسیونالیزمی تایبەتمەندی بێ ڕەنگدانەوە'، یان b- لە ڕێگەی دیــاریکردنی ئاشــکرای ئــەو کەســەی دوور خراوەتــەوە 'گــرووپی X پێویســتە دەوڵەتێکی هەبێت، بەڵام گرووپی Y پێویست نیە' (ناسیونالیزمی ڕقاوی).

دۆخی لاوەکیی هەرە قورس، لەڕاستیدا شۆڤێنیستی ناسیونالیزم، واتە 'b'، ناو براوە بە 'ڕقاوی- قێزەون'، چونکە بە ئاشکرا نکۆڵی لە ئیمتیازی بوونی دەوڵەتێک بۆ هەندێک لە گەلان دەکات، ناسیۆنالیستە تیۆرییە جیددییەکان ئاسایی تەنها بەرگری لە جۆراوجۆرێتیی جیهانی دەکەن، لە کاتێکدا ناسیۆنالیستیی سەر شەقام بەرگری لە خودپەرستیی نادیاریکراو دەکات.

وێنەی ناسیۆنالیست بۆ ڕەفتار بە شێوەیەکی نەریتییانە تەواو نزیک بووە لە تێڕوانینی باڵادەستەوە کە لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێی دەگوترێت 'ڕیالیزم'، بە خستنەڕوویەکی تەواو، ئەم تێڕوانینە ئەوەیە ڕەفتار لە سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوە کۆتایی دێت، لەودیوی ئەوەوە هیچ شتێک نیە بێجگە لە گێرەشێوێنی[١٦]، بە شێوەیەکی جوان داواکاریی سەرەکیی ناسیۆنالیستیی کلاسیکی سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوە تەواو دەکات، واتە هەر ئیتنۆ-نەتەوەیەک یان گەلێک دەبێت دەوڵەتێکی خۆی هەبێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دواتر چی ڕوو دەدات: دەوڵەتەکانی نەتەوە بە ناوی گەلە پێکهێنەرەکانیانەوە دەچنە ناو کێبڕکێوە.

## 3، مشتومڕی ڕەفتاری

### 3،1 ناسیونالیزمی کلاسیکی و لیبراڵی

پرسیاری پێوانەیی دەستپێک، کە لە دەوری هەڵوێستەکان و کردارەکاندا تەوەریان گرت بەبیر بهێنەوە، ئایا لایەنگری نەتەوەیی ڕەوایە؟ تا چ مەودایەک ڕەوایە؟ کام کردارانە بۆ بەدیهێنانی سەروەرێتی گونجاون؟ بەتایبەتی ئایا دەوڵەتانی ئیتنۆ-نەتەوەیی و کاڵای کەلتووره ئیتنۆ- نەتەوەییەکان لە ڕووی دامەزراوەییەوە، سەربەخۆ لە ئیرادەی تاکەکەسیی ئەندامەکانیان پارێزراون؟ داخۆ تا چ مەودایەک دەشێت مرۆڤ لە پاراستنیاندا بەردەوام بێت؟ مشتومڕی فەلسەفی بۆ پشتگیری یان بە دژی ناسیونالیزم مشتومڕێکە سەبارەت بە ڕەوایەتیی ئەخلاقی بانگەشە سەرەکییەکانی، بەتایبەتی دوایین پرسی ئەخلاقی ئەمەی خوارەوەیە: ئایا هیچ شێوەیەکی ناسیونالیزم بوار پێ دراوە یان پاساوی هەیە؟ ئەگەر نا، شێوە تایبەتەکانی تا چەند خراپن؟[١٧] بۆچی بانگەشەکانی ناسیۆنالیست پێویستیان بە بەرگریکردنێک هەیە؟ لە هەندێک بارودۆخدا ئەوان پەسەند دەردەکەون: بۆ نموونە تەنگەژەی هەندێک گرووپی نەتەوەیی -مێژووی جوولەکەکان و ئەرمەنیەکان، **بەدبەختییە مێژوویی و هاوچەرخەکانی کوردەکان- متمانە بەو بیرۆکەیە دەبەخشێت کە هەبوونی دەوڵەتی خۆیان خراپترین کێشەکانی چارەسەر دەکرد،** هێشتا هۆکاری باش هەن بۆ هەڵسەنگاندنی بانگەشەکانی -داواکانی- ناسیۆنالیست بە شێوەیەکی وریایانەتر، گشتیترین هۆکار ئەوەیە پێویستە ئەوە بخرێتە ڕوو کە شێوەی

سیاسیی دەوڵەتی- نەتـەوە هەنـدێک بـەهای هەیـە، بـەم شـێوەیە کـە کۆمـەڵێکی نەتەوەیی بەهایەکی تایبەتی یان تەنانەت بەهایەکی سەرەکی، ئاکاری و سیاسـیی هەیە و داواکارییەکان -بانگەشەکان- لە بەرژەوەندیی ئەودا ڕەوایەتیی پێوانــەییان هەیە، کاتێک ئەمە جێگیر بـوو، بـەرگریکردنی زیـاتر پێویسـتە، هەنـدێک داواکـاریی ناسیۆنالیسـتیی کلاسـیک، بـە لایـەنی کەمـەوە لـەژێر بـارودۆخی ئاسـایی ژیـانی هاوچەرخدا، وا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەو بەها جۆراوجۆرانەدا بەریەک بکـەون، کـە خەڵک ئارەزووی پەسەندکردنیانی هەیە، هەندێک لەم بەهایانە بۆ کۆمەڵگە لیبراڵ-دیموکراتەکان وا دادەنرێن گەوهەری بن، لە کاتێکدا ئەوانی تر گـرنگن، بەتایبـەتی بۆ گەشەکردنی ئەفرانـدن و کـەلتوور، بـەها سـەرەکییەکان لـە یەکـەم کۆمەڵـەدا سـەربەخۆیی تاکەکەسـی و بێلایـەنیی خێرخوازییانەیـە (لـە هـەمووی بـەرچاوتر بەرانبەر ئەندامانی ئەو گرووپانەی لە ڕووی کەلتوورییەوە لە گرووپـەکانی خۆیـان جیاوازن)، ئەرکە تایبەتە وادانراوەکان بەرانبەر کەلتووری ئیتنۆ-نەتەوەیی دەشـێت زۆر جار ناکۆک بن لەگەڵ مافی تاکەکاندا بۆ ئۆتۆنۆمی.

ناسیۆنالیستانی لیـبراڵ لـە گرفتـەکانی ڕێبـازی کلاسـیکی بـەئاگان و داواکارییـە کلاسیکییەکان هێواش یان نەرمونیان دەکەنەوە و تەنها دۆخی یەکەم دەرکەوتنیان پێ دەدەن، ئاسایی لەبارەی 'ئەو کەڵەکەبوونە جۆراوجۆرانەوە قسـە دەکـەن کـە نــاوێکی خراپیــان بــە ناســیونالیزم بەخشــیوە' و بــۆ جیاکردنــەوەی بیرۆکــەی نەتەوایەتیی خۆی لەم زیادەڕەوییانە پەرۆشن (Miller 1992, 2000). ئەم جۆرە نووسـەرانەی بیرکـەرەوەی لایـەنگری ناسیۆنالیسـت بەشـدارییان لـە وتـووێژێکی بەردەوامی فەلسەفیی نێوان لایەنگران و نەیارانی داواکارییەکەدا کـردووە[١٨]، بـە مەبەستی یارمەتیدانی خوێنەر بۆ دۆزینەوەی خۆیان لە میانـەی ئـەم مشـتومڕەی تێیکـەوتوون، ئێمـە بـە کـورتی ئـەو ڕەچاوکردنانـە چـڕ دەکەینـەوە کـە بـۆ ئیتنـۆ-ناسیۆنالیست بۆ بەرگریکردن لە پرسەکەیان کراوەن (تێڕوانینی گشتیی بەسـوود لە لیجتێندبێرگ سـاڵی ١٩٩٧ بـەراورد بکـە)، هێڵـە سـەربارەکانی بیرکردنـەوە کـە لەسـەر ئـەم ڕەچاوکردنانـە بونیـاد نـراون، دەتـوانرێت بـۆ بـەرگرپکردن لــە جۆراوجۆرێتـیی جیـاوازی ناسـیونالیزم بـەکار بهێـنرێن، لــە ڕادیکاڵــەوە بــۆ ناسیونالیزمە زۆر میانڕەوەکان.

بـە کـورتی هـەر هێڵێکی بیرکردنـەوە دەتـوانرێت بـۆ بەڵگەیـەکی کـورت کـورت بکرێتـەوە: مشـتومڕی ڕاسـتەقینە لـەوە ئـاڵۆزترە کـە کەسـێک بتـوانێت بـە هێڵکارییـەک بینوێـنێت، هەنـدێک لـە هێڵـە دیارەکـانی ڕەخنەسـازی کـە لـەم مشتومڕەدا خراونەتە ڕوو، لە نێـوان دوو کەوانـەدا ئاماژەیـان پێ دەکـرێت (see Miscevic 2001)، گفتوگــۆ یــان بەڵگــە ســەرەکییەکان لــە بەرژەوەنــدیی ناسیونالیزمدا بـۆ دوو کۆمەڵـە دابـەش دەکـرێن، کۆمەڵـەی یەکـەمی بەڵگـەکان -گفتوگۆکـان- بـەرگری لـەو داوایـە دەکـات کـە کۆمەڵـە نەتەوەییـەکان بەهایـەکی

بەرزیان هەیە، هەندێک جار وا سەیر دەکرێن کە لە بەرژەوەندیی ئەندامە تاکەکەسییەکانیانەوە هاتبن (لای کیمیلیکا، میلەر و ڕاز بەم شێوەیەیە). هەندێک جاریش وەکو خواست و هەڵبژاردە نائامرازی و سەربەخۆکانی ئەندامە تاکەکەسییەکانیان سەیر دەکرێن، گفتوگۆی ئەوە دەکات پێویستە لە لایەن ئامرازەکانی دەوڵەت و سیاسەتە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە بپارێزرێن، کۆمەڵەی دووەم قووڵییەکی کەمتر 'گشتگیرە' و گفتوگۆکان سەبارەت بە داواکارییەکانی دادپەروەری و سەربەخۆبوون لە گریمانە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کەلتوور و بەها کەلتوورییەکاندا دەگرێتەوە.

کۆمەڵەی یەکەم بە وردەکارییەکی زیاترەوە نیشان دەدرێت، چونکە کاکڵەی مشتومڕەکە پێک دەهێنێت، ئەم کۆمەڵەیە وەکو سەرچاوەی بەها، یان وەکو ئامرازی گواستنەوە وێنای کۆمەڵ دەکات، ئەندامەکانی خۆی بە هەندێک بەهای گرنگەوە دەبەستێتەوە، بەگوێرەی ناسیۆنالیستی کلاسیکی، گفتوگۆکانی - بەڵگەکانی- ئەم کۆمەڵەیە بە مانایەکی قووڵی تایبەت کۆمەڵایەتییە -تائیفییە-، چونکە لە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی بارودۆخی مرۆڤدا چەسپاون، یان جێگەیان گرتووە.

شێوەی گشتیی گفتوگۆ بەڵگە کۆمەڵایەتییە تائیفییە قووڵەکان وەکو ئەمانەی خوارەوەن: یەکەم پێشمەرجی کۆمەڵایەتی -تائیفی-: هەندێک شتی باش هەیە کە جێگەی مشتومڕ نیە (مەبەست شوناسی کەسە)، بۆ بەدیهێنان و پاراستنی ئەوە هەندێک جۆری کۆمەڵ بنچینەییە، پاشان ئەو داوایە دێت کە نەتەوەی ئیتنۆ-کەلتووری ئەو جۆرە کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی نموونەیی بۆ ئەم ئەرکە گونجاوە، پاشان ئەنجامی ژمێرەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت: بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی لەم جۆرە شوناسی خۆی بپارێزێت و پشتگیریی شوناسی ئەندامەکانی بکات، پێویستە (هەمیشە یان بە لایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی ئاسایی) شێوەی سیاسیی دەوڵەتێک وەربگرێت، دەرەنجامی ئەم جۆرە گفتوگۆیە ئەوەیە کە کۆمەڵی ئیتنۆ-نەتەوەیی مافی دەوڵەتێکی ئیتنۆ-نەتەوەیی هەیە و هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتە ماف و پابەندییان هەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ هەر کەلتوورێکی تردا لایەنگری کەلتووری نەتەوەیی خۆیان بن.

سەرباری ئەوەی گریمانە فەلسەفییە قووڵترەکان لە گفتوگۆکاندا لە نەریتی کۆمەڵایەتی -تائیفی-یەوە هەڵدقوڵن، شێوە لاوازەکان دیسان لە لایەن فەیلەسوفانی زیاتر لیبراڵەوە پێشنیار کراون. هێڵە بنچینەییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی -تائیفی- لە بەرژەوەندیی ناسیونالیزم ئاماژەی ئەوە دەکەن کە هەندێک بەها لە پاراستنی نەریتە کەلتوورییەکانی ئیتنۆ-نەتەوایەتیدا هەیە، لە هەستکردنی سەر بە نەتەوەیەکی ئاساییدا و لە هاریکاریی نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکدا، ناسیۆنالیستی لیبراڵ لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکات بەها

سـەرەکییەکانی ژیـانی سیاسـی بوونیـان نیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەهان، سـەرەڕای ئـەوە، ئـەو تێڕوانینانـەی بـە مانـای وشـە دژ و تـەواو تاکەکەسـی وکۆسمۆپۆڵیتین.لە بـەراورددا وشـک و ڕووتکـراوە و بێ پاڵنـەر دەردەکـەون، بـە هۆی کۆسمۆپۆڵیتییەوە ئێمە ئاماژە بۆ ئەو باوەڕە ئاکاری و سیاسییانە دەکەین کە داوا دەکەن بۆ:

ئ: پابەندبوونە ئاکارییـە سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ بـۆ هـەموو مرۆڤایـەتی ئاراسـتە دەکـرێن (بێ ڕەچـاوکردنی دووریی جـوگرافی یـان کـەلتووری) ب: پێویسـتە ئامادەکارییـە سیاسـییەکان بـە شـێوەیەکی دڵسـۆزانە ئـەم پابەندبوونـە ئاکارییـە جیهانییانە پێچەوانە بکەنەوە (لە شێوەی ئامادەکارییە سەروو-دەوڵەتییەکانەوە کـە دەکەونە پێش دەوڵەتانی نەتەوەوە).

لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ هێزە نەیارەکانی ناسیونالیزم و کۆزمۆپۆلیتیزمـدا، زۆر لە فەیلەسوفان تێکەڵاوییەک لە کۆسمۆپۆلیتیزمی لیبراڵـیزم و ناسـیونالیزمی نیشتمانپەروەرانەدا پەسـەند دەکـەن، لـە نووسـینەکانیدا ب، بارکـەر 'تێکـەڵاوێکی سەرنجڕاکێشـی کۆسـمۆپۆلیتیزم و ناوچەگـەری'ی شـکۆدار دەکـات، کـە لـە تێڕوانینی ئەودا خاسیەت بە شوناسی نەتـەوەیی ئەمـەریکا دەبەخشـیت (Barker 1996: 31). چارلس تایلەر دەڵێت گوایە 'ئێمە هیچ هەڵبژاردەیەکمان نیـە، بـەڵکو دەبێت هاوکات کۆسـمۆپۆڵیتی و نیشـتمانیش بین (Taylor 1996: 121). هیلاری پوتنام پێشنیاری دڵسۆزی بۆ ئەوە دەکات کە لە نەریتە جۆراوجۆرەکاندا باشـترینە و تێیدا هەریەکە لە ئێمە بەشداری دەکەین، ئەویش بە ئاشکرا ڕێگەی ناوەڕاسـتە لـە نێـوان نیشـتمانیەکی مێشکتەسـک و کۆسـمپۆڵیتییەکی ئێجگـار ئەبسـتراکدا (Putnam 1996: 114)، سەوداگەری لە لایەن بێرلین (١٩٧٩) و تایلەرەوە (١٩٨٩، ١٩٩٣) پێشبینی کراوە[١٩]، لە دوو دەیەی دواییدا تەختی شـانۆی لـەم مشـتومڕەدا داگـیر کـردووە، تەنانـەت دووبـارە خوێندنـەوەی ناسـیونالیزمی مـێژوویی لەبـەر ڕووناکیی خۆیدا وروژاندووە[٢٠]، زۆربەی نووسـەرانی ناسیۆنالیسـتی لیـبراڵ وێنـە جۆراوجۆرە لاوازەکانی ئـەو گفتوگۆیانـە پەسـەند دەکـەن، کـە ئێمـە لـە خـوارەوە ڕیزیان دەکەین و بۆ پشـتگیریکردنی داواکارییـە میـانڕەو یـان زۆر میانڕەوەکـانی ناسیۆنالیست وەریاندەگرین.

لێرەدا ئەمانـە خاڵـە لاوازە سـەرەکییەکانی ئیتنـۆ-ناسـیونالیزمی کلاسـیکین، کـە ناسیۆنالیسـتی لیـبراڵ و لیـبراڵی سـنووردار و کۆسـمۆپۆلیتی پێشـنیاری دەکـەن: یەکەم، داواکارییەکانی ئیتنۆ-نەتەوەیی تەنها هێزی ڕووکەشی سەرەتاییان -یەکەم دەرکەوتنیان- هەیە و نـاتوانن مافـەکانی تاکەکـەس تێبپـەڕێنن، دووەم داواکارییـە ڕەواکانی ئیتنۆ-نەتەوەیی لە خۆیاندا بە شێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی بـۆ ئاسـتی مـافی دەوڵەت بەرز نابنەوە، بەڵکو دەگەنە مـافی ئاسـتێکی دیـاریکراو لـە سـەربەخۆیی

کـەلتووری، نموونـە سـەرەکییەکانی ئۆتۆنـۆمی یـان هەرێمایـەتین - بـە خاکـەوە پەیوەسـتن- یـان ناهەرێمایـەتین: یەکـەمیان دەستبەسـەرداگرتنی خـاک لـەخۆ دەگـــرێت، دووەم ســـەربەخۆیی کـــەلتووری دەدرێت بـــە تاکەکەســـەکان بێ لەبـەرچاوگرتنی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان لـەناو دەوڵەتەکـەدا[٢١]. سـێیەم ئیتنـۆ-ناسـیونالیزم پاشـکۆی نیشـتمانپەروەریی مەدەنیـە، کـە پەیوەندییـەکی کـەمی بـە پێوەرەکانی نەتـەوەوە هەیـە، یـان هیچ پەیوەندییـەکی نیـە. چـوارەم، پێویسـتە بـۆ ئەفسانە ئیتنۆ- نەتەوەییەکان و 'درۆ گرنگە هاوشێوەکان' لێبوردەیی هەبێت، تەنها ئەگەر چاکە و بێ زیان بن، واتە لەو دۆخـەدا سـەرباری ساختەبوونیان، لـە ڕووی ئاکارییـەوە ڕێگەپێـدراو بن، لـە کۆتاییـدا هـەر ڕەوایەتییـەک کـە داواکارییـە ئیتنـۆ-نەتەوەییەکان دەشێت هەیانبێت، لەو هەڵبژاردنانەوە دادەڕێژرێن کە تاکەکەسـانی پەیوەندیدار لە ئەنجامدانیدا ئازادن.

## 3،2 – گفتوگۆکان لە بەرژەوەندیی ناسـیونالیزم، کلاسـیک بەرانبـەر بە لیبراڵ: پێویستیی قووڵی کۆمەڵ

ئێسـتا گفتۆگـۆ تایبەتـەکانی لایـەنگری ناسیۆنالیسـت لـە کۆمەڵـەی یەکەمـەوە لەبەرچاو بگـرن، یەکـەم گفتوگـۆ -بەڵگـە- دەوەسـتێتە سـەر ئـەو گریمانانـەی لـە گریمانەکانی دواتردا دەردەکەون، بەڵام زیاتر بەهایەکی گەوهەری بۆ کۆمەڵ زیـاد دەکات، گفتوگۆ -بەڵگە-کانی دواتر زیـاتر ئامـاژە بـۆ بەهایـەکی ئـامرازیی نەتـەوە دەکەن، کە لە بەهای گەشەسـەندنی تاکەکـەس و تێگەیشـتنی ئاکـار و شوناسـی چەسپاو و شتی تری هاوشێوەوە داڕێژراوە.

1 -بەڵگە لە بەهای گەوهەرییەوە، هەر کۆمەڵێکی ئیتنۆ-نەتـەوەیی لـە خۆیـدا و بـۆ خۆی بەهادارە، چونکە تەنها لەناو چوارچێوەیـەکی گشـتگیری نەریتـە جۆراوجـۆرە سروشتییەکاندایە، کە مانا و بەها گرنگەکان بەرهـەم دەهێـنرێن و دەگوازرێنـەوە، ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە نزیکییەکی تایبەتیی کەلتوورییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، لـە ڕێگەی قسەکردنەوە بە هەمان زمان و لە ڕێگەی داب و نەریتە هاوبەشـەکانەوە، ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە بە شێوەیەکی ئاسایی بە ڕێگەی جۆراوجۆر لە یـەکترەوە نزیکترن، لەچاو نزیکییان لەگەڵ کۆمەڵەکانی دەرەوەدا.

-2 بەڵگە لە گەشەکردنەوە، کۆمەڵی ئیتنۆ-نەتەوەیی بۆ هەریەکـە لـە ئەنـدامانی بنچینەیـە تـا گەشـە بکـەن، بەتایبـەتی تـەنها لـەناو ئـەم جـۆرە کۆمەڵەدایـە کـە تاکەکەسێک دەتوانێت ئەو چەمک و بەهایانە بەدەست بهێنێت کە بۆ تێگەیشتن لـە ژیانی کەلتووریی کۆمەڵدا بەگشتی و ژیانی خودی تاکەکەس بەتایبەتی گرنگن، لە لای لایـەنگرانی ناسیۆنالیسـت مشـتومڕی زیـاتر هـەبوو سـەبارەت بـەوەی ئایـا جیاوازیی بەهاکان بۆ جیابوونەوەی گرووپە نەتەوەییەکان شتێکی پڕبایەخە؟

ناسیۆنالیستانی لیبراڵیی کەنەدی، سیمۆر (١٩٩٩)، تایلەر و کیملیکا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد 'جیاوازیی بەها لە نێوان هەرێمە جیاوازەکانی کەنەدا، کە خواست و ئارەزووە بۆ نەتەوەبوونێکی جیاواز' کەمترین داواکارییە، تایلەر (Taylor, 1993: 155) گەیشت بەو دەرەنجامەی جیابوونەوە ئەو بەهایە نیە کە گرنگە.

3 -بەڵگە لە شوناسەوە، فەیلەسوفە کۆمەڵایەتییەکان جەخت لەسەر باڵایی پەروەردەکردن بەسەر سروشتدا دەکەنەوە، وەکو بنەمای هێز بۆ بڕیاردانی شوناسمان وەکو گەل، ئێمە دێین بۆ ئەوەی ئەو کەسە بین کە ئێمەین بە هۆی زەمینە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو چوارچێوانەوە کە تێیدا پێ دەگەین، ئەم بانگەشەیە هەندێک ڕووی پەسەندی تێدایە، شوناسی هەر کەسێک لە خۆیدا پشت بە بەشداریکردنی ئەو کەسەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبەستێت (see MacIntyre 1994 Nielsen, 1998, and Lagerspetz 2000) بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاکاری تاکەکەس پشت بە هەبوونی ناسنامەیەکی کەسی پێگەیشتوو و جێگیر دەبەستێت، ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی گەشەی شوناسی کەسی بەهێز دەکەن، پێویستە بپارێزرێن و هان بدرێن، لەبەر ئەوە پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەوری کەلتوورە نەتەوەییە تایبەتەکاندا ڕێک بخرێت.

4- بەڵگە لە تێگەیشتنی ئاکارییەوە، جۆراوجۆرێتیی تایبەتیی گرنگیی بەها بریتییە لە بەهای ئاکاری -مەعنەوی-، هەندێک بەها جیهانین، ئەمەش بە واتای ئازادی و یەکسانیە، بەڵام زۆر ئەبستراکت و تەنکە -ناسکە-، بەها ئاکارییە دەوڵەمەند و پتەوەکان تەنها لەناو نەریتە تایبەتییەکاندا دەبینرێن، وەکو چارلس تایلەر دەڵێت ''ئەو زمانەی ئێمە پەسەندی دەکەین، بابەتەکانی چاکە بۆ ئێمە دەردەبڕێت'' (1989:ـ 35). نەتەوە چوارچێوەیەکی سروشتی بۆ نەریتە ئاکارییەکان پێشکەش دەکات، لەو ڕێگەیەشەوە چوارچێوەیەکی سروشتیی بۆ تێگەیشتنی ئاکار پێشکەش دەکات: ئەوەش قوتابخانەی سەرەتایی ئاکارەکانە.

5- بەڵگە لە جۆراوجۆرێتییەوە، هەر کەلتوورێکی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دەگمەن بەشداری لە جۆراوجۆرێتیی کەلتووره مرۆییەکاندا دەکات، لایەنگری هەرە بەناوبانگی سەدەی بیستەمی ئەو بیرۆکەیە ئایزەیا بەرلینە (لێکدانەوەی هێردەر)، دەنووسێت: سیماکانی کەلتوورەکان دەگمەنن: هەریەکە توێکڵفڕێدانی نایابی تواناکانی مرۆڤ لە کات و شوێن و ژینگەی تایبەتیی خۆیدا دەخەنە ڕوو، ئێمە ڕێگەمان پێ نادرێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بەهای بەراوردکاری بکەین، کە ئەوەش پێوانەکردنی پێوانە نەکراوە (1976: 206).

بە گریمانەکردن کە (ئیتنۆ-) نەتەوە بریتییە لە یەکەی سروشتیی کەلتوور، پاراستنی جۆراوجۆرێتیی کەلتووری دەگاتە پاراستنی دامەزراوەییانەی بێخەوشی کەلتووری (ئیتنۆ-) نەتەوەیی، فرەیەتیی شێوازە کەلتوورییەکان دەشێت

بپارێزرێت و لە ڕێگەی بەستنەوەی بـە 'شـێوەکانی ژیـان'ی ئیتنـۆ-نەتەوایەتییـەوە بەهێز بکرێت.

دایڤد میلەر بە درێژایی چەند دەیەیەک لـە کارەکـەی سـاڵی ١٩٩٠یـەوە تـا کـارە نوێیەکـەی سـاڵی ٢٠١٣ی پـەرەی بـە هەڵوێسـتێکی پڕبایـەخ و گەشەسـەندووی لیبراڵیی لایەنگری نەتەوەیی داوە، ئەو جیاوازیی فرەکەلتووریی لـەناو کۆمەڵگـەدا پەسەند دەکات، بەڵام جەخت دەکاتە سـەر شوناسـێکی نەتـەوەیی جێگـیر، وەکـو نموونەی سـەرەکیی خـۆی، ئـەو شوناسـی نەتـەوەیی بـەریتانیا وەردەگـرێت، کـە ئینگلـیز و سـکۆتلەندی و شوناسـە ئیتنیکییـەکانی تـر دەگرێتـەوە، ئـەو داوای 'شوناسـێکی گشـتگیر و لەبەردەسـتدابوو بـۆ ئەنـدامانی هـەموو گرووپـە کەلتوورییەکان' دەکات (2013:ـ 91)، میلەر بانگەشەی ئەوە دەکـات ئـەم جـۆرە شوناسـە بـۆ پتـەوکردنی بنچینـەی کۆمەڵایـەتی پێویسـتە، ئـەوەش بـۆ ئـەودیوی نیشـتمانپەروەریی سـادەی دەسـتووری دوور دەڕوات، گومانکـەرێک دەتـوانێت تێبینـیی ئەمانـەی خـوارەوە بکـات، کێشـەی کۆمەڵگـەی فرەکـەلتووری ئەوەیـە شوناسی نەتەوەیی لە ڕووی مێژووییەوە مەسـەلەی ڕایەڵـە و پەیوەندییـە ئیتنـۆ-نەتەوەییەکان بووە، پێویستی بە چوونیەکی هەبووە لە زۆرینـەی کێشـی خاسـیەتە کەلتوورییەکاندا (زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش وەکو بیر دەکەوێتـەوە، داب و نەریت و ئایین و... تاد)، هەرچۆنێک بێت، دەوڵەتانی فرەکەلتووری بە شـێوەیەکی دیار ئەو گرووپانەی لە ڕووی مێژوویی و زمان و ئایینەوە زۆر جیـاوازن، تەنانـەت تـەواو دژن لـە ڕووی ڕووخسـارەوە پێکـەوە کـۆ دەکەنـەوە، ئێسـتا چـۆن ئـەو 'شوناسـە نەتـەوەیی'ە گشـتگیرە بەدەسـت بێت کـە لـە شوناسـێکی زۆر تـەنکی گشتیی سەر بە دەوڵەتێکەوە دەست پێ دەکات؟ کە شوناسێکە وا دەردەکـەوێت گرفتی هەبێت، بەزەمینەبوونی هاریکـاریی کۆمەڵایـەتی لـە شوناسـی نەتەوەییـدا پێویستی بەوەی دواییانـە، واتـە دووەم بـۆ ئـەوەی زیـاتر تـەنک -ناسـک- بێت و وا دەربکەوێت لەوانەیە کۆتایی بـە شوناسـی تـەواو و یـەکبووی کـەلتووری بهێـنێت، نیشتمانپەروەریی دەستووریی پتەو لەوانەیە هەڵوێستێکی پڕبایەخی شیاو بێت کە ئەو پتەوییە بچەسپێنێت، هاوکات هەمەجۆریی بنچینەیی کەلتووری بپارێزێت.

## 3،3 بەڵگـەکان لـە بەرژەوەنـدیی ناسـیونالیزم: بابەتـەکانی دادپەروەری

بەڵگەکان لە کۆمەڵەی دووەمدا پەیوەندییان بە دادپەروەریی سیاسـییەوە هەیـە، پشت بە بانگەشە میتافیزیکییەکان نابەستن سەبارەت بە شـوناس و گەشـەکردن و بەها کەلتوورییەکان، ئەو بەڵگانە پێداچوونەوەی بارودۆخـەکان دەکـەن (ڕاسـت بن یان هەڵبەستراو)، کە وایان لە سیاسەتەکانی ناسیۆنالیسـت کـردووە پەسـەند بێت (یان ڕێگەپێدراو بێت، یان سەپێنراو بێت)، 'a' وەکو ئەو ڕاسـتییەی بەشـێکی

گەورەی جیهان بۆ دەوڵەتە -نەتەوەییەکان ڕێک خراوە (لەبەر ئەوە هەر گرووپێکی نوێ خواستی دروستکردنی دەوڵەتێکی-نەتەوەیی هەیە، تەنها دوای نموونەیەکی دامەزراو دەکەوێت)، یان 'b' بارودۆخی بەکۆمەڵی بەرگری لەخۆکردن، یان چارەسەرکردنی نادادپەروەریی ڕابردوو، کە دەشێت پاساو بۆ سیاسەتەکانی ناسیۆنالیست بهێنێتەوە (وەرگرتنی حاڵەتێکی تایبەتی)، هەروەها هەندێک لە بەڵگەکان نەتەوەییبوون وەکو یارمەتیدەر بۆ کاڵا سیاسییە گرنگەکان نیشان دەدەن، بۆ نموونە وەکو یەکسانی.

یەکەم: بەڵگە لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی بەکۆمەڵەوە، گرووپێک لە خەڵک لە قەبارەیەکی تەواودا مافی دیاریی سەرەتاییان هەیە، خۆیان بەڕێوەبەرن و بڕیاری ئەندامێتیی داهاتوویان بدەن، ئەگەر ئەندامانی گرووپەکە ئەوەیان بووێت، ئەوە لە بنچینەدا خواستێکی دیموکراتیی ئەندامان خۆیانە، کە زەمینەسازی بۆ مافی دەوڵەتێکی ئیتنۆ-نەتەوەیی و بۆ دامەزراوە ناوەند-ئیتنۆ کەلتوورییەکان و پیادەکردنەکانی دەکات، ئەم بەڵگەیە پاساوهێنانەوە بۆ بانگەشە ئیتنۆ-نەتەوەییەکان دەخاتە ڕوو، بەوەی لە ویستی ئەندامانی ئەو نەتەوەیەوە داڕێژراون، کەواتە ئەوە تا ئاستێکی زۆر بۆ ناسیونالیزمی لیبراڵ گونجاوە، بەڵام بۆ کۆمەڵایەتیبوونی قووڵ سەرنجڕاکێش نیە، کە وای دەبینێت داواکارییەکانی نەتەوە بە هەڵبژاردنەکانی تاکەکەسە تایبەتەکان پەیوەست نین و دەکەونە پێشیانەوە[٢٢].

دووەم: بەڵگە لە مافی بەرگری‌لەخۆکردن لە چارەسەرکردنی نادادپەروەرییەکانی ڕابردووەوە، سەرکوتکردن و نادادپەروەری هۆکاری ڕەوا و مافی جیابوونەوە بە گرووپی قوربانی دەدات، ئەگەر گرووپێکی کەمینە لە لایەن زۆرینەوە سەرکوت بکرێت، بۆ مەودایەک کە بە نزیکەیی دۆخی هەر ئەندامێکی کەمینە خراپتر بێت لە هەموو ئەندامانی زۆرینە، ئەوە ئاسایی لە بەرژەوەندی و چاکەی سەر بە کەمینەبوونە، پاشان بانگەشەکانی ناسیۆنالیست بە ناوی کەمینەوە لە ڕووی ئاکارییەوە پەسەند و قایلکەرن و لە ڕووی توانای بەدیهاتنەوە سەپاندنیان دەبێتە ناچاری، بەڵگەکە مافێکی ئاسایی چارەسەرکردن دەچەسپێنێت، کە لە ڕوانگەی لیبراڵەوە پەسەندە (بڕوانە گفتوگۆی Kukathans and Pool 2000، بۆ نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو بڕوانە: Waldron 1992)

سێیەم: بەڵگە لە یەکسانیەوە، ئەندامانی گرووپێکی کەمینە لە پەیوەندیبووندا بە کەلتووری باڵادەستەوە زۆر جار زیانیان پێ دەگات، چونکە دەبێت پشت بەوانە ببەستن هەمان زمان و کەلتووریان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، لەبەر ئەوە بێلایەنیی لیبراڵیی خۆی پێویستی بەوەیە زۆرینە کاڵا کەلتوورییە بنچینەییە دیاریکراوەکان دابین بکات، واتە مافە جیاکارییەکان

بەخشیت (see Kymlicka 1995b, 2001, and 2003b)، پاراستنی دامەزراوەیی و ماف بۆ پێکهاتەی دامەزراوەیی گرووپی کەمینە خۆی ئەو چارەسەرانەن کە یەکسانی دەگێڕێنەوە و دەرەنجامی دەوڵەتی نەتەوە بۆ ئەنجامێکی فرەکەلتووری میانڕەو دەگۆڕێت.

چوارەم: بەڵگە لە سەرکەوتنەوە، دەوڵەتی نەتەوە لە ڕابردوودا لە پتەوکردنی یەکسانی و دیموکراسیدا سەرکەوتوو بووە، هاریکاریی ئیتنۆ-نەتەوایەتی بۆ دابەشکردنی زیاتر یەکسانانەی کاڵاکان پاڵنەرێکی بەهێزە (Miller 1995, Canovan 1996, 2000)، هەروەها دەوڵەتی نەتەوە وا دەردەکەوێت بۆ پاراستنی ژیانی ئاکاری کۆمەڵگەکان لە داهاتوودا بنچینەیی بێت، چونکە تاکە شێوەی دامەزراوەی سیاسییە توانای پاراستنی کۆمەڵگەکانی لە هەڕەشەکانی بەجیهانیبوون و تواندنەوە- لەنێویەکدای هەیە، بۆ گفتوگۆکردنی ڕەخنەییانەی وردی ئەم بەڵگەیە بڕوانە: Masom 1999)).

ئەندرێس ویمەر (2018) گفتوگۆیەکی پڕبایەخ سەبارەت بە سەرکەوتنی مێژوویی دەوڵەتی نەتەوە دەخاتەڕوو (ئەمە گفتوگۆ کراوە لای : Knott, Tolz, Green & Wimmer 2019)

دەتوانرێت ئەم بەڵگە سیاسییانە لەگەڵ بەڵگەکانی کۆمەڵایەتیبوونی قووڵدا یەک بخرێن، هەرچۆنێک بێت لە وەرگرتنیدا بە تەنها، تێڕوانینی ئەوان 'کەلتووریبوونی لیبراڵ' پێشکەش دەکات کە بۆ کۆی کۆمەڵگەکانی ئیتنۆ-کەلتووری زۆر گەنجاوە، ئەو زۆر دوورتر لە ناسیونالیزمی کلاسیکی بەراورد بە ناسیونالیزمی لیبراڵیی تامیر و نیلسین، هەموو بنچینەیەکی فەلسەفییانەی کۆمەڵایەتیبوون دوور دەخاتەوە[٢٣]، بیرۆکەی بونیادنانی- نەتەوەی میانڕەو ئاماژە بۆ فرەکەلتووریەتێکی کراوە دەکات، کە تێیدا هەر گرووپێک بەشی خۆی لە مافە چارەسەرییەکان وەردەگرێت، بەڵام سەرباری خۆپەرتکردنی لەوانی تر، بەشداری لە کەلتوورێکی گشتی و بەناویەکداچووی مەدەنی دەکات، لە پەیوەندیی کراوەدا لەگەڵ کۆمەڵگە- دووەمییەکانی تردا، بە لەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆری کۆمەڵگە فرەییەکان و چڕیی کارلێکە ناوخۆییە گوازراوە نەتەوەییەکان، پێ دەچێت ئەم جۆرە کراوەییە بۆ زۆر کەس تاکەگەرەنتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەقامگیر بێت (بڕوانە مشتومڕی Shapiro and Kymlicka 1997).

بەگشتی هەڵوێستی ناسیۆنالیستی لیبراڵ نەرمونیان و مەدەنییانەیە و زۆر شت هەیە لە بەرژەوەندیی ئەو بگوترێت، ناسیۆنالیستیی لیبراڵ هەوڵ دەدات ژێری - بەڵگەنەویستی- ئێمە لە بەرژەوەندیی هەندێک جۆری پاراستنی سیاسیی کۆمەڵگە کەلتوورییەکاندا لەگەڵ ئاکارێکی سیاسیی لیبراڵدا بسازێنێت، بێگومان

ئەمـە بابەتـەکانی سـازاندن و گونجانـدن لـە نێـوان بنـەما لیبراڵـە جیهانیـەکان و وابەستەبوونە تایبەتەکاندا بۆ ئیتنۆ-کـەلتووری نەتـەوەی کەسـێک بـەرز دەکاتـەوە، ناسیۆنالیستانی زۆر لیبراڵی وەکو تامیر نەتەوەیی ئیتنۆ-کەلتووری لە دەوڵەتـداری جیا دەکەنەوە، هەروەها جۆری ئەو خۆشەویستییەی بۆ وڵات پێشنیاری دەکەن لـە لایەن هەموو جۆرە تێڕوانینێکی گەردوونیـەوە هێـور دەکرێنـەوە، کـە لـە دواکاتـدا بەسـەر بەرژەوەنـدیی نەتەوەییـدا سـەر دەکـەون (Tamir 1993: 115; 2019: passim, see also Moore 2001 and Gans 2003)، گفتوگۆیەکی بەردەوام لە نێوان ناسیۆنالیستانی فەلسەفیدا هەیە، سـەبارەت بـەوەی تـا چەنـد لاوازبـوون و سازشکردن هێشتا لەگەڵ هەڵوێستی بوون بە ناسیۆنالیسـتدا بەگشـتی گونجـاوە[٢٤]، هەروەها هێڵێک لە بەرژەوەندیی کۆسمۆپۆلیتیدا هەیە کە لە بەرهەمی هەندێک لە ناسیۆنالیستانی لیبراڵدا دەردەکەوێت (Nielsen 1998-1999)[٢٥].

لە دوو دەیەی دواییدا، بابەتەکانی ناسیونالیزم بە شێوەیەکی ڕوولـەزیادبوون بـۆ مشتومڕ یەک خراون سەبارەت بە سیستمی نێودەوڵەتی (بڕوانە تۆمارکراوەکـان لەبارەی جیهانگیری و کۆزمۆپۆلیتیزمەوە)، پەیوەندیی چـەمکی سـەرەکی بریتییـە لــەو بانگەشــەیەی دەوڵەتــە-نەتەوەییــەکان یەکــەی سروشــتی و ســەقامگیر و گونجاوی سیسـتمی نێودەوڵـەتین. مشـتومڕی پەیوەسـت، پەیوەنـدیی بـە دەوری کەمایەتییەکانەوە لە پرۆسێسەکانی بەجیهانیبووندا هەیە (see Kaldor 2004 )، سەرباری ئەوە ئەم دوو ڕێبازە دەشێت لە کۆتاییدا یـەک بگـرن: ناسـیونالیزمێکی لیبراڵیی فرەکەلتووری و کۆسمۆپۆلیتیزمێکی میـانڕەوی ڕێزگرتـوو لـە جیـاوازی، زۆر هاوبەشیان هەیە[٢٦].

## 3،4 – پۆپۆلیزم و ڕوویەکی نوێی ناسیونالیزم

پۆپۆلیزم زاراوەیەکی چەترئاسایە، هەردوو جۆرەکانی باڵێ ڕاسـت و بـاڵی چـەپ دەگرێتەوە، ئەم بەشە بایەخ بە بزووتنەوە پۆپۆلیسـتییەکانی بـاڵی ڕاسـت دەدات، کە لە باوباپیرە ناسیۆنالیستە نەریتییەکانیانەوە زۆر نزیکن، ئەمە لەگەڵ بارودۆخی گەورەترین بەشی ئەورووپا و وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکادا هاوشـێوەیە، کـە لەوێ بابەتە ناسیۆنالیستییەکان لە لایەن پۆپۆلیستی باڵی ڕاستەوە دەخرێنـە ڕوو[٢٧].

هـەرچۆنێك بێت، تـەواو ڕوون بووەتـەوە ناسـیونالیزم تـەنها یەکێکـە لـە 'یـزم'ە سیاسییەکان کە پۆپۆلیسـتە ڕاسـتڕەوەکان بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت، قـەیرانی کـۆچکردن خۆناسـاندنی پۆپۆلیسـتی لەگـەڵ کۆمەڵگـە کەلتوورییـە-زمانیـەکان هێناوەتـە پێشـەوە (لـە ئاسـتی یەکەمـدا، ئێمـە خـەڵکێکین بـە فەڕەنسـی قسـە

دەکەین، لە ئاستی دووەمدا ئێمە مەسیحین)، ئەوەش بۆ ئەودیوی ناسیونالیزم دەپەڕێتەوە.

جان وێرنەر میلەر (2016) و کاس مۆدی (2007) تێبینی دەکەن ئەو شێوەیەی بۆ هەموو جۆرەکانی پۆپۆلیزم گشتییە، تەواو سادەیە و بە 'تەنک-شەفاف' وەسفی دەکەن، کاس مود ڕوونی دەکاتەوە: ''وا لە پۆپۆلیزم تێدەگەین کە ئایدیۆلۆجیایەکی ناوەندیی تەنک بێت، کە کۆمەڵگە وا دادەنێت لە ئاکامدا بۆ دوو گرووپی چوونیەک و نەیار جیا دەکرێتەوە، خەڵکی خاوێن لە بەرانبەر دەستەبژێری گەندەڵدا، هەروەها ئەم ئایدیۆلۆجیایە گفتوگۆی ئەوە دەکات پێویستە سیاسەت دەربڕینی ویست و ئیرادەی گشتیی خەڵک بێت (2007:ـ 23)، بەم جۆرە پۆپۆلیزم وا دەناسرێت دوو دژی هەبێت: دەستەبژێری و فرەیەتی. یەکەم، دەستەبژێر هەیە بەرانبەر بە خەڵکی (دۆڕاو) جیاواز. دووەم دوو ڕێگەی جیاکردنەوەی خاسیەتدان بە 'خەڵک' شیاوە: یان لە ڕوانگەی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە چین، ئاستی داهات... تاد، یان لە ڕوانگەی پەیوەستبوونی ئیتنیکی یان کەلتوورییەوە (see also de Clean 2017).

| | | |
|---|---|---|
| دەستەبژێر | | |
| (چینی) کۆمەڵایەتی | خەڵک | ئیتنیکی، کەلتووری |

دووەمیان، دووریی ئاسۆیی پۆپۆلیزمی ژێر هەژمموونی باڵی-چەپ لە پۆپۆلیزمی ژێر هەژمموونی باڵی ڕاست جیا دەکاتەوە و شوێنێک بۆ هەڵبژاردەیەکی پۆپۆلیستیی ناوەند بەجێ دەهێڵێت، ناسیونالیزمی ئیتنیکیی کلاسیکیی بەهێز وەربگرە، پەیوەندیی نێوان پۆپۆلیزمی باڵی ڕاست و ئەم جۆرە ناسیونالیزمە زۆر توند و گرژە، ئەمەش وای لە هەندێک لە خاوەن تیۆرییان کردووە (Taguieff 2015) 'پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیست' وەکو تاکە جۆری پۆپۆلیزم نیشان بدەن، ئەم زاراوەیە بەتەواوی پێکهاتەی پۆپۆلیزم و ناسیونالیزمی بەهێزی ئیتنیکی یان خۆماڵی دەخاتە ژێردەستی خۆیەوە. بەگوێرەی پۆپۆلیزم، نەخشەی گشتیی دژە-دەستەبژێری وەردەگرێت: سەرۆک ڕاستەوخۆ خەڵک دەدوێنێت و وای نیشان دەدات بەدوای بەرژەوەندیی خەڵکدا دەڕوات، بەگوێرەی ناسیونالیزم، خاسیەتی خەڵک وەردەگرێت: ئەوە کۆمەڵگەی ئیتنیکییە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەوڵەت خاوەنی کۆمەڵگەی ئیتنیکی، یان ئیتنۆ-نەتەوەیە، لە کارەکەیدا کاس مۆدی ئەو

بانگەشەیە دەکات بە بەڵگە کە پۆپۆلیستانی بەتەواوی باڵی ڕاست بانگەشەی نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە ڕاستەقینەیە دەکەن کە نەتەوەی ڕاستەقینە پێک دەهێنن و خاوێنیەکەیان بە هۆی تازەهاتووەکانەوە پیس دەکرێت، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، مرۆڤ دەتوانێت باسی بزووتنەوە پۆپۆلیستی یان کۆنەپەرستەکان بکات، وەکو تی پارتی -پارتی چایی- کە لە میانەی ئەزموونی تازەی کۆچکردن و هێرشە تیرۆریستییەکان و جەمسەرگیریی گەشەسەندووی ئابوورییەوە دەرکەوتووە، ئێمە دەبێت لێرەدا ئەمە بخەینە لاوە، لەبەر هۆکارەکانی بۆشایی، جێگرەوەی سەرەکیی پۆپۆلیست (یان نیمچە-جێگرەوە) بۆ پۆپۆلیزمی نەتەوەیی، لە هەندێک وڵاتدا وەکو ئەڵمانیا، هەندێک پارتی گرووپە پۆپۆلیستییەکان بۆ نموونە پارتی 'AFD' ئەڵمان، واتە جێگرەوە بۆ ئەڵمانیا داوای خاوەندارێتی -موڵک و ماڵ-ی زۆر فراوانتر دەکەن لەوەی دەستیان پێی دەگات، لەچاو ئەوەی هیی ئیتنۆنەتەوەییە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەستبوونە ئایینیەکان، ئەوانی تر ئەم داوایە لەگەڵ داوای ئیتنۆ-نەتەوەیی یەکدا پێ دەگرن، ئەمە ئەوە بەرهەم دەهێنێت کە ڕیڤا کاستۆریانۆ (٢٠٠٦) بە 'ناسیونالیزمی تێپەڕبوو بەسەر سنووری نەتەوەییدا' ناو دەبات.

ئەوەی جێگەی بایەخە، بە لای پۆپۆلیستانەوە، ناسیونالیزمی لیبراڵ زۆر سەرنجڕاکێش نیە، لە لایەنی تیۆرییەوە مرۆڤ دەتوانێت تێبینی ئەوە بکات کە تامیر (2019) ناسیونالیزمی لیبراڵ وەکو ڕەچەتەیەکی باش دژی هەڕەشەی دیماگۆجییەکانی وەکو ترامپ و بۆریس جۆنسن سەیر دەکات (ئەو خۆی لە بەکارهێنانی ناوی پۆپۆلیست بەدوور دەگرێت- 2019: 31).

سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم ئەو گۆڕەپانە سیاسییە دەگۆڕێت کە مرۆڤ دەبێت کاری لەگەڵدا بکات تێڕوانینەکانی لێبووردەیی (ناسیۆنالیستی لیبراڵی یان دژەناسیۆنالیست) لە سەردەمی پۆپۆلیستیدا ڕووبەڕووی کێشەی نوێ دەبنەوە، کە بە قەیرانی کۆچکردن و... تاد دیاری کراوە. ئەو مەترسییانەی بە شێوەیەکی نەریتی پەیوەستن بە بوونی سەربازییەوە، نەماون؛ پۆپۆلیستانی ناسیۆنالیست دەبێت مەترسییەکی گریمانەکراو دابهێنن کە لەگەڵ خێزانە بیانیەکاندا پێکەوە دێنە ناو وڵاتەوە، لەناویاندا ئەوانەی منداڵیان هەیە، بە کورتی ئەگەر ئەم خەملاندنانە ڕاست بن، ئەوا سیاسییەکان و خاوەن تیۆرییەکان ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبنەوە، بابەتی نەریتیی دژیەک لە نێوان نیشتمانپەروەری/ناسیونالیزم و کۆزمۆپۆلیتیزمدا وێنەی خۆیی گۆڕیوە: دژایەتیی قووڵی ئێستا لە نێوان ڕق و کینەی پۆپۆلیستییە بەرانبەر بە کۆچکەرانی بیانی و هەڵوێستێکی زۆر بەخشندانەی قبووڵکردن و یارمەتیی ساماریتان (کەسێکی خێرخواز کە یارمەتیی خەڵکانی تری لە کتێبی پیرۆزدا داوە، لە کۆتاییدا تێگەیشتنی پۆپۆلیستانە لە 'خەڵکی ئێمە'، 'ئێمە-کۆمەڵگە' نەک هەر بژاردەی

ناسیۆنالیستی لەخۆ دەگرێت، بەڵکو زۆر لەوە دوورتریش دەڕوات، ڕەگەزی گرنگ لە هەڵبژاردەکانی پۆپۆلیستیدا خاسیەتی ناڕەوایە، دەشێت توێژەرانی داهاتووی بابەتی ناسیونالیزم بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت بکەنە سەر ئەم بوارە تازە و پڕ لە ئاڵەنگارییە، بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە نوێیە و دیاریکردنی جۆرەکانی ناسیونالیزم لە پەیوەندیدا پێیەوە[٢٨].

## 3،5 – دەوڵەتی-نەتەوە لە چوارچێوەی جیهانیدا

قەیرانی کۆچکردن دەوڵەتی نەتەوەی لە چوارچێوەی جیهانیدا کردووە بە بابەتێکی سیاسیی سەرەکیی پەیوەست بە نەتەوایەتی، پێش ئەوەی بێینە سەر ڕووداوەکانی ئێستا، پێویستە دۆخی -هونەری- پێش ڕووداوەکە کورت بکرێتەوە، یەکەم با لەبارەی خاک و نەتەوە و بابەتەکانی دادپەروەریی جیهانییەوە سەیری گفتوگۆکان بکەین.

ناسیۆنالیستانی لیبراڵ هەوڵی پاراستنی پەیوەندیی ناسیۆنالیستیی نەریتی لە نێوان خاوەندارێتیی ئیتنیکیی دەوڵەت و سەروەری و دەسەڵاتی هەرێمایەتیدا دەدەن، بەڵام لە نەرمونیانیەکی ئێجگار زۆر و ڕێکخستنێکی ئاڵۆز و ورددا، تامیر میسیلس بەم جۆرە لە بەرژەوەندیی بەهێندوەرگرتنی نیشتەجێبووە نەتەوەییەکانی ئێستاوە، وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە دیاریکردنی سنوورەکانی خاکدا گفتوگۆ دەکات، چونکە ئەم هێڵە هەردوو بناغەی لیبراڵی هەیە (واتا لە کاری جۆن لۆک) و بانگەشەی نەتەوەیی لیبراڵدا (2009: 159) دەوەستێتە سەر نزیکایەتییەکەی لەگەڵ بیروباوەڕی لیبراڵدا، پەیوەست بە بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی، ئەو لەگەڵ لێکدانەوەی بانگەشەکانی 'مافی مێژوویی' چەیم گانسدا ئەوە یەک دەخات ((2003:ـ Ch 4 وەکو 'مافی خاکە پێکهێنەرەکان'، ئەو بەم جۆرە بەڵگە مێژووییەکان و تێگەیشتن وەکو داواکاری بۆ خاکە پێکهێنەرەکان لەگەڵ بەڵگەی ئەو لە چارەسەرکردن و سووربوون لەسەر کارلێککردنیان و بەهێزبوونی ئاڵوگۆڕ دەخاتە ڕوو، وەکو ئەوەی پەیوەندیی نزیکیان هەبێت و وەستابنە سەر وادانانەکانی لیبراڵە ناسیۆنالیستەکان و بیرۆکە گرنگەکان ( Meisels 2009: 160)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جەخت دەکاتە سەر ئەوەی زیاتر لە یەک گرووپی ئیتنیکی دەتوانن پەیوەندیی بونیادنەرییان لەگەڵ خاکێکی دیاریکراودا هەبێت، واتە دەشێت بانگەشەی کێبڕکێکەر هەبێت کە دەوەستیتە سەر نیشتەجێبوون[٢٩]، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ململانێ ئیتنۆ-نەتەوەییەکانی سەدەی بیست، مرۆڤ دەتوانێت بە پارێزراوی وای دابنێت دەوڵەتانی فرەکەلتووری یان لە ڕووی کەلتوورییەوە کۆ دابەشبوون بۆ کۆمەڵە دووەمییە پەرتکراو و داخراوەکان، کە تەنها لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شێوەی ژیانەوە پێکەوەبەستراون و لە بنچینەدا ناسەقامگیرن، کەواتە لەوانەیە سەقامگیری

پێویستی بەوە بێت کەسانی کەلتووریی لیبراڵ کۆمەڵگەی فرەیی وێنا بکەن و کارلێکی تەواو توندی ناو دەوڵەت لە نێوان گرووپە کەلتوورییەکاندا برەو پێ بدەن، بە مەبەستی ڕێگرتن لە بێمتمانەیی و کەمکردنەوەی لادان و ئەفراندنی بنچینەیەکی پتەو بۆ پێکەوەژیان.

بەڵام ئایا پێویستە مرۆڤ لە کوێدا بوەستێت؟ ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات، لەبەرئەوەی زۆر هەرێمی بەناویەکداچوو هەن،لە رووی جوگرافیەوە کراوەن. ئێستا سەنج لە چەندین دەشتی فراوانی کیشوەر ئاسا بدەن، کە لە رووی جوگرافیەوە کراوەن و ئاسانکاری نوێی کارلێککردن لە نێوانیاندا هەیە، (مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هیچ دوورگەیەک چیتر بە دوورگەیی نامێنێتەوە) و لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی دراماتیکانە پێکەوەبەستراوە ژینگەییە گەورەکانی خاک و کەشوهەوا دێن، لێرەدا هێڵی توندی نەتەوەییانە چیتر بە شێوەی جیددی لە مشتومڕە ڕەفتارییەکاندا پێشنیار ناکرێت، لەبەر ئەوە دوورترین پەڕگیریی لایەنگریی نەتەوەیی لەڕاستیدا هەڵوێستێکی تا ئەندازەیەک میانڕەوانە دەبێت، کە لە لایەن میلەرەوە لەو کارانەی کراون بە لیست، نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە؛ ئەمە پێشنیارێکی دیاری گرنگیدانی ئەوە بە دادپەروەریی جیهانی، کە دەوەستێتە سەر دەوڵەتانی- نەتەوە: ئەوەش ڕەنگە ببێتە بابەتی شانازیی نەتەوەیی بۆ خستنە لاوەی ڕێژەیەکی دیاری 'GDP' بۆ ئامانجە گەشەسەندووەکان، یا بڵێین بۆ پرۆژەکان لە وڵاتێکی دیاریکراو یان لە کۆمەڵە وڵاتێکدا(2013: 182).

ئەمە دەمانهێنێت بۆ بابەتی کۆچکردن و مشتومڕی گەرم لەسەر ئەم دیمەنەی ئێستا[٣٠])، لە ئەورووپادا لەوانەیە کۆچکردن ناونیشانی سەرەکیی هاتوهاواری پۆپۆلیستیی ئەمڕۆ بێت، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان، لەبەر ئەوە کۆچکردن و کاردانەوەکانی ناسیۆنالیستیی پۆپۆلیست بەرانبەر بە کۆچکردن لەم دەیەیەی ئێستادا زەمینەی تاقیکردنەوەی سەرەکین بۆ ڕوانینە ناسیۆنالیستی و کۆسمۆپۆلیتییەکان.

با لە گفتوگۆکەدا سەیری ڕووی لایەنگریی نەتەوەیی بکەین، ناسیۆنالیستانی لیبراڵ، بەتایبەتی میلەر، هەندێک پێشنیاری بیرلێکراوەی لایەنگری ناسیۆنالیستی پەیوەست بە کۆچکردنیان خستووەتە ڕوو، پێشنیارەکەی میلەر بوار بە پەنابەران دەدات بە شێوەیەکی کاتی هەوڵی پەنابەری بدەن، تا ئەو کاتەی بارودۆخی وڵاتەکەیان یان ڕەچەڵەکەکەیان باش دەبێت، هەروەها کۆچکردنی ئابووری سنووردار دەکات، میلەر لە دژی بەرگریلێکردنی ستانداردێکی جیهانی بۆ یەکسانی و هەل و خۆشگوزەرانی و... تاد گفتوگۆ دەکات، چونکە پێوانەکان بۆ دادپەروەریی یەکسانی سنووری چوارچێوەیین، خەڵک مافی نزمترین ئاستی ژیانیان هەیە، بەڵام مافی کۆچکردن تەنها کاتێک چالاک دەکرێت وەکو دوا پەناگە،

دوای هەموو پێوانەکانی تر لەناو وڵاتێکی پاڵێوراوی کۆچکەری ئەسڵیدا کە هەوڵی بۆ دراوە، هەرچۆنێک بێت ئـەو (بەتایبـەتی لـە کتێبەکەیـدا لەسـەر 'غەریبـەکان لـە نێوانمانــدا'، 2016) بانگەشــەی ئــەوە دەکــات بەرپرســیارێتیی نەتــەوەیی بــۆ پەســەندکردنی پەنابــەرە کۆچکــەرەکان بــە هــۆی ڕەچــاوکردنی بەرژەوەنــدیی کۆچکەران هاوسەنگە و ئەو بەرژەوەندییانەی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان لە پاراستنی دەسەڵاتدا بەسەر پێکهاتنی تایبەتی خۆیان و کەسێتییاندا هەیانە.

ئەگەر لە لایـەنی ئەرێنیـەوە لەگـەڵ ناسیۆنالیسـتە لیبراڵەکانـدا هـاوڕا بین، ئـەوا دەتوانین پرسیار لـەبارەی داینـامیکی ئـەو یارمەتییـەوە بکـەین کـە بـۆ کۆچبـەران پێویستە، بە لایەنی کەمەوە سێ قۆناغ جیـا بکـەرەوە، یەکـەم بـاری لـەناکاوی بـە پەلە (برسێتی، بەسەهۆڵبوون و گرفتە تەندروستییە بەپەلـەکان) و خۆراکپێـدانی، دووەم نیشتەجێبوون و فێربوون (لە لایەن خانەخوێ و کۆچبەرانی تازەهاتووەوە)، سێیەم قۆناغی 'هەندێک جۆری' هاونیشتمانێتی و ژیانی تا ئەندازەیەک سـەقامگیر لە وڵاتی خانەخوێدا.

لە قۆناغی یەکەمدا، یارمەتیی دەستبەجێ لە پێش هـەموو شـتێکەوە دێت، هـەم بە شێوەی پێوانەیی و هەم بە شێوەی هۆکاری: تـەنها پەنابـەرە گریمانـەکراوەکان پەسـەند دەکـەن (لەڕاسـتیدا، پەنابـەرە گریمانـەکراوەکان یـان پێشـبینیکراوەکان دەبێت لـە جێهێشـتنی وڵاتـەکانیان و سـەفەرکردن بـۆ وڵاتی خانـەخوێ یارمـەتی بدرێن)، کە مانەوەیان بۆ مەودای درێژخایەن بێت و پێویستە هەلی کار و ڕاهێنـان لەخۆ بگرێت.

بــەڵام زیــاتریش هەیــە، پابەنــدبوونی ســاماریتان دەتــوانێت و پێویســتە وەک ئامادەکارییەک بۆ چالاکیی جیهانی فراوانتر کار بکات[٣١]، بۆیە ئێمـە دوو هـەنگاوی تیۆریمان هەیە، یەکـەم پەسـەندکردنی سـاماریتانیزم، دووەم هـاوڕابوون لەگـەڵ پێوانـەی قووڵـتری تێپـەڕینی نەتـەوەیی هۆکـارە دوورە بوارپێنـەدراوەکانی وەکـو برسێتی و جەنگ لە جیهانی سێیەمدا، با ئەمە ناو بنـێین 'سـامارتیان بـۆ نموونـەی پێوانە قووڵترەکان'، ئەم نموونەیە ئامرازێکە بۆ مەیدانی گۆڕاوی دراماتیکانـە کـە تێیدا بابەتەکانی ناسیونالیزم لە چوارچێوەی پۆپۆلیزم و قـەیرانی پەنابـەردا تـەواو دەکرێن، ئەم بابەتە دەرکەوتوانە پێشی دوو دەیە بوونیان نەبووە.

## 4 – دەرەنجام

لە خستنەڕووی ئەو داواکارییانەدا کە لایەنگرانی ناسیۆنالیستەکان بەرگرییان لێ دەکەن، ئێمە لە جێگرەوەی زیاتر ڕادیکاڵانەوە بـەرەو جێگـرەوەی ناسیۆنالیسـتی زیاتر لیبراڵ ڕۆیشتووین، لە هەڵسەنگاندنی بەڵگـەکانی ئـەم داواکارییانـەدا، ئێمـە بەڵگــەکانی داواکــردنی میتافیزیکانــەی کۆمەڵایــەتیبوونمان خســتووەتە ڕوو، کــە سەبارەت بە کەلتوور وەسـتاونەتە سـەر گریمانـە قووڵـەکانی بەکۆمەڵایـەتیبوون،

وەکو ئەو بنچینەیەی نەتەوەی ئیتنـۆ-کـەلتووری گرنگـترین کۆمەڵگەیـە بـۆ هـەموو تاکێک، ئەمە داوایەکی پڕبایەخ و ڕێزلێگیراوە، بەڵام پەسـەندییەکەی نەچەسـپاوە، گفتوگۆی ئاکاری سـەبارەت بـە ناسـیونالیزم، لاوازیی جۆراوجـۆری بەڵگـە بنچینـە کەلتوورییـــەکانی بەرهـــەم هێنـــاوە، کـــە بـــە شـــێوەیەکی ئاســـایی لـــە لایـــەن ناسیۆنالیسـتانی لیبراڵـەوە پێشـنیار کـراون، کـە وا لـە بەڵگـەکان دەکـات کـەمتر خۆویسـتانە، بـەڵام زۆر زیـاتر جـێی متمانـە بن. وازهێنـانی نموونەیـەکی کـۆنی ناسیۆنالیست لە خاوەنـدارێتیی دەوڵەتـدا، لـە لایـەن تاکـە گـرووپێکی باڵادەسـتی ئیتنـۆ-کەلتوورییـەوە بووەتـە وەرگـری ئـەو بیروبۆچوونـەی هاوتـابوون لەگـەڵ فرەیەتیی کەلتوورەکان و کۆمەڵگەکاندا بۆ شوناسی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ گرنگـە، ئەوان وەکو یەک بۆ بابەتەکانی تێپەڕینی نەتەوەیی هەستیار بوون و زیاتر خوازیار بوون بۆ لەئامێزگرتنی نیمچـە تێڕوانیـنێکی کۆسـمۆپۆڵیتی، ناسـیونالیزمی لیـبراڵ بەڵگەی زیـاتر میـانڕەو، بـەڵام کـەمتر لـە ڕووی فەلسـەفی یـان میتافیزیکییـەوە بارگاویکراوی هێنایە بەردەم کە لە پەیوەندبوونـدا بـە دادپەروەرییـەوە چەسـپاون، ئەمانـە جـەخت دەکەنـە سـەر گرنگـیی سیاسـیی ئەنـدامێتیی ئیتنـۆ-کـەلتووری و مافەکانی گرووپە ئیتنۆ-کەلتوورییـەکان بـۆ چارەسـەرکردنی نادادپەروەرییـەکان و مافـە دیموکراتییـەکانی کۆمەڵـە سیاسـییەکان و ئـەو دەورەی پەیوەندییـە ئیتنـۆ-کەلتوورییـــەکان و کۆمەڵـــەکان دەتـــوانن لـــە بـــەهێزکردنی ئامادەکارییـــە کۆمەڵایەتییەکاندا ببینن.

ڕووداوەکانی ئەم دەیەی ئێستا، قەیرانی پەنابەر و دەرکـەوتنی پۆپۆلـیزمی بـاڵی ڕاسـت، بـە شـێوەیەکی سەرنجڕاکێشـانە مەیـدانی پیـادەکردن و تیۆرییانـەیان گۆڕیـوە، ناسـیونالیزمی نـەریتی هێشـتا پەیوەندیـدارە، بـەڵام ناسـیونالیزمی پۆپۆلیست سەرنجی زۆر زیاتر ڕادەکێشێت: تیۆرییە نوێیـەکان بەرهـەم هـاتوون و گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت، دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی چەقی شانۆکە داگیر بکـەن، لـە لایـەکی تـرەوە قـەیرانی کـۆچکردن شـوێنی بابـەتی دیـاری کۆسـمۆپۆڵیتیی هاریکـاری لەگـەڵ غـەریبانی دوور و لەگـەڵ بابەتـە گەرمـەکانی یارمەتیـدانی پەنابـەرانی ئامـادەی بـەردەرگاکانمانی گرتووەتـەوە، بێگومـان هۆکارەکـانی ئـەم قەیرانـە هێشـتا هـەمان ئـەو هۆکارانـەن کـە کۆسـمۆپۆڵیتییەکان زۆر پێشـتر دەربارەیـان نیگـەران بـوون: وەکـو جەنگـەکان و دابەشـکردنی جیهـانی سەرنجڕاکێشـی نایەکسـانیی کاڵاکـان و هەڕەشـەکانی وەکـو نەخۆشـییەکان و کارەساتەکانی کەشوهەوا، ئەرکی ئەم تیۆرییە ئێستا بۆ پێکەوەبەستنی ئەم بابەتـە قووڵترانەیە لەگەڵ ئەو کێشە نوێیانەی چەقی شـانۆی مەیدانـە نوێیەکـەیان داگـیر کـردووە، ئێسـتا لـەڕوودا-وەسـتانێک هەیـە لـە شـتێکی وەکـو زاراوەی جیـاواز داڕێژراوە و لەناو چوارچێوەکانی چەمکی جیاوازیی سیاسیدایە لەچاو پێشتردا.

Standford Encyclopedia of Philosophy,

## بەشی دووەم/ تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم: دەرەنجامی بەراوردکاری

نووسینی/ بلاگۆژ کۆنیڤ

لێکدانەوەکانی نەتەوەکان و شوناسەکانیان و ناسیونالیزم دەتوانرێت لە هەندێک ڕوانگەی جیاوازەوە جێبەجێ بکرێن، تیۆرییە بنچینەییەکانی نەتەوە کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تاکو ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوە، بریتین لە سەرەتاییبوون -پری مۆردیالیزم-، هەمیشەیی -پێرینیاڵیزم-، ئیتنۆ- هێماگەری و مۆدێرنیزم، ئەم وتارە تیۆرییە هاوچەرخەکانی لێکدانەوە و پێناسەکردنی نەتەوە و ناسیونالیزم دەخاتە ڕوو. لەم وتارەدا لێکۆڵینەوە تەنها لە یەک گریمانە دەکرێت، کە بریتییە لە 'لێکدانەوەی جیاوازی تیۆرییانەی ئەو نەتەوەیەی بەشداری لە گەشەسەندنی ناسیونالیزمدا لە هەندێک لە نەتەوەکاندا دەکات'، ئەم گریمانەیە بەم شێوانە دەخرێتە کار: میتۆدی وەسفی گەوهەری، ئەو تیۆرییە بنچینەییانە باس دەکات کە نەتەوە وەکو مرۆڤ یان سروشتی یان ئافەریدەبووی خودایی پێناسە دەکات، پاشان لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەراوردکاریی هەمان ئەو تیۆرییانەوە، من هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم هەندێک تێڕوانینی تیۆری بۆ نەتەوەکان دەبنە هۆی ئەفراندنی دیاردەیەک کە پێی دەگوترێت 'ناسیونالیزم'.

وشە سەرەکییەکان: نەتەوە، دەوڵەتی نەتەوە، تیۆری سیاسی، کەلتوور، شوناس.

### یەکەم: ئەو تیۆرییانەی کە لێکدانەوەی ڕەگوڕیشە و بوونی نەتەوەکان دەکەن:

بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی بوونی نەتەوەکان، پێویستە توێژینەوەیەکی تیۆرییانەی هەمەلایەن بۆ بوونی دەوڵەت و کەلتوور و نەریت و زمانی هەر کۆمەڵێک، یان هەر نەتەوەیەک ئەنجام بدرێت، بەشی زۆری ئەم باسە خەریک دەبێت بە شیکردنەوەیەکی بەراوردکاریی ئەو تیۆرییانەی سەرەوە و کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ناسیونالیزم لە گرووپە مرۆییە دیاریکراوەکاندا. لەبەر ئەوەی توێژینەوەی مێژوویی لەسەر بوونی نەتەوەکان لەم چوارچێوەیەدا ئەنجام نادرێت، بۆیە تەنها ئەو تیۆرییانەی سەبارەت بە نەتەوەکان هەن، لێکدانەوە دەکرێن.

چەمکە سەرەتاییەکان سەبارەت بە بوونی نەتەوەکان وەکو گرووپە یەکگرتووەکان، ئەوانەن کە سەرەتایین -پریمۆردیاڵن(١)- (لە سەرەتای کاتەوە هەن) و سروشتین، یان نیمچە گرووپی مرۆیین، لە ڕووی بایۆلۆجییەوە گرووپی خوێنین -لە یەک خوێنن-. بەم شێوەیە وا لە ناسیونالیزم تێگەیشتووین ڕەفتار یان هەستی سروشتی و گرنگ بێت، بەگوێرەی لایەنگرانی پریمۆردیالیزم، بناغەی نەتەوە لە ڕەگوڕیشەی سروشتی و ئۆرگانیکیدایە، واتە تەنها شتێکی ئیتنیکی نیە، بەڵکو گرووپێکی مرۆیی لە ڕووی بۆماوەییەوە پێکەوە پەیوەستە، کە لە هەموو گرووپە مرۆییەکانی تر جیاوازە، لە ڕوانگەی سەرەتاییانەوە -پریمۆردیالی-، دەتوانرێت نەتەوەکان بە هەندێک ڕێگە لێک بدرێنەوە، کە هەموویان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، واتا نەتەوەکان دروستکراوی سروشتی یان خودایین، واتە بەرهەمی پەرەسەندنی مێژوویی نین، بەم جۆرە نەتەوەکان بۆ خۆیان سەرچاوەیەکی هێز -دەسەڵات- و ئیرادە و ڕێکخستنێکی یاساییین، چونکە نەتەوەکان خۆیان وەکو ئۆرگانی ڕێکخراو پێکهاتەی سروشتین و بەشێکن لە سروشت خۆی، وەکو ئەم ئافریدەبووە سروشییانە، دەشێت نەتەوەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی بوونی خۆیان لە هەمان باری پشوودا بن، بەڵام هەمیشە چرکەساتێکی بەئاگاهاتنەوە، یان ڕابوونەوە هەیە، ئەم لێکدانەوەیە بەردەوام دەبێت، بەو بە مەبەستەی بڵێت نەتەوەکان وەکو ئافریدەبووی سروشتی بەرهەمی مێژوویی و پەیوەندیی جێندەر-خوێنی مرۆڤایەتی خۆین، بەم شێوەیە ڕەچەڵەکیان لە ئەفراندنی دیاریی جیهاندایە، کاتێک گرووپێکی تایبەتی پەیوەندیی خوێن لە خەڵکەوە دەست بە پێکهێنانی تیرەی جیاواز دەکات، واتە کۆمەڵە خەڵک، دواتر بە سروشتی بڵاو دەبێتەوە و بۆ خێڵەکان دەگۆڕێت، لە ئاکامدا بۆ چەند گرووپی بۆماوەیی بایۆلۆجیی جیاواز کە بە نەتەوەکان دەناسرێن. لە کۆتاییدا تێگەیشتنی پریمۆردیاڵی -سەرەتایی- نەتەوە لەگەڵ ئەو تیۆری و بیرۆکانەدا بەردەوام دەبێت، کاتێک بۆ ئەفراندنێکی لەم جۆرە، گرووپە بۆماوەییە یەکگرتووەکان، خاسیەتەکانی لە جۆری زمانی تایبەتیی خۆیان و کەلتوور و نەریت و خاک، تەنانەت ئایینیان بۆ زیاد دەکرێت، نەتەوەی هاوچەرخ پێک دەهێنرێت.

دوو شەپۆلی هاوچەرخ لە سەرەتاییبووندا -پریمۆردیالیزمدا- هەن، کە بریتین لە بیری پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتی-بایۆلۆجیی پێر ڤان دین بێرگا و بیری پێکەوەبەستنی کەلتووریی کلیفۆرد گیرتز، کە تیۆرییەکەی خۆی لەسەر تیۆری پێکەوەبەستنی نێوان سەرەتاییبوون -پریمۆردیالتی- و پێگەی سیاسی بینا دەکات.

ڤان دین بێرگا، لەگەڵ گرووپە ئیتنیکییەکان و ڕەگەزەکاندا نەتەوەکان دەبینیت، وەکو دیاردەی پەیوەندیدار کە لە میانەی بەرەوپێشەوەچوونی مێژووییەوە لە کۆمەڵگەکانی خێزانە فراوانەکانەوە، وەکو ڕەوە خەڵک و خێڵەکان لە ڕێگەی ڕایەڵەی خوێنەوە و بە یارمەتیی کەلتووری جۆراوجۆری بۆماوەیی سەرکەوتوو

بووه، بۆ ئەفراندنی کۆمـەڵێک کـە لـە ڕووی بایۆلۆجییـەوە پێکەوەبەسـتراوە و لـە خێزانە فراوانەکە زۆر گەورەترە. بەم شێوەیە ئیتنیکـەکان و نەتـەوەکان دروسـت دەکرێن[٢].

وەکو مرۆڤناسێک، کلیفۆرد گێرتز نەتەوەکان وەکو ئافریدەبووی کـەلتووری یـان ئیتنیکی سەیر دەکات، واتە ئەو لەسەر تیۆری ماکس ڤێبەر ئەوە بونیاد دەنێت کـە مرۆڤ لە گەوهەری خۆیدا غەریزە ئاژەڵییەکانی هەیە و ئەو ڕەفتارە ئاژەڵییـە لـە کــرۆکی ڕەفتــاری مرۆڤدایــە، لــە کاتێکــدا زیــادکردنی لایەنــە کەلتوورییــەکانی مرۆڤایـەتی بـۆ ئـەو تیۆرییـە، ئـەوە دەگەیـەنێت کـەلتوور بـە دۆخی سروشـتیی گرووپەکانەوە دەبەستێتەوە، بەم شێوەیە لەسەر تیۆری ئیدوارد شیلدس، کلیفۆرد بینای ئەوە دەکات کە پێشتر لێکۆڵینـەوە کـراوە و دەڵێت ''نەتـەوەکان بریـتین لـە کۆمەڵگەکانی ئۆرگانی و سروشت ئۆرگانی پەرەسەندوو[٣]، هەروەک کلیفۆرد ئەو بیروبۆچوونانـەی تـەواو کـرد کـە سروشـتی ئۆرگـانیی نەتـەوەکان بەشـداری لـە دروستکردنی گرووپێکی هاوچەشندا دەکات، کە لە گرووپەکانی تر جیاواز دەبێت، کلیفـۆرد گـێرتز ڕوونی دەکاتـەوە دیـاردەی هـەرە ئاسـایی لـە هـەر دەوڵـەتێکی تازەپێکهاتوودا، واتە دەوڵەتی نەتەوە، بە مەبەستی چوونە ناو لێکۆڵینەوەیەکە یـان گەڕانێکە بـۆ مادەیـەک کـە نـاو دەبـرێت بـە 'شـوناس' و دەسـتکردن بـە گـەڕان بەدوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆدا.

بەم جۆرە، کلیفۆرد گێرتز هـەوڵ دەدات وەڵامی ئـەو بیرۆکەیـەی ئیسـیا بـەرلین بداتەوە، یان ڕوونی بکاتەوە کە گـەڕان بـەدوای شوناسـدا لەڕاسـتیدا بەرهـەمی ئـارەزووی هـەموو نەتەوەکانـە، بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی 'ئـەوان کەسـێکن لـە جیهاندا هەن -بوونیان هەیە-(٤)، بۆ خۆیان لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ئـەوەوە کـە ئەم ئاشکراکردنە خۆی دەسەلمێنێت بۆ ئەم جیهانەی کە ئەوانیش بەشـێکن لـێی، واتە پێکەوەبەستنێک لەنێو ئەو دانیشتوانە خۆیدا دروست دەکـات کـە بەشـێکە لـە دەوڵەتەکـــە و ئـــەو دانیشـــتوانە پێویســـتە لـــە میانـــەی ڕەگـــەزە باوەکـــانی پێکەوەبەسـتنەوە خـۆی بدۆزێتـەوە، بـۆ نموونـە پێکەوەبەسـتنی خـوێن، ڕەگـەز، کەلتوور، نەریت، ئایین و شتی زیاتریش، بەم شێوەیە گرووپەکـە خـۆی چوونیـەک یان هاوچەشن دەکات لەسەر خاکێکی تایبەتی کە تیایدا دەژی، نەتەوە و دەوڵەتی نەتـەوە دروسـت دەکـات، کـەمێک دواتـر لـە پریمۆردیـالیزم -سـەرەتاییبوون-، لێکدانـەوەی نەتـەوەکان هـەروەها لـە میانـەی تیـۆری هەمیشـەییەوە -پێرینیـال- دەست پێ دەکات[٥].

بـە پێچەوانـەی تیـۆری پریمۆدریاڵـەوە -سـەرەتاییبوون-، پشـتگیریکەرانی تیـۆری هەمیشەیی -پیرینیاڵ- دەڵێن گوایە نەتەوەکان، سەرباری ئەوەی بۆ کاتێکی درێژی بێکۆتایی هەن، واتە لەو کاتەوە هەردوو مێژووی نووسراو و نەنووسـراوی مـرۆڤ دەستی پێ کردووە، ناتوانرێت وەکو ئافریدەبوانی سروشتی یان بایۆلۆجی پـۆلێن

بکرێن، بەم شێوەیە شوێنکەوتوانی تیۆری هەمیشەیی بانگەشەی ئەوە دەکەن هەموو نەتەوەکان کە هەبوون، یان هێشتا هەن؛ دەستیان پێ کردووە بە سۆمەرییەکان، بابلییەکان و جولەکەکان، یان ئەڵمانیە نوێیەکان و ڕووسەکان یان مەکدۆنیەکان، ئەمانە ئافریدەبوانی مێژوویین کە هەبوون و پەرەیان سەندووە، یان لە درێژەی مێژوودا هەڵمژراون، بەڵام ناتوانرێت وەکو گرووپی سروشتی، بایۆلۆجی و سەرەتایی پێناسە بکرێن.

دوو لێکدانەوەی نەتەوەکان هەن بەپێی بارودۆخی لەدایکبوونیان، یەکەمیان بریتییە لە بەردەوامی یان جێگیری، ئەمەش ئەو نەتەوانە لەخۆ دەگرێت کە هەمیشە هەن، لە کاتێکدا مێژووی نووسراویان هەیە، وەکو پارسەکان، میسرییەکان، یۆنانیەکان و ئەوانی تریش، ئەم نەتەوانە لە لایەن لایەنگرانی تیۆری هەمیشەییەوە بە هەمیشەیی ناو دەبرێن، گرووپی دووەمی نەتەوەکان بەپێی تیۆری هەمیشەیی، هەموو نەتەوەکانی تر لەخۆ دەگرێت، ئەم جۆرەی نەتەوەکان لە لایەن هەمیشەییخوازەکانەوە بە خولی یان بەو نەتەوانە وەسف دەکرێن، کە لە ماوە کاتییە جیاوازەکانی مێژوودا دەردەکەون، هەندێک پێشکەوتن و گەشەکردنیان هەبووە، پاشان جارێکی تر دیار نامێنن، هەتا ماوەی دووبارە دەرکەوتنەوەیان، واتە تا گۆڕانی سوڕی مێژوویی بۆ نموونە -مەسەدۆنیەکان-، گرووپی دووەم لە تیۆری هەمیشەییدا پێی دەگوترێت دووبارەبوونەوە، سووڕی، یان گرووپی خولی نەتەوەکان.

مارکسیزم وەکو ئایدیۆلۆجیا، لە کاتێکدا دێت نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی نەتەوە پێشتر دروست کراون، لەبەر ئەوە مارکس و شوێنکەوتوانی هیچ بایەخێک بە نەتەوە نادەن، سەرباری ئەوە تیۆری بوونی نەتەوەکان ڕەت دەکەنەوە و جەخت دەکەنە سەر شۆڕشی جیهانی کە دەوڵەتی نەتەوە سەرکوت دەکات، تیۆری مارکسی لەبارەی نەتەوەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا داهێنرا، کە لە بیرۆکەکانی بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتیی نەمساییدا بەرجەستە دەبێت، لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکەدا، وەرگیراو لە ئۆتۆ باوەڕ[٦]، کە نەتەوە بەم جۆرە پێناسە دەکات: ''نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک کە چارەنووسێکی هاوبەش و پەیوەندیکردنی هاوبەشیان هەیە، کە ناوەندگیریی سەرەکییان زمانە و بەم شێوەیە لە کۆمەڵەیەکی کەلتووریدا پێکەوە دەبەسترێن، کە پێی دەگوترێت نەتەوە'' هەرچۆنێک بێت پێناسی باوەڕ بۆ نەتەوە، سەرباری ئەوەی گشتی و فراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا بناغەیەک بۆ بیری مارکسیزم سەبارەت بە نەتەوە پێشکەش دەکات، کە دواتر پەرە دەسێنێت بۆ ڕێبازێکی مۆدێرن بۆ ناسیونالیزم، لە نووسینەکانی باوەڕدا، دەتوانرێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەو خۆی بڕوای وا بوو نەتەوەکانی ئەورووپا لەو کۆمەڵانە پێک هاتوون کە لە

هـەمان ئەسـڵی ئیتنیکیـدا بـوون، بـە تێپـەڕبوونی کـات بوونەتـە ئـەو کۆمەڵـە کەلتوورییە-ئیتنیکییانە، کە بناغەکەی مێژوویی و سیاسییە.

ئەم تێڕوانینانەی باوەڕ بـۆ نەتـەوە، لـە مـێژووی مەسـەدۆنیادا، لـە بـیری پاڤێـڵ شـاتیڤدا بەرجەسـتە دەکـرێن، کـە پاڤێـڵ بـەردەوام بـوو لەسـەر ئـەوەی -بڵێت- ''نەتـەوە، لـە سـەرووی هـەموو شـتێکەوە بریتییـە لـە یـەکگرتنی، کۆمـەڵێکی دیاریکراوی مرۆیی، ئەو یەکگرتنە نە ڕەگەزییە و نە خێڵایەتییە، بـەڵکو بریتییـە لـە کۆمەڵێکی مرۆیی لـە ڕوویی مێژووییـەوە پێکهـاتوو، لـە هـەر نەتەوەیەکـدا چـوار توخمی بنچینەیی و سـەرەکی هـەن: یـەکێتیی زمـان، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت نەتەوە لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی دوورودرێژ و ڕێکوپێک بە یەک زمـان دروسـت دەبێت، خاکی هاوبەش، لە کاتێکدا ژیانی هاوبەش بەبێ خاکی هاوبەش نەشـیاوە، بەردەوامیی مێژوویی، واتە ژیانی هاوبەشـی چەنـد نەوەیـەک، یـەکێتی لـە ژیـانی ئابووریـدا، واتـە پێکەوەبەسـتن یـان پەیوەنـدیی ئـابووری، پێناسـەی سۆشـیال-دیموکراتانەی باوەڕ، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەگەڵ پێناسەی شاتیڤدا بۆ نەتەوە تیکئـاڵاو یـان بەناویەکـداچوون، دواتـر لـە لایـەن سـتالینەوە بـە بیروبۆچوونـەکانی لەبارەی نەتەوەوە تەواو کرا، کە نەتەوەی بـەم جـۆرە پێناسـە کـرد: ''نەتـەوە لـە ڕووی مێژووییـەوە لـە کۆمـەڵێکی سـەقامگیردا لــە خــەڵک و لەسـەر بنچینـەی کۆمەڵگەیەک لە زمان و خـاک و ژیـانی ئـابووری و بـارودۆخی سیاسـی دروسـت دەکرێت، کە لە کۆمەڵگەیەکی کەلتووریدا دەردەکەوێت''.

مۆدێرنیزم وەک تیۆرییەکی نەتەوە، بوونی خۆی لـە تیۆرییـەکانی مارکسـیزمەوە وێنا دەکات، تێڕوانینی مۆدێرن بۆ نەتـەوەکان لەگـەڵ دوو بۆچوونەکـەی پێشـتردا ناکۆکــە، واتــا مۆدێرنیسـتەکان جیـاواز لــە پریمۆردیالــەکان -سـەرەتاییەکان- و پێرینیالیسـتەکان -هەمیشـەییەکان-، بڕوایـان وایـە نەتـەوە تـەنها ئافەریـدەبووی سروشـتی و بـایۆلۆجی نین، بـۆ هەتاهەتایـە بوونیـان نـابێت، وەکـو ئاراسـتەی هەمیشـەیی دەڵێت، بـەگوێرەی زۆربـەی مۆدێرنیسـتەکان، نەتـەوەکان هیچ نین بێجگە لە بەرهەمی بەمۆدێرنکردنی دەوڵەتەکان، بـەپێی قسـەی مۆدێرنیسـتەکان، خــاڵی وەرگــەڕان لــە دروســتبوونی نەتەوەکانــدا لەگــەڵ شۆڕشــی گــەورەی فەڕەنسیدا دێتە ئاراوە، کاتێک ناسیونالیزم وەکو توخمی بنچینەیی پەیوەنـدیبوونی دانیشـتوان لـە دەوڵەتـدا نیشـان دەدرێت، لـەجیاتی ئـەوەی وەکـو سـەروەریی پەیامبــەری -نــێردراوی- خــودا لەســەر زەوی نیشــان بــدرێت، ســەرباری ئــەوە مۆدێرنیستەکان وای دادەنێن نەتەوە و ناسیونالیزم دیاردەیەکی نـوێن و کۆمەڵگـە و کـەلتووره دێـرین و فیودالییـەکان، بـە هیچ شـێوەیەک ئـەم زاراوەیـەیان بـەکار نەهیناوە، لەو سەردەمەی مێژوودا نەتەوەکان بوونیان نەبووە.

هاوشـێوەی سـەرەتاییبوون و هەمیشـەییبوون، مۆدێرنـیزم هەنـدێک تێڕوانیـنی جیـاوازی بـۆ نەتـەوە و ناسـیونالیزم هەیـە، ڕێگـەی کۆمەڵایـەتی-ئـابووری بـۆ

لێکدانەوەی نەتەوەکان، نەتـەوەکانی وەک بەرهـەمی سـەرمایەداری و شۆڕشـی پیشەسـازی لێـک داوەتـەوە، ئـەم شـەپۆلەی مۆدێرنـیزم پشـت بـە مارکسـیزم دەبەستێت، لەوەدا شوێنکەوتوانی بڕوایان وایـە نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم وەکـو وەڵامێک بۆ ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم داهێنراون.

مۆدێرنیستانی هاوچەرخ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پێکهاتنی نەتەوەکان دەرەنجـامی پەرەسەندنی بەرهەمی پیشەسازی و کۆچکردنی خەڵکە لـە ڕووبـەری لادێـوە بـۆ ڕووبەری شار، بەم شـێوەیە پێکەوەبەسـتنی زمـانی لـە نێـوان دانیشـتوان خۆیـدا بەهێز دەبێت و لەگـەڵ پێشکەشـکردنی سیسـتمێکی پـەروەردەیی ناوەندیـدا، لـە دەوڵەتەکانـدا بـە مەبەسـتی پەرەسـەندنێکی گـەورەتری ئـابووری، نەتـەوەکان دروست دەبن، بەم شێوەیە مۆدێرنیسـتەکان نەتـەوە وەکـو کۆمـەڵێکی وەزیفی -ئەرکبین- دادەنێن کە تاکە هۆکاری پێکەوەبەستنی بریتییە لە پەرەسـەندنی زمـان، ئـابووری و پیشەسـازی، مۆدێرنیسـتەکان ئـەم تـێزە پـەرە پێ دەدەن کـە دەبێت ناسیونالیزم بە شێوەیەکی تایبـەتی وەکـو دیاردەیـەکی نـوێی ئـابووری و سیاسـی وەربگـیرێت و کاتێـک لێکدانـەوەی دەکـرێت، نـابێت لـە ڕوانگەیـەکی کـەلتووری، ویژدانی یان مێژووییەوە سەیر بکرێت.

بەپێی قسەی هەندێک لە پشتگیریکەرانی ئەم تیۆرییە، نەتەوە هیچ نیە بێجگـە لـە کۆمەڵگەیەکی خـەیاڵی سیاسـی، کـە زمـانی یـەکگرتوو، سیسـتمی پـەروەردەیی ناوەندی و چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسـایی بـەکار دەهێـنێت، بـە تاکـە ئامـانجی پتـەوکردنی پەرەسـەندنی ئـابووری و پیشەسـازی بـە مەبەسـتی دابینکـردنی هەلومەرجی باشتری ژیان بۆ ئەو دانیشتوانەی سەر بەو نەتەوەیەن.

ئیتنـۆ-هێماگـەری وەکـو تیۆرییـەکی نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم، بـەپێی قسـەی گـەورەترین تـوێژەر و خـاوەن تیـۆری ئـەو بـوارە، ئـەنتۆنی سـمیس، وەکـو وەڵامدانەوەیەک بۆ بێتوانایی هەریەکە لەو تیۆرییە ڕیزکراوانەی پێشتر سـەبارەت بە ناسیونالیزم لەدایک بووە، بە مەبەستی دۆزینەوەی وەڵام بـۆ ئـەو پرسـیارانەی لە زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەم بەشەوە پەیوەستن، یان بە ئـەم بـوارەوە[٧].

تیۆریی ئیتنۆ-هێمایی لە دامەزراندنیدا دوای ئەو بیرۆکەیە دەکەوێت کە پاراسـتنی ئەو ئەفسانە و یادەوەری و نەریتانـە کـە لەگـەڵ هـەر نەوەیـەکی نوێـدا لـەڕوودا-وەستانی نـوێ، تەنانـەت لـەچاو ئـەوەی پێشـتردا گـەورەتر دروسـت دەکـات، بـۆ ئەوەی لەگەڵ پاڵەوانە نەتەوەییەکانی ڕابردوودا یەکسان بکرێن، بەم شێوەیە ئەم نـەوە لاوانـەی ناسیۆنالیسـتان ڕابـردووی مـێژوویی گەشـاوەی خەڵکەکـەیان، هەروەها کەلتوور و نـەریت بـەکار دەهێنن و هـەوڵ بـۆ گواسـتنەوەیان دەدەن لـە پرۆسێسـی دروسـتکردنی بیروبـاوەڕە نەتەوەییەکانـدا، بـەم جـۆرە تـەنها بابـەتی

کەلتووری و مێژوویی ناکرێتەوە، بەڵکو بابەتە هەرێمایەتییەکانیش لەگـەڵ نەتـەوە دراوسێکاندا دەکرێنـەوە، بـەم شـیوەیە بـەپێی قسـەی ئـەنتۆنی سـمیس ململانێ ئاساییەکان لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ شاڵاوی بەهێز -شاڵاوی سەلیبییانە- یان جیهاد دەگـۆڕێن، کـە دیمـەنی سیاسـیی ڕۆژانـە داگـیر دەکـەن (1999,ـ 9)، لێرەدا سمیس ئاماژە بۆ ئەم جۆرە ناوچانە دەکات: مەسەدۆنیا، ناگۆرنۆ-قەرەباخ، کشمیر، فەلەسـتین و شـوێنانی تـر، ئیلیـا قـەدوری ڕوونی دەکاتـەوە ئـەم جـۆرە بەسـتنەوەیە بـە مـیراتی مـێژوویی و کەلتووریـیـەوە بـۆ تیگەیشـتن لـە بـەها پریمۆردیالـەکان -سـەرەتاییەکان-ی گـرووپی کەسـێک خـۆی تـەنها خواسـت و ئاواتێکی عاتیفی نیە، بەڵکو ئـامرازێکی داهێـنراوە بـۆ بـەکارهێنانی جـەماوەر لـەو پێناوەدا[٨]، وەک ئەوەی دواتـر لـە لایـەن ئێریـک هۆبسـباومەوە بـەدواداچوونی بـۆ دەکرێت، کە ئامرازێکە بۆ ئاراستەکردن و کۆنـترۆڵکردنی جـەماوەری کـۆکراوەی خەڵک[٩] بۆ مەبەستی بەرژەوەندییە سیاسییە ڕۆژانەکان.

لە ڕووی مێژووییەوە هێماگەری-ئیتنـۆیی وەکـو ڕەخنـە لـە تیـۆری و بیرۆکـەکانی سـەرەتاییەکان -پریمۆردیالیسـت- و مۆدێرنیسـتەکان بـۆ نەتـەوە و ناسـیونالیزم هەیانە، دەرکەوتووە جیاواز لەو تێڕوانینانـەی پێشـتر سـەبارەت بـە نەتـەوە بـاس کران، هێماگەرە-ئیتنۆییەکان بڕوایـان وایـە ناسـیونالیزم بەرهەمێکـە و بریتییـە لـە خۆراکـدانی ئەفسـانەکان و یادەوەرییـە دەسـتەجەمعییەکانی نەتـەوە و نـەریت و هـاوجووتبوون و هاوتـابوونی هێماییانـە لەگـەڵ ڕابـردووی پاڵەوانێتیـدا، واتـا هێماگەری-ئیتنـۆیی، گـەروەترین هۆکـارە بـۆ ناسـیونالیزم بـۆ ئـەوەی لـە گـەلانی دیاریکراو دەربکەوێت کە لە ڕابردوودا دەژین و خۆنمایشکردنیان وەکـو باشـترین نموونەیە بۆ ژیان لە داهاتوودا.

## دووەم/ بیرۆکەی نەتەوە

نەتەوەکان دیاردەیـەکی کـەلتووری و مـێژوویین، کـە گرووپێـک لـە خـەڵک یـەک دەخـەن کـە بـەهای کـەلتووری، نـەریت و ڕابـردووی هاوبـەش (یـادەوەریی دەستەجەمعی)ی هاوشێوە یان لێکچوویان هەیە، بەم شێوەیە بە درێژایی مـێژوو، بە ڕێگەیەکی پڕبایەخ، بە پێکەوەبەستنی هەموو ئەم فاکتەرانەی یەکگرتن لەگـەڵ ئەو خاکەدا کە ئەم گرووپەی لەسەر دەژی، دەوڵەتی نەتـەوە دروسـت دەکـرێت، یان دەوڵەتێک دروسـت دەکـرێت بـە دەوڵـەتی نەتـەوە دەناسـێنرێت، لـە لایـەکی ترەوە ئـەو ڕەگەزانـەی یـەکگرتن کـە بـاس کـران، بـۆ نموونـە نەریتـەکان، بـەها کەلتوورییەکان، زمانی یـەکگرتوو، ڕابـردووی هاوبەشـی دانیشـتوان و هـەموویان پێکـەوە شوناسـی نەتـەوە پێـک دەهێنن، لەبـەر ئـەوە بـەو ڕاسـتییە دەگـەین کـە لەڕاستیدا نەتەوە گرووپێکـە لـە خـەڵک و ڕابردوویـەکی هاوبەشـیان هەیـە، واتـە هەمان یادەوەریی دەستەجەمعی و هەمان خدەوخو و هەمان بەهای کـەلتوورییان

هەیە و لەسەر هەمان خاکیش دەژین، هەرچۆنێک بێت پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت بەدیهێنانی هەموو پێشمەرجەکان بۆ بوونی نەتەوەیەک پێویستە بە پرۆسێسی هاوچەشنکردنی -وەک یەکترلێکردنی- دانیشتواندا تێپەڕێت.

زۆرترین جار هاوچەشنکردنی خەڵک لە پارچە خاکێکدا بۆ دروستکردنی نەتەوە پێشمەرجی سەرەکییە، کە شوناسێکی یەکگرتووی بەگشتی پەسەندکراویان هەبێت، هەرچۆنێک بێت بە مەبەستی گەیشتنی دانیشتوانێک بە بونیادێکی هاوچەشن -چوونیەک- لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، پاکتاوکردن و ڕاگواستن، کە ئەمڕۆ بیریان لێ ناکرێتەوە، بە درێژایی مێژوو ئەنجام دراوە بە مەبەستی دروستکردنی گرووپێکی خاوێن لە ڕووی ئیتنیکی، تەنانەت لە ڕووی ئایینییشەوە، کاتێک بە کردەوە هاوچەشەنکردن هەبێت، مانای وایە گرووپی خاوێنی خەڵک -دانیشتوان- لە ڕووی ئیتنیکییەوە هەمان مێژوو، هەمان پاڵەوانی مێژوویی و ئەفسانە و بەهای هاوبەش و بەرژەوەندی و بیری پێکهێنان و دەرکەوتنی نەتەوەیان هەیە[١٠].

هەرچۆنێک بێت لە ڕووی مێژووییەوە، نەتەوەکان وەکو دەوڵەتەکان کۆن نین، بێگومان نەتەوەکان لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لەدایکبوون و لەوانەیە وەڵامێکی نوێ بووبن بۆ ئیمپریالیزم، ئەم تێزە سەبارەت بە چۆنێتیی پەیدابوونی نەتەوەکان و شوناسەکان نیە، بەڵکو سەبارەت بە کاریگەریی ئەوانە، لەبەر ئەوە ئێمە دەست بە لێکدانەوەی پیادەکردنی کاریگەرییەکانیان دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێناسەکردنی نەتەوەی نوێ -هاوچەرخ- بەدواداچوونی بۆ بکرێت، لەوانەیە ئەوەی زیاتر جێگەی قایلبوون بێت، ئەوەی ئەنتۆنی سمیس بێت لە بەشی یەکەمی کتێبی 'شوناسی نەتەوەیی'دا، کە دەڵێت: نەتەوە بریتییە لە ناوی کۆمەڵگەیەک -کۆمەڵگەیەکە- کە خاکێکی مێژووییان هەیە، ئەفسانە و یادەوەریی هاوبەش و کەلتوورێکی گشتی هاوبەش و یاسا و ڕێسا و نەریتی هاوبەشیان هەیە"[١١]، ئەمەش پێناسەیەکە بریتییە لە هەندێک تێکەڵاوکردن لە نێوان تیۆرییەکانی مۆدێرنیزم و هێماگەریی-ئیتنۆییدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەگوێرەی نەتەوە مۆدێرنەکان دەتوانرێت بگوترێت لە کاتی شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە بوونیان هەبووە، ئەوەش لە خۆیدا بووەتە هۆی دۆخێکی تەمومژاوی بۆ هاوچەشنیی دانیشتوان لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها بۆ یەکگرتنی گشتیی خودی ڕەگەزەکانی نەتەوەکە خۆیان، بەم شێوەیە دەتوانرێت بگوترێت سەرباری ئەوەی نەتەوە وەکو ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بریتییە لە بەرهەمی مۆدێرنێتە، بەڵام هێشتا هەندێک ڕەگەزی کۆنیش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە بەها کەلتوورییەکان و نەریتەکانی ئەو گرووپە ئیتنیکییەی بەرەبەرە هەنگاوی بەرەو بوون بە نەتەوەی ناوە.

سەبارەت بەوەی تەمەنی نەتەوەکان چەندە، یان بەردەوامیی مێژوویی نەتەوەیەک چەند درێژ دەبێت، پێویستە مرۆڤ بەرەو کرۆکی بوونی ئەو نەتەوەیە بچێت، کە کرۆکی ڕاستەقینەی هەموو نەتەوەیەک بریتییە لە کەلتوور و نەریت، کەلتوور و نەریت، لە بەرانبەردا بەرەو شوناس دەمانبەن و شوناسی نەتەوەیی دەکەن بە بنچینەی بوونی نەتەوەیی، بەردەوامیی مێژوویی شوناس، واتای هەمان زمان و داب و نەریت، وەکو بەشێکی یەکگرتووی شوناس، دروستکردنی نەتەوەیەک بەردەوامیی مێژوویی تایبەتیی خۆیی هەیە[١٢].

بەردەوامیی نەتەوە کە پێشتر باس کرا، بەشداری لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو نەتەوەیەدا دەکات، بەم شێوەیە هەر نەتەوەیەک لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە دەکات و دەست بە کارلێکی دووسەرە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەکات و دەست بە فراوانبوون دەکات، لە ڕووی کەلتوورییشەوە پەرە دەسێنێت، بڵاوبوونەوەی نەتەوەیەک، لە لایەکی ترەوە هیچ نیە بێجگە لە هەنگاونان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەجەماوەرکردنی و خۆسەپاندنی وەکو باڵادەست بەسەر نەتەوەکانی تردا، لە ڕێگەی فراوانبوونەوە، یان لە ڕێگەی پەلهاویشتنەوە بۆ ئەودیوی سنوورەکانی خۆیان، نەتەوەکان کەلتوور و بەهاکانی خۆیان لەناو ئەوانی تردا بڵاو دەکەنەوە و بەو ڕێگەیەدا خۆیان و بەهاکانیان وەکو شتێکی جیهانی دەسەپێنن، هەموو ئەمە بەشداریی لە دروستکردنی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمدا کردووە، کە دواتر نەتەوەیەکی بەهێز کردووە لە ڕووی کەلتووری و ئابوورییەوە بەسەر ئەوانی تردا باڵادەست بێت، ئەمەش بۆ پەسەندکردنی بەهاکانیان بەوەی نوێن، یان ئاسایی باشترن.

ڕەگەزی پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک بریتییە لە ئیتنیستی یان هاوچەشنبوونی ئەو نەتەوەیە، هاوچەشنبوونی ئیتنیکیی هەر نەتەوەیەک ئەوە دەگەیەنێت لە گرووپێک پێک دێت کە لە هەمان بەها و مێژوودا و لە هەمان دۆخ و هەمان ئاییندا بەشداری دەکات[١٣].

لایەنە مێژووییەکانی هەر نەتەوەیەک ئەوەیە هاوچەشنی ئیتنیکیی هەیە، هاوچەشنبوونی ئیتنیکی، وەکو لە سەرەوە ڕوون کرایەوە، ئەوە دەگەیەنێت دانیشتوان لە ڕێگەی پەیوەستبوونە نەریتی و ڕێساییەکانەوە پێکەوە دەبەسترێن، ئەو بەها کەلتوورییانە دروست دەکەن کە خاسیەتی تەنها یەک نەتەوەیە، بەو شێوەیە ئەو نەتەوەیە لە نەتەوە دراوسێکانی تری دوور دەخاتەوە، ئەمە بەرە بەرە دەبێتە هۆی بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە لە کرۆکەکەیدا دانیشتوانێک هەیە هەمان بەها کەلتوورییەکانی هەیە، واتە دانیشتوانێک لە ڕووی ئیتنیکییەوە هاوچەشنە، هاوچەشنبوونی ئیتنیکی لە نەتەوەیەکدا لە ڕێگەی نەریت و زمان و خدە و خووەوە دەخریتە ڕوو، بەڵکو لە ڕێگەی ئەوەوە هێماگەرە ئیتنۆییەکان جەخت دەکەنە سەر ڕابردووی هاوبەشی مێژوویی و یادەوەریی دەستەجەمعیی

گرووپێک لەگەڵ ئەفسانەی مێژوویی ئەو گرووپەدا، لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، یان ڕێزگرتنەوە، لە ڕابردووی هاوبەشیان (کە زۆربەی کات گەشاوەیە)، هەر گرووپێک لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا هاوتا دەبێت، بەوەش دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، دەبێت بە هۆی دروستکردنی شوناسێکی بەهێز، کە پێکەوە لەگەڵ زماندا، بناغە بۆ دروستکردنی هەستێکی بەهێزی سەر بە گرووپێکی هاوبەش پێک دەهێنێت، کە زۆربەی کات وەکو گرووپێکی ئیتنیکی پێناسە دەکرێت، ئەمەش ئێمە بەرەو پێناسەی 'جۆن هۆتچینسۆن و ئەنتۆنی سمیس' بۆ ئیتنیستی دەبات، کە دەڵێت: ئیتنیستی بریتییە لە دانیشتوانێک کە بەگشتی ئەفسانەی هاوبەش و ڕەگوڕیشەی مێژوویی و یادەوەریی هاوبەش -یادەوەریی دەستەجەمعی- و ڕەگەزێک یان زیاتر لە ڕەگەزێکی کەلتووریی هەیە، لەناویدا پەیوەستبوون بە نیشتمانەوە کە دانیشتوان ڕەگەزەکانی هاریکارییان تێدایە (لە نێوان ئەندامانی گرووپەکەدا)، هەر هیچ نەبێت لەنێو دەستەبژێردا[١٤].

ئەم شێوەیەی پێش نەتەوەکان یان گرووپە ئیتنیکییەکان تاکو ئێستا نەتەوەیەکی دروست نەکردووە کە ئەو بناغەیە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی دواتر وەکو دەوڵەتی نەتەوە بناسرێتەوە، تەنانەت مۆدێرنیستەکانی وەکو ئیریک هۆبسباوم (لە خوارەوە و لەم وتارەدا) جەخت دەکەنە سەر ڕۆڵی سەرەکیی گرووپێکی ئیتنیکیی هاوچەشن لە دروستکردنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی نەتەوەدا، هەرچەندە هۆبسباوم نکۆڵیی ئەوە دەکات ئەوانە لە گەوهەردا بنچینە بن بۆ ناسیونالیزمی دواتر لەدایکبوو[١٥].

دەشێت ئێرگۆ لە گەڕان بەدوای ڕۆڵی ئیتنیستیدا، لە پێکهێنانی نەتەوەکاندا، بەو دەرەنجامە بگات کە بناغەی نەتەوە دەکەوێتە بونیادی ئیتنیکییەوە، ئەمەش بە مانای هاوچەشنیی گرووپەکە و کرۆکی ئیتنیکەکە دێت، واتە بەها مێژووییە هاوبەشەکانی دانیشتوان، کە پێکەوە لەسەر ئەو خاکەی لەسەری دەژین و بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ستراتیژییەکانیان... تاد بنچینەی دەوڵەتی نەتەوەیی دواتر دروستکراو پێک دەهێنن.

شوناسی نەتەوەیی ڕەگەزی یەکگرتنی هەر نەتەوەیەک دەنوێنێت، ئەگەر ئێمە جارێکی تر پێناسەکەی سمیس بۆ نەتەوە بەکار بهێنینەوە: ''واتە کۆمەڵێک کە خاکێکی مێژوویی و ئەفسانە و یادەوەریی هاوبەش و کەلتووری گشتیی هاوبەش و یاسا و ڕێسا و نەریتی هاوبەشی هەبێت''[١٩٩١]، پاشان لەو پێناسەیە خۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت شوناس داڕێژێت، واتە ڕەگەزەکانی یەکگرتن، کە بریتین لە: کەلتووری هاوبەش، یادەوەری و مێژووی دەستەجەمعیی دانیشتوان، ئەو ناوەی بە هۆیەوە هەر ئەندامێکی گرووپەکە بیر دەکاتەوە، لەگەڵ نەریت و هەندێک ڕەگەزی تری پێکەوەبەستندا، لەبەر ئەوە دەشێت دوو پێناسەی نوێ داڕێژرێت:

پێناسەی شوناسی دانیشتوان و شوناسی نەتــەوە، شوناســی نەتــەوەیی دەشـێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: شوناسی نەتــەوە بریتییــە لــە کۆمــەڵێک ڕەگــەزی لــە ناوەوەڕا پێکەوەبەستراو، کە خاسیەتی تەنها یەک گــرووپن لــە خــەڵک، کــە تیایــدا ڕەگەزەکانی هەموو ئەندامەکانی گرووپەکە دەناسرێنەوە، بۆ نموونە: ئـەو نـاوەی بە هۆیەوە گرووپەکە بەرجەستە دەکرێت، مێژووی هاوبەش، یادەوەریی هاوبەش، کەلتوور، نەریت، لە هەنـدێک دۆخـدا ئـایینی هاوبەشی[١٦] گرووپەکـە، لەبـەر ئـەوە پێناسەی سمیس بۆ نەتەوە دەتوانرێت بە گوتنی ئەوە ئاسـان بکـرێت کـە نەتـەوە لەڕاستیدا بریتییە لە: دانیشتوانێک کە هەمان شووناسـی نەتـەوەیی و یـادەوەریی دەستەجەمعی و هەمان پێوانەی یاسایی و پەیوەستبوونیان بۆ هەموو ئەندامەکانی هەیە(١٧).

هــەرچۆنێک بێت لەگــەڵ ئــەم جــۆرە پێناســەکردنەی شوناســی نەتــەوەیی و نەتەوەکانــدا، کێشــەیەکی تــر ســەر هەڵــدەدات، کــە پێناســەی شــوناس لەگــەڵ پێناسەی ئیتنیستی یان گرووپی ئیتنیکیدا بەناو یەکدا دەچن، لەمەوە دەشـێت بـەو دەرەنجامە بگەین کە شوناسـی نەتـەوە، لەڕاسـتیدا لـەو ڕەگەزانـەدا بەرجەسـتە دەکرێت کە ئەو گرووپە ئیتنیکییە جیا دەکاتەوە، کە بنچینەی نەتەوە پێک دەهێنێت.

## سێیەم: ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی نەتەوە:

ناسیونالیزم وەکو بیروباوەڕێک پەیوەستە بە نەتەوەوە، نـەک پەیوەسـت بێت بـە دەوڵەتــەوە، ئەگــەر ئێمــە هــەوڵی پێناســەکردنی ناسـیونالیزم بـدەین، ئـەوا ئـەو پێناسەکردنە شتێکی لەم جۆرە دەبێت: ناسیونالیزم ئایدیۆلۆجیایەکـە لـە بنەڕەتـدا شوناسی گرووپێکی ئیتنیکی لە خـەڵکی هەیـە، کـە ئایدیۆلۆجیاکـەی سـنوورەکانی دەوڵەت دەرناخات و بۆ هەموو ئەوانەی جێبەجێ دەکات کە لـە گرووپـدا یـان لـە شوناسی نەتەوەییدا بەرجەستە دەکرێن، هەروەها دەتـوانرێت ناسـیونالیزم وەکـو بزووتنەوەیەک یان هەستێک پێناسە بکرێت کە لە کرۆکیـدا ئایدیۆلۆجیایـەک هەیـە، ئەمــەش مانــای شوناســی نەتەوەیــە، بــەگوێرەی ژمارەیــەکی زۆر لــە ناسیۆنالیسـتەکان، ناسـیونالیزم هەسـتێکی سروشـتییە کـە لەگـەڵ لەدایکبوونـدا لەدایک دەبێت.

هەموو خاوەن تیۆرییانی ناسیونالیزم هاوڕان (تەنانـەت مۆدێرنیسـتەکانیش) کـە بناغەی هەر نەتەوەیـەک بریتییـە لـە هاوچەشـنی ئیتـنیکی، بـەڵام کاتێـک کەسـێک دەست بە گەڕان و توێژینەوە بەدوای کـرۆکی ئـەو هاوچەشـنیەدا دەکـات، کێشـە سـەر هەڵـدەدات، چـۆن ئـەم پێکەوەبەسـتنە دروسـت دەبێت، ئایـا ئـەو بـەها و نەریتانەی وا دەکەن ئەو نەتەوەیە جیاواز بێت لـە نەتـەوەکانی تـر چین: هەریەکـە لە: پەیوەندیی خوێنی-بایۆلۆجین، یان پەیوەندیی زمانی -کەلتووری -ئابوورین؟

گەورەترین جیاوازییەکان لە لێکدانەوەی مۆدێرنـدا بـۆ ناسـیونالیزم بریـتین لـە: هەستێکی سروشتیی پەیوەسـتبوون یـان وابەسـتەبوون بـە گرووپێکـەوە، کـە لـە میانەی -هاوسەرگیریکردنی نێوان خزمان- لە سنووری هەمان خێڵدا دەرکەوتووە، خۆشەویسـتیی خزمایـەتی و دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی سروشـتی لـە نێـوان ئەندامەکانیـدا، هەسـتی پەیوەسـتبوون بـە گرووپێکـەوە لەگـەڵ هـەمان ئەفسـانە مێژووییەکان و یادەوەری و نەریتە دەستەجەمعییەکاندا، یان هەر شتێک بێجگە لــە دیاردەی مۆدێرن و ئابووریی سیاسـی کـە کاتێـک لێکدانـەوە دەکـرێت، نـابێت لـە ڕوانگەیەکی کەلتووری یان ویژدانی یان مێژووییەوە سەیر بکرێت.

وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە پێویستی بە کات و لێکۆڵینەوەی بەرفراوان هەیە، ئەوەی گرنگـە، ئەوەیـە پێویسـتە نیشـانی هـەموو نـەوە گەنجـەکان بـدرێت بەکارهێنانی خوێن و جێندەر، هەروەها ڕابردووی گەشی مـێژوویی خەڵکەکـەیان، هــەروەها کــەلتوور و نەریتــەکانیان، ئــەوان لــە گواســتنەوەیاندا لــە پرۆسێســی ئەفراندنی پیروبـاوەڕە نەتەوەییەکانـدا سـەرکەوتوو دەبن، بـەم ڕێگەیـەش تـەنها بابەتە کەلتووری و مێژووییەکان ناکەنەوە، بەڵکو بابەتە هەرێمایەتییەکانیش لەگەڵ نەتەوە دراوسێکاندا دەکەنەوە.

سەرچاوە/

See discussions, states and author profiles for this publication at: https//www researchgate net/publication/ October, 2019،

## بەشی سێیەم/ تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم: ڕێبازە کۆنەکان بۆ سەدەی بیست و یەک

نووسینی/ میلۆس ڤوکیلیک

بە پشبەستن بە بیروباوەڕەکانی ڕۆجەرس بروبەیکەر، لێکۆڵینەوەی ناسیونالیزم کارە داخورار و بە ئاستەم جیاواز و ئاڵۆزەکانی، کە لە لایـەن عەقڵـە گـەورەکانی ئەو بوارەوە پێشکەش کراون، زیندوو کردەوە. ئەم باسە، تیۆرییە سـەرەکییەکانی

نەتەوە و ناسیونالیزم کورت دەکاتەوە و لێکدانەوەیان بۆ دەکات، لـە مـاوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا، هەندێک ڕێبازی تیۆری دەرکەوتوون، نووسەر گفتوگۆی ناکۆکی و دوژمنایەتیی نێوان ئەم ڕێبازانە دەکات، کە تەنها شتێکی ڕووکەشە، لەبەر ئەوە دەشێت ڕوانینێکی گونجاو وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بیرکردنەوە لـە نەتـەوە و ناسـیونالیزمدا لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا دەربکـەوێت، ئـەم چوارچێوەیـە مۆدێرنیزم و کارلێککگەری و هێماگەریی ئیتـنی لـەخۆ دەگـرێت، کـە هـەموویان لـە ئەدەبیاتـدا وەکـو تێڕوانیـنی جیـاواز لەسـەر ئـەو بابەتـەی باسـی لێـوە دەکـرێت، دەناسرێنەوە؛ هێشتا بەشە جێبەجێکراو و گونجاوەکانی تیۆرییـە باسـکراوەکان لـە ڕێگەی هەڵسـەنگاندنی تـەواوی بانگەشـە هـەرە بـەهێزەکانی نووسـەرەکانیانەوە پوختە دەکرێن، بـە مەبەسـتی پێشکەشـکردنی ئـامرازی تێگەیشـتنی ئـەو دیـاردە ئاڵۆزە لە گۆڕانی خێرا و دیاری ژینگەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا.

وشـە گرنگـەکان: نەتـەوەکان، ناسـیونالیزم، تیـۆری، مۆدێرنـیزم، کارلێککگـەری، هێماگەریی ئیتنۆیی.

پێشەکی:

کاتێک قەیرانی کۆچی ئەورووپییەکان لە لوتکەیدا بوو، لە پـاییزی سـاڵی ٢٠١٥دا، چەنـد پـرس و داواکارییـەک کـە وا دانـراون لـە دەرەوەی بـەروار بن، لێـدانێکی ناپەیوەست و پاشەکشەی ئەو کیشوەرە بوو لەگـەڵ هـێزێکی بێوێنـە لـە سـەدەی بیست و یەکـدا، جـەماوەری ئـەورووپی بێوەسـتان ڕسـتە بەناوبانگەکـەی ئـەنجیلا مێرکیل سەبارەت بە مەرگی فرەکەلتووری دووپاتە دەکەنەوە.

پەنابەر و کۆچکەرە موسڵمانەکان کەوتنە ئەوەی لە لایەن بەشێک لە جـەماوەری ئەورووپییەوە وەکـو دەسـتدرێژیکەر - داگیرکـەر- تێیانبگـەن، نـەک لەبـەر ئـەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خـەڵک چوونەتـە 'جیهـانی کـۆن'ەوە، بـەڵکو لەبـەر کـەلتووری جیـاواز و سیسـتمی بیروباوەڕیـان و پیـادەکردنی ژیـانی ڕۆژانـەیان لـە ژینگـە سیاسییەکاندا، پارتەکانی باڵی ڕاست و حکومەتـەکان داکۆکییـان لـە گەڕانـەوەی 'کەلتوورگـەری' بـۆ ڕیـالیزم کـرد، گوتیـان گوایـە ڕێگـە دیـارە دژەکـانی ژیـان پێکـەوەبوونیان نـابێت لـەناو یەکەیـەکی سیاسـی و ئـەورووپای سـەقامگیردا، نموونەی کـەلتوورە نەتەوەییـەکان پێویسـتە بـە هـەموو شـێوەیەک بـەرگرییان لێ بکرێت، شوناسی کەلتووری دیسان شتێک بوو بڕوا وا بوو لە شوێنێکی دەرەوەی ئێرەدا بوونی هەبێت، واتە بوونگـەریی واقیعییانـە دووبـارە بـەهێز کراوەتـەوە، لـە هەریەکە لە سیاسەتی ڕۆژانە و لە شیکارە ئەکادیمییەکاندا.

لــە وڵاتــانی ڕۆژهــەڵات و ناوەنــدی ئــەورووپادا، ئــەوە حکومەتــەکان بــوون 'کەلتوورگەری'یان بەهێز دەکرد، کە لە شوێنانی تر ئەم حکومەتانە پەراوێزی یـان گەورەتر بـوون، بـەڵام هێشـتا پارتـە سیاسـییە نـەیارەکان هـەمان شـت دەکـەن،

هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئەم جۆرە جیاوازییە لای زۆر کەس بەشی زیندووکردنەوەی کەرتی و کڵێشە کۆنەکانی دەکرد، سەبارەت بە پاشەکشەی ڕۆژهەڵات و 'ئیتنۆسیبوون' و دوورخستنەوەی وەکو دژایەتیکردنی بەرەوپێشەوەچوونی ڕۆژئاوا و مەدەنیەت و لەخۆگرتن (Subotic 2013:20-21)، لەبەر ئەوەی دوانەی نوێ/کۆن بە کردەوە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا دەبڕن و ناسیونالیزمی نوێ\ کۆن سەر هەڵدەدات. پێویستبوونی تێگەیشتن لەوەی چی نەتەوە پێک دەهێنێت، ڕووی دا؛ هەنگاریبوون-یان فەڕەنسیبوون چییە؟ ئەمە پرسیارێکە زۆر کەس وەڵامی گەوهەری دەدەنەوە، وەکو ئەوانەی دیاردەی هەتاهەتایی -هەمیشەیی- و نەگۆڕ بووبن، لە ئەنجامدانی ئەوەدا دانەرانی تیۆرییە بەرزترەکان، زۆربەی کات داوای ڕاڤەکردنی ئێجگار ئاسانکراو و باویان لێ دەکرێت، لە لایەکەوە لایەنی دروستی خەیاڵی سیاسی مەیلی بە لای بەدەستهێنانی تێگەیشتنیدایە، یان لە ئاراستەی هەمیشەییەوە وەکو دەروازەیەک بۆ ناسیونالیزم، کە ڕوونی دەکاتەوە نەتەوە شتێکی نوێ نیە، بەڵکو هەزاران ساڵە هەیە، یان لە دەروازەی ئیتنۆ-هێماییەوە کە زۆر ئارەزوومەندی جەختکردنە لەسەر ئەوەی نەتەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دیاردەیەکی کەلتوورییە، لە پاڵ ئەوەشدا دیاردەیەکی سیاسیی هاوچەرخە (Ozkirim-li 2010: Smith 2003)، لە لایەکی ترەوە، لایەنی چەپی خەیاڵیی سیاسی لە گرنگیی لایەنە کەلتووری، دەروونی و مێژووییەکانی نەتەوە کەم دەکاتەوە و جەخت دەکاتە سەر دەستکردی و نوێیەتیی نەتەوە، بەم شێوەیە وای دەردەخات نەتەوە لە بەردەم ڕاستییەکی نوێی جیهانیدا کۆسپێکی کاتییە، دەسەڵاتی تیۆری، لەم بارەدا زۆربەی کات لە تیۆریی ناسیونالیزمدا لە قوتابخانەی مۆدێرنی بیروباوەڕەوە دێت (هەمان سەرچاوە).

ئێمە گفتوگۆی هەردوو بانگەشەی گەوهەرگەرایی و دوژمنایەتیی ڕووکەشی نێوان ئەو ڕێبازە تیۆرییانە دەکەین کە پێشتر باس کران، کە دەشێت باڵادەست بن و ڕوانینێکی گونجاو سەر هەڵبدات، ڕوانینێکی وەها کە بانگەشەی دوو دیاردەی بەناویەکداچوو دەکات و دەشێت بە باشترین شێوە تێگەیشتن بکرێت، ئەوەش تەنها کاتێک دەبێت کە هێشتا ئەو بەشانەی تیۆرییە سەرەکییەکان کە بۆ پیادەکردن دەشێن و گونجاون، بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێن، یان بە لایەنی کەمەوە کاتێک ئەو بەشانە پشتگوێ نەخرێن، ئێمە هەمیشە پشت بە بیروبۆچوونی ڕۆجەرس برۆبەیکەر دەبەستین، بەوەی لێکۆڵینەوەی ناسیونالیزم کارە داخورار و بە ئاستەم جیاواز و ئاڵۆزەکانی، کە لە لایەن عەقڵە گەورەکانی ئەو بوارەوە پێشکەش کراون، زیندوو کردەوە(Brubaker 1998: 272)، ئەمەش یان لە ڕێگەی تەرخانکردنی هەڵبژێردراوی نووسینەکانیەوە ڕووی داوە، یان لە ڕێگەی پشتگوێخستنی تەواوەتیی زانستی هەموو بوارەکەوە لە لایەن ڕابەرانی

کـاری ئەکادیمییـەوە کـە لێکۆڵینـەوە تایبەتییـەکانیان خزمـەتی بەرژەوەندییـە کاتییـەکانیان دەکـات (هـەمان سـەرچاوەی پێشـوو). بـە لەبـەرچاوگرتنی ئـەوە ئامانجێکی تر بۆ کورتکردنەوە و دووبارە لێکدانەوەی ئەو کـارە سـەرەکییانەیە کـە لەو بوارەدا بە مەبەستی بەیادهێنانەوەی ئەوەی زانیاری سەبارەت بە نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم نـابێت تـەنها دابهێنرێتـەوە، بـەڵکو پێویسـتە دووبـارە لـە هەوڵـە دەوڵەمەندە ئەکایمییە تیۆرییەکانی پێشترەوە کۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە، ئەم کـارە لە چوار بەش پێک دێت، کە هەریەکەیان بەشێکە لە پانۆرامایەکی گەورەتر.

بەشی یەکەم پێشەکییەکی کورت بۆ مێژووی بایەخدانی لێکۆڵینەوە بـە نەتـەوە و ناسیونالیزم پێشکەش دەکـات، بەشـی دووەم لـە کـارپێکردنی مۆدێرنـیزم وەکـو دەروازەیەک - ڕێبازێک- بۆ ئـەم دیاردەیـە دەکۆڵێتـەوە، بەشـی سـێیەم گفتوگـۆی کارلێکی ناوخۆیی -کارلێکگەری- دەکات کە بەشێکی بنچینەییە لە لێکۆڵینـەوەکانی نەتـەوە و ناسـیونالیزمدا، بەشـی چـوارەم هێماگـەریی ئیتنـۆیی شـی دەکاتـەوە و کاکڵەکەی وا نیشان دەدات وەکـو ڕێبازەکـانی تـر بنچێنـەیی بێت، هـەروەها لـەم بەشەدا ئێمە دۆزینەوەکانی خۆمان کورت دەکەینەوە.

## تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزم: چەندین ڕێباز:

لە لایەکەوە جۆن برولی دەڵێت (ئێمەش هاوڕاین لەگەڵیدا) ناسـیونالیزم بابـەتی بایەخدانی زانستیی تایبەت نەبوو تا مـاوەی نێـوان ١٩١٨-١٩٤٥. ئـەو باسـی ئـەوە دەکـــات، بـــەڵێ مـــارکس دژی ناسیۆنالیســـت بـــوو، بـــەڵێ مـــاکس فێبـــەر ناسیۆنالیســـتێکی گـــەورەی ئـــەڵمانی بـــوو، لـــە لایـــەکی تـــرەوە، دۆرکـــایم نیشتمانپەروەرێکی کۆماریخوازی فەڕەنسی بوو، بەڵام ئەوان نەتـەوەیان لەگـەڵ کۆمەڵگە و دەوڵەتدا یەکسان دەکرد و خۆیان بە کـارە ناوخۆییـەکانی کۆمەڵگـەوە خـەریک دەکـرد (Breuilly 2008: xvi). قوتابخانـەی مۆدێرنـیزم، بەتایبـەتی پۆلێنکردنەکانی پێش ساڵی ١٩١٨ی بەلاوە نا، واتا ڕوانینیان بۆ ناسـیونالیزم وەکـو بابەتێکی دەستکرد کە بە توندی دژایەتیی -بۆچوونی- هێردەر دەکـات، بـۆ نموونـە ئەوەی گوایە هێردەر گوتی ''نەتەوە نەمامێکی سروشتییە وەکو خێزان، بەڵام ئەو لقی زیاتری هەیە (Williams 2016: 131)، لـە لایـەکی تـرەوە وەکـو نووسـەری فرەبەرهـەمی ئـەم بـوارە بینیـدیکت ئەندێرسـۆن دەڵێت: جیـاواز لـە زۆرینـەی – isms– ناسـیۆینالیزم، هـەگیز بیرمەنـدانی گـەورەی خـۆیی بەرهـەم نـەهێناوە: بیرمەندانی وەکو هۆبس، تۆکیئڤیل، مارکس یان ماکس فێبەری بەرهەم نـەهێناوە (Anderson 2005: 5)، بە لەبەرچاوگرتنی گفتوگۆی پێشتر، ئێمـە پـۆلێنکردنێکی ماوەیی گونجـاو دەدۆزینـەوە، ئـەویش ئەوەیـە لـە لایـەن ئومـۆت ئوزکیریملیـەوە پێشکەش کراوە، ئومۆت دەڵیت چوار قۆناغ هەیە لە ڕەنگدانـەوە و لێکۆڵینـەوەی ناسیونالیزمدا: سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، بیرۆکەی ناسیونالیزم تێیدا لەدایک بوو،

به بەشداربوونی کانت، ڕۆسـۆ، هـێردەر، فێختـە، میـل، لـۆرد ئەکشـن، مـارکس، ئینجلس، لینین، لۆکسمبۆرگ، باوەر، ستالین، مێژوونووسانی وەکو میشێل، ڤـۆن ترێتسجکە، ڕینان و خاوەن تیۆرییانی کۆمەڵایەتی سەرەتا وەکو دۆرکایم و فێبـەر، ١٩١٨-١٩٤٥، کاتێک ناسیونالیزم بوو بە بابەتی پرسی ئەکادیمی لەگـەڵ کارەکـانی کارلیتۆن هایس و هانس کۆهین و لیـوس سـنیدەردا، ١٩٤٥-١٩٨٩ ئـەوا گفتوگـۆی تیۆرییانە لەسەر ناسیونالیزم زۆر چڕ و جۆراوجۆر بوو، لەگەڵ بەشداریکردنەکانی قوتابییـە جۆراوجۆرەکانـدا لـە سـاڵی ١٩٨٩وە تـا ئێسـتا، هـەوڵ بـۆ تێپەڕانـدنی گفتوگۆی کلاسیکییانە دراوە – خاسیەتی قۆناغی سێیەم -(Ozkirimli 2010: 13).
ئەم جۆرە پۆلێنکردنە دەشێت وا دابـنرێت هـەرە هەمەلایـەنترین پـۆلێنکردن بێت، لـەو ڕووەوە پێویسـتی لەبـەرچاوگرتنی هەوڵـەکانی سـەدەی هـەژدە و نـۆزدە تاووتوێ دەکات و ددانیان پێدا دەنێت، ئەوەی گۆڕاوە تا ببێتە حاڵـەت، زەمینـە بـۆ شـوێنکەوتوانی دامەزرێنـەرانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ڕوون دەکاتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەوە ئاشـکرا دەکـات مـاوەی ١٩٤٥-١٩٨٩ بـۆ پێگەیشـتنی شـوێنکەوتوان -شـاکردەکان- گرنـگ بـووە، واتـا ئـەو کاتـەی هەنـدێک لـە ڕێبـازە کلاسـیکی و هێشـتا باوەکـان و هـەرە کاریگـەرەکان چەسـپاو و جێگـیر بـوون، دابەشـکردنەکەی ئـەنتۆنی سـمیس و جـۆری سـەرەکیی ڕۆژئـاوایی ڕێبازەکـان ئەمانە لەخۆ دەگرێت: تیۆرییەکانی سـەرەتایی و هەمیشـەیی تێدایـە، وەکـو یـەک جۆر، مۆدێرنیزم و لە کۆتاییدا هێماگەری-ئیتنۆیی تێدایە (Smith 2003). لـە هـەر ڕێبازێکدا چەنـد بەشـی تـری نـاوخۆیی هەیـە، کـە لەوێـدا مۆدێرنـیزمی ئـابووری، سیاسی و کەلتووری گەڕانیان بەدوادا دەکرێت، یان سەرەتایی بنچینـەیی 1 و 11 یان هەمیشەیی -هەتاهەتایی- 1 و 11 (هـەمان سـەرچاوە)، هـەروەها نووسـەران ئارەزوویان بۆ ئەفراندنی کۆمەڵێک ڕێباز هەیە کە تێیدا یان ئەوانـە کـۆ دەکەنـەوە دوای 'هەشـتای لوتکـەن'، یـان ئەوانـەی گرانـە کـە لـەناو نموونـە هەبووەکانـدا بچەسپینرێن، وەکو 'ڕێبازەکانی تر' یان 'ڕێبازە نوێیـەکان' نـاو بـبرێن (Ozkirimli 2010: 13).

هەروەها مرۆڤ دەتوانێت تێبینی بکات کە شێوگێک یان ڕێسایەکی دووبارە هەیە بێ چەنـدوچوون نووسـەرانێکی دیـاریکراو لـە چوارچێـوەی ئـەم گرووپـەدا لـەخۆ دەگـرێت، وەکـو ڕۆجـەرس برۆبەیکـەر یـان میشـێل بیلیـگ (هـەمان سـەرچاوە)، مۆدێرنـیزم و هێماگــەریی ئیتنــۆیی و هەمیشــەییبوون و ســەرەتاییبوون وەڵامی جیاواز بـۆ ئـەو پرسـیارانە پێشـکەش دەکـەن، کـە جـار لـە دوای جـار لـە تیۆریـدا دەخرێنـە ڕوو، سـمیس ئـەم پرسـیار و کێشـانە لـە کتێبەکەیـدا 'ناسـیونالیزم و مۆدێرنیزم' کورت دەکاتەوە، لەو کتێبەدا نووسەر دەڵێت بابەتە دیارییکراوەکان لە چوارچێوەی تیۆری ناسیونالیزمدا باڵادەست دەبن، وەکو بابەتـە هەژموونـدارەکان (Smith 2003: 8)، بـەگوێرەی بابـەتی یەکــەم، مۆدێرنیسـتانی ڕەفتـاری و

فەلسەفی دەڵێن نەتەوە هەرگیز لە خۆیدا ئامـانج نـەبووە، بـەڵکو ئـامێر و ئـامراز بووە بۆ ئەرکێکی تەواوی سیستمی پیشەسـازی، ڕوانیـنی سـەرەتاییبوون لەگـەڵ هێماگەریی ئیتنۆییدا لەسەر یـەک هێڵن، کـە گفتوگـۆی ئەفسـانەکان و هێماکـان و بـــەهاکان و یادەوەرییـــەکان دەکـــەن، ئـــەوان تـــەنها ئـــامرازی ســـەرکردە و دەستەبژێرەکانی ڕۆژگار نین، ئەوان تەنانەت ئامرازی هەموو کۆمەڵەکانیش نین، بـەڵکو ئامـاژە و ڕوونکردنـەوەی بـەهێزن، توانایـان هەیـە بـۆ جووڵانـدنی سـۆز و هەڵچوون لە نەوەی دواتردا، ئەوان ئەو وزەی تەقینەوەیان هەیە کـە بـۆ ئـەودیوی بەکارهێنانـــە عەقڵانیەکانـــەوە دوور دەڕوات، کـــە دەســـتەبژێرەکان و زانـــا کۆمەڵایەتییەکان ڕێبازەکان دەزانن(Smith 2002: 32) .

دووەم بابەت: ئەنترۆپۆلۆجی- مرۆڤناسی-و سیاسی، کە پەیوەندیی بە پێناسـەی کۆمەڵایـەتیی نەتـەوەوە هەیـە (Smith 2003: 8)، وەڵامی زۆر ورد و ئـاڵۆز پێشـــکەش دەکـــات، پێناســـە ئیتنۆکەلتوورییـــەکانی نەتـــەوە نموونـــەین بـــۆ سەرەتاییبوون\هەمیشەییبوون و هێماگەرایی ئیتنۆیی، کە هەموویان لەسـەر ئـەوە کۆکن نەتەوە لـە گەوهـەردا کۆمـەڵێکی ڕەچەڵەکییـە (ڕاسـت بێت یـان خـەیاڵ)، ئەندامەکانی لە لەدایکبوونەوە بـە ڕایەڵـەکانی خزمایـەتی و مـێژووی هاوبـەش و زمانی هاوبەش پێکەوە بەستراون (هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە پاڵ کەلتووری باڵادەستدا، هێماگەریی ئیتنۆیی پەی بە ئـابووریی هاوبـەش و مافـە یاساییەکان و ئەرکەکان دەبات، کە لە خاسیەتە گرنگەکانی نەتـەوەن (Smith 1991: 14). لـە لایەکی تـرەوە مۆدێرنیسـتەکان جـۆری نموونـەیی نەتـەوە تـەنها لـە چوارچێـوەی دامەزراوەکان و سیستمدا پێناسە دەکەن، هـەرچۆنێک بێت ئـەوان ئـەوە پەسـەند دەکەن کە زیاتر لە یەک بەیانکردنی ناسیونالیزم هەیە و پۆلێنکردنـەکانیش بـەپێی پێـوەری ئایـدیۆلۆجی (لیـبراڵی، پارێزگـاری، سۆشیالیسـتی و ناسـیونالیزمی زۆر ڕاســتڕەو) پەســەند دەکــەن و پێــوەری قۆناغــە جیاوازەکــانی ناســیونالیزم (یەکگرتووخواز، جیابوونەوەخواز، یەکبوون... تاد (Bakic 2006: 25 261).

لـە کۆتاییـدا بابـەتی مـێژوویی و کۆمەڵناسـی لـە لایـەن مۆدێرنیسـتەکانەوە بـە ڕێگەیەک چارەسەر دەکـرێت کـە تێیـدا نەتـەوە و ناسـیونالیزم وەکـو دیاردەیـەک مامەڵە دەکەن، هەم بەرواری بەرهەمهێنان و هەم بەرواری بەسـەرچوونی هەیـە، واتـــە نەتـــەوەکان بەرهـــەمی نموونـــەیی قۆنـــاغێکی دیـــاریکراوی مـــێژوویین، چارەنووسیان لەناوچوونە (Smith 2003: 8)، هەمیشەییبوون و سەرەتاییبوون، لە لایەکی ترەوە ئەوانـەن نەتـەوە وا دادەنێن یـان نـەمرە، یـان بـە لایـەنی کەمـەوە تەمـەنی پێکهـاتنی هـەزاران سـاڵە، ئـەوەش بـەیانکردنی لـۆجیکی و سروشـتی بەرژەوەندی و شـوناس و پەیوەندییـەکانی گـرووپی مرۆییـە، بێ لەبـەرچاوگرتنی سیستمی هەژمووندارێ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی-ئـابووری (واتـە کۆمەڵگـەکانی

کشتوکاڵی یان پیشەسازی) (Smith 2002, 2003). لە کۆتاییدا هێماگەرە ئیتنۆییەکان ڕوانینەکانی مۆدێرنیستەکانیان لە سەردەمی نەتەوە و سنوورە سیستماتیکییەکاندا وا سەیر دەکرد لە بوونی ڕاستەقینەی خۆیان کەمترن، لە کاتێکدا ڕوانینی شوێنکەوتوانی هەمیشەییبوون بۆ خۆڕاگریی نەتەوە لە درێژەی سەردەمەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو خۆنمایشکردن ڕەت دەکاتەوە، ئەوان ددان بە هاوچەشنی و یەکسانیی سیستماتیکی دەوڵەتانی نوێی نەتەوەییدا دەنێن، کە لە نەبوونەوە سەر هەڵنادەن؛ بەڵکو لەسەر لۆجیکی کۆمەڵەکانی سەردەمانی پێشتر -ئیتنۆسەکان- بونیاد دەنرێن (Smith 2002: 32). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە پۆلێنکردنەکان نموونەی زۆریان تێدایە، لە پاڵ ئەو سێ شەپۆلە سەرەکییەدا، فیلیپ پۆتینات و جۆسیلاین ستریف فینارت کارلێکگەری و پاش مۆدێرنیزمیان وەکو ڕێبازی جیاواز دانا (Bakic 2006). بەگوێرەی پاش مۆدێرنیزم، ئێمە دەستبەرداری شیمانەی هەڵوەشاندنەوەی گوتار، یان ئەفسانە نەتەوەییەکان نابین، یان وەک بونیادنراو پێشکەشیان ناکەین. لەڕاستیدا ئەو بیرۆکەیەی نەتەوەکان خەیاڵ دەکرێن یان دادەهێنرێن، پێشتر لە لایەن نووسەرانی مۆدێرنیزمی وەکو ئیریک هۆبسباوم و بێنیدیکت ئەندرسۆنەوە بەمیللی کراوە، داڕشتنەکانی هەریەکەیان زەمینەی گونجاویان بۆ گەشەسەندنی ڕادیکاڵانەتری پاش مۆدێرنیست فەراهەم کردووە، کە تێیدا بیرۆکەی شوناسی نەتەوەیی بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەکو ئەوەی بە زکماکی کێشەدار بێت و پارچەپارچە بکرێت بۆ گێڕانەوە -حیکایەتە- پێکهێنەرەکانی (Smith 2003: 6)، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هۆبسباوم وا دادەنرێت مێژوونووسێکی مارکسی بێت بە بوونێکی ڕیالیستییانەوە، کارەکەی لەبارەی نەتەوەوە تا ئاستێکی بەرز ڕەخنەییانەیە، بەڵام هەرگیز لەو ڕووەوە زۆر ڕەخنەییانە نیە کە ئەو داوای هەندێک جۆری هەڵوەشاندنەوەی ڕاستی دەکات، دوای ئەوەی دیاردەیەک لە ڕووی دەقییەوە هەڵدەوەشێتەوە، وەکو نووسەرانی پاش مۆدێرنی وەکو چەنتاڵ مەوفی و ئێرنیستۆ لاکلاو داوای دەکەن (Bakic 2006: 247-248). لە لایەکی ترەوە ئەندێرسۆن هەگیز بەڵگە ڕەوشتییەکان وەکو چەمکێک لە کارەکانیدا لەسەر نەتەوە دەرنابڕێت، بێگومان بێجگە لە حاڵەتەکانی خراپترین دەرکەوتنی نەتەوە لە سەدەی بیستەمدا (واتە فاشیزم و نازیزم)(Anderson 2006).

لەبەر ئەوە لەم کارەدا، جەختکردن لەسەر ڕەگوڕیشە یان زەمینەی -تۆوچاندنی- پاش مۆدێرنیزمە لە بواری نەتەوە و ناسیونالیزمدا، ئێمە دەتوانین لە شێوازی هاوشێوەدا پەی بە کارلێکگەری ببەین، وەکو جۆرێکی تایبەتیی مۆدێرنیزم -ئامێرگەری- بۆ کارەکەی دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە، فریدریک بارت کە لە تیۆری ململانێی ئیتنیکییەوە نزیکترینە، بەڵام دیسان لەبەر ئەوە گفتوگۆکردنەکەیان

خاسیەتی مۆدێرنی نەتەوە ڕەت ناکاتەوە (Smith 2002: 10). لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەکانی ئەم تیۆرییە دەڕواتە ئەودیوی ئامێرگەریی ئاساییەوە، لە پاڵ هەڵبژاردە نەتەوەییەکاندا، بەکارهێنانی هێمایی دەکات بە مەرج، زۆربەری کات سەرچاوە ناعەقڵانیەکان لە لایەن گرووپەکان یان تاکەکەسەکانەوە لە ڕەفتاری سیاسیدا دەبن بە ڕێسا (Eriksen 2010: 53). بەم شێوەیە، ئێمە کارلێکگەری - کارلێکی ناوخۆ- وەکو هێڵی ئامرازێکی زۆر ئەبستراکت و زۆر پەرەسەندووی هۆهێنانەوە بەکار دەهێنین، بە شێوەیەکی سەربار، کەرلێکەرانی ناوخۆیی وا دادەنرێن سەرەتاییەکان بن، بەڵام تەنها لە پانتایی ئانتویرپۆلۆجیی کۆمەڵایەتیدا، کاتێک فریدریک بارتی دامەزرێنەریان بە شێوەیەکی شاراوە وا دەردەکەوت بلێت سەرباری ئەنجامدان و پەڕینەوەی پەیوەندیکردن بەسەر سنوورەکاندا، گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی کەلتووریی گرووپەکاندا، پۆلە ئیتنیکییەکانی لەم شێوەیە جێگیر و نەگۆڕن، کە دەشێت لە کاتی دەرکەوتنی پێویستیدا وەک لە دۆخێکی بەراوردکاریدا داوا بکرێت (Ibid: 63)، ئەوە سەرەتاییبوون نیە وەکو ڕێبازێک بۆ دیاردەیەکی فراوانتری ناسیونالیزم، بەڵکو لەبری ئەوە سەرەتاییبوونە لە چوارچێوەی مرۆڤناسیدا، ئەویش مەبەستی ڕوونکردنەوەی توانای بەردەوامیی گرووپێکی مرۆییە بۆ ئەفراندن و درێژەپێدانی یان پاراستنی خاسیەتە ئیتنیکییە دیارەکان وەکو دژ بۆ گرووپێکی تری مرۆیی، ئەم هەمیشەییبوونە مرۆڤناسییە دۆزینەوەیەکە زۆر گرنگە و پشتگوێ ناخرێت. لە لایەکی ترەوە سەرەتاییبوون و هەمیشەییبوون، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر دوو هۆکار نابنە بابەتی بایەخێکی تایبەتی لە باقیی کارەکەدا، پێش هەموو شتێک ئەوان بە شێوەیەکی بەڵگە بۆهێنراوە لە لایەن نووسەرانی ترەوە لەبەر نکۆڵیکردنیان لە جیاوازییەکان لە نێوان نەتەوە و کۆمەڵانی سەردەمەکانی پێشوودا، ڕەخنەیان لێ گیراوە، بەم شێوەیە مەبەست نەبینینی 'تایبەتمەندییەکانی سەردەمە مێژوویە جیاوازەکان' بووە (Bakic 2006: 235)، ئەم جۆرە سڕینەوەیە ڕۆجەرس برۆبەیکەری بۆ ئەو دەرەنجامە برد کە سەرەتاییبوون ئەسپێکە لە دێرزامانەوە تۆپیوە (Brubaker 1996)، دووەم، ئێمە بڕوامان وایە هێماگەریی ئیتنۆیی دەسەڵات دەکات بەسەر کەموکورتییەکانی سەرەتاییبوون/ هەمیشەییبووندا و بەشداریکردنە هەرە بونیادنەرییەکانیان بۆ تیۆرییەکە بەکار دەهێنیت.

لە کۆتاییدا وەکو تۆم نایرن گفتوگۆی دەکات، پێویستە ئەم دیاردەیە – ناسیونالیزم (M،V) لە چوارچێوەیەکی گەورەتری ڕوونکردنەوەدا دابنرێت، چوارچێوەیەک مانا بە دژایەتییەکان ببەخشێت (Naim 1981: 332)، ئێمە بەو دەرەنجامە دەگەین کە مۆدێرنیزم کارلێکگەری و هێماگەریی ئیتنۆیی، لەگەڵ هەندێک زیادکردندا بۆ 'ڕێبازە نوێیەکان' گشتگیرترین توانای ڕوونکردنەوەی

نەتەوەکان و ناسیونالیزم فەراهەم دەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە ئەوانە بە جیا شیکار دەکرێن.

## نەتەوە و ناسیونالیزم وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن:

ئەم سێ ڕێبازە سەرەکییە یەک پارچە نین، ئەمەش مانای وایە هەریەکەیان دەشێت زیاتر بۆ نیمچە ڕێبازی نوێ دابەش ببێت، ئۆزکیرملی ئاشکرای دەکات بە لایەنی کەمەوە سێ مۆدێرنیزم هەیە، کە هەموویان وا لە نەتەوە تێدەگەن لە مێژووی جیهاندا دیاردەیەکی نوێ بێت، بەڵام لە ڕوانگەی جۆراوجۆر و جەختکردنەوە لەسەر هۆکاری سەرەکیی جیاوازی وەکو: گۆڕانکارییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کەلتوورییەکان (Ozkirimli 2010: 72)، ئەم نووسەرە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی ئەگەر نووسەران سەر بەو قوتابخانەیە بن کە ئاماژە بۆ زنجیرەیەک فاکتەری ئابووری دەکات، مانای ئەوە نیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە کاریگەریی فاکتەرەکانی تر لەسەر ناسیونالیزم پوچ دەکەنەوە، ئەوان قورساییەکی گەورە بە یەک کۆمەڵە هۆکارەوە دەبەستنەوە ((Ibid. تۆم نایرن و میشێل هاتچەر باشترین نموونەی ئەو نووسەرانەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکەنە سەر فاکتەرە ئابوورییەکان، نایرن زۆربەی کات بە هۆی سەرنجیەوە لەسەر پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوەی کۆڵۆنیالیزم بە مارکسییەکی نوێ دەزانرێت، کە لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستدا ڕووی دا، ئەو بانگەشە سەرەکییەکانی تیۆری وابەستەیی بەکار دەهێنێت، دۆزینەوەکانی ئەم تیۆرییە ڕوونی دەکەنەوە دەوڵەتانی چەق و پەراوێز و نیمچە پەراوێز لە سیستمی جیهانیدا -وڵەرستەین- هەن، ڕاستییەکەش ئەوەیە دەوڵەتانی ناوەند کە مەیلیان بۆ بەکاربردنی ئەوانە هەیە کە لە کەناردان، ناسیونالیزم لە هەموو هەسارەکەدا بەرهەم دەهێنن، سەرباری ئەوەش بەرگریکردن لە پەراوێزدا بە هەمان شێوە هانی ناسیونالیزم لە ناوەند دەدات (Nairn 1981: 337-363). ڕوانینی هێچتەر هاوشێوەی ڕوانینی نایرنە، هەرچۆنێک بێت ئەو ددان بە چەندین نموونەی سیستمی ناوەند-کەناردا دەنێت (لەوێدا کەنار پەیوەندیی بە گرووپە نابالادەستەکانەوە هەیە)، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا کار دەکەن، لە ئاکامدا دابەشکردنی کەلتووری کار و پەرۆشبوونی هەندێک لە 'یەکە کەلتوورییەکان' بۆ گەڕان بەدوای سەربەخۆییاندا دروست دەبێت (Hechter 1975: 39-40)، ئێریک هۆبسباوم، جۆن بریویلی و پۆڵ ڕ. براس وەکو نووسەر هەستیان پێ دەکرێت، کە جەختیان لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییە کاریگەرەکان کردووەتەوە و ئەوەشیان بە پرۆسێسی دروستکردنی نەتەوەوە بەستووەتەوە (Ozkirimli 2010: 83). بریویلی دەڵێت ئەو بۆشاییەی لە دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕۆحی -قەشەیی- بەجێ ما، لە پرۆسێسەکانی بەعەلمانیکردنی مۆدێرنێتەدا بە دەسەڵاتێکی تازە

پێکهاتووو پڕ کراوەتـەوە، کـە وەکـو شـێوازێکی فـەرمانڕەوایی -ناسـیونالیزم- کـار دەکات ''ناسیونالیزم بەتـەواوی پەیوەنـدیی بـە سیاسـەتەوە هەیـە و سیاسـەتیش بەتەواوی پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە (Ibid: 85).

هاوشـێوە، هۆبسـباوم گفتوگـۆی ئـەوە دەکـات ناسـیونالیزم دوایین ئـەنجامی شـێوەیەکی 'ئەنـدازەی کۆمەڵایەتییـە'، لەبـەر ئـەوە ناسـیونالیزم بـە مەبەسـتی لـەخۆگرتنی -یـان لەکارخسـتنی- مەترسـییەکانی دیموکراسـیی جـەماوەری بـۆ دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییەکان دادەهێنرێت (Hobsbawm and Ranger 2013). لە کۆتاییدا براس وەکو 'ئامراز' دایدەنێت، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکـات نەتـەوە و ناسیونالیزم بـەم شـێوەیە بوونیـان نیـە، بـەڵکو تـەنها دەسـتەبژێرە سیاسـییەکان، ناسـنامە کەلتوورییـەکان وەکـو تاکـە سـەرچاوە لـە گـەڕان بـەدوای ئامانجـە سیاسییەکانیاندا، هاوشێوە بۆ دەستکاریکردنی ئامرازە ماددییەکان بـەکار دەهێنن (Ozkirimli 2010: 88-89). گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـە کەلتوورییـەکان وەکـو کۆمـەڵێک فاکتـەری سـەرەکی لـە دروسـتکردنی نەتـەوەدا پەیوەنـدییان بـە دوو نووسەری ئەم بوارەوە لـە پـاڵ سـمیس و هۆبسـباومدا هەیـە، کـە زیاترینیـان لێ وەرگـیراوە. بانگەشـەکانیان سـەبارەت بـە ڕەگوڕیشـەی سیسـتماتیکانەی ناسـیونالیزمە، کـە بـە شـێوەیەکی بـاڵا پەیوەنـدیی بـە پرۆسێسـەکانی بەپیشەسازیکردنەوە (Gellner 2008) و پەرەسـەندنی چـاپی سـەرمایەدارییەوە هەیە (Anderson 2010) قووڵترین تێڕوانینەکان لە نـاو مۆدێرنیزمـدا دەسـتەبەر دەکـەن، سـەبارەت بـە ڕەگوڕیشـەکانی نەتـەوە و لـۆجیکی بـوونی مۆدێرنانـەی نەتـەوە، لەبـەر ئـەوە لـە کـاتی گۆڕانکارییـە گـەورەکانی هاوشـێوەی ئـەو گۆڕانکارییانەی سەرەتاکانی ئەم هەزارەیەدا، ئێمە بڕوامان وایە گفتوگۆکانی ئـەم دوو بیرمەنـدە پێویسـتە دووبـارە بـەگوێرەی واقیعی نـوێ لێـک بدرێنـەوە، مۆدێرنیستەکانی تر نابێت بەو جۆرە پشتگوێ بخرێن، هەرچۆنێک بێت دۆزینـەوەی ئـۆد نـایرن، هیتچـەر، هۆبسـباوم، بـراس، بریـویلی... تـاد، هـەموویان بـە دەرەنجامـەکانی گۆڕانکـاریی کۆمەڵایـەتی-ئـابووریی گـەورەی جیهانـەوە لـە سەردەمی مۆدێرنێتـەدا خـەریکن، بـەڵام بـە گۆرانکـاریی خۆیانـەوە خـەریک نین، لێکدانەوەکانیان مامەڵە لەگەڵ ئـەوەدا دەکـات لـە دوای 'سیسـتمی جیهـانی'ەوە ڕوو دەدات، واتە فەرمانڕەوایی ئابووری و سیاسیی دەستەبژێرەکان و جـەماوەر چەسپاوە.

گۆڕانکاریی سەدەی بیست و یـەک داوای ئـەو وەڵامانـە دەکـات کـە چـۆن ئـەم فـەرمانڕەوایی و سیسـتمە پەیـدا بـووە، ئەمـەش بەتـەواوەتی ئەوەیـە ئێمـە لـە دۆزینەوەکانی گیلنـەر و ئەندرسـۆندا بـە دوایيـدا دەگـەڕێین، لەوانەیـە گیلنـەر لـە بواری نەتـەوەکان و ناسـیونالیزمدا نووسـەری هـەرە پەسـنکراو بێت، برۆبەیکـەر

بڕوای وایە 'گیلنەر لە دووریی ئۆلۆمپیاوە لە لێکۆڵینەوەی ناسیونالیزم نزیک بووەوە و دەرکەوتن و گۆڕانکارییەکانی ناسیونالیزمی لە تیشکەنیگای مێژووییانەی جیهانەوە دانا (Brubaker 1998: 272). ئەو بیرۆکەکانی خۆی لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی دەرکەوتنی سێ قۆناغی مێژووییەوە ناساند کە بریتین لە: قۆناغی پێش کشتوکاڵ، قۆناغی کشتوکاڵ، قۆناغی پیشەسازی (Gellner 2008: 4-5)، قۆناغی یەکەم پێویستی بە دەسەڵاتی دەوڵەت نەبووە و بەهێزبوون بە هۆی دابەشبوونی سادەی کارەوە بووە. قۆناغی دووەم قۆناغی کشتوکاڵە، لە زۆر باردا داوای دەسەڵاتی دەوڵەتی کردووە، لە شێوەی جۆراوجۆر و ڕێکخراودا کە توانیوێتی دوور لە کاری ڕاوکردن و کۆکردنەوە و دابەشکردنی کار بەڕێوە بەات، لە کۆتاییدا سەردەمی پیشەسازیی کۆمەڵگە گەورەکان و لە ناوەوەڕا ئاڵۆزەکانی بەرهەم هێناوە، کە تێیاندا نەبوونی دەوڵەت هەڵبژاردە نەبووە (Ibid: 5)، بە هاندانی ڕوونکردنەوەکانی پێشوو، دەشێت مرۆڤ وا بیر بکاتەوە لەوانەیە نەتەوە پێکهێنەرێکی -ڕەگەزیکی- لۆجیکیی هەردوو سەردەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی بوویێت، بەڵام گیلنەر ئەو نیشاندەرانە دەخاتە ڕوو کە بە دڵنیاییەوە لە کوێدا دەوڵەت بەبێ یارمەتیی نەتەوە پێک هاتووە و ڕەگەزی سەرەکی بۆ تێگەیشتنێکی لەم جۆرە جیاوازیکردن بووە لە نێوان کەلتوور لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و سەردەمی پیشەسازیدا(Ibid: 6). ئەگەر هەردوو قۆناغەکە داوای بەناوەندبوونی دەسەڵاتیان کردبێت، ئەوە لە باری کەلتووردا وا نیە، گیلنەر بەم جۆرە باسی ئەو دۆخە دەکات: هەروەها لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا کەلتووریش بەناوەند کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەکی دیاریکراوی بەناوەندبوون بوو، کە تێیدا تەنها خاوەن ئیمتیازەکان بەشێک بوون لە پیادەکردنە کەلتوورییەکانی خاوەندارێتیی دەوڵەت، بێجگە لە فەرمانڕەواکان و خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی و سوپا، بە مانای وشە هیچ کەس بواری پێ نەدراوە دیوارەکانی دابەشبوونی چینایەتی ببەزێنێت، تەنانەت زمانی 'کەلتووریی باڵا' لە زۆر باردا جیاواز بووە لەو زمانەی 'خەڵکی ئاسایی' پێی دواون. بەم جۆرە بە شێوەیەکی بەردەوام پتەوکردنی بەربەستەکان لەناو کۆمەڵگەکاندا ڕووی داوە، نایەکسانییەکانی سەردەمی قۆناغی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی کاریگەر زۆر بوون، لە کاتێکدا تەنها کەمینەیەک بە شێوەیەکی هاوچەشن ڕەفتاریان دەکرد، کە ئەوانە بوون لە لوتکەی هەڕەمەکەدا بوون، لە کاتێکدا ئەوانی تر جەماوەرێکی ناهاوچەشن بوون و پیادەکردنی کەلتووری پێکەوە نەگونجاویان هەبوو.

لێرەدا ئەم پرسیارە گریمانەییە سەر هەڵدەدات: چۆن ئەم جۆرە نایەکسانییانە بۆ ماوەی ئەوەندە درێژ بوونیان دەبێت؟ ئەو وەڵامەی گیلنەر پێشکەشی دەکات، بریتییە لە سەقامگیری، سەردەمی قۆناغی کشتوکاڵ نە جووڵاو و نە

یەکسانیخواز بوو، بەڵکو جێگیر و نەگۆڕ بوو، دەشێت پیاوان لە بەرانبەر نایەکسانی ترسناکدا ددان بەخۆدا بگرن، ئەگەر ئەو نایەکسانییانە لە ڕێگەی دابونەریتەوە جێگیر ببن و پیرۆزییان پێ ببەخشرێت (Ibid: 24)، ڕەگوڕیشەکانی گۆڕان بریتیبوون لە: بیرۆکەی گەشەکردنی بەردەوامی و دابەشبوونی نوێی کار ( Ibid: 22). بە هۆی بیرۆکەی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکاری بەردەوام و پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیانەی ئەوتۆ کە پێشتر نەبینراوە. لە ماوەی ئەم چەند سەدە کەمەی دواییدا، ئەو کۆمەڵگەیەی پێک هات، لەدایکبوونێکی زۆر ئاڵۆزی بە دابەشبوونی کار بەخشی، بە جۆرێک ڕەگەزێکی زیادە بۆ ئەرکبینینی هەموان کرا بە پێویست، لە شێوەیەکی تایبەتیی یەکگرتووی سیاسیی کەلتووریی ناسیونالیزمدا دۆزرایەوە، گیلنەر دەڵێت 'ڕەگوڕیشەکانی ناسیونالیزم لە پێداویستییە دیارە بونیادییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیدا لەڕاستیدا زۆر قووڵن ( Ibid: 34).

ئەم دەربڕینە بەهێزانە درێژەپێدانی زیاتریان پێویست دەبێت، بە مەبەستی تێگەیشتن لە پێکەوەبەستنی گیلنەر لە نێوان ناسیونالیزم و دابەشبوونی کاردا، بەرهەمهێنانی زیاد گەشەکردنی بەردەوام دەجوولێنێت، بیرۆکەی گەشەکردنی بەردەوامی -مانەوەی هەتاهەتایی- پێویستی بە گۆڕانی بەردەوام هەیە و گۆڕانە بەردەوامەکانیش ڕێگە بە خەڵک نادەن بە درێژایی ژیانیان لە سایەی یەک جۆری فەرماندا بن، لەبەر ئەوە هانیان دەدات زۆر جار کارەکانیان بگۆڕن، ئەم گۆڕانە بەردەوامە ناشێت لە ئاستی ژێرخاندا بووبێت، کە بوار بە خەڵک دەدات بەناو بازاڕی کاردا بجوولێن، بەبی هیچ شێواندنێکی ترسناک یان بەبێ هیچ کێشەیەک، ئەو ژێرخانەی دەتوانێت پاڵپشتیی ئەم جۆرە سیستمە بکات، کە زۆر لەوە گەورەترە کە بێجگە لە دەوڵەت لە لایەن هیچ کەسێکەوە خاوەنداری بکرێت، ئەم نموونەیە توانا دەدات بە خەڵکی بۆ دابەشبوونی نوێی کار ئامادە بن، ئەوەی ئێمە بە سیستمی پەروەردە ناوی دەبەین، لە ڕۆژئاوادا کەرەستەی کەلتووری بۆ کۆی سیستمەکە لەوانەی سەردەمی زووترەوە 'سەردەمی کەلتوورە بەرزەکان' یان 'کەلتوورە دەستەبژێرەکان' وەردەگیرێن. لە کاتێکدا کەلتوورەکانی ڕەشەخەڵک، لە ڕوانگەی گیلنەرەوە زیاتر پشتگوێ دەخرێن، یان لەیاد دەکرێن، لەبەر ئەوەی کەلتووری بەرز لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا بۆ کەمینەیەک ئیمتیازە، هەر بۆیە ئەو کەلتوورە بەرزە بە شێوەیەکی شاوڵی بەسەر هەڕەمەکەدا بەرەو دامێن دەڕژێت و بڵاوبوونەوەیەکی ئاسۆیی یەکسان و بە لایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی کاتی، کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز دروست دەکات.

لە کۆتاییدا دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم جۆرە نوێیەی جووڵە بریتییە لە جۆرێکی تایبەتیی یەکسانیخوازی، کۆمەڵگەی مۆدێرن جووڵاو نیە، چونکە یەکسانیخوازە،

یەکسانیخوازە چونکە جووڵاوە(Ibid: 24). بیرۆکەی سەرەکیی گیلنەر ئەوەیە یەکە هاوشێوە نوێیەکان بە هۆی پێداویستییەکانی سیستمەکەوە دروست دەکرێن، نەک بە هۆی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی نەتەوەیەکەوە، لە ڕوانینی ئەوەوە ناسیونالیزم بە دیاریکراوی تەنها داواکارییەکی پێویستی کۆمەڵگەی پیشەسازییە، بەرهەمی سیستمی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی-ئابوورییە، نەک دروستکەری بێت، گیلنەر بەڵگەی مێژوویی دەگمەن، یان کەم سەبارەت بە چۆنێتیی بەپیشەسازیکردن پێشکەش دەکات، یان هەر پێشکەشی ناکات، سەرەنجام ناسیونالیزم دەردەکەوێت، دەشێت مرۆڤ وا بیر بکاتەوە پێگەی ئەو دەبێت پێگەیەک بێت گفتوگۆی ئەوە بکات کۆی پرۆسێسەکە بە هۆی کارەکانی عەقڵی زیرەکەوە، لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئامادە و خوداییانەی پەرەسەندنی مێژووییەوە پێک دێت، لەگەڵ ئەوەشدا گیلنەر زۆر دوورتر دەڕوات لە 'نەتەوە و ناسیونالیزم'دا ئەو هێزانەی لەوانەیە سیستمی مۆدێرنیان دروست کردبێت، وا دادەنێت بۆ دداننان بەوەدایە کە: 'کۆمەڵگەی پیشەسازی بە فەرمانی خودایی نەگەیشتە سەر شانۆی مێژوو، بەڵکو خۆی بەرهەمی پەرەسەندنەکان بوو لەناو کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی تایبەتیدا، ئەم پەرەسەندنانەش لە پشێویی تایبەتیی خۆیان ڕووتکراوە نەبوون (Ibid: 39)، هەروەها گیلنەر ئاماژەیەک دەدات 'کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی تایبەت' کۆمەڵگەیەکی پرۆتستانیە و لەناو ئەم ناونیشانە دیاریکراوەدا بە قووڵی نقوم نابێت (Ibid: 40)، گیلنەر ڕوانینێکی قووڵترمان پێ نادات، لەوەدا عەقڵی مرۆڤی وا لێ کرد ئامادە بێت بۆ پەسەندکردنی بڵاوبوونەوەی ئاسۆیی کەلتوورێک بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی داخۆ ناسیونالیزم وەکو سەرچاوەیەکی هێمایی لە لایەن دەستەبژێرەوە بەکار دێت یان نا، لێرەدایە ئێمە بیرۆکەکانی بێنیدیکت ئەندرسۆن دەناسێنین، هەندێک شت دەبوو هانی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕی لە تێگەیشتنی تاکەکەسدا بدایە کە ناسیونالیزمی هێناوەتە بوون. لە بیروڕای ئەندرسۆندا، لە هۆشیاریی مرۆڤدا سەبارەت بە پەیبردن بە کات میانڕەوی هەبوو.

'هاوکاتبوون'ی سەردەمی 'مۆدێرن' شتێکە بە قووڵی جیاوازە لە هاوکاتی لە سەردەمەکانی تردا، ئەمە ئەو کۆپییە تایبەتەی مۆدێرنەیە کە ناسیونالیزمی کردە شتێکی شیاو، ئەمە تاکەکەسی وریا کردەوە لە پاڵ ئەودا، ژمارەیەکی گەورە تاکەکەسی هاوشێوە هەن، کە بەتەواوی لە هەمان کاتدا بەشداریی هەمان کۆدی کەلتووری دەکەن، هیچ ئەمەریکاییەک بە هەموو ئەمەریکاییەکان ناگات، یان تەنانەت ناوی زیاتر لە دەستەیەک لەو ٢٤٠ ملیۆن هاووڵاتییەی وڵاتەکە نازانێت (ساڵی ١٩٨٣ M،V)، ئەو هیچ بیرۆکەیەکی سەبارەت بەوە نیە کە ئەو هاووڵاتییانە لە هەر کاتێکدا چی دەکەن، بەڵام ئەو متمانەیەکی تەواوی بە چالاکییە جێگیر و نادیار و هاوکاتەکانیان هەیە(Anderson2006: 26) .

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕوانینەکانی لەسەر دەرکەوتنی ناسیونالیزم، دانەری کتێبی 'کۆمەڵگە خەیاڵییەکان'، نموونەی نائەورووپییانەی پێشکەش کرد، ئەمەریکای لاتین لە سەدەی شازدە بۆ سەدەی هەژدەدا وەک سەرنجڕاکێشترین نموونە دەرکەوتووە، ئەو دەپرسێت: بۆچی لەو بەشەی جیهاندا تاکە دەوڵەتێکی پەرەسەندوو نەبوو، لە کاتێکدا لەژێر فەرمانڕەوایی یەک ئیمپراتۆریەتدا -ئیسپانیا- یەک زمان لە ناوچەکەدا قسەی پێ دەکرا، کە لە ئاکامدا شازدە دەوڵەتی بەرهەم هێنا؟ ئەندرسۆن ئاشکرای دەکات ئەوە بە هۆی شۆڕشگێڕییەوە بووە کە هەرگیز پێشتر لەیەک کاتدا ئەوە نەبینراوەو لەئاستی یەکەمدا لە لایەن بەرهەم و بەرجەستەبوونەکانی سەرمایەدارییەوە- واتە ڕۆمان و ڕۆژنامەوە- دروستکراوە (Ibid: 25)، خوێنەری ڕۆمان توانای بینینی ڕۆڵی بوویەکی لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە، بە هەستی شانازیبەخۆوەکردن، کە ئەوەش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە سەری هەڵداوە کە ئەم کۆمەڵێک شتی لەژێر دەسەڵاتدایە، کاتێک کەسێک ڕۆمانی کلاسیکی دەخوێنێتەوە، کە بە ڕاناوی کەسی سێیەم نووسراوە، ژیانی قارەمانەکە و کارەکتەرەکانی تر لە ڕوانگەی تەواوی -کەسێکی- ترەوە دەبینێت، تەنها ئەوان خوێنەران، (M،V، وەکو خودا سەیر دەکەن A) تەلەفۆن دەکەن B , C بازاڕ دەکەن D یاری بلیارد -یان مەلە- دەکەن لە یەک کاتدا، هەموو ئەم کارانە لە یەک کاتی ڕۆژژمێریدا پێشکەش دەکرێن، بەڵام لە لایەن ئەو ئەکتەرانەوە دەشێت بە شێوەیەکی بەربڵاو لە یەکتری بێئاگا بن، تازەیی ئەم جیهانە خەیاڵییە نیشان دەدەن کە نووسەر لە مێشکی خوێنەرانیدا وەکو جادووی لێ کردووە (Ibid: 26)، هەرچۆنێک بێت گۆڕانێکی قووڵتر و سیستماتیکیی لەناکاو ڕێگە نوێیەکانی کارلێکی ناوخۆیی -کارلێککەری- کەلتووری بە هۆی وشەی نووسراوەوە پتەو کردووە، کە بەبێ بوونی سەرمایەداری ئەوە شتێکی نەشیاو بوو.

داهێنانی ئامێری چاپ لە سەدەی پازدەدا مانای ئەوە بوو تایبەتمەندیی وشەی نووسراو خەریک بوو کۆتایی بێت و بەردەستبوونی خەریک بوو فەرمانڕەوایی بکات، ئەندرسۆن زانیاری سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی دەقە نووسراوەکانی ئەو ساتە بە هەموو لایەکدا نیشان دەدات، لەو کاتەوە کە ئامێری چاپکردن داهێنراوە، دەشێت بگوترێت زیاتر لە بیست ملیۆن کتێب لەساڵانی ١٥٠٠دا و زیاتر لە دووسەد ملیۆن کتێب لە ساڵانی ١٦٠٠دا چاپ کران (Ibid:37)، یاساکانی بازاڕ زاڵ بوون و لە سەروبەندی سەدەی هەژدەدا داهێنانێکی نوێی پەیوەندیدار بە چاپ -کە ڕۆژنامەیە- ئەو هاوکاتبوونە نوێیەی بەهێز کردەوە، دەسەڵاتی سەرەکیی ڕۆمان و ڕۆژنامە لەو ڕاستییەدایە کە هەزاران ملیۆن کەس بەتەواوی هەمان زانیاری وەردەگرن، ئەوەش بەتەواوی بە هەمان ڕێگە و ڕێکوپێکی و تا ئەندازەیەکی نزیک لە هەمان کاتدا، ئەندرسۆن ئەوە لە هیگڵ دەخوازێت چۆن

'ڕۆژنامەکان خزمەتی مرۆڤی نوێ دەکەن وەکو جێگرەوەیەک بۆ نوێژی بـەیانی'، پارادۆکسـیش ئەوەیـە ئـەوە لـە تایبەتمەنـدیی بێدەنگـدا پێشـکەش دەکـرێت، لـە حەشارگەی کەلەسەردا، بەڵام هـەر پەیوەندیکـەرێک بـە باشـی ئاگـادارە کـە ئـەو سرووتەی پێشکەشی دەکات لە لایەن هەزاران -یان ملیۆنـان- کەسـەوە دووبـارە دەکرێتەوە (Ibid: 35).

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر فەرمانڕەوایی بکەن، هەریەکە لە یەکـەکانی ئـەو شازدە یەکەی بەڕێوەبردنەی ئیسپانیا لە ئەمەریکای لاتین دروستی کردن، کـە بـۆ شازدە ئیدارە لە سەدەکانی شازدە، حەڤدە و هەژدەدا هەریەکە ڕۆژنامەی خۆیان هەبوو، کە ١٨٤ ڕۆژنامە بوو، لەبەر ئەوە کاتێـک هـەواڵی کوشـتنێک هـەبوو، ئـەوە کوشتنی ئێمە بوو، کاتێک کەشتییەک تێک دەشکا، ئەوە تێکشکاندنی کەشتیی ئێمە بوو، کاتێک قەشەیەک ڕاگەیاندنێکی بڵاو دەکردەوە، یـان ئامۆژگارییـەکی دەکـرد، ئەوە قەسەی ئێمە بوو وەکو ئەندرسۆن وەسفی دەکات 'ئەوەی ئەمانەی پێکـەوە لە هەمان لاپەڕەدا کۆ کردووەتەوە، ئەم هاوسەرگیرییەیە لەگەڵ ئـەو کەشـتییەدا، ئـەم نرخـە لەگـەڵ ئـەو قەشـەیەدا، ئـەوە تـەنها پێکهاتـەی ئیـدارەی کۆڵۆنیـال و سیستمی بازاڕ خۆی بوو، بەم شێوەیە ڕۆژنامەی کاراکـاس زۆر بـە سروشـتی و تەنانـەت ناسیاسـییانە کۆمـەڵێکی خـەیاڵییان لـەناو کۆبوونەوەیـەکی دیـاریکراوی هاوڕێیانی خوێنەردا دروست کرد، کە بۆ ئەوان ئەم کەشتییانە، ئەم بووکانـە، ئـەم قەشانە و نرخەکان سەر بە خۆیانن (Ibid: 62). شیمانەی خـەیاڵکردن دواتـر لـە لایــەن داهێنانــەکانی تــرەوە بــەهێز کرانــەوە، لەوێشــەوە ئەندرسـۆن بـۆی دەردەکەوێت نەخشە و سەرژمێری و مۆزەخانە لە هەرە شـتە گرنگـەکانن (Ibid: 163-186). لە کۆتاییدا گفتوگۆی سەرەکیی ئەدیرسۆن سەبارەت بە پەرەسەندنی ناسیونالیزم دەشێت لەم ڕستەیەی دواتریدا کـورت بکرێتـەوە 'ئـەوەی لـە ڕووی ئەرێنییەوە وای لە کۆمەڵگە نوێیەکان کرد خـەیاڵی بن، کـارلێکێکی نیوەبەرهەمـدار بــوو، بــەڵام جــۆرە تەقینەوەیــەک بــوو، لــە نێــوان سیســتمی بەرهــەمهێنان، پەیوەندییــەکانی بەرهــەمهێنان (ســەرمایەداری)، تــەکنۆلۆجیای پەیوەندییــەکان (چاپەمەنی) و کوشندەیی فرەچەشنی زمانی مرۆڤدا (Ibid: 43).

چی لـە مۆدێرنـیزمی گیلنـەر و ئەندرسـۆن جێ مـاوە؟ ئـەو ڕاسـتییەی گیلنـەر ئاشکرای کرد 'دامەزراوەی کۆمەڵناسییانەی جیهانی نەتەوەکان' بە چەند بـەرگێک سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو قسە دەکات، سەرەڕای ئەوەش ئاشــکراکردنی پێکهاتـە گرنگـەکان کـە جیهـانی نەتـەوەیی لەسـەر ئاسـتی مـایکرۆ پێـک دەهێنن، دەریدەخات پێویستە لە ژینگەی زیاتر و زیاتر بەجیهانیبوودا ئێمـە سـەرنج لـە کـام خاسیەتانەی گۆڕان بدەین، بۆ نموونە ئەگەر گـۆڕان لـە دابەشـکردنی کـاردا بێت (لــە کۆمەڵگــەی پیشەســازیدا) واتــای گۆڕانــە بونیادییــەکان لــە ڕێکخســتنی

کۆمەڵایەتیدا، پاشان نابێت ئێمە لە بەرانبەر ئەو دەنگانەدا بێدەنگ بین کە گفتوگۆی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە دەکەن کە بەرەو ئاستی سەروونەتەوەیی دەگۆڕێت، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی گۆڕانێکی نوێ لە دابەشکردنی کاردا، ویلیەم ئا، ڕۆبینسۆن قەناعەتی وایە تاکە ئامانجی بوونی دەوڵەتەکان بۆ سەرمایەی جیهانیە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات بەسەر جەماوەردا، هەموو ئەمە ڕوو دەدات، چونکە جەماوەر خەریکە دەبێتە 'هێزی کاری بەسەرچوو' و باشترە تاوانباری لە سایەی ئەو دۆخەدا لەناو نەتەوەکاندا بمێنێتەوە، لەبری سەرزەنشتکردنی هەندێک دەسەڵاتی جیهانیی ئەبستراکت یان گۆڕان لە دابەشکردنی کاردا (Robinson 2014, see also Beck 1999, Hobsbawm 2007)، لێسلی سکلێر(2001) بە وردی وەسفی ئەوە دەکات چۆن یەکەی کەلتووری و ئابووریی نوێی جیهانی بە هۆی دابەشبوونێکی جیهانی نوێی کارەوە پێک دێت، ئەو دەڵێت ئەو یەکەیە 'چینی سەرمایەداریی گواستراوە'یە، بەشداریی هەرە گرنگی ئەندرسۆن بریتییە لە ڕوونکردنەوەی گۆڕان لە عەقڵی تاکەکەسدا کە لە لایەن چاپەمەنی سەرمایەدارییەوە دەجووڵێنرێت، کە زۆر شۆشڕشگێڕانە بوو، بە جۆرێک کەسێک پێکهاتەکانی حکومەت پەسەند بکات، وەکو ئەوەی لە شوناسی تاکەکەسیی ئەودا بەش بن، بەم شێوەیە ناسیونالیزم، دیاردەیەکە چووەتە ناو بوونی گشتیی مرۆڤەوە، ئەگەر ئێمە پەی بە لایەنگرییەکان بۆ جیهانی هاوچەرخ ببەین، ئەوا دەشێت گفتوگۆکانی ئەندرسۆن خاکێکی بەپیت بۆ بونیادنانەوە بدۆزنەوە، ژێرخانێکی نوێی زانیاریی هەموو ڕۆژێک دەسەڵات بەسەر مرۆڤدا دەکات کە ئینتەرنێتە، لۆجیکی زیرەک گفتوگۆی ئەوە دەکات ئەگەر ئینتەرنێت خۆڕایی و بێسنوور بێت، ئەوا هێزی شاراوە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی جیهانی بە کردەوە لێرە دەبێت، هەرچۆنێک بێت ئەم مشتومڕانەی ئێستا نیشانی دەدەن ئینتەرنێت شمشێرێکی دوودەمە، چونکە خستنەڕووی دەشێت بەرەو ئاراستەیەکی تەواو جیاوازدا بچێت، خەڵک بەگشتی بە ڕووی نەزانراودا کراوە نین، ئازادیی خۆیان بۆ کارلێک لەگەڵ ئەوانەدا بەکار دەهێنن کە هاوشێوەن و لە هەمان ڕوانینەکاندا بەشداری دەکەن، لەبەر ئەوە دەشێت ئینتەرنێت ببێتە بۆشاییەکی تەواو بۆ ڕوودانی دوژمنایەتیی گرووپی، ئەوەش دەشێت لە دەرکەوتنی سیاسەتی نوێی شوناسدا لە ڕۆژئاوادا باشترین نموونەهێنانەوە بێت.

## گرووپە ئیتنیکییەکان و سنوورەکان: کارلێککەری

ئێمە هەندێک کێشەی شاراوە لە بانگەشەکانی گیلنەردا دەدۆزینەوە، یەکەم ئەو دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە 'یەک کۆمەڵگەی پرۆتستانتی ئەورووپی'دا دادەنێت، بەڵام هەرگیز دەست بە گەشتێک ناکات بە مەبەستی تێگەیشتن لەوەی

ناسیونالیزم لە چ جۆرە مادەیەکەوە بەرهەم هاتووە، لە چوارچێوەی نەریتی برۆنیسلۆ مالینۆوسکیدا، بەتەواوی دەگونجێت بگوترێت ناسیونالیزم ئەرکی خۆی لە تەلارسازییەکی فراواندا هەیە، کە بە هۆی بەپیشەسازیکردنەوە دەجوولێنرێت، هەرچۆنێک بێت هەرگیز گیلنەر ئەوە دەرناخات دەوڵەتە نەتەوەییە دامەزراوەکان لەڕاستیدا ناچار نین چیتر ئاژاوە و پشێوی لەگەڵ ئیتنیکە سیاسییەکاندا دروست بکەن، بە دڵنیاییەوە گیلنەر وای بینیوە کە زیاتر لە دەوڵەتێکدا هەبووە، تەنانەت لە ئەورووپادا، کە کێشەی توندوتیژیی نێوان ئیتنیکەکانیان چارەسەر نەکردووە، دەشێت ئەوەی گیلنەر لای دەبات وەکو 'خەیاڵی -وەهمی- تەلارسازی' وەسف بکرێت، کە لەڕاستیدا بریتییە لە 'ئەو باوەڕەی تەلارسازی گەورەی ڕاست و چوارچێوەی ڕاستی خاک و دامەزراوەیی، دەتوانن داواکارییەکانی ناسیۆنالیست تێر بکەن و هەڵچوونەکانی ناسیۆنالیست بەرجەستە بکەن، بەم ڕێگەیەش ناکۆکییە ناسیۆنالیستییەکان چارەسەر بکەن ( Brubaker 1998: 273).

ژمارەیەکی زۆر لە نموونەی شکستخواردووی بونیادنانی دەوڵەت و پرۆژەی بونیادنانی ئاشتی کە ئەدەبیاتێکی گەورەی بۆ خۆی بەرهەم هێناوە، وەسفکردنەکەی برۆبەیکەر سەبارەت بە 'وەهم' دەسەلمێنێت کە ڕاستە Richmond 2014)) هاوشێوەی گیلنەر، ئەندرسۆن بڕوای وایە هێزەکانی کەرەستەی بابەتی ئەوەیان کردووەتە شتێکی پڕ لە دڵنیایی کە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی سیاسیی مرۆیی لە دەوڵەتی نەتەوەدا کۆتایی پێ دێت، لەبەر ئەوە جارێکی تر کارەکەی ئەو بە هۆی کەمبەهادانانیەوە لە سەردەمەکانی زووتردا دەناڵێنێت، بە دڵنیاییەوە دەشێت بگوترێت سەردەمەکانی پێشتر چەند کۆمەڵگە هەبوون بیرۆکەی سەروەرێتییان هەبووە، بۆ نموونە لە کاتی ئازادبوون لە دەستی داگیرکەرێک ئەوەیان بەرجەستە کردووە، هەروەها خەیاڵکردن و سنووردانان و پەلکوتان بۆ ئەودیوی سنوورەکانی خزمایەتیی ناوچەیی و پەیوەندییەکانی خوێن هەبووە، واتە هەموو ئەو ڕێگەیەی بۆ لای ئەو خەڵکانە دەچن، کە ناشێت کەسێک هەرگیز پێیان گەیشتبێت، هاوەڵایەتیی ئاسۆیی بە شێوەیەک کە لە لایەن ئەندرسۆنەوە پێشنیار کراوە، دەبوو پێش داهێنانی ئامێری چاپ بوونی هەبوایە، ئێریک هۆبسباوم نموونەیەکمان پێ دەدات کە لە ئیڤۆ باناکی وەرگرتووە، سەبارەت بە نەتەوایەتیی سربیا، هیچ هۆیەک نیە بۆ نکۆڵیکردنی هەستەکانی پرۆتۆ نەتەوایەتی پێش سەدەی نۆزدەیەمی سربییەکان، چونکە یادگەی پاشایەتییە کۆنەکە کە لە لایەن تورکەکانەوە شکستی پێ هێنرابوو، لە گۆرانی و چیرۆکی پاڵەوانیدا پارێزرابوو، لە قوداسی ڕۆژانەی کەنیسەی سربیادا زۆربەی پاشاکان پیرۆزیان کردبوو (Hobsbawm 2016: 75-76).

تازەگەریی نەتەوە جێگەی پرسیار نیە، هەرچۆنێک بێت دەشێت زیاتر جەخت لەوە بکرێتەوە دۆزینەوەکانی مێژوو، ئانتویرپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەتوانن بەرگـەی چی بگرن، ئێمە بڕوامان وایە ناجێگیری و هەڵچوونەکانی ناسیونالیزم کە گیلنەر لایـان دەبـات یـان دەیانسـڕێتەوە، لەگـەڵ 'هـاوەڵێتیی ئاسـۆیی' زووتـردا، لـە لایـەن ئەندرسـۆنەوە پشـتگوێ خـراون، هـەموو ئەمانـە لـە لـۆجیکی شوناشـی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن، کە لە چـەقی لـۆجیکی ناسیۆنالیسـتدایە، ئێمـە دەڵـێین ئـەم جـۆرە لۆجیکـە دەشـێت لـە کـارلێکی ناوخۆییـەوە- کارلێککگـەری- بخوازرێت وەکو ڕێبازێکی دیاریکراو بـۆ نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم، کـە پێویسـتە جـارێکی تـر لـە کـاتی بیرکردنـەوە دەربـارەی ئـەو دیاردەیـە لـە سـەردەمی گواستنەوەی گەورەدا لەیاد نەکرێن.

لێکۆڵینەوەیەکی کلاسـیکیی سـاڵی ١٩٦٩ لـە لایـەن فریـدریک بارتـەوە بـە نـاوی 'گرووپە ئیتنیکییەکان و سـنوورەکان' هـەوڵ دەدات وەڵامی ئـەوە بداتـەوە بـۆچی گرووپێکی ئیتنیکیی دیاریکراو بە جیا لە گرووپێکی تر دەردەکەوێت ''جیاوازییەکان لە نێوان کەلتوورەکان و سنوورە مێژووییەکان و پەیوەندییەکاندا، گرنگیی زۆریـان پێ دراوە، دەستووری گرووپە ئیتنیکییەکان و سروشتی سنوورەکانی نێوانیان، بــە هەمان شێوە توێژینـەوەیان لەسـەر نـەکراوە'' (Barth 1969: 9). تایبەتمەنـدیی کارلێککگەری ئەوەیە پێکهێنەرەکانی لە ڕەفتاری هـەر گـرووپێکی مرۆییـدا بـەدوای جیهانێتیدا دەگەڕێن. ئەمەش گرنگە، چونکە جۆرێک لە زەمینەی جێگیر بـۆ تیـۆری ناسیونالیزم پێشکەش دەکـات، لـەو ڕووەوە نەتـەوە ناشـێت تـەنها پێکهاتەیـەکی کـەلتووریی سـەرەوژێر بێت کـە لـە لایـەن بونیـادە تـازە دەرکەوتووەکانـەوە داوا دەکرێت، بەڵکو نەتەوە جۆرێکە لە پێویستیی پێشوەختەی -سەرەتایەتی-ی مرۆڤ بۆ پەیوەندیی ڕێکخراوەیی لە بارودۆخە شلۆقەکانی بوونی مرۆڤـدا، یـان ئـەوەی کەسێک بڕوای وایە بارودۆخێکی شـلۆقە، نەتـەوە تـەنها دوایین بەرجەسـتەکردنی ئەم پێداویستییەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە تاکە بەرجەستەکردن نیە، یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکان کە ئەم دیدگایە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاری دەهێنێت، بریتییـە لە ''ئیتنیستی -ئیتنیکییەت- کە بێ ڕەتکردنەوە پەیوەندیی بە چەمکەکانی گرووپی ئیتنیکییەوە هەیە، واتە شوناسی ئیتنیکی و ناسیونالیزم، ئەم پەیوەندییـە پێویسـتی بەوەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە، ئەویش بە مەبەستی تێگەیشتن لـەو جیاوازییـە زۆر کەمانـەی لـە نێوانیانـدا هـەن، کـارلێکخوازان دەڵێن ئیتنیسـتی ئەوەیـە گرووپـە ئیتنیکییـەکان و شوناسـەکانیان پێـک دەهێـنێت، ئیتنیسـتی خاسـیەت نیـە، بـەڵکو پەیوەندییە. ئیتنیستی بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ڕەنگی پێسـت یـان چـاو نیـە، پەیوەسـتیش نیـە بـە زمـان یـان ئایینـەوە، گـرووپێکی ئیتـنیکی دەشـێت لـە گرووپێکی تر لە ڕووی ئایین یان لە ڕووی زمانەوە جیاواز بێت، بەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێت ئەم دوو گرووپە ڕۆڵێکی گرنگ بۆ گرووپی تـری لـەم شـێوەیە دەبینن،

کە دەشێت فرەزمان یان فرەئایین بن، بۆیە کارلێکخوازان دەڵێن ''ئێمــە نــاتوانین پێشــبینیی ئــەوە بکــەین کــام خاســیەتانە جــەختیان بکرێتــە ســەر و لــە ڕووی ڕێکخستنەوە لە لایەن کارەکتەرەکانــەوە وایــان لێ بکــرێت پەیوەندیــدار بن(Ibid: 14) ''.

ئەگەر ئێمە زمــان وەکــو پێوانەیــەکی ســەرەکی وەربگــرین، چــۆن ئــەو ڕاســتییە ڕوون دەکەینــەوە کــە نەمســاییەکان هاوشــێوەی ئەڵمانــەکان نین، یــان چــۆن کرواتــەکان هاوشــێوەی ســربییەکان نین، بۆســنیەکان هاوشــێوەی مۆنتینیگرۆکــان نین؟ لە لایــەکی تــرەوە چــۆن مــرۆڤ توانــای دەبێت بــۆ ڕوونکردنــەوەی ئەلبانیــە فرەئایینیەکان، ئەگەر ئایین ڕەگەزی سەرەکیی گرووپێکی ئیتــنیکی بێت؟ گرووپــە ئیتنیکییــەکان بــە هــۆی کەلتوورەکانــەوە دروســت نــاکرێن، بــەڵکو هەنــدێک تایبەتمەنــدیی کــەلتووری لــە لایــەن خەڵکــەوە بــە هۆکــاری جۆراوجــۆر دەکرێنــە پەیوەندیدار، پێویستییەک هەیە بــۆ ڕوونکردنــەوەی ئــەوەی ئێمــە مەبەســتمان لــە 'هۆکاری جۆراوجــۆر' چییــە، ئێریکســین باســی چەنــد مەبەســتێک دەکــات، وەکــو: گەشــەکردنی دانیشــتوان، دامەزرانــدنی تــەکنۆلۆجیای نــوێی پەیوەنــدیکردن و ئاسانکاریی بازرگانی، لەخۆگرتنی گرووپە نوێیەکان لــە سیســتمی ســەرمایەداریی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕدا، گۆڕانکاریی سیاسی لە یەکخستنی گرووپە نوێیەکان لە تاکە سیستمێکی سیاسی و کۆچکردندا (Eriksen 2010: 26).

لــێرەدا ئێمــە بۆمــان ئاشــکرا دەبێت کارلێکگــەری زۆر پڕبەهایــە و ئــەوەمان یــاد دەخاتەوە گێژاو و پشێویی سەدەی بیست و یــەک بێ ئــەملا و ئــەولا دەبێتــە هــۆی شوناســــە ئابڵوقــــەدراو و ســــنووردارکراوەکان بــــۆ کــــارلێککردنی نــــاوخۆیی و دابەشبوونی تەنانەت نوێیەکان و ئەوانەی هەرگیز پێشتر نەبینراون، بەڵام ناسنامە پەیوەندیــــدارە سیاســــییەکان، دەشــــێت لــــە ڕێگــــەی ئــــامرازە نوێیــــەکانی پەیوەندیکردنــــەوە دروســــت بکــــرێن و ســــنوور بــــدرێن، دیــــاردەی سیاســــی و کۆمەڵایــەتیی گــەورە ناشــێت بــە شــێوەیەکی گشــتی چارەســەر بکــرێت، ئەگــەر لــۆجیکی ســنوورەکانی شــوناس پــەیڕەو نــەکرێت، کــارە ناوخۆییــەکانی پێکهاتــە کەلتووریــە کۆنترەکــان جــارێکی تــر دەکەونــەوە ڕوو، بــەگوێرەی شــوناس تــەنها ســەرچاوەیەکی سیاســی نیــە، پێویســتیی پەیوەســتبوون و شــوناس یەکێکــە لــە پێداویستییە بنچینەییەکانی مرۆڤ، بە لایەنی کەمەوە لە پاڵ ئەوانەی ماونەتــەوە - ژیاونەتەوە-و بوونیان باشە و ئازادن (Galtung 1996: 197). ئیریکسین گرووپــە ئیتنیکییەکان لە نەتەوەکان جیا دەکاتەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو بانگەشــەی ئــەوە ناکات بــە شــێوەیەکی ڕەهــا پەیوەنــدی لــە نێــوان پێکهاتــەکانی ســەردەمی نــوێی دەوڵەتی نەتەوەیی و پێکهاتەکانی پێشتردا نەبێت، ئەمانە هەموویان تێکەڵی ئــەوی تر بوون.

گرووپی ئیتنیکی و نەتەوە و شارستانی لە بنچینەدا لە لایەن 'خەڵکی دەرەوە' - دەرەوەی خۆیان- پێناسە دەکرێن، لە زۆر باردا ئەمە دەشێت بێچەندوچوون ببێتە هۆی پێداویستییە سیاسییەکان و کارەکان، ئەگەر نموونەکانی گرووپە ئیتنیکییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا داوای ئۆتۆنۆمیی سیاسی نەکەن، ئەوا بەسە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە ئەویتربوون بۆ گرووپە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان بەشێکی هاوبەش نیە، پاشان نموونەکان بۆ ئەو گرووپانەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، دەشێت پێچەوانەکەی بسەلمێنن، قەیرانێکی وەکو جەنگ، کۆچکردن، یان گۆڕانکارییەکی سەرتاپای سیستمی نێونەتەوەیی (وەکو ئەوەی ساڵی ١٧٨٩)، دەتوانێت دروستبوونی ئیتنیستی بجووڵێنێت، کە دەشێت ببێتە هۆی دابەشبوونی زیاتری گرووپەکان، لەوانەیە لە دروستبوونی نەتەوەکاندا کۆتایی بێت، ئێمە مەبەستمان لە دابەشبوون 'dichotomization' پرۆسێسێکی ئاڵوگۆڕی سنووردانانە 'کە لە ڕێگەیەوە' ئەندامێتیی گرووپ و دڵسۆزییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە و بەهێز دەکرێن 'لە ڕێگەی لەقاڵبدان و بەکارخستنی ململانێ یان کێبڕکێ'ی نێوان دوو گرووپ (Eriksen 2010: 33)، ئەگەر کەسێک ئەو شوێنە دیاری بکات کە ئەم دابەشبوونەی تێدا ڕوو دەدات، ئەوا بە هەمان شێوە سنوورە ئیتنیکییەکانیش ئاشکرا دەکات، ئەو سنوورە دەشێت هەندێک جار بە ناوەڕۆکی کەلتووری ئایین پڕ بکرێتەوە و هەندێک جار بە زمان و هەندێک جار بە ڕەچەڵەک و... تاد. گرنگە لەوە تێبگەیت بۆ دابەشکردنی دوو کۆمەڵگە چی بەکار دێت، کە ئەوە نیە بە شێوەیەکی بابەتی پێناسەی بوونی ئەم گرووپە جیاوازانەی خەڵک بکات، بۆ نموونە سرب و کرواتەکان دەشێت بە پرۆسێسی بیناکردنی ڕقێکی ئاڵوگۆڕدا تێپەڕن، کە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی دوو ئایینەکەیانەوە پێکەوە ناسازێن، چونکە لە ڕوانگەی هەریەکەیانەوە ئەوی تریان خراپە، ڕیاکار و دووڕووە، توندوتیژە و... تاد، دوای ئەوە دەشێت جەخت بکرێتە سەر هەندێک جیاوازی 'ئاشکرا'ی کەلتووری، وەکو 'ڕۆژهەڵاتیبوون'ی دزێوی سربییەکان، یان 'خوێنساردێتی'ی کرواتییەکان، سنوورە ئیتنیکییەکان ئەو هێڵانەن دابەشبوونەکان لەسەریان ڕوو دەدەن، لە کاتێکدا خاسیەتە کەلتوورییە پەیوەندیدارەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو نیشانانەن کە ئێمە بۆ زانین و ناسینەوەی ئەوەی سنوورەکان لە کوێدان بەکاریان دەهێنین، ئەوەی بۆ کارلێکخوازان کێشەیە ئەوەیە ڕێکخستن کەلتوور پێش دەخات، کەلتووریش دەشێت لەناو هەمان گرووپەکانی خەڵکدا جۆراوجۆر بێت (Barth 1969: 14).

ئەوەی بارت لەگەڵیدا ڕێک ناکەوێت ئەم پرسیارەیە: ئێمە چۆن دەتوانین ئیتنیستی لە دیاردەیەکی تر جیا بکەینەوە؟ چۆن دەتوانین چینی کۆمەڵایەتی یان جێندەر لە گرووپە ئیتنیکییەکان جیا بکەینەوە؟ هەریەکە لە جێندەر و چین -چینی کۆمەڵایەتی- سنووری تایبەتی و کەلتووریی دیاریکراوی خۆیانیان هەیە،

نموونەیەکی پڕبایەخ لە لایەن ئابنێر کۆهینـەوە هەیـە پێشـکەش دەکـرێت، کاتێـک لەبارەی 'ئیتنیستییە شارنشینەکانەوە' دەنووسێت.

کۆهین بڕوای وایە دەستەبژێر لە شاری لەندەن یان بازرگانانی هاوسا لە شـاری نەیجریا لەگەڵ زۆرینەی یۆروبادا لە خۆیاندا ئێتنیسـتین، لەبـەر ئـەوەی بـە هـەمان شـێوە بەکۆمەڵایـەتی دەبن و ڕادەهێـنرێن، هـەمان 'شـێوەی قسـە' و 'شـیوازی گاڵتـەکردن' بـەکار دەهێنن و ڕایەڵەیـەکی پتـەوی هاوڕێیـەتی و هـەڤاڵی و... تـاد دروسـت دەکـەن (Cohen 1974:xix)، بۆچوونەکـەی کـۆهین لای ئیریکسـین وا دادەنرێت زۆر پەڕگیر بێت، لەبەر ئەوە جیاوازی لە نێوان چین و گرووپی ئیتنیکیدا هەیە، کە بە شێوەیەکی پڕبایەخ شیمانەی ئیتنیستی بۆ بەرژەیبوون بـۆ پلەیـەکی لەو جۆرە تەسـک دەکاتـەوە، ئـەو ئاشـکرای دەکـات میتافۆرەکـانی -خوازەکـانی- شـوێنی ڕەچەڵـەک، خـوێن، ئـایین کـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە لایـەن مانینـگ ناشـەوە پێشکەش کران، وەکو 'نزمترین هاوبەشە گشتییەکان' دادەنرێن بۆ هەموو گرووپە ئیتنیکییەکان، سەرباری ئەو ڕاستییەی ئـەوان بـە سروشـتی زۆر تونـد و بابـەتین، لەسەر ڕێگەی ڕاستیی ناسینەوەی خاسیەتی جیاکەرەوەی گرووپـە ئیتنیکییـەکانن (Ericksen 2010: 41-42).

لەگـەڵ بـەئاگابوونی خۆیـدا لـە بەکارنـەهێنانی پێوانـەی بابـەتی بـە شـێوەیەکی لەڕادەبەدەر، بەڵام دیسان بـەبێ بـەلاوەنانیان وەکـو ئـەوەی گـرنگن، ئیریکسـین لەسەری دەڕوات و دەڵێت ''گرووپ یان جۆرە ئیتنیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونیـان لـەبارەی باوبـاپیری هاوبەشـیانەوە هەیـە، کـە پاسـاوی یەکێتییەکـەیان دەداتەوە (Ibid: 42) کەموکورتییەکی زیاتر شاراوە لە گفتوگۆکەی کۆهیندا هەیە.

نە چینی کۆمەڵایەتی و نە فیمینیزم ڕەوایەتی بە دەوڵەت یان هـەر پێکهاتەیـەکی بچووکـتری سیاسـیدا نـادەن، سـەرباری ئـەوەی نیـازی زۆربـەی نووسـەران لـە کارلێکگەریدا بۆ سـنووردارکردنی لێکۆڵینەوەکانیانـە لـە چوارچێـوەی کۆمەڵـە زۆر بچووکترەکاندا بەراورد بە دەوڵەت، هەروەک دەشێت جێکەوتی بەرهـەمهاتوو زۆر لە دەرەنجامەکانیان زیاتر بڕوات، نیومان جێکەوتە گریمانەکراوەکان دەناسێتەوە، تەنانـــەت ڕەخنـــە لـــە کـــارلێکخوازان دەگـــرێت لـــە پـــای ســـنووردارکردنی لێکۆڵینەوەکانیان تەنها بـۆ گرووپـە ئیتنیکییـە بچووکـەکان و کـەلتوورە دووەم یـان ناسـەرەکییەکان و لادێکـان و کۆمەڵـە بچووکـەکان، بـە زیـادکردنی ئـەوەی هەڵبژاردنی یەکەکانی شیکردنەوە دەشێت بۆ ئاستێکی زۆر بەرزتر بەرز بکرێنەوە (دواتر ئـەوەی لـە کتێبەکەیـدا بەئـەنجام گەیانـد، بـە شـیکردنەوەی 'ئـەوانی تـری ئەورووپییەکان') (Nojman 2001: 25) هەر بۆیە ئێمە ئـەوە دەدۆزینـەوە ئەگـەر کەسێک جیاوازییە ئاشکراکانی نێوان گرووپە ئیتنیکییـەکان و نێـوان دەوڵەتـەکان و

شارستانێتیەکان بزانێت، ئەمە مانای ئەوە نیە هەر گفتوگۆیـەکی زیـاتر سـەبارەت بە لێکچوونەکانیان پوچ و بەسەرچووە.

بە لایەنی کەمەوە ڕەخنەیەک هەیە لە کارلێککاریدا ئاراستە بکـرێت، کـە دەشـێت ئێمە وەکو پاساوهێنانەوە بە ڕەوا سـەیری بکـەین، ئـەو ڕەخنەیـە ئاراسـتەی ئـەو ڕاستییە دەکرێت کە بـارت و ئیریکسـین و ئـەوانی تـریش نـاوەڕۆکی کـەلتووری وەکو شتێکی زۆر ڕێژەیی و بە ئاسانی جێگیراوە دەبینن. لە لایەکی تـرەوە ئەمـە مانای ئەوە نیە بانگەشەی هەموو گرووپە ئێتنیکی و نەتەوەکان دەکەن بـۆ ئـەوەی شوێنیان بگیرێتەوە، بەتایبەتی بەشە کەلتوورییەکـەیان، ڕوانیـنی ئـەم نووسـەرانە ئەوەیە دەبێت ئەو گرووپانە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا هەڵبسەنگێنرێن، بە مەبەسـتی تێگەیشتنی ئەو سنوورانەی خۆڕاگر و پارێزراون، وا دادەنرێت لە ڕوانینی فێرناند براودیلەوە سەبارەت بە مێژوو وەرگیراون، ئەم نووسەرە گفتوگۆی ئەوە دەکـات تەنها پەرەسەندنی هێواش و پێکهاتە زۆر بەردەوامەکان شایەنی هەڵسەنگاندنن ( Bakic 2006)، هـەرچۆنێک بێت کـارلێکخوازان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە تـەنها ڕێکخراوەکـان خـۆڕاگرن، نـەک کـەلتوورەکان خۆیـان، ئیریکسـین هـەوڵ دەدات بیرۆکەی بارت سەبارەت بە ڕێژەییبوون -یان پەیوەندیداری- کەلتووری لە ڕێگەی نموونـەکانی سـربییەکان و کرواتەکانـەوە لـە یوگۆسـلاڤیا لێـک بداتـەوە و ڕوون بکاتەوە، بەگوێرەی ئەو وەکـو خـاوەن تیۆرییـەک، کـە نمایشـکردنی ڕق و کینـەی ئێتنیکی لە خراپترین بـاردا لـە سـاڵانی ١٩٩٠ەکانـدا بیـنیوە، ئـەم 'ڕقـە ئێتـنیکی'ە شتێکە دوای نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئاشـتی دووبـارە داهێنراوەتـەوە، ئـەم ماوەیـە بەبێ بوونی هیچ ناکۆکییەک بەڵگەی تەواو بوو بۆ سەلماندنی پەیوەنـدیی ڕێـژەیی کەلتوورییانـە، وەکـو ئـەو گفتوگـۆی کـرد: دانـانی جیاوازییـە کەلتوورییـەکان کـە پەیوەندیدار نەبووە بـە دوو نـەوەوە، لـەناکاو 'بەیادهێنرایـەوە و ئامـادە کرایـەوە'، وەکو سەلمێنراوە ئەوە بۆ هـەردوو گرووپەکـە نەشـیاو بـوو، کـە لـە پـاڵ یەکـدا -پێکەوە- بژین (Ericksen: 2010:46).

بـە لایـەنی کەمـەوە ئێمـە لەگـەڵ ئـەم جـۆرە دەربڕینـەدا کێشـەیەکمان بـۆ دەرکەوتووە، ئاشتی لە نێوان نەتەوەکانی یۆگۆسلاڤیادا هەموو شتێک بـوو، بـەڵکو بێسنوور و ڕەها بوو، ئەگەر هەر هیچ نەبووبێت ڕقی ئێتنیکی لە نێوان هەریەکە لە ئاوارەکانی کرواتیا و سـربیادا پـارێزراوە، کاتێـک کرواتـەکان زیـاتر چـالاک بـوون، تەنانـەت هـەوڵیان داوە سـاڵی ١٩٧٢ قاچـاخچێتیی چـەک بکـەن، بـە مەبەسـتی دەستکردن بە 'ڕاپەڕین' دژی ڕژێمـی سەرکوتکەری کۆمۆنیستی دوای شۆڕشی شکستخواردووی نەتەوەیی ساڵی ١٩٧١. لە پاڵ ئاماژە ئاشکراکاندا، ئەو ڕقـە بـە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەیاد نەهێنرایەوە و ناپەیوەندیدار بوو، کۆی سیستمی کۆمۆنیستی لەسەر پێکهاتەیەک بونیاد نراوە کە سیستمی 'سـەرەکیی نەتـەوەیی' بەهێز کرد، ئەوەش مانای هەموو سیاسەت و دەوڵەت و سوپا و پێگەی تر بوو کە

لە شێوەیەکی هاوڕێژەیی ئیتنیکیدا تەرخان کراوە. سەرباری ئەوە بیرۆکەی شوناسی یۆگۆسلاڤیا لەئارادا بوو، سنوورەکانی ئیتنیکی یان نەتەوەیی لە لایەن ئەو سیستمە خۆییەوە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕییانە جەختیان دەخرایەوە سەر، کەلتوورە کۆنەکان و نەریت و ڕقی کۆن بە شێوەیەکی شاراوە چێنراون، بەڵام هەرگیز لەبیر نەکراون یان بەلاوە نەنراون، خاسیەتەکانی دوو ناوەڕۆکی ئیتنیکی بڕیاریان دا بە چ ڕێگەیەک گرووپەکان کار بکەن، ئەوانە خشتەی کەلتووری نەبوون، بوونی ڕێکخراوەیی (لە هەر جۆرێک بێت)، سرب و کرواتییەکان بە دیاریکراوی زۆر لەچاو کەلتووردا پتەوترە، بەڵام دیسان کەلتووریش وا دەردەکەوێت زیاتر بەردەوام بێت لەچاو ئەوەی کارلێکەرخوازان پێشبینی دەکەن، ئەوە بۆ پشتگیریی ئیتنیکی تەواو شیاوە، بۆ ئەوەی لە لایەن جۆرەکانی تری پەیوەستبوونەوە بۆ سەردەمە دیاریکراوەکان دابپۆشرێت، بەڵام لەوێدا کە پەیوەندی بە ئیتنیکێکەوە هەبێت، دەبێت ئێمە پێشبینیی دووبارە دەرکەوتنەوەی دەوری پشتگیریی ئیتنیکی و هاریکاریی دامەزراوەیی لە هێزی تەواو و قووڵایی بکەین بۆ برەوسەندنی ئەم جۆرانەی تری دڵسۆزی، بەتایبەتی لە ڕووی دوژمنانی دەرەکی و مەترسییەکاندا (Smith 2002:15).

## هێماگەریی ئیتنۆیی

دوابەشی باسەکەمان -پێکەوەنانی پارچەکانە- چارەسەری سڕینەوەی یان بەلاوەنانی هەریەکە لە مۆدێرنیزم و کارلێکگەری دەکات، ئەگەر مۆدێرنیزم بەرنامەیەکی بونیادیی گەورەمان پێ بدات، لە ماوەی کاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا، ئەوا کارلێکگەریی ئەو بەڵگەیەمان پێ دەدات کە شوناسی شێوە نەتەوەیی یان شێوە ئیتنیکی بە دڵنیاییەوە پێک دێت، نەک تەنها بە هۆی ڕێکەوتی جۆراوجۆرێتیی زمانیی مرۆڤەوە، بەڵکو بە هۆی ڕێکەوتی جۆراوجۆرێتیی کەلتووری و مرۆییەوە بەگشتی، هەرچۆنێک بێت ئەم ڕێبازانە تێگەیشتن لە بونیادی ناوخۆیی و دەسەڵاتی شوناس کەم دەکەنەوە، ئا لێرەدایە ئێمە هێماگەریی ئیتنۆیی پێشکەش دەکەین.

مۆدێرنیزم لە پاڵ ڕەخنەی پێشتر گفتوگۆکراوی تیۆرییانەدا، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر گەورەتر دەبێتەوە، لە بینینی ناسیونالیزمدا وەکو شتێک کە دەبوو لە لایەن هێزە دیاریکراوە بابەتییەکانەوە دروست بکرایە، گیلنەر، ئەندرسۆن و ئەوانی تریش لەم ڕووەوە ئاسایی نکۆڵیی دەسەڵاتی کەلتووریی ئیتنیکی دەکەن، ئەم 'پشتگوێخستن'ە بریتییە لە کرۆکی ڕەخنەکەی ئەنتۆنی سمیس، کە لەڕاستیدا یەکەم جار لە لایەن ۆلکەر کۆنۆرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، کە دەڵێت 'توێژەرانی سەرقاڵبوو بە تیۆرییەکانی ناسیونالیزمەوە، مەیلی ئەوەیان هەبوو پرسی جۆراوجۆرێتیی ئیتنیکی پشتگوێ بخەن، یان مامەڵەی بابەتی

شوناسی ئیتنیکی بە ڕووکەش بکەن، تەنها وەکو یەکێک لە ژمارەی کۆسپەکان لە بەردەم یەکگرتنی کاریگەریی دەوڵەتدا (Connor 1994: 28) بە بڕوای کۆنۆر 'گەوهەری ناسیونالیزم بەرجەستە، یان کۆنکرێتی نیە، گەوهەری ناسیونالیزم شتێکی دەروونیە، مەسەلەی هەڵوێستە، زیاتر لەوەی بابەتی ڕاستی بێت (Ibid42)، ئەنتۆنی سمیس لەسەری دەڕوات کە پێویستە نەتەوە ئەفسانە و یادەوەریی هەبێت، بەو ئەندازەیەی ئیتنیسە کۆنەکان پێویستیان پێی بووە، خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێت سەیری 'خاسیەتە تایبەتییەکان و بەرگەگرتنی ئیتنیسی بکات، دەبێت سەیری سروشتی ئەفسانە و هێماکان و یادەوەرییە مێژووییەکانیان و بەها سەرەکییەکانیان بکات (Smith 2002: 15)''.

ئەنتۆنی سمیس ڕەخنە لە هێڵی هۆهێنانەوەی ئەندرسۆن و بیروڕای ئەو دەگرێت، ئیتنیسیزم باپیرانی ناسیونالیزمەکانە، بە هەمان شێوە ئیتنیسەکان باپیرانی نەتەوەکانن.

ئیتنیسیزم زیاتر بزووتنەوەیەکی دەستەجەمعییە، مەبەست لە چالاکییەکانی و کۆششەکانی بۆ بەرگریکردن، پەیبردنێتی بە هەڕەشەی دەرەوە و داخورانی ناوەوە، ئەوەش بە هۆی نوێبوونەوەی شێوەکانی کۆمەڵ و نەریتەکان و دووبارە یەکگرتنەوەی ئەندامانی کۆمەڵ و چینەکان، کە بە شێوەیەکی ترسناک لەژێر فشارەکانی ناکۆکیدا دابەش بووە (Smith 2002: 50). ئەم 'ژیاندنەوانە' یان هەرێمایەتیبوون (سمیس نموونەی ژیانەوەی پۆژارسکی و مینین، یان 'ساڵی داهاتوو لە قودس' دەدۆزێتەوە، لەنێو جووەکاندا وا دەگوترێت)، جینالۆجی – بۆماوەیی‌بوون- (دۆزینەوەی هێڵەکانی بۆماوەیی بنەماڵە، تەنانەت بە هەندێک بۆماوەیی زیاترەوە) و زیندووکردنەوەی کەلتووری، ئەمانە هەموویان خزمەتیان بۆ یەکسانکردنی خەڵک لە 'هەڕەشەی بێگانە' کرد، سمیس ئاشکرای دەکات شوناسەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی ساختە بوون و بە چەسپاوی یەک دژی ئەوی تر دامەزراون، لە ماوەی شەڕی سەدساڵەدا، دەوڵەتانی شاری گریکی دیسان بە باشی لە شوناسی خۆیان بەئاگا بوون کە لەسەر هەمان زمان، ئایین، کەلتوور و پیادەکردن بونیاد نراوە، کە دژی ئیمپراتۆریەتی پارسی یەکی خستوون (Ibid: 51-67)، لەبەر ئەوە، ئەو بڕوای وایە 'کۆمەڵە خەیاڵییەکان' هەمیشە هەبوون، ئێمە ناتوانین وای دابنێین ''بەگشتی بە هۆی پەیوەندیکردنەکانی دەوڵەتە هەژارەکانەوە لە سەردەماکانی پێش مۆدێرندا، ئاستێکی نزم لە سۆزی ڕەمەکی لە هەموو شوێنێکدا هەبووبێت (Ibid: 70)، بەگشتی سمیس وا دادەنرێت نوێنەری هەرە دیاری هێماگەریی ئیتنۆیی بێت، وەکو ئێمە پێشتر گفتوگۆمان کرد، سمیس گفتوگۆی ئەوە دەکات لەڕاستیدا زۆر شت هەیە بۆ ئیتنسی کۆن و نەتەوەکان.

پێش هەمووو شتێک ئێمە پێویستمان بەوەیە بەناو تێگەیشتنی سمیسدا، سەبارەت بەوەی ئێتنی چییە، گوزەر بکەین. بێگومان دەتوانرێت ئەوە بە باشترین شێوە لە ڕێگەی باسکردنی ڕەهەندەکانی ئێتنیەوە ئەنجام بدرێت، کە بەپێی قسەی سمیس: بریتییە لە ناوێکی گشتی، ئەفسانەیەکی گشتیی ڕەچەڵەک، مێژوویەکی هاوبەش، کەلتوورێکی دیاری هاوبەش و پەیوەستبوون بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، هەستکردن بە هاریکاریکردن (Ibid: 22-31)، ڕەهەندەکانی سمیس بۆ ئێتنی -ئێتنۆس- دەشێت بەتەواوی جێبەجێ بکرێن بۆ هەر نەتەوە یان گرووپێک کە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بەم جۆرە -بە ئێتنی- ناو ببرێت، تەنانەت ئەگەر سمیس دیسان بڕوای بە جیاوازییە ئاشکراکانی نێوان ڕۆژهەڵاتییە زۆر ئێتنیەکان و ڕۆژئاواییە زۆر ناسیۆنالیستە مەدەنیەکان هەبێت، هێشتا ئەو گفتوگۆی ئەوە دەکات تەنانەت ناسیۆنالیستە مەدەنیەکانیش هاوبەشی خاسیەتەکانی ئێتنی -ئێتنۆس- دەکەن، ئەندامانی ئێتنی -ئێتنۆس- بە خاکەوە پەیوەستن و هەندێک هەستیان هەیە سەبارەت بە خاکەکە، کۆمەڵێکی تایبەتی و هاریکاریکردن و هاودەنگی هەیە، کە یاسا باوەکان و دامەزراوەکان پشتگیریان دەکەن، سەربەبوون -پەیوەستبوون- بە هۆی هاوڵاتیبوونەوە پێناسە دەکرێت، لە هەمووشی گرنگتر، هەموو ئەوەی پێشتر دەربڕدراوە، کەلتوور و بەها هاوبەشە باوەکان یان 'ئایینی مەدەنی' نیشان دەدات (Ibid: 134-136)، سمیس بە بەهێزییەوە سەبارەت بە کۆی کۆمەڵگەی سیاسیی نوێ پشتگیریی تێگەیشتنی مۆدێرنیست دەکات، کە لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە پێک هاتووە و دەرکەوتووە، هەرچۆنێک بێت ئەو گفتوگۆی ئەوە دەکات مۆدێرنیستەکان یەکەم شت سەردەمەکانی پێشووتر بە کەم سەیر دەکەن، پاشان زیادەڕۆیی لە خەمڵاندنی سەردەمی مۆدێرندا دەکەن لە ڕووی خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەوە، لە دژایەتیکردنی ئێتنیدا.

هەروەها ئێتنی بە بەردەوامی داهێنراوە یان دووبارە داهێنراوەتەوە، ئێتنی هەمیشە ڕەوایەتیی پێ دراوە، بە هەمان ئەو ڕێگەیەی ئەمڕۆ نەتەوە لە ڕێگەی ئەفسانەیەکی سیاسیی پێکهێنەرەوە ڕەوایەتیی پێ دەدرێت، یان بە هۆی بزوێنەری ئەفسانەوە (Ibid: 58)، سمیس ئەوە پەسەند دەکات نەتەوەکان تازەگەرین، چونکە هەندێک خاسیەتیان هەیە کە ئێتنی -ئێتنۆسەکان- نەیانبووە، هەروەها ناسیونالیزم بەرهەمی 'شۆڕشێکی سێلایەنەی ڕۆژئاواییە'، کە دابەشکردنی کاری لەخۆ گرتووە (Gellner)، شۆڕشێک لەژێر ڕکێفی بەڕێوەبردندا (هەر تاکە مۆدێرنیستێک) و شۆڕشێک لە هاریکاریی کەلتووریدا (Anderson, Ibid: 131) هەرچۆنێک بێت ئەوەی ئەو پەسەندی ناکات، ئەوەیە نەتەوەکان دەشێت بەبێ ڕایەڵە ئێتنیکییەکان بوونیان هەبێت، کە بەردەوامن و ئەم ڕایەڵە پتەوانە لەو ڕووەوە کە خەڵک پێویستی بە نەمریی دەستەجەمعی و

هاریکاری هەیە، بەو ئەندازەیەی شەشسەد ساڵ پێش ئێستا پێویستی بووە، ئاشکرایە ئەوانەش 'دوێنی' دانەهێنراون، لە لایەکی ترەوە ئەو هەمیشەییبوون پەسەند ناکات سەبارەت بەو ڕاستییەی نەتەوەکان هەموو کاتێک هەبوون، بەڵام تەنها لە شێوەی جیاوازدا، سمیس بڕوای وایە کەلتوورەکان مەیلیان بۆ گۆڕانکاری و دووبارەداهێنانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو دەیبینێت وەکو هەمیشەیی بەتەواوی ئەو ڕاستییەیە کە هەموو کات داهێنراونەتەوە، کە بێچەندوچوون لە مشتومڕی کارلێکخوازدا دەچێت، وەکو ڕاستییەک سمیس بانگەشەی ئەوە دەکات: "لە هیچ سەردەمێکی مێژوویی جیهاندا نەبووە کە ئێتنئسنتی بەتەواوی نادیار -غائیب- بووبێت، یان ئێتنی -ئێتنۆس- ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی نەبینیبێت (Ibid: 210). سمیس هەندێک چەمک دەدۆزێتەوە کە لە لایەن هەمیشەییخوازەکانی وەکو لۆنگ دوغییەوە پێشنیار کراون، بۆ ئەوەی بەگشتی سوودبەخش بن.

بیرۆکەیەک هەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان وەکو شتێک ناسراوە، کە لە قوتابخانەی ئەنالیسی Annales ی فەڕەنسیەوە سەرچاوە دەگرێت و دیارترین نووسەری سەربەو بیرۆکەیە فیرناند براودێلە، تێزی هەمیشەیی، لە لایەکی ترەوە ئەو بیرە بۆ لێکۆڵینەوەی ناسیونالیزم دەگونجێنێت، جۆن ئارمسترۆنگ لۆجیکی ناوخۆی نەتەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دەشێت تەنها کاتێک ئاشکرا بکرێت ئەگەر دیاردەیەک بۆ ماوەیەکی کاتیی گەورەتر هەستی پێ بکرێت، ئەمە ئەو شوێنەیە کە گفتوگۆی کارلێکگەری تێدا فراوان دەکرێت، کاتێک سنوورەکان بەیاد دەخرێنەوە، یان بە شێوەیەکی ڕێک دەپارێزرێن، ناوەڕۆکە کەلتوورییە کۆنەکان بە هۆی هەوڵی نەوە نوێیەکانەوە زاڵ دەبن بۆ دووبارە خەیاڵکردن و دووبارە ئەفراندنەوەی هەست لەو ناوەڕۆکە کۆنە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان وەکو کەرەستە ناسراوە (Armstrong 1982: 286)، بێجگە لە مرۆڤناسیی لۆنگ دوغیە سەبارەت بە گرووپە ئێتنیکییەکان و نەتەوەکان، ئەمە لە لایەن کارلێکخوازەکانەوە گفتوگۆ دەکرێت، هەروەها جۆرێک لە هەمان دیاردە هەیە کە پاشخانێکی دەروناسیی زۆر فراوانی هەیە، سمیس ئەو بیرۆکەیە ڕەت ناکاتەوە کە ئێتنیسەکان -ئێتنۆسەکان- و نەتەوەکان بە بەردەوامی دروست دەکرێنەوە، تەنانەت بۆ ئامانجەکانی ئامرازخوازان، هەرچۆنێک بێت کەرەستەی کەلتووری کە دووبارە داهێنەران بەکاری دەهێننەوە، بە قووڵی بۆ دۆخی ڕۆژانە بەرجەستە دەبێت، هەر نەوەیەک نەخشە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی خۆی بونیاد دەنێت و ڕەفتاری دیاریکراوی ئێتنیکیی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی قاڵبی سنووردا کە لە لایەن پاشکۆبوونێکی بەهێزی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گرێی ئاڵۆزی دیاریکراوی هێما-ئەفسانە پێک هێنراوە، بۆ دیمەنی سروشتی تایبەتی و

بـواره دەگمەنـەكانی سـەردەمەكان و كەسـە ناسـراوەكان، بـۆ ئـەوەی ئەمانـە ئیتنیستی سەرەكی -ناوەكی- لە ئیتنیسی تایبەت پێک بهێنن.

ئەم وێنانەی ئەوان پێکەوە کۆیان دەکەنـەوە، هـەر نەوەیـەکی نـوێ 'M،V' و لـە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە بڵاویان دەکاتەوە، ڕاگەیاندنیش دەبێت بە گریمانـە ئاساییە نائاگاییەكانی نەوەكانی دواتر كە لە هۆشیاریی كۆمەڵایەتییاندا جۆرێـک لـە نیشتووی دەوڵەمەند پێک دەهێنن. (Smith 2002: 207) نووسـەرێكی تـر هـەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی ئـەو كەرەسـتەی وا لـە خـەڵک دەكـات توانایـان هـەبێت بـۆ ئەوەی بە بەردەوامی نەتەوەكان دروسـت بكەنـەوە و بیانپـارێزن، میخایـل بیلیـگ تێبینیی ئەوە دەكات لە كاتی نووسـینی ئـەودا ''بـە ئاسـانی زاراوەیـەک نـەبوو بـۆ وەسفكردنی كۆكردنەوەی خووە ئایدیۆلۆجییەكان كە نەتەوە دروستبووەكان وەكو نەتـەوەكان بەرهـەم بهێننـەوە''، لەبـەر ئـەوە زارەوەی 'ناسـیونالیزمی بێبایـەخ'ی خسـتە ڕوو. بـۆ تـاووتوێكردنی نەریتـە ئایدیۆلۆجییـەكان كـە توانایـان بـە نەتـەوە بونیادنراوەكانی ڕۆژئاوا دەدا، دووبارە دروست بنەوە''. ئەو لەسـەری دەڕوات و دەڵێت 'ڕۆژانـە نەتـەوە ئامـاژەی بـۆ دەكـرێت، یـان ئاڵاكـەی لـە خۆشەویسـتیی هاووڵاتیانی ئاسایی خۆیدا دەشەكێتەوە' (Billig 1995: 6). بیلیگ قەناعەتی وایـە ناسیونالیزم بێبایەخە، لەبەر ئەوە هێزی خۆی لە شتە ئاساییەكانەوە، زۆربەی كات لەو شتە تێبینینەكراوەكانەوە بەدەست دەهێنێت، كە وا لە ئێمە دەكات بڕوا بكەین ناسیونالیزم سروشـتییە، ئـەو 'شـتانە' دەشـێت زۆر جۆراوجـۆر بن كـە نـاتوانرێت تەنانەت ئاشكرا بكرێن، لە ڕێگەی قسەكردن و بیركردنەوەوە لەبارەی نەتەوەوە، لەسەر ئاڵایـەكی سـەر باڵەخانەیـەک، لـەبارەی وەرزش و گۆرانیەكانـەوە هـەموو ڕێگەكان بۆ بەدەستهێنانی پولی پۆستە و بەستانداردكردنی زمان و... تاد دەچن (Ibid)، ڕۆجـــەرس برۆبەیكـــەر تێگەیشـــتنی بیلیـــگ 'قـــووڵ دەكاتـــەوە'، بـــە بانگەشــەكردنی ئــەوەی دووبــارە بەرهەمهێنانــەوەی ناســیونالیزم تەنانــەت بــە جۆرێكی وردتر لـەچاو ئـەوەی نووسـەرەكەی تـر پێشـنیاری دەكـات، ڕۆتینـەكانی ڕۆژانــە، وەكــو خــوانی نیــوەڕۆی خــێزان، پەوەندییــەكانی كــار، ســەردانەكانی كەنیســە... تــاد، لەوانەیــە هیچ شــتێكی نــەبێت لەگــەڵ خــەریكبوونی ئاشــكرای ئیتنۆسیاسـیدا ئـەنجامی بـدات، ئەوانـە لـە دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی شوناسـدا گــرنگن، كــە دەشــێت (پێویســت نیــە) كۆتــایی بــە بــوونی سیاســیيانە بهێــنێت (Brubaker 2004).

## دەرەنجام:

وەكو پێشتر گفتوگۆمان كـرد، مۆدێرنـیزم و كارلێككـەری و هێماگـەریی ئیتنـۆیی ناتەبا نین، لەڕاستیدا بەبێ بازاڕی سەرمایەداری (كـە چینـە كۆمەڵایەتییـەكان بـۆ یەک كۆمەڵگە یـەک دەخـات)، ئیتنیسـەكان -ئیتنۆسـەكان- نـاتوانن بـۆ نەتـەوەكان

بگــۆڕین، گرنگــیی توخمــە ســەرەکییەکانی پرۆسێســی بونیادنــانی نەتــەوە کــەم ناکرێتەوە، ئەگەر گرنگیی گەوهەریی کەرەستەی کەلتووری و هێمایی کە لەگەڵیدا ئەو پرۆسێسە لە ڕووی مێژووییــەوە دەســتی پێ کــرد، دیســان پێــداگری لەســەر بکــرێت (Subotic 2007: 70)، ئــەوەی هێماگــەریی ئیتنــۆیی پێشکەشــی دەکــات میتۆدیکی دیارە، کە دەشێت بۆ لێکۆڵینــەوەی خاســیەتەکانی هــەر نەتەوەیــەک بــە جیاکراوەیی بەکار بهێنــرێت، ئەفســانەکانی نەتەوەیــەک (ئەفســانە پێکهێنــەرەکان، ئەفســانەکانی ســەردەمە ئاڵتونیــەکان، ئەفســانەکانی هەرێمــەکان، ئەفســانەکانی سەردەمە تاریکەکان، لەدایکبوونەوەی پاڵەوانەکان و... تاد)، ناو و هێماکان و ئەو چوارچێوە مێژووییانەیان کە گرنگیی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک لەگــەڵ نەتەوەیــەکی تــردا کارلێــک بکــات، هــەروەها تەنانــەت کاتێــک ئــەو ئەفســانانە لــە نەوەیەک یان دوو یان سێ نەوەدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان نیە، ئەگەرێکی گەورە هەیــە کــە یەکــەمین کــارلێکی گــەورە بــە هــۆی کــۆچکردن یــان جەنگــەکان یــان کارەساتی سروشــتییەوە... تــاد دووبارەبوونــەوەی هێمــایی-ئەفســانەی نــەوەکانی زووتر بەرهەم بهێنێتەوە، ئەمەش بەتەواوی ئەو گفتوگۆیەیە کە دەشێت لــە لایــەن بنەمایــەکی پتــەوی مرۆڤناســییەوە پشــتگیریی زیــاتر بکــرێت، کــە کارلێککــەری پێشکەشی دەکات.

کارلێککــەری ئــەو گفتوگۆیــەی هێماگــەری-ئیتنــۆیی بــەو مانایــە دووبــارە بــەهێز دەکاتــەوە کــە تــا ئەندازەیــەکی زۆر بــەرگری لــە تێڕوانیــنی ســەرەتایی دەکــات، بانگەشەی ئەوە دەکات ئیتنیســتی دەرەنجــامێکی پێویســتی پەیوەنــدیی گرووپییــە، ئەمــەش ئەوەیــە ئێمــە دڵنیــا نین کــەی و لــە کــوێ خاســیەتە دیارەکــان لــە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیدار دەبن، بەم شێوەیە گرووپە ئیتنیکییەکان و نەتەوەکان، تەنانەت شارستانێتییەکان بەرهەم دەهێنن، هێماگەری-ئیتنۆیی بە لایــەنی کەمــەوە گفتوگۆیەکی بەشــەکی، بــەڵام زۆر قایلکــەر پێشــکەش دەکــات، کاتێــک گرووپێــک دامــەزرا، ئــەوە ڕاســتییەکی تــەواوە کــە دووبــارە دڵنیــایی لێکردنــەوەی یــان دامەزراندنــەوەی ئــەو گرووپــە لەســەر بنــەمای کەرەســتەی کــەلتووریی پێشــوو دەبێت، بەم شێوەیە ئەگەر کەسێک لێکۆڵینەوەی خاسیەتەکانی ئەو میتۆدە بکــات، کە ئەنتۆنیۆ سمیس پێشکەشی کردووە و لە لایەن گرووپێکەوە بــەکار دەهێنــرێت، ئەوا ئەو کەسە هەلێکی پتەوی هەیە بۆ پێشبینیکردنی ئــەوەی کــام خاســیەتانە لــە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیدار دەبن، سەرەڕای ئەوەش دی سمیس هێماکان و ئەفسانەکان و مێژوو... تاد پەسەند دەکات کە لــە لایــەن دەســتەبژێرەوە وەکــو ســەرچاوە بــە مەبەســتی بــەدیهێنانی ئامانجــە سیاســییەکان بــەکار دەهێــنرێن، هەرچۆنێک بێت، ڕاستییەکە ئەوەیە کارلێکخوازان (ئیریکسین) ئــەوە زیــاد دەکــەن تەنانەت ئامانجە سیاسییەکانی کــۆی گرووپــە ئیتنیکــەکان دەشــێت ناعــەقڵانی بن، تەنانەت گفتوگۆکردنەکەی سمیس زیاتر بەهێز بکەن، کــە کــەلتوورەکان زۆربــەی

کــات بــۆ ئــەودیوی بەکارهێنانــە عەقڵانیــەکان دەپەڕنــەوە، کارلێککگــەری ڕوونکردنەوەیەکی سەروەری سەبارەت بە پێکهاتنی گرووپەکە پێشکەش دەکات، بــەڵام هێماگــەریی ئیتنــۆیی دووبــارە دەرکەوتنــەوەی خــۆی ڕوون دەکاتــەوە. لــە هــەمان کاتــدا یەکــەمیان نکۆڵــیی دۆزینــەوەکانی دووەمیــان ناکــات و بــە پێچەوانەشەوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لـە نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا، پشتگوێخستنی دۆزینەوەکانی هەریەکە لە سێ ڕێبازەکـە بـە شـێوەیەکی بـەرچاو توانای ڕوونکردنەوەی هەوڵێکی لـەو جـۆرە کـەم دەکاتـەوە. بـەم شـێوەیە، ئێمـە دەڵـێین بونیـادی تیـۆری لـە بەشـەکانی مۆدێرنـیزم پێـک هـاتووە، کارلێککگـەری و هێماگـەریی ئیتنـۆیی کـە بریتییـە لـە فراوانـترین چوارچێـوەی شـیاو کـە دەشـێت تەوەرەکان بۆ توێژینەوەی زیاتری ئەم دیاردەیە پێشکەش بکات، هێشتاش بەشی ئەوە پوختە کە مانای خۆیمان بۆ فەراهەم بکات.

سەرچاوە:

Serbian Political Thought,Milos Vukelic, Nations and Nationalism Vol، 18, 2018, p، 173-196.

## بەشی چوارەم: کەلتووری بەپیشەسازیکردن

نووسینی/ ئەنتۆنی دی سمیس

لەوانەیە بنچینـەییترین و ڕادیکاڵییانـەترین دەربڕیـنی مۆدینـیزمی کلاسـیکی ئـەو دەربڕینەی ئیرنیست گیلنەر بووبێت لە بەشی حەوتەمی کتێـبی 'بـیر و گـۆڕان'دا، کە ساڵێ ١٩٦٤ بڵاو بووەتـەوە. لـەو بەشـەدا گیلنـەر هێڵکـاریی تیۆرییـەکی نـوێی ناسیونالیزمی کێشاوە کە جەختی کردووەتە سەر کاریگەرییەکانی پرۆسێسـەکانی بـەمۆدێرنکردنی نائارامانـەی جیهـان، بـە هاوشـێوەکردنی بـەمۆدێرنکردن لەگـەڵ شەپۆلێکی هەڵچووی گـەورەدا کـە لـە ناوجەرگـەی خـاکی ئـەورووپای ڕۆژئـاواوە دەست پێ دەکات و جیهان تەی دەکات و لە کاتە جیاوازەکاندا و بە ئاستی جیاواز لــە ڕووبــەرە یــەک لــە دوای یەکــەکان دەدات، گیلنــەر شــوێنپێی دەرکــەوتنی ناسیونالیزمی بـۆ ڕۆڵی نـوێی کـەلتووری زمـان لـە جیهـانی مۆدێرنـدا هـەڵگرت،

پەیوەندییە ڕۆڵنەریتییەکان لە گوندەکان و شارۆچکە بچووکەکاندا بە هۆی کاریگەریی پەرەسەندنی ناهاوچەشنەوە تێک شکێنرابوون، زۆر لە گوندنشینەکان لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنرابوون و بەرەو شارە گەورە و فراوانبووەکان پاڵ نرابوون، شێوازی ژیانیان و بیروباوەڕیان بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر هەرەسیان پێ هێنرابوو، لە شوێن هەڵکەنراو و بێ ئاراستە لە شاری نەناسراودا، پرۆلیتاریای نوێی هەژار کە جووتیارانی لە ڕەگوڕیشە هەڵکەنراو بوون، چیتر خاوەنی هیچ شتێک نەبوون تا کۆمەڵەکانی لەسەر دروست بکەنەوە و ڕێگە لە ئاژاوە بگرن بێجگە لە زمان و کەلتوور.

لە زەمینەی نوێی شاردا، زمان و کەلتوور وەکو کەرەستەی پێکەوەبەستنی کۆمەڵگە جێگەی پێکهاتەکانی لادێ و خێڵایەتییان لە ڕۆڵی پەیوەندییەکاندا گرتەوە. لێرەوە، پەرەسەندنی گرنگیی ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر و خاوەن خواست و ویست، بەرهەمهێنەران و دابینکەرانی ئەم کەلتووره زمانییانەن، بەڵام دیسان ئەوە ئەرکی هەموان بوو کە ببنە خوێندەوار، هەروەها ببنە ژمارە، ببنە کارمەند، هەتا ببنە هاووڵاتی و نموونەیەکی پەسەندکراوی مرۆڤایەتی، ئەوەش بە دەوری خۆی، پێویستی بە جۆرێکی نوێ لە خوێندنی قوتابخانە، جەماوەر، خەڵک و خوێندنی بەستانداردبوو هەبوو، کە لە لایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی و پاڵپشتیی دارایی بکرایە، قەبارەی سیستمی پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە قەوارەی نەتەوەکانەوە هەبوو، بەڵام ڕوویەکی تری پەرەسەندنی ناڕێک هەبوو، مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو شەپۆلی هەڵچوو پێکهاتەکانی ڕۆڵ نەریتی لەناو بەرد، بەڵکو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە شارە هەڵئاوساوەکاندا جووڵاند، ناکۆکییەکانی نێوان شەپۆلی تازەهاتووەکان و شارییەکانی سەردەمە کۆنەکان، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو شارنشینانەی لە ناوەندی شارەکاندا دامەزراون، ئەو پرۆلیتاریا بێکارەی لە گەڕەکە هەژارەکانی دەوروبەری شارەکاندا بوون، ئەم جۆرە ناکۆکییانە ئاسایی ناکۆکیی کۆمەڵایەتی-چینایەتیی بوون لە نێوان خاوەنداریتی و خوێندەواری لەگەڵ جەماوەری بێبەش و نەخوێندەوارانـدا، بەڵام لە هەندێک دۆخدا، ناکۆکیی کۆمەڵایەتی بوو بە دوژمنایەتیی ئیتنیکی، ئەمەش کاتێک ڕووی دا، کە تازەهاتووەکان، پرۆلیتاریای لە ڕەگوڕیشە هەڵکەنراو بە ئاشکرا جیاواز بوو، سیستمی بیرکردنەوە و داب و نەریتی تەواو جیاوازی هەبوو، یان بەو زمانانە دەدوا کە لە ئاستی تێگەیشتندا نەبوون، لەم جۆرە دۆخانەدا کۆنە شارییەکان پەنایان بۆ وەدەرنانی کەلتووری دەستبەسەرداگرتنی کارە ئیتنیکییەکان دەبرد. لەم زەمینانەدا، ڕۆشنبیران لە هەردوو لاوە لە دابەشبوونی کەلتووریدا توانییان ناکۆکیی ئیتنیکی بۆ بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان بگۆڕن، کە داواکاریی جیابوونەوەیان لەو یەکە سیاسییە هەبوو کە هەردوو گرووپ ئاسایی ماوەیەکی دوورودرێژ بوو تێیدا تێکەڵاو کرابوون (Gellner 1964: ch.7،).

بەگوێرەی گیلنەر، لەبەر ئەوەی نەتەوەکان ناسیونالیزم دروست ناکەن، لەجیاتی ئەوە بزووتنـەوە ناسیۆنالیسـتییەکان نەتـەوە پێناسـە دەکـەن و دروسـتی دەکـەن. لەڕاستیدا ناسیونالیزم بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەکان نیە بۆ هۆشـیاری خـۆیی-زاتی-: ناسیونالیزم نەتەوەکان دروست دەکات، لە هەر شـوێنێک بوونیـان نـەبێت- بـەڵکو ناسیونالیزم هەندێک نیشانەی جیاکەرەوەی پێش بوونی نەتـەوەکانی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی کاریـان لەسـەر بکـات، تەنانـەت ئەگـەر ئاماژەیـان بـۆ بکـرێت، ئەمانـە بەتەواوی نەرێنین (Ibid: 168 ).

ناسـیونالیزم پەرۆشـییە بـۆ پێوانـەی نەتـەوە و پەسـەندکردنی، کـە گیلنـەر لـەم قۆناغەدا وەکو کۆمەڵگەی گەورە و هاوکەلتووری و بێناوەندگیری و بێناو پێناسـەی کـردووە، پیاوەکـان -مرۆڤـەکان- دەبن بـە ناسیۆنالیسـت، گیلنـەر لـە پێویسـتیی ڕاستەقینە و بابەتییانـە و پراکتیکییـەوە بـەو دەرەنجامـە گەیشـت، هەرچەنـدە بـە شـێوەیەکی تـەمومژاوی ددانی پێـدا نـرابێت، چونکـە ئـەوە پێویسـتییە بـۆ ئـەو گەشـەکردنەی ناسـیونالیزم دەبزوێـنێت، نـەک بـە پێچەوانـەوە. بـەم ڕێگەیـە، ناسـیونالیزم دڵنیـایی دەدات کـە جیهـان بـۆ سیسـتمێک لـە داخسـتن -قوفڵـدان- دابەش دەبێت و کار دەکات وەکو پاسەوان دژی سـتەمکاریی ئیمـپراتۆری نـوێ ( Ibid: 160, 168). یەکـەمین شـێوەی تیۆرییەکـەی ئـەو -گیلنـەر- بـە دەسـت ژمارەیەک لابردن و کێشەوە ئازاری چەشت، گیلنەر هەستی کرد پێویسـتە ئەوانـە بە داڕشتنێکی نوێی پڕترەوە چارەسەر بکرێن، کە ئەمانەی لەخۆ دەگرت:

١- ئـەو کێشـانەی کـە بـە دانـانی دەورێکی یـەکگرتوو بـۆ زمـان دەخرێنـە ڕوو، لەوانەش دانان بەوەدا کە زمـان هەنـدێک جـار شکسـتی هێنـاوە لـە بینیـنی ئـەو دەورەدا، بۆ نموونە، زمانی ئیسپانی لە ئەمەریکای لاتیندا، یان زمانی عەرەبی لـە دەوڵەتانی عەرەبیدا.

٢- توانـای لەخۆنـەگرتنی هەنـدێک گـرووپی کـەلتووریی دیـاریکراو لـە ڕێگـەی 'گواسـتنەوە'وە، واتـە شکسـتی بـەمۆدێرنکردن لـە یـەکگرتنی گرووپـە جۆراوجۆرەکاندا، بە شێوەیەکی تێبینیکراو ئەوانەی لەسـەر بنـەمای ڕەنگکـردن و ئایینی کتێبی پیرۆز دامەزراون.

٣- درێژەپێدانی پرۆسێسەکانی بەمۆدێرنکردن و شکستی چەمکی پرۆلیتاریایی بۆ لێکدانەوەی ململانێکان لە قۆناغەکانی دواتـردا، هـەروەها پەیوەنـدیی هۆکارانـەی گوماناویی نێوان بەپیشەسازیبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم.

٤- گرنگیی دابەشـبوونەکان لـەناو ڕۆشـنبیراندا کاریگـەرییان لەسـەر ڕێبـازە زۆر جیاوازەکان بۆ مۆدێرنێتە کە لە لایەن نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە لەبەر گیراوە.

٥- کێشەی ئەوەی چۆن مۆدێرنێتە و کەلتووره خوێندەوارییەکەی درێژەیان پێ دراوه، لەگەڵ پێویستیی بنچینەی دامەزراوەیی بۆ پاراستنی، زیاتر لەوەی تەنها گرووپێکی کۆمەڵایەتی بێت.

٦- کێشەی بەهێندوەرگیراو بە لای منەوە نەبوونی نەتەوەکان و ناسیونالیزمە لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرندا، بە پێچەوانەی بوونی جیهانی زۆر نزیکی نەتەوەکان و ناسیونالیزم لە کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێنەکاندا.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا، گیلنەر تیۆرییە بنچینەییە مۆدێرنیستەکەی خۆی دووبارە دادەڕێژێتەوە، یەکەم لە وتارێکدا ساڵی ١٩٧٣، پاشان لە خستنەڕوویەکی تەواودا لە کتێبی 'نەتەوەکان و ناسیونالیزمدا' (Gellner 1973, 1983).

## نەتەوە و ناسیونالیزم

ڕاگری نموونەیەکی -کۆپییەکی- نوێ بریتی بوو لە دەوری سیستمەکانی پەروەردەی گشتیی جەماوەری لە پشتگیریکردنی کەلتووره 'بەرزەکان' لە کۆمەڵگە مۆدێرن و پیشەسازییەکاندا. لە کاتێکدا نموونەی -کۆپی- زووتر جەختی کردبووە سەر دەوری زمان و کەلتووری زمان وەکو بەستەر و پتەوکەری نوێی کۆمەڵایەتی. پێکهاتەی دواتر ئەو ڕێگەیەی ڕووناک کردەوە کە تێیدا کۆمەڵگە نوێیە ئاراستە پەرەسەندووەکان پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی لە کەلتووری خوێندەواری هەبوو، کە دەشیا تەنها بە هۆی بەکۆمەڵایەتیکردنی دەرەکی و جۆرێکی نوێ لە پەروەردەی جەماوەری و بەستانداربووی جیاواز لە هەریەکە لەوانەی لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرندا دەبینرێت، داپڕێژرایە و بەهێز بکرایە.

خاڵی دەستپێکی لۆجیکی نموونەی -کۆپی- دووەمی گیلنەر پێناسەکەیەتی بۆ چەمکی نەتەوە، نە 'ئیرادە' و نە 'کەلتوور' لە خۆیاندا ناتوانن پێناسەی بەسوود پێشکەش بکەن، هۆیەکە هەمان شتە: هەریەکە لەم دوانە لە دوورەوە زۆر شت دەهێننە بەردەم دەستپێڕاگەیشتن، لە کاتێکدا نەتەوەکان دەشێت ئەو کۆمەڵانە بن کە خواست و ویستی بەردەوامبوونی خۆیانیان هەبێت، ئەویش لە جۆرێک لە ڕاپرسی گشتیی خود پشتڕاستکردنەوەی ڕۆژانەی بەردەوام، وەکو ڕینان گوتی زۆر گرووپی تری کۆمەڵایەتی هەمان شت دەکەن، بۆ نموونە: یانەکان، پیلانگێڕەکان، تیپەکان، پارتەکان، هەروەها ئایینی پێش مۆدێرن و گرووپە سیاسی یان تایبەتەکان کە هیچ شتێکیان لەبارەی ناسیونالیزمەوە نەزانیوە، هاوشیوە بۆ پێناسەکردنی نەتەوەکان لە ڕوانگەی کەلتووری هاوبەشەوە، کاتێک ژمارەیەکی ئێجگار زۆر جیاوازیی جۆراوجۆر و دەوڵەمەندی کەلتووری هەبووە و لە جیهاندا هەیە، یارمەتیمان نادەن: جیاوازییە کەلتوورییەکان تەنها هەندێک جار لەگەڵ

سنوورەکانی یەکە سیاسییەکاندا پێکەوە ڕوویان داوە، ڕاستییەکە ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕوولەزیادبوون ئەوە دەکەن، تەنها ئەو مەرجە هەرە تایبەتییانە دەردەخەن کە لە سەردەمی مۆدێرندا کەلتوور و سیاسەت پێکەوە دەهێنن (Gellner 1983: ch 5)، ڕێگەیەکی تر بۆ ئەگەری بوونی هەشتهەزار گرووپی زمانی لە جیهاندا دابنێ، تەنها ڕێژەیەکی بچووکی نزیکەی دووسەد گرووپی زمانی خۆیان وەکو نەتەوەن و دەوڵەتی خۆیان پێک هێناوە، شتێکی وەک ڕێژەیەکی لەوەش گەورەتر (لەوانەیە شەشسەد) گرووپی تریان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆیان خەبات بکەن، کە بە هەردووکیان دەبن بە هەشتسەد گرووپی زمانی، تەنها یەک لە دەی کەلتووره گریمانەکراوەکان خەبات بۆ ئەوە دەکەن ببن بە 'نەتەوە'، ئێمە بە دەگمەن دەتوانین بە تەنها کەلتووری هاوبەش بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە بەکار بهێنین (Ibid: 43-50).

لەبەر ئەمەیە پێویستە چەمکی نەتەوە لە ڕوانگەی سەردەمی ناسیونالیزمەوە پێناسە بکرێت، تەنها دوای ئەوە لە سایەی هەلومەرجە تایبەتەکانی سەردەمەکەدا، ئێمە دەتوانین پێناسەی نەتەوەکان وەکو بەرهەمی هەریەکە لە ئیرادە و کەلتوور بکەین، بەڵام پاش ئەوە ناسیونالیزم چییە؟ بەگوێرەی گیلنەر، ناسیونالیزم بنەمایەکی سیاسییە کە 'وای دادەنێت یەکەی سیاسی و نەتەوەیی پێویستە پێکەوە جووت بن'، ئەمە تیۆری ڕەوابوونی سیاسییە، کە داوا دەکات نابێت سنووره نەتەوەییەکان بەناو یەکە سیاسییەکاندا بڕۆن -نابێت یەکە سیاسییەکان کەرت بکەن-، بەتایبەتی کە سنووره ئیتنیکییەکان لەناو دەوڵەتێکی ڕەچاوکراودا، نابێت خاوەن دەسەڵات لەوانی تر جیا بکەنەوە (ibid: 1).

سۆزی نەتەوەیی بریتییە لە هەستی تووڕەیی یان هەستی قایلبوون کە بە هۆی پێلێنان یان جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەوە دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان ئەو بزووتنەوانەن لە لایەن ئەم سۆزەوە جووڵێنراون.

## کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی خوێندەوار و پیشەسازی

پێشنیاری سەرەکیی تیۆری گشتیی گیلنەر ئەوەیە نەتەوەکان و ناسیونالیزم لە ڕووی لۆجیکییەوە مەرجدارن، بەڵام پێداویستی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێیەکاندا، دەوەستێتە سەر شیکردنەوەی ئەو بۆ گواستنەوە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی یان کشتوکاڵیی خوێندەوارەوە بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنە پیشەسازییەکان. بەگوێرەی گیلنەر، سێ قۆناغی سەرەکی لە مێژوودا هەبووە کە بریتین لە: قۆناغی پێش کشتوکاڵ، قۆناغی کشتوکاڵ، قۆناغی پیشەسازی. هەریەکە لەم قۆناغانە لە بانێکی- بەرزاییەکی- شارستانێتییەکانی مرۆڤایەتی دەچێت، کە گواستنەوەی لە ڕوویەکی لێژدا گواستنەوەی شێوە

هەنگاوییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغی داواتر. لە یەکەمدا قۆنـاغی ڕاو-کۆکردنـەوە، وڵات و دەوڵەت بوونیـان نـەبوو، پاشـان بـە لەبـەرچاوگرتنی پێناسـەی گیلنـەر بـۆ ناسیونالیزم، ئەگەری بـوونی نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم لـەئارادا نـەبوو، قۆنـاغی دووەم جـۆرێکی هەمەچەشـنی کۆمەڵگـەی بـە خۆیـەوە بیـنی، زۆربـەیان (نـەک هەموویان) دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لێرەدا ئەگەرێک هەیە بۆ دەرکەوتنی نەتەوەکان و ناسیونالیزم، هەرچەندە لەڕاستیدا ئەوە دەرکی پێ نـەکراوە، دیـارە تەنها لە قۆناغی سێیەمدایە (واتا قۆناغی پیسەسازی) دەوڵەت بووەتە شـتێک کـە ڕەتکردنەوەی نیە. لەم قۆناغەدا هەموو کۆمەڵگەیەک دەوڵەتی خۆیی هەیـە، یـان ئاواتی هەبوونی دەخوازێت، بەڵام ئەمەش بەتەواوی بەشێکە لەو هۆکارەی وا لـە ناسیونالیزم دەکات ببێتە خواستیکی جیهانی -گەردوونی- لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا. (Gullner 1987: ch ٢).

بـۆچی لـە کۆمەڵگـەکانی کشـتوکاڵیی خوێنـدەواردا نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم بوونیان نیـە؟ ئەمانـە کۆمەڵگـە جیاکراوەکـانن، نـەک تـەنها بـە هـۆی دەرکـەوتنی دەوڵەتەوە، بەڵکو بە هۆی گواستنەوەی خوێندەواریی دەستەبژێرەوە، بـەڵام ئـەم کۆمەڵگەیانە کۆمەڵگـە چیانەیەتییـەکانن، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت دەسـەڵات و کەلتوور بەپێی دۆخەکە یەک دەگرن. لە لوتکەی ئـەم کۆمەڵگەیانـەدا زنجیرەیـەک دەستەبژێری بچووک (بەڵام بەهێز) هـەن، کـە لـە شـێوەی چیـنی ئاسـۆییدا ڕێـک خـراون، لەوانـەش توێژەکـانی سـوپا و بـیرۆکرات و قەشـە و ئەرسـتۆکرات، کـە کەلتوور -کەلتووری خۆیان- بـۆ جیاکردنـەوەی خۆیـان لـە بـاقیی کۆمەڵگـە بـەکار دەهێنن، قەبارەی دانیشتوان لە هەر دەوڵەتێکـدا لـە بەرهەمهێنـەرانی کشـتوکاڵی پێک دێت، ئەوانیش دیسان دابەش بوون، بەڵام ئەم جارە دابەشبوون بـۆ کۆمەڵـە شـاوڵییەکان، هەریەکـەیان بـە کـەلتوور و نـەریتی میللـیی خۆیـەوە، ئـەم کۆمەڵـە بچووکانەی جووتیاران بە هـۆی پێویسـتیی ئابوورییـەوە بـەرەو نـاوەوە گـۆڕاون و کەلتوورە ناوچەییەکانیان تا ئەندازەیەکی زۆر نەبینراون، ئەندامانی هەریەکـە لـەم جۆرە کۆمەڵانە لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی چوارچێوەیی -سـیاقییەوە- پەیوەنـدییان بە یەکترەوە دەبێت. لە ئەنجامی ئەوەدا کەلتوور مەیلی ئەوەی هەیە وەکـو چیـنی کۆمەڵایـەتی ئاسـۆیی بێت، یـان بـۆ دیـاریکردنی کۆمەڵـە ناوچەییـە بچووکـەکان شاوڵی بێت.

لەبەر ئەوە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە خوێندەوارە چینایەتییەکاندا، نە شـیمانە و نـە ئارەزووی دروستکردنی تاکـە کـەلتوورێکی هاوچەشـن نیـە بـۆ هـەموو ئەنـدامانی سیستمێکی سیاسیی دیاریکراو. لێرەوە هیچ ئەگەرێک بـۆ بـوونی نەتـەوەکان یـان ناسیونالیزم لەئارادا نیە. لەڕاستیدا تاکە چین کە بشێت لەم جـۆرە ئیمپریـالیزمی کەلتوورییە بەرژەوەندیی هەبێت، دەستەبژێری خوێندەوارە، یان لە بینینی پێوانە و سـرووتەکان بێبـاکن کـە بـە پانتـایی کۆمەڵگـەدا درێـژ بوونەتـەوە (وەکـو

براهمینیەکان)، یان نە سەرچاوەیان هەیە، نە ئەگەری پراکتیککردنی بەو جۆرەیان هەیە (وەکو ئەوەی زانایانی ئیسلامی)، چونکە زۆربەی خەڵک پێویستە چاودێریی مەڕ، بزن و حوشتر بکەن بۆ دەستەبژیرەکانی تر، بۆشایی ماوەی نێوانیان و (شێوەی ژیانیان) و دانیشتوانی تر و (کەلتووره میللییەکانیان) پێویسته بپارێزرێن، تەنانەت لە ڕێگەی تیۆرییەکانی 'خوێن' و 'ڕەچەڵەکی پیرۆز'ەوە بەهێزیش بکرێن (Gellner:1983: ch ٢).

جیاوازیی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی لەگەڵ کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا سەرنجڕاکێشە، ئەم کۆمەڵگەیانە پێویستیان بە کەلتوورێکی هاوچەشن هەیە کە هەموو ئەندامانی دەوڵەتێک یەک بخات، چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا هەموان لە جووڵەدان، هەموان دەبێت کارمەند بن، پێویستە پەیوەندیکردن بێ چوارچێوە بێت و دەسەڵاتکردن دەبێت ناکەسی بێت. لە سەردەمی خوێندەوارانی بەجیهانیبوو مەملوکیدا Mamluk-dom، پەیوەندیی کەلتوور و سیاسەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە دەگۆڕێت، کەلتووری باڵا هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە و پێناسەی دەکات و پێویستی بە بەردەوامبوونی سیستمی سیاسی هەیە. ئەوەش نهێنیی ناسیونالیزمە (ibid: 18).

بیرۆکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بریتین لە بیرۆکەی زیهنیی بێکۆتایی و پەرەسەندنی ئابووری و بیرۆکەی دۆزینەوە و داهێنانی بێ وەستان، تەنها لەبەر ئەوەی هەموو شتێک دەبێت شی بکرێتەوە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی پێش ئەوەی بتوانرێت پەیوەندییە هۆکارییەکان ئاشکرا بکرێن، ئەوا هەموو کەس و چالاکییەکان لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا وەکو یەکە یەکسان و پێوانەکراوەکان مامەڵە دەکرێن، بۆ ئەوەی دواتر بتوانرێت لە کۆمەڵگەی جەماوەری یان لە نەتەوەکاندا یەک بخرێن، کۆمەڵگە پیشەسازی و مۆدێرنەکان بە هۆی سروشتی شل و جووڵە و گۆڕانکاریی بەردەوامیان، هەروەها بە هۆی شێوازی بەرهەمهێنانیانەوە پشت بە دابەشکردنی گۆڕانی هەمیشەیی کار دەبەستن، کە تێیدا پێویستە تاکە کەسەکان لەگەڵ ژمارەی گەورەی خەڵک کە پێشتر هەرگیز نەیانناسیون، کۆ ببنەوە و پەیوەندی بکەن و پێویستە بتوانن لە چالاکییەکەوە بۆ چالاکییەکی تر هەنگاو بنێن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیاواز لە کۆمەڵگە هەڕەمی و جێگیرەکانی پێش مۆدێرن، کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بە پێویست لە نموونەکانیاندا یەکسانیخوازن، ئەگەر هەمیشەش لە پراکتیکدا وا نەبن (ibid،: ch:3, esp،24-9).

کار لە کۆمەڵگەی پێش مۆدێرندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئیشی دەستی بووە، لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، کار بە شێوەیەکی سەرەکی واتاییە، کۆمەڵگەی مۆدێرن کۆمەڵگەیەکە لە پلەیەکی بەرزی تایبەتمەندیی کاردایە، بەڵام کار بە وردی دەکرێت بە ستاندەر و پێشمەرجەکەی بریتییە لە پلەی خوێندەواریی هەر

ئەنـدامێک، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت دەبێت هـەموو کەسـێک پەروەردەیـەکی ڕەگەزی باوی هەبێت کە ڕاهێنانی تایبەتمەنـدی بـۆ کـار و لەسـەر کـاری بـەدوادا بێت، پەروەردەی ڕەگەزی لە ژمارەیەکی بنچینـەیی و خوێندەواریـدا توانـا دەدات بـە هـەموو کەسـێک تـا لـە پێگەیەکـدا بێت بەتایبەتمەنـد، بـەبێ ئـەو پـەروەردە ڕەگەزییە لە کاری واتاییدا، ناشێت ئەو کەسانە زۆر ڕاهینراو بن، ئەم جۆرەش لە پـەروەردە بـە ڕێژەیـەک نوێیـە، جیـاواز لـە پـەروەردەی سـەرەتایی -زۆر نـزم- و سـیاقی کـە لـە کۆمەڵگـە پێش مۆدێرنەکانـدا، ئاسـایی لـە لایـەن خـێزان یـان قوتابخانـەی گونـدەوە دەدرێت بـە منـداڵان، پـەروەردە لـە کۆمەڵگـەی مۆدێرنـدا بابەتێکی گشتییە و گرنگییەکی زۆر گـەورەتری بـۆ خسـتنەگەڕی کۆمەڵگـە هەیـە، سیستمەکانی پەروەردەی گشتی و جەماوەری، یان 'بەکۆمەڵایەتیکردنی دەرەکی' ڕاهێنانێکی زۆر ورد لە زمانی سـتانداردی نووسـین و ڕێنووسـدا پێشـکەش دابین دەکەن ((Gellner 1973; Gellner 1983: ch [3])).

جیاواز لەوانەی پێش خۆی، سیستمی پەروەردەی مۆدێرن سیستمێکی گـەورە و ئاڵۆزە، دامەزراوەیەکی گشتی و بەستاندارکراو و سەرپەرشتیکراوی ئـەکادیمی و بەخشەری دیپلۆمە بۆ فێرکردنی شارەزایی و تەکنیک و بەهاکانی مۆدێرنێتە، تەنها سیستمێکی گەورە و ئاڵۆز دەتوانێت ژمارەیەکی گەورەی خەڵک پەروەردە بکات، تا ببنـە فەرمانبـەر و تـەنها فەرمانبـەرانیش دەتـوانن هاووڵاتیـانی بەکـەڵک بن لـە دەوڵـەتێکی مۆدێرنـدا، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە قـەبارەی پـەروەردەی گشـتیی جـەماوەریی سـنووری خـوارتر بـۆ پێوانـەی نەتـەوەکان دادەنێت، ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێت پەروەردەی جەماوەری بە تـەنها دەتـوانێت ڕێزلـەخۆگرتن و هەسـتی شوناس بە هاونیشتمانیەکانی ببەخشـێت. مـرۆڤی مـۆدێرن، هەرچییـەک بڵێت بـۆ پاشایەک، بۆ خاکێک یان بۆ باوەڕێک دڵسۆز نیە، بەڵکو دڵسـۆزە بـۆ کـەلتوورێک (Gellner 1983: 36).

## جۆراوجۆرێتیی مۆدێرنیزم

قەبارە لە ڕوویەکی تری سیاسییەوە زۆر گرنگە، تەنها دەوڵەتی مـۆدێرن بەشـی ئەوە گەورە و چوست و بەتوانایە، کە پشتگیریی سیستمێکی پـەروەردەی گشـتی و جەماوەری بکات و سەرپەرشتی بکات، کە پێویستە بۆ ڕاهێنانی هەموو کەسێک بۆ بەشداریکردن لە خوێندەواریی کەلتووری 'بەرز'ی کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، ئەو سیستمە پەروەردەییە گشتییە جەماوەرییە دەوڵەت و کەلتوور پێکەوە دەبەستێت، لە ڕابردوودا پەیوەندییـەکانی نێـوان دەوڵـەت و کـەلتوور لاواز و شـل و شـێواو و ڕێکەوت بوو. ئەمڕۆ پێویستی بەکۆمەڵایەتیکردنی دەرەکیی ئەوە دەگەیـەنێت کـە ناکرێت خۆ لەم پەیوەندییانە لا بدرێت، ئـەوەش ئـەو هۆکارەیـە بـە هـۆی ئـەوەوە ئێمە لە سەردەمی ناسیونالیزمدا دەژین.

## له کەلتووری نزمەوە بۆ کەلتووری بەرز

گواستنەوە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی خوێندەوارەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی بەوە نیشانە دەکرێت کە کەلتووری بەرز شوێنی کەلتووری نزم دەگرێتەوە، گیلنەر پێناسەی نەتەوە دەکات بەوەی کۆمەڵگەیەکە کەلتوورێکی بەرزی هەبێت، واتە کەلتوورێکی خوێندەواریی بنچینە پەروەردەیی بەتایبەتی چێنراو و بەستانداردبوو، ئەو ئەمانە ناو دەبات بە کەلتوورەکانی 'باخچە' بۆ جیاکردنەوەیان لە کەلتووره خۆبەخۆ و نائاراستەکراوە 'کێوی'یەکان کە ئاسایی لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە خوێندەوارەکاندا دەبینرێت، کە پێویستیان بە نەخشەسازیی بەئاگایانە و چاودێری یان خۆراکی تایبەت نیە، کەلتووری چێنراو یان کەلتووری باخچە. لە لایەکی ترەوە دەوڵەمەند و ئاڵۆزە، ئەم کەلتوورانە کە بەردەوامییان پێ دەدرێت بۆ مانەوە، پێویستە لە لایەن دامەزراوە تایبەتەکانی فێرکردنەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی هەموو کات -کارکەر- و تایبەتمەندەوە خۆراک بدرێن(ibid: 50-52).

ئێستا زۆر لە کەلتووره نزمە 'کێوی'یەکان شکست دەهێنن لەوەی بگەنە ناو سەردەمی پیشەسازی، ئاسایی ژمارەی ئەو کەلتوورانە ئاسایی لەوە زۆرترن کە بە ژمارەی ئەو دەوڵەتانە بەراورد بکرێن کە ئەگەری ژیانیان هەیە و دەشێت جیهان بگرنەوە، لەبەر ئەوە ئەو کەلتوورانە بە شێوەیەکی گشتی بێ ململانێ خۆ دەدەنە دەستەوە و شکست دەهێنن لەوەی ناسیونالیزم بخەنە مەترسییەوە، لە کاتێکدا ئەوانەی ئاسۆی سەرکەوتنیان لە نێوان خۆیاندا هەیە شەڕ بۆ ئەو پانتاییە دەوڵەتییە دەکەن کە لە بەردەستدایە. لەبەر ئەوەیە بە دەربڕینی خۆی، ناسیونالیزم لاوازە، تەنها ڕێژەیەکی بچووک لە هەڵبژاردە شاراوە زمانیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ببن بە نەتەوە و زۆربەیان وەکو خەوتوانی یەکلاکەرەوە دەمێننەوە، لە لایەکی ترەوە ئەوانەی ناسیونالیزمەکان دەخەنە مەترسییەوە و هەوڵ دەدەن دەوڵەتانی خۆیانیان هەبێت، زۆر لە پێشتر بەهێزترن، ئەوانە باڵادەست و جیهانین لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتەکەیاندا، پێویستە هەموو کەس بەشداریی هەمان کەلتووری یەکگرتوو -بەستاندەربوو-ی خوێندەواری بکات.

پاشان پەیوەندیی نێوان کەلتووری 'نزم' و کەلتووری 'بەرز' چییە؟ بە لای گیلنەرەوە کەلتوورەکان لە ڕوانگەی سیستەمەکانی پێوانە -ڕێسا- و پەیوەندیکردنەکانەوە هەمیشە گرنگ بوون، بەڵام زۆربەی کات بەناویەکدا چوون، بە وردی کراون بە گرووپ، لێک ئاڵاون، لە کۆمەڵگەکانی پێش مۆدێرندا کەلتوورەکان بۆ دەستەبژێرەکان سنووردار کراون. لەڕاستیدا کەلتوورەکان لە لایەن دەستەبژێرەکانەوە بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی خۆیان لە جەماوەر بەکار

هێنراون، ئەمە هۆکاری سەرەکییە بۆ نەشیانی بوونی نەتەوەکان و ناسیونالیزم لە پێش دەستپێکردنی مۆدێرنێتەدا. ئەمڕۆ هەرچەندە کەلتوورەکان بڵاو و هاوچەشنن، کاتێک هەلومەرجە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەستانداردکردن و هاوچەشنی پێک دێن، بە شێوەیەکی سەرەکی کەلتوورە بەرزەکان بەهێز دەکرێن و بەناو هەموو دانیشتواندا بڵاو دەبنەوە. نەک تەنها لەناو کەمینە دەستەبژێرەکاندا، لێرەوە دۆخێک سەر هەڵدەدات تێیدا ددانپێدانانی باش، پێناسەکراوی پەروەردەیی و کەلتوورە یەکگرتووەکان تا ئەندازەیەکی نزیک تاکە جۆری ئەو یەکەیە پێک دەهێنن کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزووی خۆیان و زۆربەی کات بە پەرۆشەوە لەگەڵیدا هاوتا دەبن، ئێستا کەلتوورەکان وا دەردەکەون کە کۆگا سروشتییەکانی ڕەوایەتیی سیاسی بن (ibid: 55).

ئەم بڵاوبوونەوە نوێیەی کەلتوورە بەرزەکان بۆ ڕەوتی نەرمی کۆمەڵگەی پیشەسازی زۆر گرنگە، کە دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن هەر دەوڵەتێکەوە بەهێز بکرێت و دەسەڵاتی بەسەردا بکرێت، لەبەر ئەوەیە جیهانی مۆدێرن و پیشەسازی لە زنجیرەیەکی لە ڕووی پێکهاتەییەوە لە 'ئاکورای زەبەلاح' یان 'ژوورەکانی هەناسەدان' دەچێت، کە وەرزشێکی ڕووکەشانەیە، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی نەگونجاو یان بەزۆری جەخت بکرێتە سەر جیاوازییە کەلتوورییەکان، ئاو و ئەتمۆسفێر لەم تەنکییانەدا پێشکەش دەکرێن بۆ پەروەردەکردنی چەشنی تازەی کەسی پیشەسازی، ئەو ڕووەکە تایبەتمەندەی ئەم خزمەتە پێشکەش دەکات، سیستمی پەروەردەی نەتەوەیی و پەیوەندییەکانە (ibid: 51-52).

ئەوەی ڕوو دەدات، ئاسایی ئەوەیە کەلتووری بەرزی نوێی سەرکەوتووی دەوڵەت دەسەپێنرێت بەسەر دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەدا، ئەوەی لە کەلتوورە 'کێویی'ە کۆنەکان پێویستیەتی بەکاری دەهێنێت. ئەمەش دەوری سەرەکیی ناسیونالیزمە، نەتەوەکان لە ئەزەلەوە -لە ئەبەدەوە- نەبوون، بەڵکو تەنها بە بانگەوازی ناسیۆنالیستەکان بەئاگا هێنراونەتەوە، بەڵام کەلتوورەکان هەمیشە هەبوون و ناسیونالیزم کەرەستە خاوەکانی ئەوان بەکار دەهێنێت، نەتەوەکان وەکو شێوەیەکی سروشتیی خواکردی پۆلێنکردنی مرۆڤەکان، وەکو میراتییەک گەرچی چارەنووسێکی سیاسیی زۆر دواکەوتوون، بریتین لە ئەفسانەیەک، ناسیونالیزم کە هەندێک جار کەلتوورە پێشتر هەبووەکان وەردەگرێت و بۆ نەتەوەکانیان دەگۆڕێت، هەندێک جار دایاندەهێنێت، زۆر جاریش کەلتوورە پێشتر هەبووەکان دەسڕێتەوە: ئەوە ڕاستییەکە بە مەبەستی باشتر یان خراپتر و بەگشتی دەربازبوون نیە لێی (ibid: 48-49).

بەپێچەوانەی زمانی میللی-فۆلکلۆری و وێنەی ڕۆمانتیکیی خۆوە، ناسیونالیزم لە گەوهەردا سەپاندنی گشتی بەسەر کۆمەڵگەدا کەلتوورێکی بەرزە، لە کاتێکدا پێشتر کەلتووره نزمەکان ژیانی زۆرینە و لە هەندێک باردا ژیانی کۆی دانیشتوانیان گرتبووەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بڵاوبوونەوەی گشتگیری زمانێک بە نێوەندگیریی قوتابخانە و سەرپەرشتیی ئەکادیمی، کراوە بە ڕێسا بۆ پێداویستییەکانی پەیوەندیکردنی گونجاوی وردی بیرۆکراتییانە و تەکنۆلۆجییانە، ئەوەش دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ناکەسی و نەناسراوە، یان ناو دیاری نەکراوە، لەگەڵ جێگرەوەی ئاڵوگۆڕ و تاکەکەسانی پارچەپارچە بوو، لە سەرووی هەموو شتێکەوە بە هۆی کەلتوورێکی هاوبەشی لەم جۆرەوە یەکیان گرت، ئەمە ئەوەیە بەڕاستی ڕوو دەدات (ibid: 57).

ڕووناکیی زیاتر دەخرێتە سەر پەیوەندیی نێوان کەلتووری 'نزم'ی کۆن و کەلتووری 'بەرز'ی مۆدێرن، کاتێک گیلنەر بە شێوەیەکی چالاک بنەمای ناسیونالیزم (ناسیونالیزم بەگشتی) لە دەرکەوتنە تایبەتییەکانی ناسیونالیزم (ناسیونالیزمی دیاریکراو) جیا دەکاتەوە. دژی ئەوانەی گفتوگۆی ئەوە دەکەن ناسیونالیزم لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، هەروەها لە ڕووی لۆجیکییەوە ڕێکەوتە، گیلنەر بانگەشەی ئەوە دەکات ناسیونالیزم ڕەگوڕیشەی قووڵی لە هەلومەرجی مۆدێرندا هەیە و ناتوانرێت بە ئاسانی نکۆڵی ئەوە بکرێت، وەکو ڕوونی دەکاتەوە: ئەوە ناسیونالیزمە نەتەوەکان دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، نەک ڕێگەیەکی تر بۆ ئەوە هەبێت، بێ نکۆڵیکردن، ناسیونالیزم بڵاوبوونەوەی کەلتوورەکان یان سامانی کەلتووری پێشتر هەبوو و میراتی لە ڕووی مێژووییەوە بەکار دەهێنێت، سەرباری ئەوەی زۆر بە هەڵبژاردەیی بەکاریان دەهێنێت و زۆربەی کات ڕادیکاڵییانە دەیانگۆڕێت، زمانە مردووەکان دەشێت زیندوو بکرێنەوە، نەریتەکان دابهێنرێن، خاوێنیە بێخەوشە تەواو خەیاڵییەکانی جاری جاران بگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەم لایەنە کەلتوورییە ئەفرێندەرە، خەیاڵییە، داهێنەرە ئەرێنییەی جۆش و خرۆشی ناسیۆنالیستییە، ناشێت بوار بە هیچ کەس بدات بەهەڵە بەو دەرەنجامە بگات کە ناسیونالیزم داهێنانێکی بە ڕێکەوت و دەستکردی ئایدیۆلۆجیایە، ئەو پارچە و بەشە کەلتوورییانەی ناسیونالیزم بەکاریان دەهێنێت، زۆر جار داهێنانی مێژوویی خۆبەخۆین، هەر بەش و پارچەیەکی کۆن بە هەمان شێوە خزمەتیان کردووە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک مانای ئەوە نیە بنەمای ناسیونالیزم وەکو بەرانبەر یان دژ وایە بۆ بەرجەستەبووی -هێمای پیرۆز- کە ڕوو بدات بۆ بەرجەستەبووەکانی هەڵبگرێت، کە خۆی کەمترین باری ڕووداو و ڕێکەوتی تێدایە، ناسیونالیزم ئەوە نیە دەردەکەوێت، لە سەرووی هەموویشیەوە ناسیونالیزم ئەوە نیە لای خۆی دەردەکەوێت، ئەو کەلتوورانەی ئەو بانگەشەی پاراستن و ژیاندنەوەیان دەکات، زۆربەی کات داهێنراوی تایبەتیی

خۆین، یان لە ئەنجامی هەموو تێگەیشتنێکدا گۆڕانکارییـان تێـدا کـراوە(ibid: 55-56).

گیلنــەر ددانی پێــدا دەنێت کــە ناســیونالیزم دەشــێت زۆر دوور نــەبێت لــەو ڕاسـتییەوە کاتێـک خـەڵک لـە لایـەن کارمەنـدانی کـەلتوورێکی بـەرزی نـامۆوە فەرمانڕەوایی دەکرێن، پێویستە یەکەم شت سەربەست بن، بەڵام ئەو کـەلتوورە نوێیەی دوای سەربەستبوون بەسەریاندا دەسەپێنرێت، تەنها هاوشێوەیەکی دوورە لە کەلتوورە میللییە تایبەتەکانی خۆیان، لەبری ئەوەی کەلتووری ناوچەیی بـەرزی تایبـەتیی خۆیـان (خوێنــدەواری و گواســتنەوەی تایبــەت) زینــدوو بکاتــەوە یــان دایبهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ددانپێدانراو، مرۆڤ هەندێک پەیوەندیی لەگەڵ شێواز و دیالێکتە میللییەکانی پێشتردا دەبێت (ibid: 57).

چۆن زۆربەی خەڵک کەلتووری نوێی بـەرز بەدەسـت دەهێنن؟ لـە سـیناریۆیەکدا کە لایـەن گیلنـەرەوە دەخرێتـە ڕوو، میللـەت یـان -ڕۆریتانیـەکان- سـەبارەت بـە کــەلتووری ناوچــەیی تایبــەتیی خۆیــان هۆشــیارییان پەیــدا کــرد و هــەوڵیان دا بــۆ کەلتوورێکی 'بەرز'ی خوێندەواریی بەستانداردبوو بیگۆڕن، ئەوەش ئـەنجامی هیچ هەژمارکردنێکی کەرەسـتەیی یـان چارەسـەرکردنێکی زیرەکانـە نـەبوو لـە لایـەن ڕۆشنبیرانەوە، داواکارییەکانی بـازاڕی کـار و بیرۆکراسـی، ڕۆریتانیـەکانی فـێری جیاوازیی نێوان خەریکبوون بە سـۆزی هاونەتـەوەیی و غـەریبانی نـەیارەوە کـرد، ئەزموون ئەوانی فێر کرد کەلتووری تایبەتیی خۆیانیان خۆش بـووێت، یـان ڕقیـان لـێی بێت، ئـەو کـەلتوورەی ئـەوان تێیـدا فـێری پەیوەنـدیکردن بـوون، دەبێت بـە کرۆکی شوناسی نوێیان، لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی یەکەمی دوو بنـەمای درزبــردن لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا دەبینـەوە: ئـەویش بەربەسـتەکانی پەیوەندیکردنـە، بنــەمای دووەمیش هەیــە، کــە گیلنــەر نــاوی دەنێت بەربەســتکەرانی 'پێوانــەی لێکترازانی کۆمەڵایەتی'، ئەمانـە خاسـیەتەکانی کـەلتوورن کـە لـەنێو دانیشـتوانی کۆمەڵگەیــەکی پیشەســازیدا، تەنانــەت دوای چەنــدین دەیــەش بــەرەنگاریی پووکانەوە دەبنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تواندنەوەی ئەو تاکانـەی خاسـیەتی بەرگریی لێکترازانیان هەیە، چاوەڕواننەکراو دەبێت. بۆ نموونە ئەوانەی خاسـیەتە بۆماوەییـەکانیان هەیـە، وەکـو ڕەنگبـوونی خانـەکان -ڕەنـگ پەیـداکردن- یـان بـە قووڵی چەسپاندنی خووە کەلتوورییە-ئایینیەکان زۆربەی کات بەردەوامیی شێوەی گوێچکەماسییان هەیە، بەتایبەتی میللەتانێک کە ئـایینێکی پـیرۆز یـان ڕێنووسـێکی تایبەتییان هەیە و لە لایەن کارمەنـدانی تایبەتمەنـدەوە درێژەیـان پێ دەدرێت، لـە دوا قۆناغــەکانی بەپیشەســازیکردندا کاتێــک نایەکســانی کــەم دەکرێتــەوە و پەیوەندیکردن ئاسانتر دەبێت، ئەم جۆرە گرووپانـە ناشـێت بتوێنرێنـەوە، تەنانـەت لە ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی شل و ناجێگیر و جووڵاویشەوە، ئەوان لەسـەر لایەکـەی تری 'بۆشاییە ڕەفتار'ییە گـەورەکان ڕادەوەسـتن کـە لـە نێـوان ئـەو گرووپانـەی

خاسـیەتی لێکـترازانی بەرانبـەر و کۆمەڵگـەی خانـەخوێیان هەیـە دەکرێنـەوە، شیمانەی ناسیونالیزم و نەتەوە نوێیەکان دروست دەکەن (ibid: ch، 6, esp، p،
70-73))).

## ناسیونالیزم و پیشەسازی

بە زۆر ڕێگـە، ئـەم دوا وێنـەی -کۆپییـەی- تیـۆری گیلنـەر وێنەیـەکی زۆر پڕتـر و وردتر لە هۆکارەکان لەسەر ناسیونالیزم و پەیوەندییەکانی بە مۆدێرنێتـەوە لەبـەر یەک هۆ دەخاتە ڕوو، بەراورد بە داڕشتنەکانی پێشتری تیۆرییەکە، ئەویش ئەوەیە ئەم تیۆرییە ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی جێگەیەک بۆ نەتەوەکان و ناسیونالیزم لە جیهانی پێش مۆدێرندا نیە، لەبەر هۆیەکی تـریش، ئـەم تیۆرییـە قۆنـاغی زووتـر و قۆنــاغی درەنگــتری بەپێشەســازبوون جیــا دەکاتــەوە و نیشــانی دەدات بــۆچی قۆناغەکانی دواتر لەوانەیە بزووتنـەوەکانی جیابوونـەوەی ئیتـنیکی بهێنێتـە ئـاراوە، هــەروەها ئــەم تیۆرییــە جۆرناســییەکی نــوێی ناســیونالیزمەکان لــە ڕوانگــەی پەیوەنـدیی نێـوان هەمەچەشـنیی کـەلتووری و دەستگەیشـتن بـە پـەروەردە و بەدەســتگرتنی دەســەڵات نیشــان دەدات، لــە ســەرووی هەموویــەوە، لــە جیاکردنەوەی نێوان کەلتووری 'نـزم' و کـەلتووری 'بـەرز'دا، ئـەم تیۆرییـە لەگـەڵ دووفــاقیی ناســیونالیزم و دیمەنــە دواکەوتووەکــەی، هــەروەها پاڵنــەرە مۆدێرنیســتەکاندا دەجــەنگێت و سروشــتی گواســتنەوەی کــەلتووری ڕوون دەکاتەوە، کە دەبێت دەروازەی -سەرەتای- مۆدێرنێتە تێبپەڕێنێت، هەروەها چەنـد جیاوازیی گرنگ لە نێوان ئەم دوو نموونە -کۆپییـە-دا هـەن، کۆپـیی پێشـتر دەوری زمـانی وەکـو ناوەنـدی فـەرمانکردن و بەسـتەری کۆمەڵگـەی مـۆدێرن ڕوونـاک کردبووەوە، لە کۆپـیی دواتـردا. زمـان سـەرباری ئـەوەی هێشـتا ئامادەیـە، بـەڵام دەبێتــە دووەم بــۆ دەوری سیســتمەکانی پــەروەردەی گشــتیی جــەماوەری لــە دروســتکردنی هاووڵاتیــان و بــەهێزکردنی کــەلتووری بــەرزی کۆمەڵگەیــەکی پیشەسازیدا، هاوشێوە داڕشتنی زووتری تیۆرییەکە جەختی کردبووە سەر دەوری ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر، وەکو یەکێک لـە دوو 'ددانەکـەی' ناسـیونالیزم، ددانەکـەی تریشـیان پرۆلیتاریایـە. لـە کۆپـیی دواتـردا سـەرنجێکی کـەم لـە بەشـداریکردنی تایبەتیی ڕۆشنبیران دەدرێت، کە بە دەوڵـەت و دەسـەڵاتەکەی و سەرپەرشـتی و چـاودێریکردنی سیسـتمی پـەروەردەی جـەماوەری شـوێنیان دەگیرێتـەوە، ئەمـە بەشێکە لە جووڵەیەکی فراوانتر دوور لە کارکەرەکانی بـەمۆدێرنکردن (پۆلـەکان، چینە پیشەییەکان و تاد) بۆ بونیادەکانی مۆدێرنێتە، لـێرەوە تـەنها تاکەکەسـەکان و هەڵبژاردەکانیان ناپەیوەست نەبوون، گرووپی کارکەران و ستراتیژەکانیشـیان لـە باشترین باردا بوونەتە بەرهەمی کارلێکی بەناویەکداچووی 'پێکهاتـە' و 'کـەلتوور'، بزووتنەوەکانیان لە درامای گواستنەوەوە لـە کـەلتووری 'نـزم'ەوە بـۆ کـەلتووری

'بـەرز' پێشـوەختە چارەنووسـی بڕیـار دراوە، ئەمـەش ڕاسـتە وەکـو ئـەو پرۆلیتارپایەی لە وێنـەی -کـۆپی-ی زووتـری تیـۆری گیلنـەردا بـە شـێوەیەکی دیـار خـەیاڵ کرابـوو، هـەمان شـێوەی خـەیاڵکردنی ڕۆشـنبیران، دەوری جیابوونـەوەخوازیی زووتریـان بـە نائـارامیی پرۆسێسـەکانی بەرەوپێشـەوەچوون شـوێنی دەگیرێتـەوە، کـە لـە خۆیانـدا و هـەر خۆیـان دڵنیـایی دەدەن کـە ناشـێت ئیمپراتۆریەتـە مۆدێرنـەکان هـەبن و ئـەو یەکـە نەتەوەییانـە پێوانـەی کۆمەڵگـەی پیشەسازین، ئەوەش تەنها وەرنەگیرانی یان لەخۆنـەگرتنی گـرووپی دیـاریکراوە، کـە لـە لایـەن کـەلتوورەکانی ڕەنگکـردن و ئـایینی کۆنـەوە پێناسـە دەکـرێن کـە بەرەنگاری -دیدوبۆچوونی- خۆسەپێنی قۆناغی پیشەسازی دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکی تیۆریی گیلنـەر بـە خـاوێنی دەمێنێتـەوە، ئەگـەر هـەر شتێک هەبێت، ئەوا ئەو شـتە لـە وێنـەی -کـۆپی-ی دواییـدا زیـاتر بـاس دەکـرێت، نەتەوەکان وەکو گیلنەر گفتوگۆیان دەکات، ئەرکبینن بـۆ کۆمەڵگـەی پیشەسـازی، ئەوان لە جیهانی مۆدێرندا پێویستن، چونکە پەرەسەندنی پیشەسازی پێویستی بـە هەریەکـە لـە شـلێتیی بڵاوبوونـەوەی فـراوان و هاوچەشـنی بەشـێوازبوو هەیـە، ناجێگیریی تاکەکەس لەگەڵ بەستانداردبوونی کەلتووریدا یەکیان گرتووە، ئەمەش دەشێت تەنها بە دروسـتکردنی پێکهاتەیـەکی یـەکپۆش لـە هاووڵاتیـانی چوسـت و لەبار بۆ گۆڕان بەدی بهێنرێت، ئەمـەش لـە بەرانبـەردا پێویسـتی بـە سیسـتمێکی پێوانە گەورەی پەروەردەی گشـتیی جـەماوەری هەیـە، کـە لـە لایـەن دەوڵەتـەوە دارایی بۆ دابین بکرێت و دەسەڵاتی بەسـەردا بگـرێت، تـەنها لەگـەڵ دەسـتپێکی مۆدێرنێتەدا بوو کە ئەم هەلومەرجانە دەشیا بزانرانایە و ئەوان ڕوونی دەکەنـەوە بۆچی سەردەمی مۆدێرن لەڕاستیدا سەردەمی ناسیونالیزمە.

ئەمەش وەک تێزێکی بەهێز و پەیوەندیدار دەمێنێتەوە، کە بەدوای هۆکاری قووڵ و بنچینەییدا بۆ پتەویی نەتەوەکان و دووبارە دەرکەوتنـەوەیان دەگـەڕێت، لەگـەڵ پەلکوتانی ناسیونالیزمەکان لـە جیهـانی مۆدێرنـدا، بـەڵام ئـەوە بـەبێ کێشـەکانی نابێت، دەشێت ئێمە لەگەڵ هەندێک لە مێژوونووساندا بە پرسـینی ئـەوە دەسـت پێ بکەین، ئایا لەڕاستیدا دیاردەیەکی لەم جۆرەی وەکو 'ناسیونالیزم بـە گشـتی' هەیـە کـە دژی جۆراوجۆرێتـیی دیـاریکراو، یـان تەنانـەت دژی نموونـەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بێت، گیلنەر دژی ئەم ناڕەزاییە دەوەستێت لە ڕێگـەی درێـژەدان بـە جۆرناسـی -تـایپۆلۆجی- تایبـەتیی خـۆی بـۆ ناسـیونالیزمەکان و بەوێناکردنی نموونەیەکی گشتی یان خاوێن کـە بـۆ ئـەوە نموونـە تایبەتـەکان زۆر یان کەم نزیکن، بێگومان ئەمە هێشتا ئەو پرسـیارە بـە کـراوەیی بـەجێ دەهێڵێت کە داخۆ نموونەیەکی تایبەتی یان تەنانـەت کـۆی گـرووپی نموونـەکان، دەبێت بـە شێوەیەکی گونجاو لەژێر چەمکێکی گشتیدا هاوپۆل بکرێن، بەڵام ڕاسـتیی تـەواو ئەوەیـە کـە بەشـداران و ڕکەبـەرەکانیان بەگشـتی چالاکییـەکانی خۆیـان لـەژێر

چەمکێکی گشتگری 'ناسیونالیزم'دا هـاوپۆل دەکـەن، کـە گـەواهی بـۆ پێویسـتیی شیکاری و کەڵکوەرگرتن دەدات.

گرنگترین شت بریتییە لە کێشەی بەهۆبوون، دەشـێت کەسـێک بـەوە قایـل بێت ناسیونالیزم لە هەندێک ڕووەوە ئەرکبین -وەزیفی- بێت بۆ کۆمەڵگەی مـۆدێرن و پیشەسازی (لەسەر زەمینەی جۆراوجۆر)، بەڵام ئەوە ڕێگەیەک نیە ڕەگوڕیشە و بڵاوبوونـەوەی ناسـیونالیزم ڕوون بکاتـەوە، ئـەوە تـەنها پرسـیارێکی لۆجیکـیی ڕوونکردنەوە نیە، ئەوە لە لایەن چاودێریکردنی ئەزموونی ئەو دۆخانـەوە دڵنیـایی لەسـەر دراوە کـە بزووتنـەوەی ناسـیونالیزم زۆر بـە ڕوونی لـە پێش بـەرواری گەیشتنی پیشەسازیدا هەبووە، لە سربیا، فینلانـد، ئێرلانـد، ماکسـیکۆ، ئەفـەریقای ڕۆژئاوا و ژاپـۆن، بـە وەرگرتـنی چەنـد حاڵـەتێک بـە هەڕەمـەکی، پێشـکەوتنێکی گــرنگی پیشەســازی، یــان تەنانــەت سەرەتاکانیشــی، لــە کــاتی دەرکــەوتنی ناسـیونالیزمدا بوونیـان نـەبوو، لـە دانیمـارک و ئوسـترالیا، کاتێـک لـە ڕێگـەی بـەمۆدێرنکردنی کشـتوکاڵەوە پەرەسـەندن ڕووی دا، لـەبری ئـەوەی لـە ڕێگـەی بەپیشەسازیکردنەوە ئەو پەرەسەندنە ڕوو بدات، بزووتنەوە ناسیۆنالیسـتەکان لـە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا بەدوای یەکـدا دەرکـەوتن، لـە بارێکی ئێجگار سەرنجڕاکێشـدا، فـەرمانڕەوایانی مـێیجی ژاپـۆن هـەوڵی چانـدنی بـەها و ئەفسـانەکانی ناسیۆنالیسـتییان دا بـە مەبەسـتی بـەمۆدێرنکردنی وڵاتێکی دەرکەوتوو لە گۆشەگیریی نیمچە فیودیاڵیدا، تەنانەت لە ڕۆژئاواش -لە فەڕەنسـا و ئـەڵمانیا- پێش دەسـتپێکردنی بەپیشەسـازیکردن ناسـیونالیزم بـوو بـە هـێزێکی بەدەســەڵات، هەرچەنــدە ئــەوە هاوکــات لەگــەڵ بزووتنــەوەکانی بــەرەو بەمۆدێرنکردندا ڕووی دا.

لە تیۆری گیلنەردا، ئەوە لۆجیکی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی پیشەسازییە کـە جووڵـە لـە کـەلتووری 'نـزم'ەوە بـۆ کـەلتووری 'بـەرز' و دەرکـەوتنی نەتـەوەکان دیـاری دەکــات، تەنانــەت ئــەو ئاماژەکردنــەش هەیــە کــە نەتــەوەکان و ناســیونالیزم ڕووکەشەکانی دەرەوەی گۆڕانکارییە بونیادییە زۆر قووڵترەکانن، دەشێت بۆ ئـەو گۆڕانکارییانە کورت بکرێنەوە، ئەم بۆچوونە لە مشتومڕی گیلنەرەوە دژی وێنـەی خودی ناسیونالیزم سـەر هەڵـدەدات، ئـەوە نەتـەوەکان نین کـە واقیعی بنـەڕەتی پێک دەهێنن و چاوەڕوانی ئەوەن لە لایەن شازادەی ناسیۆنالیسـت چـارمینگزەوە 'بەئاگا بهێنرێنەوە'، ئەوە ئەو هاوچەشنیە کەلتوورییەیـە کـە لـە لایـەن ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتیی پیشەسازیی مۆدێرنـەوە داوا دەکـرێت وەکـو نەتـەوە و ناسـیونالیزم دەردەکەوێت. لەم ڕوانگەیەوە نەتـەوەکان و ناسـیونالیزم لـە چـالاکی و ئـیرادەی سەربەخۆ بێبەشن، بەڵکو شێوەی پیشەسـازی پێـک دەهێنن، ئـەو ڕێگەیـەی تێیـدا کارەکانی لە جیهانێکی ئاشکرادا دەردەکەون، ئەمە پرسیارێکی تر دەورووژێـنێت، بە لەبەرچاوگرتنی فرەیی ئەو ڕێگەیانەی وڵاتانی جیـاواز دەیگرنـە بـەر، لـە کـاتی

جووڵەیان لە کۆمەڵگەیەکی نەریتییەوە بۆ جۆرێکی زۆر مۆدێرنتری کۆمەڵگە، بەهێندوەرگرتنی بەرژەوەندی و پێداویستییە جیاوازەکانی دەستەبژێر و چینەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە لەبەرچاوگرتنی زۆر شێواز کە تێیاندا نەتەوەکان دەردەکەون، ئایا جێگەی قایلبوونە کە وا دابنرێت کۆمەڵگەکان و گرووپە دووەمییەکان هەموویان لە کارەکانیاندا دوای هەمان 'لۆجیکی گواستنەوە' بکەون و گواستنەوەش خۆی بە هەندێک جۆراوجۆرێتیی ناسەرەکییەوە هەمان ئەو ڕێگەیە خۆیەتی لە لایەن کەسێکەوە یان هەموانەوە لەبەر بگیرێت؟ گیلنەر گفتوگۆی ئەوە دەکات شتێکی تەواو شیاو بوو ژمارەیەکی زۆر جیاوازی پرۆسێس و شێواز پێکەوە بسازانایە، بە مەرجێک خاڵی کۆتایی گواستنەوەکە و ئامانجی مۆدێرنێتە بە هەموو پێداویستییەکانیەوە پارێزراو بوایە، لە ڕوانینی گیلنەرەوە، هەڵبژاردنەکان بۆ تاکەکان و گرووپەکان بە هۆی پێوەرەکانی -کارکەری گۆڕاو لە تاقیکردنەوەدا- بە مۆدێرنکردنەوە، بە هەمان شێوە بە توندی سنووردار دەکرێن، جیاوازییەکان هەرچییەک بن دەشێت دەستەبژێرەکان جێبەجێیان بکەن، سەماکە -ئیقاعەکە- لە گەوهەردا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەش لە بابەتی چوونە ناو گفتوگۆوە سەبارەت بە خاسیەتەکانی مۆدێرنێتە و ڕەوایەتیی کەڵک و سوودی چەمکی بەمۆدێرنکردن دوورمان دەخاتەوە، ئەمەش بەشی ئەوە دەکات بگوترێت کە:

١- سەبارەت بە چەمکی بە مۆدێرنکردن و پەیوەندی لەگەڵ بەپیشەسازیکردن یان پەرەسەندندا، ناڕوونی و ناکۆکیی لەبەرچاو هەیە.

٢- هیچ ڕێکەوتنێک نیە لەسەر ڕەوایەتی یان کەڵک و سوودی جیاکاریی بنچینەیی لە نێوان 'نەریت' و 'مۆدێرنیتە' و ئەوانەی گوایە لەگەڵیاندان.

٣- نموونەی زۆر هەن کە تێیاندا ڕەگەزە 'نەریتی' و 'مۆدێرن'ەکان پێکەوە هەن و لەڕاستیدا بەناویەکدا چوون.

٤- لە زۆربەی ئەو واتایانەی بە چەمکەکانی مۆدێرنێتە و بەمۆدێرنکردنەوە پەیوەستن، مەترسییەکی ئاشکرای ئیتنۆ-ناوەند هەیە.

بەکارهێنانی تایبەتیی گیلنەر لێڵ و ناڕوونە، لە لایەکەوە چەمکی بەمۆدێنکردن وا دەردەکەویت بۆ ئاماژەکردن بە گەشەی ئابووری یان بەپیشەسازیکردن بێت، لە لایەکی ترەوە مانای فراوانتری هەیە، ئاماژەکردن بۆ هەموو شتێک کە لەگەڵ بەپیشەسازیبووندا دێت -هاوەڵی دەکات- (تەڵە و پێشبینیەکانی بەپیشەسازیبوون) بەتایبەتی بەڕۆژئاواییکردن، لە بەکارهێنانی تەسکتریدا وەکو ئێمە بە کورتی بینیمان، هەڵگێڕانەوەی پەیوەندیی نزیکی نێوان ناسیونالیزم و بەپیشەسازیکردن یان بەرەوپێشەوەچوون کارێکی قورسە، ناسیونالیزمەکان لە هەموو جۆرە زەمینە کۆمەڵایەتییە ئابووری و سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیدا دەبن و

دەردەکەون، لە بەکارهێنانی فراوانتریدا، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی هەرێمایەتی و کەلتووریی تەواوی پێشکەوتنەکان، چەمکی بەمۆدێرنکردن بۆ زنجیرەیەک ڕێڕەو و پرۆسە دابەش دەبێت کە لە ڕووی مێژووییەوە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە و لە نێوان کۆمەڵگە ئیتنیکییەکاندا دەگۆڕێت، هەوڵدان بۆ سەپاندنی تاکە 'جۆرێکی خاوێنی' ڕووتی مۆدێرنێتە و 'بەمۆدێرنکردن' لەسەر جۆراوجۆرێتیی دەوڵەمەندی پرۆسێسە مێژووییەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی لۆجیکی گرنگی دژ و گواستنەوە لە نێوان دەوڵەتێکی 'نەریتی' و دەوڵەتێکی 'مۆدێرن'دا، زیادەڕۆیی لە ماوەی مێژوویی نێوانیاندا دەکات و نکۆڵی لە بەردەوامیی گرنگ و پێکەوەژیانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەکات، ئێمە پاش ماوەیەکی کورت بۆ ئەم باسە دەگەڕێینەوە.

## ناسیونالیزم و کەلتوورە بەرزەکان

ئەو چەمکە سەرەکییە نوێیەی لە لایەن گیلنەرەوە لە دووەم داڕشتنەوەیدا بەکار خراوە، چەمکی 'کەلتووری بەرز'ە، واتە کەلتوورێکی خوێندەواری گشتی کە لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەی جەماوەری بەستانداردکراو و سەرپەرشتیکراوی ئەکادیمییەوە لە مێشکدا دەچێنرێت و لە لایەن تایبەتمەندانی کەلتوورییەوە پێشکەش دەکرێت، ئەوە لە گەوهەردا پاراستنی کەسانی شاریی کەلتوورتێداچێنراوە، هەروەها لەوانەیە لە کەلتووری ماڵیکراوی 'باخچە' بچێت، بەگوێرەی گیلنەر شوناسی نەتەوەیی ئاسایی بریتییە لە هاوتابوونی یان هاویەکبوونی هاوولاتیان لەگەڵ کەلتوورێکی بەرزی گشتیی شاردا، هەروەک نەتەوە بریتییە لە دەربڕینی کەلتووری بەرز لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. لە بەرانبەردا ناسیونالیزم دەشێت خەیاڵکردن بێت وەکو خواستێک بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی ئەم جۆرە کەلتوورە بەرزە و والێکردنی کە لەگەڵ دەوڵەتدا بگونجێت.

لێرەدا ژمارەیەک گرفت هەیە، یەکەمیان پەیوەندیی کەلتوورە بەرزەکانە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا و بە شێوەیەکی گشتیتریش لەگەڵ سیاسەتدا، ئایا حاڵەتەکە ئەوەیە هەموو کەلتوورە 'بەرزەکان' بەرجەستەکردنەکانی دەسەڵاتن، چی دەسەڵاتی دەستەبژێرە بەهێزەکان بێت، یان دەسەڵاتی دەوڵەتە بەهێزەکان یان گەلە بەهێزەکان بێت؟ ئایا بەدەستهێنانی کەلتوورێکی بەرز بۆ دانیشتوانێکی تایبەتی دیسان کاری دەسەڵاتپێدانە، کە بە هۆیەوە دانیشتوان وەکو دەبێت دەچنە ناو شانشینە سیاسییەکەوە و دەبن بە 'بابەتێک'ی مێژوویی؟ تێوەئالآنێکی لەم جۆرە وا دەردەکەوێت لە گریمانەی گیلنەرەوە دوای ئەوە کەوتبێت، کە تۆ پێویستت بە کەلتوورێکی بەرز هەیە بۆ ئەوەی لە دەریای پیشەسازیدا مەلە بکەیت و ئەو کەلتوورانەشی کە شکست دەهێنن لەوەی بین بە کەلتوورە بەرزەکانی

خوێنــدەواری و خزمــەتی تایبەتمەنــد و خــۆراکی پــەروەدەیی لــە ســەردەمێکی مــۆدێرن و پیشەســازیدا، تێــک دەشــکێنرێن، پاشــان کــەلتووره 'نزمــەکان' لــەنێو گــەلانی بچــووک و بێدەســەڵاتدا چــۆن دەبن، کــە هەنــدێکیان تەنانــەت لــە دەســتەبژێریش بێبەشــن و خۆیــان بــۆ کــەلتووره 'بــەرزەکان' دەگــۆڕن؟ ئــەو میکانیزمانه چین که دڵنیایی سەرکەوتن بۆ ئەم شێوه خۆگۆڕینه دەدەن؟

گیلنــەر ڕوانیــنی پلامێنــاتز وەک بەڵگــە دەهێنێتــەوە کــە لــە ڕووی کەلتوورییــەوە گــەلانی بــە باشــی بــەئامرازبوو، دەتــوانن کــەلتوورەکانی خۆیــان بگــونجێنن بــۆ پێداویســتییەکانی کۆمەڵگەیــەکی پیشەســازیی مــۆدێرن زۆر بــە ئاســانتر لــەچاو ئەوانــەی کــەموکورتیی ئــەم ژێرخانــەیان هەیــە، بــەڵام ئەمــە تــەنها کێشــەی هەژمارکردن بۆ 'گەلانی نادیار-شاراوە' زەق دەکاتەوە، لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی تێیدا کــەلتووره 'نزمــە' دڕنــدەکانیان دەرکــەوتووە، تــا ببێتــە کــەلتووری خوێنــدەواری و پەرەسەندوو و خۆراکدەری پەروەردەی خزمەتکراو لــە لایــەن تایبەتمەندانــەوە ((Plamenatz 1976, Gellner 1983: 99-100).

ئەم کێشەیه بۆ گیلنەر گەورەیە، هــەر کاتێــک ئــەو جــەخت بکاتــە ســەر نــەبوونی پەیوەندی له نێوان کەلتووری 'نزم'ی کۆن و کــەلتووری 'بــەرز'ی مۆدێرنــدا، هــەر کاتێک ئەو ڕووناکی بخاته سەر ڕەگوڕیشەی نوێی دووەمیان و ئەو ڕێگەیانەی که تێیاندا وەڵامی پێداویستییەکانی مــۆدێرن دەدەنــەوە، لەڕاســتیدا کــارێکی قورســە ببینیت چۆن و بۆچی هەر کەسێک ویستوویەتی کەلتووری 'نــزم'ی پێش مــۆدێرنی فیلەندی، چیکی، کورد یان ئێوەی بۆ کــەلتووری 'بــەرز'ی مــۆدێرن و خوێنــدەواری بگۆڕێت، لەجیاتی پاڵپشتکردنی نزیکترین کەلتووری بەرزی دانیشــتوانی ئیتنیکــیی باڵادەســت لــە دەوڵەتەکــەدا، بێگومــان ئەمــە تــەنها ئەوەیــە کــە لەگــەڵ دووبارەبوونەوەی زیــاددا لــە ئاســتی تاکەکەســدا ڕووی داوە، بــەڵام هاوشــان لــە ئاستی دەستەجەمعیدا، پرۆسێسی پێچەوانە و بەمۆدێرنکردنی کەلتووری نــزم بــۆ کەلتووری بەرز، تەنها وەکو شــتێکی بــاوی لێ هــاتووە و بێگومــان تەقینەوەیــەکی زۆر زیاتر بووە.

کێشەیەکی زیاتر هەیە، گیلنەر زۆربەی کات گرنگی بە داهێنراو دەدات، تەنانــەت ئەگەر ئەو داهێنراوە دەستکردیش بێت، سروشتی زۆرێــک لــە کــەلتووری بــەرزی مۆدێرنێتــە ڕۆشــنبیران بەرهــەمیان هێنــاوە و پێشکەشــیان کــردووە بــە هــەزاران منداڵی قوتابخانە لە ڕێگەی کتێبی یەکگرتووی خوێندن و خولەکانــەوە. مەبەســتی گیلنەر ئەوەیە ئێمە لەگەڵ کەلتووری گشــتیی فــێرکردن لــە کۆمەڵگــەی مۆدێرنــدا هاویەک و هاوتا دەبین، نەک لەگەڵ کەلتووری خۆماندا لە ڕەچەڵەک و خێزانــەوە، تەنانەت ئەگەر ئێمــە ددان بــە خــاڵی ئەزموونیــدا بنــێین، ئــەوا پرســی دڵســۆزی و پەیوەستبوون هەر دەمێنێتەوە: بــۆچی دەبێت هــەر کەســێک بــە پەرۆشــەوە خــۆی

لەگەڵ کەلتوورێکی فەرمی و قوتابخانەدا هاویەک و هاوتا بکات؟ ئێمە لە حەفتا ساڵی کۆمۆنیزمدا دەزانین چۆن دوو نەوەی پەروەردەی تەڵقینیی بەکۆمەڵ، تەنانەت دەشێت ناکاریگەر بن، ئایا دەبێت ئێمە بڕوا بەوە بهێنین لە چوارچێوەی نەوەیەکدا، جووتیاران ببنە نیشتمانپەروەرانی فەڕەنسا، ئاسایی چونکە ئەو جووتیارانە لە ڕێگەی پرۆگرامێکی پەروەردەیی هاوبەش و سیستمی قوتابخانەوە -پەروەردە کراون-، لەبەر ئەمەش بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی نیشتمان ئامادە دەکرێن؟ ئایا قوربانیدان لەپێناوی خاکی باپیراندا لەڕاستیدا بەرگریکردنە لە کەلتوورێکی بەرزی لە ڕووی پەروەردەییەوە بەهێزکراو؟ ئەم کێشەیە لە دەوڵەتانی ستەمکاردا تەنانەت زیاتر زەق دەبێتەوە -بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە هەژموونی ئیتنیکی تێیاندا زاڵ نیە- وەکو ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جار خراوەتەوە یادمان.

ئەوە بەتەواوی ڕاستە کە هاووڵاتیانی مۆدێرن کاتێکی زۆر وەبەر دەهێنن و لە پەروەردەیاندا کۆشش دەکەن، بەڵام ئەوە لە خۆیدا ناتوانێت پەیوەستبوونی بەزۆری چڕ و سۆزداری بۆ نەتەوە ڕوون بکاتەوە کە خاسیەتی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە لە هەموو بەشەکانی جیهاندا، پەروەردەی گشتی بە دڵنیاییەوە بە توندی بە رەوپێشچوونی کەسییەوە بەستراوە، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان ڕێبازەکانی پیشەیی و دڵسۆزیی تاکەکەس، کە بە تەنها بوار بە قوربانیبەخۆدان بۆ نەتەوە دەدات، ڕوون و ئاشکرا نین؛ تەنانەت وەبەرهێنان لە پەروەردەی زمانیاندا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە ناتوانێت بەتەواوی شێلگیریی ناسیونالیزمەکەیان ڕوون بکاتەوە.

## ناسیونالیزم و پەروەردەی گشتی

لە تیۆری دووەمی گیلنەردا، سیستمی پەروەردەی جەماوەری و گشتی ئەرکێکی بنچینەیی دەخرێتە ئەستۆ، کە بریتییە لە چاندنی دڵسۆزیی شێلگیرانە بۆ نەتەوە لە هاووڵاتییەکانیدا و بەهێزکردنی کەلتوورە بەرزەکان کە بۆ کۆمەڵگە پیشەسازییەکان پێویستن، ئەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو کە دەور بۆ سیستمی بەستانداردکراوی نوێی پەروەردەی جەماوەری لە کۆماری سێیەکی فەڕەنسادا تەرخان بکرێت،، لە کۆششێکدا بۆ ڕاهێنان و سروشپێدانی ژمارەیەکی گەورە لە هاووڵاتیانی شێلگیر دوای شکستی گەورە لە جەنگی فرانکۆ-پروسیادا و لەدەستچوونی ئەلساسی و لۆرانی، سەرکردە کۆماریخوازەکان سیستمێکی جیهانی پەروەردەی جەماوەرییان داهێنا کە پشتی بە پرۆگرامێکی یەکگرتوو -بەستانداردکراو- بەستبوو، بەتایبەتی لە بابەتە نەتەوەییەکانی وەکو ئەدەب، جوگرافیا، پەروەردەیی بەدەنی و مێژوو، بۆ نموونە لە مێژوودا کتێبی پرۆگرامی یەکگرتوو لە لایەن لاڤیسەوە بۆ هەموو منداڵانی فەڕەنسا لە قۆناغە

جۆراوجۆرەکانـدا دابـەش کـرا، پـەیامی ئـەو کـارەش سـەروەریی فەڕەنسـا و یەکگرتوویی خاکەکەی بوو کە بوو بە ڕەگەزێکی گرنـگ لـە هۆشـیاریی نەتـەوەیی فەڕەنسادا بۆ نەوەکانی دواتر، هەمان شێوە هەوڵ و کۆشش هەبوو بۆ داڕشتنی هۆشیاریی نەتەوەیی لە ڕێگەی پەروەردەی گشتیی جەماوەرییەوە لـە دەوڵـەتانی نەتەوەیی تازەسەربەخۆدا وەکو ژاپۆن، تورکیا و نەیجیریا.

گومـانێکی کـەمیش هەیـە کـە سـەرکردەکانی دەوڵـەتانی نـوێ و (هەنـدێک لـە سەرکردەی دەوڵەتە کۆنترەکانیش) دەوری مەدەنیی پەروەردەی گشتییان زۆر بە ترسناک وەرگرتووە، بەڵام ئەوانەی بە گەورەترین پەرۆشییەوە کاریان کردووە لە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا سـەرکردەکانی ڕژێمـە ناسیۆنالیسـتەکانن، سیسـتمەکانی پەروەردەی جەماوەری و گشـتی و بـەهاکانیان بەرهـەم و ئـەنجامی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتین، نـەک هۆکـاری بن، کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان دەسـەڵاتی گرتووەتـە دەست، ئەگەر ئێمە بۆ کاتی پەیدابوون بگەڕێینەوە و ڕەوتی ئـەم ناسـیونالیزمانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە یەکەمین ناسیۆنالیسـتەکان لـە هـەر دانیشـتوانێکی دیاریکراودا، ئەوانەن کە پێشنیاری ئەو جۆر و پاڵەوانێتییانەیان کردووە کە هۆکاری بـوونی نەتـەوەن، نـەک بەرهـەم و ئـەنجامی سیسـتمی پـەروەردەی جـەماوەریی گشتیی نەتەوەیی بن، کە لەو خاڵە دیاریکراوەی کاتدا لەدایک نـەبووە. لەڕاسـتیدا ئەگـەری زۆری هەیـە بەرهـەمی پـەروەردەی نـەریتیی لادێ، یـان بەرهـەمی سیستمێکی تری پەروەردەی گشتی بن -ئاسایی جۆراوجۆرێتیەکی کۆڵۆنیالی یـان ئیمپریالی- لـە ناوچـەکانی خۆیانـدا، یـان هـیی هـەردووکیان بن. سـەرباری ئـەوە، لەوانەیـە هەنـدێک ڕێگـەیان بـۆ سیسـتمی پـەروەردەی (یـان بەرهەمـەکانی-ئەنجامەکانی) دەوڵەتێکی تـری نەتـەوەیی ئاسـایی دوور لـە ڕێگـەی سـەفەر یـان خوێندنەوە یان میدیای جەماوەری هـەبووبێت، بەشـێکی ئـەوە لـە ڕێگـەی حـەز و ئارەزووەوە بۆ لاساییکردنەوە و کێبڕکێ لەگەڵ ئەو سیستمانەدا بووە، کە یەکـەم ناسیۆنالیستەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتبەدەستگرتندا، کاری خۆیان بۆ دامەزرانـدن و پاراستن یان درێژەپیدانی سیستمێکی پەروەردەی جـەماوەریی گشـتیی تایبـەت بە خۆیان ڕێک دەخەن، کە سیستمی بەها نەتەوەییەکانیان بنوێـنێت و گوزارشـتی لێ بکات (see Argyle 1976; Antony D، Smith 1983a: ch٦،)

هەروەها دەشێت هەمان گفتوگۆ بۆ جەماوەری وابەستەی ئەم ناسیۆنالیسـتانەی سـەرەتا جێبـەجێ بکـرێت، کـە میرۆسـلاڤ هـرۆچ وەکـو وروژێنـەری هەسـتی نیشتمانیی قۆناغی B بزووتنەوەی ناسیۆنالیست باسـی کـردوون، ئەمانـە یـان لـە ماڵەوە، لە قوتابخانەی گوند یان لە هۆڵی خوێندنی گشـتی و قوتابخانـەی گشـتیی دەسەڵاتی ئیپراتۆریەت، کۆڵۆنیالیست یان لە هەردووکیان پەروەردە دەکـرێن. بـە دەربڕینێکی تر، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەکەوێتە پێش هەریەکە لە کـەلتووری نــوێی بــەرز کــە یارمــەتیی دروســتکردن دەدات و سیســتمێکی پــەروەردەیی

جەماوەریی گشتی کە دوای سەربەخۆبوون لە ناوچەکەدا دادەمـەزرێت، ئەمـەش دوای ئـــەوە دەکـــەوێت کـــە شـــێلگیری و ســـۆزی قوربانیـــدانی بزووتنـــەوەی ناسیۆنالیسـتی ناشـێت لـە ڕوانگـەی بەکۆمەڵایـەتیکردنی دەرەکی و سیسـتمی پـەروەردەی جـەماوەریی گشـتی و پەیوەسـتبوون بـە کـەلتووری بـەرزەوە ڕوون بکرێتـەوە. لـەبری ئـەوە هـەموو ئەمانـە بەرهـەمی ناسـیونالیزم و بەرنامـەی ناسیونالیزمن، بۆ دووبارە نوێکردنەوەی نەتەوەیی (Hroch 1985, 1993)، بەڵام ئایا ئێمـە دەبێت بـاوەڕی ناسیۆنالیسـت بـە کاریگـەریی پـەروەردەی جـەماوەریی گشتی لە پێکهێنان یـان شـێوەپێگرتنی هاونیشـتمانێتیی نـوێی نەتەوەییـدا پەسـەند بکەین؟ ئایا تەنها ئەزموونی کۆمۆنیستی بوو لە پەروەردەی تـەڵقینی جەماوەریـدا شکستی هێنا؟ هەندێک سیسـتمی پـەروەردەی جـەماوەریی گشـتی بـە حسـاباتی تایبەتیی خۆیان سەلماندیان کە توانای چانـدنی بـەها مەدەنیـە پەیوەندیـدارەکان و شارەزایی و دڵسۆزییان لە ژمارەیەکی زۆری بەرهەمەکانیاندا نیە، کـە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکات تەنانەت کاتێک گرنگییەکی گەورە بە پەروەردەی گشتیی جـەماوەری دەدەن، چاوەڕوانیـەکانیان زۆر جـار بـە بێئومێـدی کۆتاییـان دێت، پـەروەردەی جەماوەریی مـەدەنی زۆربـەی کـات لـە بەدەسـتهێنانی ئـەو ئامانجـە نەتـەوەیی و سیاسییانەدا کە لەپێناویدا داڕێژراوە و خاوەن تیۆرییە ناسیۆنالیستەکان لە ڕۆسـۆ و فێختەوە بۆ گوکالپ و بێنزیون بینور چاوەڕوانی بـەدیهاتنیان کـردووە، شکسـتی هێناوە.

بەشـێک لـە کێشـەی باسـەکەی گیلنـەر سـەبارەت بـە دەوری سیسـتمەکانی پەروەردەی گشتیی جەماوەری ئەوەیە کە وای دادەنێت تەنها یەک کۆپی 'ئەسڵی' ناسـیونالیزم هەیـە، بیروبـاوەڕی ڕۆمـانتیکیی ئـەڵمانی سـەبارەت بـە نەتـەوە ئۆرگانیـەکان، ئامـانجی سـەرەکییان بریـتی بـوو لـە بەدەسـتهێنانی هاوچەشـنیی کـەلتووری لـە دانیشـتوانی دیـاریکراودا لـە ڕێگـەی پـەروەردەکردنی ئـیرادەی نەتەوەییەوە، بەڵام سەرباری ئەوەی لە ئـەورووپای ڕۆژهـەڵات و چەنـد بەشـێکی ئاسیادا ئەوە کاریگەرە، بەڵام ئەمە بە هیچ شـێوەیەک تاکـە شـێوەی ناسـیونالیزم نیـە، تەنانـەت لـەم دۆخانەشـدا بـە دەربڕیـنی خـۆی تـەنها تاکـە شکسـتێکی سەلماندووە، لەو حاڵەتانەی هـەوڵ بـۆ جێبـەجێکردنی گریمانـەکانی -بنچینـەکانی- دراوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی زیاتر لە کۆمەڵێکی کەمینەی ئیتنیکییان هەیە، ئەویش لـە هیچ شتێکدا سەر نەکەوت، بێجگە لە برەوپێدانی زیـاتری پشـێوییە ئیتنیکییـەکان و ڕووناکی خستنەسـەر سروشـتی 'فرەیـەتی'ی دەوڵـەت، وەکـو لـە یوگۆسـلاڤیای پێشوو، چیکۆسلۆڤاکیای پێشـوو، عـێراق و ئـێران و هینـددا زۆربـەی دەوڵەتـەکان لەڕاستیدا 'فرەیی'ن، لەبەر ئەوە پاڵنەر بـۆ هاوچەشـنیی کـەلتووری بـە دەگمـەن توانیوێتی بە ئامانجەکەی بگات، کە لە دەوڵەتانی لیبراڵ یان دیموکراتیدا، تەنانەت لەو شوێنانەش سەپاندنی ڕاگواستنی دانیشتوان و پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە لایەن

ڕژێمە ستەمکارەکان یان تۆتالیتارەکانەوە جێبەجێ کراوە، زۆربـەی کـات کەمینـە گرنگەکان دەمێننەوە.

نموونــەکانی تــری ناســیونالیزم بنەمایــەکی گــەورەتریان لــە ڕێگــەی یــەکێتیی هەرێمایەتی و سیاسییەوە بونیاد ناوە، لەبری هاوچەشنیی کەلتووری لـە ڕۆژئـاوا، هەروەها لە ئەفەریقا، ئەمەریکای لاتین، ئوستراليا و بەشەکانی ئاسیا، لـە کاتێکـدا زۆر ئاسـاییە بانگەشـەی ئـەوە بکـرێت ئەوانـە ناسـیونالیزمی 'مـەدەنی'ن، زیـاتر لەوەی ناسیونالیزمی 'ئیتنیکی' بن (زۆر نموونە بـۆ هەریەکـەیان بـە پلـەی جیـاواز هەیـە، ئاشـکرایە پێکهاتــەی ئیتــنیکی لــە لایــەن نەریتــە سیاســییەکانی تــرەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هێنراوە.

لەڕاستیدا لە دەوڵەتانی لیبراڵ و دیموکراسیدا، ئامانجی سیستمی پـەروەردەیی جەماوەریی نەتەوەیی بە زۆری بۆ هاوچەشنکردنی دانیشتوان نیـە، وەکـو ئـەوەی بۆ کۆکردنەوەیانە لە دەوری بەها و هێمـا و ئەفسـانە و یادەوەرییـە هاوبەشـەکان، هەروەک بوار بە کەمایەتییەکانی نێویان بۆ هێشتنەوە، پاراستنی هێما، یــادەوەری، ئەفســانە، بــەها تایبەتــەکانی خۆیــان دەدرێت و هەوڵــدان بــۆ گونجانــدن یــان یەکخستنیان لە چوارچێوەی کەلتووری گشـتیی فـراوان و ئەفسـانەی نەتەوەییـدا، بانگەشــەی پــڕ لــە هاتوهــاواری زیــاتری ئــەم کەمینــە ئیتــنیکی و ئایینییانــە و قێزکردنەوەی کۆمەڵگە لیبراڵەکان لە سەرکوتکردنی کەلتووریدا، نەبووەتـە هـۆی وازهێنان لە دڵسۆزییە نەتەوەییەکان یان پەروەردەی مەدەنی، لەجیاتی ئەوە لەناو سیســتمی پــەروەردەی جەماوەریــدا لــە لایــەن کۆمەڵگــە پیشەســازییە هــەرە پێشــکوتووەکانەوە، چەنــدین هــەوڵ بــۆ باربووکردنــەوە دراوە بــە مەبەســتی جۆراوجۆرییەک لە کەلتوورە ئیتنۆ-ئایینیەکاندا، یان لـە نـاوەوەڕا -بـە نائاشـکرایی- یـان زۆر بـە ئاشـکرا لـە ڕێگـەی نموونـەی 'فرەکەلتووریيـەوە'، بـە بـەکارهێنانی هەمەچەشنیی بەئەنجامهاتووی کەلتووری بـۆ پتـەوکردنی خاسـیەتی پێکهاتەیـەکی زیاتر واتە 'شوناسی نەتەوەیی'.

## ناسیونالیزم و بەردەوامیی مێژوویی

لە گەڕانەوەدا بۆ پرۆسێسی بنچینـەیی لـە تیـۆری گیلنـەردا، لـە گواسـتنەوەدا لـە کەلتووری نزمەوە بۆ کـەلتووری بـەرز، دوو پرسـیار سـەر هەڵـدەدەن، یەکـەمیان پەیوەنـدیی بـە تێگەیشـتنی 'هـاو-نەتـەوەیی'ەوە هەیـە. بـەگوێرەی گیلنـەر خـەڵک کــەلتوورە بــەرزەکان پەســەند ناکــەن، چونکــە ئــەوان پــەی بــە پێداویســتییەکانی بەپیشەسازیکردن دەبەن، یان لەبەر ئەوەی ئەوان سوودەکانی دەژمـێرن، بـەڵکو هەلومەرجی بەپیشەسازیکردن جووتیارانی ڕوریتانی ئاوارە کرد و ناچـاری کـردن کــۆچ بکــەن بــۆ میگالۆمانیــا بــۆ ئــەوەی بــە مەبەســتی ڕووبەڕووبوونــەوەی بیرۆکراسییەکی زۆر جار دوژمنکارانە کار بدۆزنەوە، کەواتە ئـەوە پرۆسێســەکانی

بەمۆدێرنکردن بوون کە پەیوەستبوونیان بە کەلتووری بەرزی نوێوە هێنایە ئاراوە، لەم هەلومەرجانەدا، جووتیارانی لە ڕەگوڕیشە هەڵکێشراو بە زوویی جیاوازیی نێوان مامەڵەکردن لەگەڵ هاونەتەوەییەکاندا فێر بوون، واتە ئەوەیان زانی کەسێک لە کەلتوورەکەیان تێدەگات و سۆزداریی بۆی هەیە، کەسێکیش دوژمنایەتی دەکات.

گیلنەر بەردەوام دەبێت: ئەم ئەزموونە هەرە کۆنکرێتییە فێریکردن بەئاگا بن لە کەلتوورەکەیان و خۆشیان بوێت (یان لەڕاستیدا بۆ ئەوەی ئاواتەخوازی ڕزگاربوون بن لێی) بەبێ هیچ هەژمارکردنێکی هۆشیاریارانەی سوودەکان و بەبێ هیچ ئاسۆیەکی جووڵەی کۆمەڵایەتی(Gellner 1983: 61).

لێرەدا ئەو کەلتوورەی ئەوان فێری بوون بۆ ئەوەی لەوە بەئاگا بن ئەوەی دەردەکەوێت کەلتووری ڕەسەنی نزمی ئەوانە، نەک ئەو جۆراجۆرییە چێنراوەی 'باخچە'ی پەیوەست بە بەپیشەسازیکردن، هەروەها هاونەتەوەیی وا دەردەکەوێت ببێتە ئەندامێکی هەمان ئەم کەلتوورە نزمە، کە لە کەلتووری نزمی کێویی 'ئێمە' تێدەگات و سۆزداریی بۆی هەیە، ئەمەش بە دەوری خۆیدا ئاماژەی ئەوە دەدات نەتەوە و ناسیونالیزم بوونیان هەیە، پێش گواستنەوە بۆ بەپیشەسازیکردن، کە کەلتووری بەرزی نوێی تایبەتی هێشتا درووست نەبووە، ئەوەش بە لایەنی کەمەوە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هاونەتەوەییەوە نا، هەروەک دووریی ڕاستەقینەی نێوان کەلتووری نزم و کەلتووری بەرز ناشێت هێندە گەورە بێت وەکو تیۆرییەکە گریمانەی دەکات، لە سەرووی هەموویەوە کەلتووری نزم (بێگومان بەپێی پێویست نوێ کراوەتەوە و ڕێک خراوە) زەمینە بۆ هەریەکە لە نزیکایەتیی نێوان جووتیارانی ڕوریتانی و تێگەیشتن لە هاونەتەوەیی و دوژمنایەتیی نێوانیان و بیرۆکراتەکان کە بەشداریی کەلتووری نزم ناکەن، فەراهەم دەکات.

لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر بەڵگە هەیە کە ئەم کەلتوورە نزمانەن سروش بەم جۆرە دڵسۆزییە گەرموگوڕانە دەبەخشن. بەم شێوەیە کەلتووری جووتیارانی زمان چیکی کەلتووری ئەرستۆکراتی -بۆهیمیانی- سەردەمی پێشتر نەبووە، هەروەک کەلتووری فینلاندی درێژەپێدەری کەلتووری چینی سەرەوەی کەمینەی بە زمانی سویدی قسەکەر نەبووە، پەیوەندییەکانی نێوان کەلتووری جووتیاری ئۆکرانی و کەلتووری ڕووسی کیڤانی پێش چەندین سەدە وەکو یەک تەمومژاوین، وەکو ئەوانەی نێوان جووتیارانی سلۆڤاک و ئەوەی باوک و باپیرە قارەمانە سێبەرەکانیان بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێشتر، لە هەموو ئەم حاڵەتەکاندا، ئەوە کەلتووری نزمی جووتیارانە کە سەرکەوتووە و وەکو کەلتووری بەرزی نوێی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات چەسپاوە.

ئەمە یەکێکە لە جۆراوجۆرێتیی نموونەی گیلنەری، ئەوی تر لەو شوێنەدایە کە کەلتوورێکی بەرزی جەماوەریی نوێ کۆپییەکی بەمۆدێرنکراوی کەلتوورێکی بەرزی کۆنتری دەستەبژێرە، وەکو لە فەڕەنسا، پۆڵەندا، ژاپۆن و ئەسیوپیا، لێرەدا ئێمە دەشێت بپرسین داخۆ ئەوە پێویستییەکانی بەپیشەسازیکردنە کە کەلتووری بەرزی نوێ لێک دەداتەوە و دەیکات بە بنچینە، یان داخۆ شێوە و ناوەڕۆکی ئەو کەلتوورە بە شێوەیەکی باشتر لێک نەدراوەتەوە و لە کەلتووری بەرزی دەستەبژێری کۆنی ئیتنی -ئیتنۆسی-ی باڵادەستەوە داڕێژراوە، جێگەی گومان نیە کە بەم جۆرە ئەو کەلتوورە بەرزانەی دەستەبژێری پێش-مۆدێرن بەمۆدێرن دەکرێن و چەمکەکانیان پەرەیان پێ دەدرێت و زاراوەکانیان فراوان دەکرێت و شێوەکانیان ئاراستە وەردەگرن، خاڵی جێی مشتومڕ ئەوەیە کەلتووری گشتیی جەماوەریی مۆدێرن لە دەوڵەتی نەتەوەییدا تا چەند کۆپییەکی مۆدێرنە لە کەلتووری باڵای دەستەبژێری پێش مۆدێرنی ئیتنۆسیی باڵادەست، یان تا چ مەودایەک بە ئاسانی 'کەرەستە' لەو کەلتوورەوە بۆ مەبەستی خۆی بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و خەیاڵییانە بەکار دەهێنێت ((see Fishman et al، 1968, 1972, Edwards 1985)).

وەک بینیمان گیلنەر چەند جارێک بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە، هەر جارێک ئەو کۆمەڵێک سیناریۆ پێشنیار دەکات: تا ئاستێک بەردەوامی لەگەڵ کەلتووری نزمی کۆن یان بەرز، سڕینەوەی کەلتووری پێش مۆدێرن، هەڵبژاردنی پڕبایەخ لە بابەت و بیرۆکەکانی، گۆڕانکاریی ڕادیکاڵانە لە توخمەکانیدا، لەڕاستیدا داهێنانی کەلتوورەکانی پێش مۆدێرن و بەکارهێنانی نزیک لە گۆترەیی هەندێک لە کەرەستە کەلتوورییەکانی وەکو دەیڵێت: ''هەروەها هەر پارچە و بەشێک خزمەتیان دەکرد''، ئەمە هەمووی بەشێکە لە ئەرکەکانی ناسیونالیزم و بەکارهێنانی شکۆدارانەی ڕابردوو.

نموونەی 'بەکارهێنانە مێژوویی'ەکانی سەرنجڕاکێشی خۆیی هەیە، پێشینە مێژووییەکان دەشێت بۆ گوتاری ناسیۆنالیست بەکەڵک بن، هەروەها ناسیۆنالیست چاکسازی لەوانەدا دەکات کە دەیانەوێت بۆ بەهێزکردنی نەتەوە بەناو پێوەرە ئازاربەخشە نوێیەکاندا بڕۆنە پێشەوە، نموونەی مێژوویی چاکەکاری لەوانەیە دیسان خزمەتی ئامانجەکانی ناسیۆنالیستانی ڕەفتارخواز و فێرکردنی چاکەکارییە پاڵەوانیەکانی 'باوباپیرانی ئێمە' بکات، بێگومان دەشێت ڕابردوو بۆ بەکارهێنانێکی باش بخرێتە کار و وەکو سەرچاوە، یان کانگایەکی کەرەستە کەلتوورییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی فێرکاری خزمەت بکات. لە هەر حاڵەتێکدا ڕابردووی نەتەوەیی خزمەتی سەرقاڵبوونی فیکری و پێداویستی و بایەخدانەکانی سەرکردەکانی ئەمڕۆ و شوێنکەوتوانیان دەکات، وەکو لە زۆر لەو بانگەشەکردنە هەرێمایەتییانەدا ئاشکرایە کە ناسیۆنالیستەکان لە هەموو شوێنێکدا دەیکەن،

لەمەدا گیلنەر بەشداریی ڕوانینی مۆدێرنیست دەکات سەبارەت بە شێوەپێگرتنی ڕابردوو بە هۆی پێداویستی و بارودۆخی ئێستاوە (see Gellner 1997, ch 15).

بەڵام ئایا دەشێت ڕابردوو بەم شێوەیە تاڵان بکرێت؟ ئایا ڕابردوو تەنها لە نموونەکانی ئازایەتی، خۆڕاگری و تابلۆی ڕەفتاری پێک دێت، کە شایانی لاساییکردنەوەیە؟ هەروەها ئایا ناسیۆنالیست دەتوانێت کەڵک لە مێژووی ئیتنۆ وەربگرێت بەو ڕێگە ئامرازییانە، بەم جۆرە ناسیۆنالیستەکان هەوڵیان داوە هەندێک جار بە سەرکەوتوانە و بێ هیچ نکۆڵیکردنێک ئەوەیان ئەنجام داوە، تیلاک سوودی لە هەندێک بابەت و بیرۆکە و ڕووداوی ڕابردووی ماراسی و هیندۆئیندییەکان وەرگرت، لەناویاندا جەنگاوەرانی ئایینی شیڤاجی، پەرستیاری کالی خوداوەندی ترس و تۆقین و ڕێنمایی لۆرد کریشنا بۆ ئارجونا لە بهاگاڤاد-گیتا، بەڵام کاتێک لە کۆت و پێوەند ئازاد دەکرێن، ئەو هەست و سۆزەی بە هۆی ئەم جۆرە لێکدانەوانەوەی ڕابردووی قارەمانانەوە دەجووڵێنرێن، دەرەنجامی قووڵ و بەردەوامیان دەبێت کە هاندەران و شوێنکەوتوان بە چوارچێوە و نەریتێکەوە دەبەستنەوە دروستکراوی خۆیان نیە، کە مێژووی پڕ لە گیروگرفتی ئەم دواییانەی هیند نیشان دەدات، ئەوان دەبنە ملکەچی بەردەوامی ئەو نەریتانەی لە لایەن نەوە یەک لە دوای یەکەکانی کۆمەڵگەیەکەوە دەستبەدەست دەکرێن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو تێگەیشتن و هەست و سۆزانەوە لەو نەریتانەدا بەرجەستە دەبن، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێیدا پێک دێن، بە دەربڕینێکی تر ناسیۆنالیستەکان دەتوانن هەندێک جار 'ڕابردووی ئیتنیک' بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام بۆ ماوەی درێژخایەن نا: ئەوان بە زوویی خۆیان لە چوارچێوە و ڕیزبەندییەکان و ئەو گریمانانەدا دەبیننەوە کە پێوەند دەکرێن و لەودیوی لێکدانەوەکانی نەوە یەک لەدوای یەکەکانەوە حەشار دەدرێن.

ئەمە بۆ ئەوە نیە بگوترێت تەنها یەک 'ڕابردووی ئیتنیکی' بۆ هەر کۆمەڵێک هەیە، یان تێگەیشتن لە نەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو کۆمەڵە ناگۆڕێت، بە پێچەوانەوە وەکو گرووپ و چینەکان لەناو کۆمەڵێکدا ئازاد دەکرێن، لێکدانەوە نوێیەکان بۆ ڕابردوو ئەنجام دەدرێن و دوای ماوەیەک دەبنە بەشێک لە وێنەیەکی زۆر ئاڵۆزی سەرووی هەموو شتێک و تێگەیشتن لە ڕابردووەکانی ئیتنیکی ئێمە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵە هەبووەکان و لێکدانەوەکانی پێشتر ئەگەرەکانی گۆڕانگاریی ڕادیکاڵانە سنووردار دەکەن.

تەنانەت لە حاڵەتی شۆڕشە گەورەکانیشدا، زۆربەی جار گەڕانەوەیەکی گشتی بۆ هەندێک لە لێکدانەوە بەکۆمەڵە کۆنترەکان و بەهاکانیش هەیە، کە دوای قۆناغی توندوتیژی شۆڕش پەیڕەوی خۆی بەڕێوە بردووە، تێگەیشتنی ئێمە لە کەلتوورەکانی ڕابردوودا سنووەکان بۆ ئەو ئاستە دیاری دەکات کە دەشێت بۆی

بگـۆڕدرێن، بـە بەڵگـەکراوی دەوڵەمەنـدتر و باشـتری ئـەو ڕابـردووە و ئـەو کەلتوورانە، زانیاری و تێگەیشـتنی زیـاتری ئێمـە لێیـان، ئـەرکی گۆڕانکـاریی ئـەو کەلتوورانـە و لێکدانـەوەکانی ئێمـە بـۆ ڕابـردوو گرانـتر و ئـاڵۆزتر دەکـات ((see Brass 1991, chs، 1-2)) لەبەر ئەوە هەمیشـە پێکـداچوونێکی ئـاڵۆز لـە نێـوان پێداویستییەکان و بایەخدانەکانی نەوەکان و دەستەبژێرە نوێیەکان و نموونـەکان و بەردەوامییەکانی کەلتوورە کۆنترەکان و لێکدانـەوە نێوەندنگیرییـەکانی ڕابـڕدووە ئیتنیکییەکانی 'ئێمە' هەیە، ئەمەش پرسیارێکی زیـاتر بـەرز دەکاتـەوە، کـە تیـۆری گیلنەر بە جیددی وەریناگرێت، ئارەزووی سەردەم بۆ ڕاستکردنەوەی ڕابردوو، بۆ هەڵبژاردن لە هەموو ئەوەی پێشتر تێپەڕیوە کە دیار و دەگمەنە و لەڕاستیدا هیی 'ئێمەیە'، بـەم جـۆرە ئامـاژە بـە چارەنووسـێکی دەگمـەنی هاوبـەش دەکـات. بـە دەربڕینێکی تر پرۆسێسی هەڵبژاردن لە نەریتە هەڕەمەکییـەکان و لێکدانـەوەیان ئاسـایی ناشـێت بـۆ بایەخـدان بـە پێداویسـتییەکانی دەسـتەبژێرە تایبەتـەکان و نەوەکانی ئێسـتا کـورت بکرێتـەوە، پێداگرییـەکی لـەو شـێوەیە لەسـەر داڕشـتنی ئێسـتا ڕێگـری لـە تێگەیشـتنمان دەکـات لـە کـارلێکی نێـوان نـەوەکانی ئێسـتا و نەوەکانی ڕابردوودا، لەگەڵ بایەخدان و دەستکەوتەکانی هەر یەکەیاندا.

ئەمە دەوری ناسیونالیزم پەیوەسـت بـە نـەوە جیاوازەکـان و ڕابـردوو، ئێسـتا و داهاتوو، پێداویستی و دەسـتکەوتە یـەک لـەدوای یەکـەکانیان فـەرامۆش دەکـات، وەکو درامایەکی ڕزگارکردنی بەکۆمەڵ، ناسیونالیزم ئەوەی هەژمار دەکـرێت بـۆ خاوێنکردنەوە و لەدایکبوونەوەی بەکۆمەڵ دیاری دەکات. بە کورتی هەموو شتێک کــە میللی و ڕاســتەقینە بێت، بــە شــێوەیەکی ڕزگارکەرانــە بەشــداری لــە ڕابوونەوەی نەتەوەدا دەکات، لە کاتێکدا هەموو ئەوەی پەیوەندی بـە بەشـبوون و کۆسـمۆپۆلیتی و سـەرکوتکردنەوە هەیـە، پێویسـتە لەدایکبوونـەوەی دوا بخـرێت. بـەگوێرەی ناسـیونالیزم بـەهای بـاڵا بریتییـە لـە سـەربەخۆیی بەکۆمـەڵ یـان دەستەجەمعی، بەڵام سەربەخۆیی پێویستی بە یـەکێتیی بەکۆمـەڵ و شوناسـێکی جیاواز هەیە.

ئـەم 'ئێمـە'یـە ناشـێت بەڕاسـتی خۆڕێکخـەر و لـە نـاوەوەڕا ئـازاد بێت، ئەگـەر هەموو ئەندامانی یەک نەگرن و هاوبەشی مـێژوو و کـەلتوورێکی جیـاواز نەکـەن، لەبـەر ئـەوە دامەزرانــدنی ســەربەخۆییەکی بەکۆمــەڵ پێویســتە هەمیشــە لــە یەکگرتوویی و جیاوازبوونی کۆمەڵدا هەوڵێ بۆ بدرێت، هەروەک جیاوازبوونی یان تاکەکەسێتیبوون بە دەوری خۆی، بە چەندێتی و چۆنێتیی ئەو ڕەگەزانە دەپێـورێت کە بە شێوەیەکی تایبەتی 'هیی خۆیەتی' و سەر بـەو کۆمەڵگەیـە و خاسـیەتەکانی ئـەو کۆمەڵگەیـەی هەیـە نـەک کۆمەڵگەیـەکی تـر، سەربەسـتیی ڕاسـتەقینە لـە ڕاستگۆبوونی کەسێک لەگەڵ خۆیدا پێک دێت کە وەکـو ناسـنامەیەکی کـەلتووری بەکۆمــەڵی دەگمــەن و پێوانەنــەکراو بــیری لێ دەکرێتــەوە، ئــەرکی ســەرەکیی

ناسیۆنالیست ئاشـکراکردن و جیاکردنـەوەی ئـەو شـتەیە کـە بەڕاسـتی 'مرۆڤـە' لەگەڵ پاکژکردنەوەی خودی بەکۆمەڵ لە هـەر شـوێنەوارێکی ئـەوی تـر. لـێرەوە دووبـارە ئاشـکراکردنەوە و سـاغکردنەوە و لێکدانـەوەی ڕاسـتی ڕابردوویـەکی ناوازەی ئیتنیکی دەبێتە تەوەری کارەکـانی ناسیۆنالیسـت، لـەم سـێیە پرۆسێسـی پشتڕاستکردنەوەی -ڕەسەنایەتی- یان گۆڕینی توخمەکانی ئەوی تری گەنـدەڵبوو لەوانی خاوێن و ڕەسەندا، کـاری سـەرەکی و تـەوەرین و وەکـو ڕێنیشـاندەرێکی توندن، واتە لەو خەڵکانەن خاوێن و ڕەسەنن، وەکو لێڤین، لە سادەیی و خاوێنیی جووتیاری ڕووسیدا، نهێنیی چاکەکاری ئاشکرا کرد، لەبەر ئەوە ناسیۆنالیسـتەکان نەتەوەیـەکی ڕاسـتەقینە لـە ژیـان و بـەهاکانی خـەڵکی ئاسـاییدا دەدۆزنـەوە ( Thaden 1964).

بـەگوێرەی گیلنـەر بێگومـان ئەمـە هـەمووی بەشـێکە لـە فێـڵ و خۆفریـودانی ناسیونالیزم، بەڵام ئەمە بۆ لەدەستدانی مەبەستەکەیە، ناسیۆنالیستەکان دەشێت لە کاتی ستایشکردنی ژیانی کشتوکاڵی و ڕێگە میللییەکانیدا پیـادەی مۆدێرنێتـەی شاری بکەن، بەڵام نموونەی ئەوان بۆ نەتەوە و خواسـت و ویسـتیان بـۆ دووبـارە دروستبوونەوە لە بیروباوەڕیانەوە لە نموونـەی بـاڵای ڕەسـەنایەتیی نەتـەوەیی و بەرجەستەکردنی لە 'خەڵکەکەدا' دادەڕێژرێت. ئەگەر ئێمە لەم بابەتـە تێنەگـەین، ئەوا لـە ڕوونکردنـەوەی گـەرموگوڕی مەسـیحییانەی ناسـیونالیزم و توانـای جـار لــەدوای جــار بــۆ تێکــەڵکردنی عەقڵانیــەتی ڕەســمی کۆمەڵگــە پیشەســازییە پێشــکەوتووەکان، هــەروەها ڕۆتینــە نەریتییــەکانی کۆمەڵگــە کشــتوکاڵییەکان ڕێگریمان لێ دەکرێت، لەگەڵ توانای گونجاندنی شێوە حەربایی، لێکدانەوەکان و هەموارکردنەوە نوێیـەکانی وێنـە و گێڕانـەوە نەتەوەییـە وەرگیراوەکـان فەراهـەم بکەن، وەک چۆن ئەوە لە ڕووسیا و لە ئـەورووپای ڕۆژهـەڵات ڕوو دەدات، هـەر ئەم نەرمونیانییەیە، شانبەشانی بڕوای پتەوی بە خـەڵک، وەکـو سـەنگی مەحـەکی ڕەسەنایەتی، کە توانا بـە ناسـیونالیزم دەدات خـۆی ڕاسـت بکاتـەوە و نموونـە -کــۆپی- ڕەســمی یــان وەرگیراوەکــانی ڕابــردووی نەتــەوەیی و چارەنووســی نەتـەوەیی بگـۆڕێت، هاوکـات بـە دڵسـۆزی بمێنێتـەوە بـۆ ئامانجـە بنچینەییـەکانی ڕەسـەنایەتیی بەکۆمـەڵ و یـەکبوون و سـەربەخۆیی (see Hutchinson 1987: ch،1).

لـێرەوە بانگــەوازی دووبــارەبووەوەی نەتــەوەیی بــۆ مــێژووی ئیتــنیکی و بــۆ ڕابردوویەکی ڕەسەنی خـەڵک، تـەنها بەپۆسـتەرکردن یـان ئامـاژەی سـوارچاکی نابێت، هەروەک تەنها گوتارێکی میللی نیە ئازاری ئەودیوی نیـازە ڕاسـتەقینەکانی بشارێتەوە، بەڵکو توخمی نارۆدنیکی بنچینەییە (ئەندامی بزووتنەوەیەکی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەئاگای چینی ناوەندی ڕووسی -و-) بـۆ پـرۆژەی بـەمۆدێرنکردن، لەم ڕووەوە مرۆڤ دەتوانێت ناسیونالیزم وەکو پردێک لە نێوان میراتی جیـاوازی

ڕابــردووی ئیتــنیکی و ئــەو ''بــەها کەلتوورییانــە ببیــنێت کــە نــاکرێت جێگــەیان بگیرێتەوە''، لەگەڵ پێویستیی هەر کۆمەڵگەیەک بـۆ ئـەوەی وەک نەتەوەیـەک لـە نێوان زۆرێک لـە جیهـانی زیـاتر بـە بـیرۆکراتیکراوی سـەرمایەداریی پیشەسـازیدا بژی، لـە ئەنجامـدانی ئـەوەدا ناسـیونالیزم وەکـو ئاوێزەیـەک کـار دەکـات کـە لـە ڕێگەی ئەوەوە، گەرچی بە شێوەی گۆڕاویش بێت، هەندێک لـە بەردەوامییـەکانی ڕابردوو لە نێوان گۆڕانکارییەکانی مۆدێرنێتەدا بپارێزرێن.

## ناسیونالیزم و ڕابردووی ئیتنیکی

کێشـەی بـەردەوامی مـێژووی نەتـەوەیی بـە تونـدی بـە پرسـیاری بێزارکـەری پەیوەنـدیی نێـوان ئیتنیسـتی و ناسـیونالیزمەوە دەبەسـتریت، بـە لای زۆرێـک لـە خاوەن تیۆرییەکانـەوە، ئاوەڵناوەکـانی 'ئیتنیـک' و 'نەتـەوەیی' ئـاڵوگۆڕن و ئـەوان جیاوازیی بچووک لـە نێـوان گرووپـە ئیتنیکییـەکان و نەتەوەکانـدا دەکـەن، بـە لای ئەوانی ترەوە ئیتنیستی ئاماژە بـۆ دابەشـبوون لـەناو نەتەوەیەکـدا ئاسـایی لـەناو دەوڵـەتێکی نەتەوەییـدا دەکـات، وەکـو هەرێمایـەتی، وەکـو دیاردەیـەکی نیمچـە نەتەوەیی، گیلنەر بەگشتی لـە زاراوەکـە خـۆی دوور دەکەوێتـەوە و لـە سـنووری قسـەکردندا سـەبارەت بـە سـنوورەکان، ئاوەڵنـاوی 'ئیتنیـک' لـەناو 'نەتـەوەیی'دا دەتوێنێتەوە، یان لەگەڵ 'کەلتوور'دا بە ئاڵوگۆڕی بـەکاریان دەهێـنێت، بێجگـە لـەو شوێنەی وا دەردەکەوێت وەسفی بەگرووپبوونێکی 'ڕەگەزی' بکات، ئەم ناڕوونی و ناوردی و کەمیی گرنگیپێدانە بە دیاردەی ئیتنیکی، بەشـێکە لـە چارەسـەرکردنی ڕووکــەش و نــاکۆکیی گیلنــەر بــۆ پەیوەنــدیی ناســیونالیزم بــە ڕابــردووەوە، بــە ڕەچــاوکردنی تــەوەری تیۆرییەکــەی ئــەو، داڕشــتنی نەتــەوە و ناســیونالیزم لــە دەرەنجامەکانی مۆدێرنێتەوە، جێگـەی سەرسـوڕمان نیـە کـە ئیتنیسـتی و مـێژوو وەکو گرنگیی دووەمی دابنرێن.

بـەڵام وەکـو من بـەردەوام دەبم لـە گفتوگـۆکردن، ئیتنیسـتی وەکـو مـێژوو، بـۆ تێگەیشـتنێکی گونجـاو لـە ناسـیونالیزم گرنگـە، تێکـەڵاوکردنی ئیتنیسـتی لەگـەڵ نەتەوایەتیـدا، پرسـیارێک بەرزدەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کـەلتووردا یەکسـانی بکات، ئەوەش شتێکە بەهەمان ئاست جێگەی ناکۆکییەو چەمکێکی تـەمومژاوی و فرە لایەنەو شتێکی کەم دەکات بۆ پێشخستنی تێگیشتنمان، هەروەها ئـەوە هـانی گفتوگۆیەکی سەیر دەدات سەبارەت بە بەهێزی یان لاوازی ناسیونالیزم لە ڕووی ژمارەی کەلتوورەکانـەوە واتـە" گرووپـە ئیتنیکییـەکان" کـە شکسـت دەهێنن لـە" بەئاگاهاتنەوە"و هەوڵدان بۆ بوون بە نەتەوەکانی" خەوتوانی پێداگر، بە دەربڕیـنی گیلنەر"، ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئەم کەلتوورانە، یان ئەم گرووپە ئیتنیکیانە ئاسایی لە دەرەوەڕا چەند پۆلی جیاکراوەن، کە ئەمانە خودهۆشـیاری بەکۆمـەڵ، یان هەستی بەکۆمەڵبوون و پتەوبوون و پێشتگیریان زۆر کەمە یان هەر نیانـە، بـۆ

گریمانـەکردنی ئـەوەی کـە کۆمـەڵێکی بەناوچـەییبوو لـە خـەڵک، کـە بـە هـەمان دیالێکتـەکان قسـەدەکەن و پەیوەسـتن بـە هـەمان داب و نەریتـەوەو لەهـەمان قوداسـدا پەرسـتیاری دەکـەن، کۆمـەڵێکی ئیتـنیکی پێکـدەهێنن، کەواتـە پێویسـتە ناسیونالیزمێک بخاتـەوە، ئەگـەر بمانـەوێت ناسـیونالیزم وادابنـێین کـە" بـەهێز"ە، ئەمـە مانـای لەدەسـتدانی قۆناغـە زینـدووەکانی ئیتنۆگێـنز-بـەئیتنۆس بـوون- و تێپەڕاندن لە گـەڕان بـەدوای ئـەو فاکتەرانـەدا کـە پـۆلێکی ئیتـنیکی شـل و کـاڵ دەگـۆڕێت بـۆ گردبوونەوەیـەکی ئیتـنیکی و لەوێشـەوە دەیگـۆڕن بـۆ کۆمـەڵێکی ئیتنیکی، پاشان-چ جای- نەتەوەیەک(SEE Handelman 1977; Eriksen 1993)،

لـەو حاڵەتانـدا کـە تێیانـدا کـەلتوورەکانی پێش-هـەبوون بەرهـەمی کۆمەڵـە ئیتنیکییەکان بوون، زۆر جار بۆ پرۆسێسـی یەکخسـتن و بەکۆمـەڵکردن بـەردەوام دەبن، کە ناشێت بۆ زنجیرەیەک (دژە- داڕمان) ؛خاسـیەت' یـان 'بـەش و پارچـە' کورت بکرێتەوە، مـێژووی ئیتنـۆس دوکـانی شـیرینی نیـە تێیـدا ناسیۆنالیسـتەکان بشـێت 'هـەڵبژێرن و تێکـەڵاو بکـەن'، ئـەوە سـنوورەکانی هـەر تـەرخانکراوێکی هـەڵبژاردە دادەنێت لـە ڕێگـەی دابینکـردنی چوارچێوەیـەکی دیـار و نموونـەی ڕووداوەکان و کەسەکان و پرۆسێسـەکانەوە و بـە دامەزرانـدن یـان چەسـپاندنی چوارچێوە و هێما و دامەزراوەکانەوە، تێیاندا پەرەسەندنە ئیتنیکییە زیاترەکان ڕوو دەدەن، ئەوەش میراتێکی دیاریکراو، بـەڵام تـەواو فەراهـەم دەکـات کـە ناشـێت پارچەپارچە بکرێت، پاشان بەپێی داواکاری پێشکەش بکرێت.

بۆیـە بانگـەوازی ناسیۆنالیسـتی بـۆ ڕابـردوو تـەنها پیرۆزکردنێـک و داواکـردنی ئامادەبوون نیە لە خەڵک، بەڵکو دووبارە ئاشکراکردنەوەیە لە لایـەن ڕۆشـنبیرانی نـامۆی کـۆی مـیراتێکی ئیتنیکییـەوە لـە لایـەن کۆمـەڵێکی زینـدووی ڕەچەڵـەک و مـێژووی گریمانـەکراوەوە، دووبـارە ئاشـکراکردنەوەی ڕابـردووی ئیتنیکـیی ئـەو یادەروەری و بەها و هێما و ئەفسانە زیندوانە فەراهەم دەکـات، کـە بـەبێ ئـەوان ناسـیونالیزم بێهـێز دەبێت، بـەڵام ئـەم ئەفسـانە و هێمـا و بـەها و یادەوەرییانـە دەنگدانەوەیەکی میللییان هەیە، چونکە لەسەر نەریتـە زینـدووەکانی خـەڵک (یـان توێژەکـانی) دادەمـەزرێن، کـە بـە مەبەسـتی یـەکگرتن و جیاکردنـەوەیان لـە دراوسێکانیان خزمەتی هەردووکیان دەکـەن، ئـەم یەکگرتووییـە بـە دەوری خـۆی وەسـتاوەتە سـەر ئەفسـانەیەکی بـەهێزی ڕەچەڵـەکێکی گریمانـەکراوی بـاو و یادەوەرییـە مێژووییـە هاوبەشـەکان، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن، پێویستە گریمانـەی ناسیۆنالیسـت بتـوانێت لـە بـەردەم بـەدواداچوون و ڕەخنـەی مێژووییدا خۆی بەهێز بکات، ئەوەش یان لەبەر ئەوەی هەندێک بەڵگەی بە باشـی پشتڕاستکراوەی ڕەگوڕیشە ئیتنیکییە سەرەتاییەکان لە بەردەستدان، یـان لەبـەر ئەوەی ئەمەی دواییان -ڕەگوڕیشەی ئیتنیکی- بەتـەواوی لـە تاریکیـدا پـەردەپۆش

دەکرێت، وەکو ئەوەی لە بەردەم پشتڕاستنەکردنەوە و بەدرۆخستنەوەیدا ڕێگر بێت.

ئەوەی وا دەکات ئەم ئەفسانە و بەها و هێما و یادەوەرییانە زۆر سەرنجڕاکێش و بەهێز بن، بریتییە لە داواکاریی ئەوان بۆ خزمایەتیی گریمانەکراو و پەیوەندییەکانی نیشتەجێبوون بۆ پشتگیریکردنی ڕەسەنایەتیی بەها دەگمەنە کەلتوورییەکانی کۆمەڵ، لەم ڕووەوە کۆمەڵی ئیتنیکی هاوشێوەی خێزانێکی فراوانە، یان زیاتر 'خێزانێک لە خێزانەکان'، خێزانێک بەسەر کات و شوێندا بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە نەوەکان و ناوچەکان لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەپەڕێتەوە، ئەم هەستکردنە بە خزمایەتیی درێژبوونەوەی کەسوکار، کە بە نیشتمانێکی دیاریکراوەوە پەیوەستن، لە دوای شوناسە نەتەوەییەکان و یەکبوونەوە لە زۆر دەوڵەتی نوێدا حەشار دراوە و هەستێکی زیندوو بە پەیوەندیی خزمایەتیی بەردەوامی بێ یادەوەری بە ئەندامەکانی دەبەخشێت، ئەمانە ئەو بیرۆکانەن کە من لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا فراوانیان دەکەم.

لە ئێستادا پێویستمان بەوەیە لە سروشتی کەموکورتیی تیۆرییەکانی مۆدێرنیستی وەکو گێلنەر تێبگەین، کە سەرباری ڕەسەنایەتیی تێڕوانینیان، کە لە حیسابکردنیان بۆ قووڵایی مێژوویی و گەیشتن بە فەزای ئەو پەیوەندییانەی دەبنە بنەمای نەتەوە مۆدێرنەکان، شکست دەهێنن؛ چونکە ئەو مۆدێرنیستانە تیۆرییان بۆ ئیتنیستی و پەیوەندیی ئەو تیۆرییە بە ناسیونالیزمی مۆدێرنەوە نیە، ئەنجامەکە ئەوەیە ڕێگە لە مامەڵەکردنی حیسابەتەکانیان لەگەڵ ئەو پرسانەدا بگرێت کە بەو نەتەوە و ناسیونالیزمانەوە پەیوەستن کە لە ئەگەری دەرکەوتندا بوون لە هەر شوێن و لەسەر هەر بنەمایەک، لە کاتێکدا ئەم جۆرە تیۆرییانە پرسیارەکان لەبارەی چۆن و کەی ناسیونالیزم بەگشتی بە قەناعەتێکی بەرچاوەوە دەرکەوت، ئەوان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە سەبارەت بە کام نەتەوانە بدەنەوە و لە کوێ و لەسەر چ بنەمایەک ئەم نەتەوە دیاریکراوانە سەریان هەڵدا، یان کام نەتەوە و ناسیونالیزمانە لە داهاتوودا ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە، بۆ وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە، ئێمە پێویستە ڕوو لە شوێنێکی تر بکەین.

سەرچاوە:

Anthny D، Smith: Nationalism and Modernism, ed، In Taylor and Francis, e، Library, London and New York, 2003, p 27-46،

## بەشی پێنجەم/ ناسیونالیزمی ڕۆژئاوایی و ناسیونالیزمی ڕۆژهەڵاتی:

نووسینی: بیندینکت ئەندرسۆن

ئایا جیاوازییەک هەیە گرنگ بێت؟

خۆشبەختانە ئێمە چیتر گوێمان لە شتێکی زۆر نیە سەبارەت بە بەها ئاسیاییەکان، ئەم 'بەهایانە' ڕەوانبێژییەکی زۆر ناساز بوون، وەکو دەربڕینی بریقەداری هەندێک سەرکردەی دەوڵەت بۆ ئەوەی پاساو بۆ فەرمانڕەوایی ستەمکارانە و خزمایەتی و گەندەڵی بهێننەوە، هەرچۆنێک بێت قەیرانی دارایی ساڵی ١٩٩٧، گورزێکی توندی لەو بانگەشانە سرەواند کە ڕێگەیەکی خێرایان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی هەمیشەیی ئابووری دۆزییەوە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی شێوەیەکی جیاوازی ئاسیایی لە ناسیونالیزمدا هەبێت، نەک ئەو بۆچوونە لە ئاستیکی زۆردا هێشتا لای ئێمە ماوە، بەڵکو ڕەگوڕیشەی بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەگەڕێتەوە[١]، تا ئەندازەیەک ڕوونە کە دوایین سەرچاوەکانی ئەوە لە پێداگریی بەدناوی ئیمپریالیزمێکی ڕەگەزپەرستیی ئەورووپیدایە، کە دەڵێت ''ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە و ڕۆژئاوا ڕۆژئاوایە و هەرگیز ئەو دوانە بەیەکتر ناگەن''، بەڵام ئەم پێداگرییە لەسەر دووبەرەکییەکی ڕەگەزیی چارەسەرنەکراو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە لایەن ژمارەیەک لە ناسیۆنالیستانەوە لە ناوچە جیاوازەکانی ئاسیادا کەوتە بەکارهێنان بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەرەنگاریی جەماوەری دژی هەژموونێکی لە ئێستادا تەواو نامۆ، ئایا بەڕاستی دووبەرەکییەکی ڕادیکاڵیی لەو شێوەیە، چ لە ڕووی تیۆرییەوە یان لە ڕووی ئەزموونیەوە ڕەوایە؟

من خۆم لەو باوەڕەدا نیم گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان ناسیونالیزمەکان، لە ڕابردوو، ئێستا، یان داهاتوویەکی نزیکدا، بە درێژایی هێڵەکانی ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوادا دەڕۆن، کۆنترین ناسیونالیزمەکانی ئاسیا -لێرەدا من بیر لە هیندستان، فلیپین و ژاپۆن دەکەمەوە- لە زۆرێک لەوانەی لە ئەورووپا و ئەوروپای ئەودیوی دەریا -لە دەرەوەی ئەورووپادا- واتە کۆرسیکا، سکۆتلەندا، نیوزلەندا، ئیستۆنیا، ئوستراليا، ئیوسکادی و تاد کۆنترن، ناسیونالیزمی فلیپین، لە ڕەگوڕیشەدا بە هۆکاری ئاشکرا زۆر لە ناسیونالیزمی کوبا و کیشوەری ئەمریکای لاتین دەچێت، ناسیونالیزمی مێجی لێکچوونێکی ئاشکرای لەگەڵ ناسیونالیزمە فەرمییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا هەیە، کە ئێمە لە تورکیای عوسمانی و ڕووسیای قەیسەری و بەریتانیای مەزنی ئیمپریالیزمدا دەیبینین، ناسیونالیزمی هیندی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە هاوشێوەی ئەو ناسیونالیزمەیە کە مرۆڤ لە ئێرلەندا و میسردا دەیبینێت، هەروەها پێویستە مرۆڤ ئەوەش زیاد بکات، ئەوەی خەڵک بە

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان داناوە، بەپێی تێپەڕبوونی کات بـە شـێوەیەکی لەبـەرچاو جیاواز بووە، بۆ ماوەی زیاتر لـە سـەدەیەک، تورکیـای عوسـمانی بـە شـێوەیەکی گشتی بە زمانی ئینگلیزی بە پیاوە نەخۆشەکەی ئـەورووپا نـاو دەبـرا، سـەرەڕای ئاراستەی ئایینیی ئیسلامیی دانیشتوانەکەی، ئەمڕۆش تورکیا هەوڵێکی سەخت بۆ چوونە ناو کۆمەڵگەی ئەورووپییەوە دەدات، ئەورووپا ڕاهاتبوو خۆی بەتـەواوی بـە مەسیحی بزانێت -بە لەبیرکردنی ئەلبانیای موسـڵمان- ژمـارەی موسـڵمانان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە خێرایی تێیدا گەشە دەکـات، ڕووسـیا لـەمێژە تـا ڕادەیـەکی زۆر وەک زلهێزێکی ئاسیایی سەیر کـراوە و تـا ئێسـتاش خـەڵکێکی زۆر لـە ئـەورووپا هەن بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، دەشێت کەسێک ئەوە زیاد بکـات کـە لـە خـودی ژاپۆن هەندێک کـەس هـەن خۆیـان وەک جۆرێـک لـە سپیپێسـت دادەنێن، کەواتـە ڕۆژهـەڵات لـە کوێـوە دەسـت پێ دەکـات و لـە کوێـدا کۆتـایی دێت؟ میسـر لـە ئەفریقایـە، بـەڵام پێشـتر بەشـێک بـووە لـە ڕۆژهـەڵاتی نزیـک و ئێسـتا لەگـەڵ کۆتاییهاتنی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، بووەتە بەشێک لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، پـاپوا-غینیای نوێ بە هەمان شێوەی ژاپۆن لە ڕۆژهەڵاتەوە دوورە، بـەڵام بـەم شـێوەیە بیر لە خۆی ناکاتەوە، ویلایەتی بچـووکی نـوێی ئـازای تیمـۆری ڕۆژهـەڵات هـەوڵ دەدات بڕیار بدات ئایا بەشێک بێت لە باشووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا، یـان بەشـێک بێت لـە ئۆقیانووسـێک کـە لـە هەنـدێک ڕوانگـەوە -بـۆ نموونـە لـە لیمـا و لـۆس ئەنجلۆسەوە- دەشێت وەک ڕۆژئاوای دوور سەیر بکرێت.

ئەم گیروگرفتانـە بـە هـۆی کـۆچی بـەرفراوانی دانیشـتوانەوە لـە سنووورە گوایـە جێگیرەکانی ئەورووپا و ئاسیاوە زیاتر تێکەڵاو بوون، لـە کردنـەوەی بەنـدەرەکانی پەیماننامـەوە لـە چین سـاڵی ١٨٤٢، ملیۆنـان کـەس لـە شانشـینی ئاسـمانیەوە دەستیان بە ڕۆیشـتن بـۆ دەرەوەی وڵات کـرد، بـۆ باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا، ئوستراليا، کالیفۆرنیا و دواتر بۆ هەموو جیهان، ئیمپریالیزم هیندییەکانی بۆ ئەفریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریاکان برد، کاریبییەکان و جاڤانیـەکانی بـرد بـۆ ئەمریکای لاتین و باشووری ئەفریقا و زەریـا، ئێرلەندییـەکانی بـۆ ئوسـترالیا بـرد، ژاپۆنیەکان بۆ بەرازیل و فلیپینیەکان و بۆ ئیسپانیا و تـاد، چـوون. جـەنگی سـارد و پاشهاتەکانی لێشاوەکەی خێراتر کرد، ئێستا کۆریایی، ڤێتنامی، لاوسی، تایلەنـدی، مالیزی و تامیلی گرتووەتەوە، بـەم شـێوەیە کڵێسـاکان لـە کۆریـا، چین و ژاپـۆن؛ مزگەوتەکان لە مانشستەر، مارسیلیا و واشنتۆن دی سی، پەرستگەکانی بـودایی، هیندۆسی و سیخ لە لۆس ئـەنجلۆس، تۆرۆنتـۆ، لەنـدەن و داکـار بڵاو بوونەتـەوە، هەموو شتێک دەربارەی پەیوەندییە هاوچەرخەکان ئـەوە پیشـان دەدات، کـە ئـەم لێشاوانە بەردەوام دەبن و لەوانەیە خێراتر بن: تەنانەت کاتێـک ژاپـۆنی -سـنوور-داخراو، لە مێژووی خۆیدا دانیشتوانی بیانی زیاتری لەچاو جاراندا هەیە، هـەروەها

دیمەنی دیمۆگرافییەکەی کۆچبەری زیاتر دەکاتە شتێکی بنەڕەتی ئەگەر گەشەکردن و خۆشگوزەرانیەکەی -پەرەسەندنەکەی- بەردەوام بێت.

چی لەم کۆچکردنانە بەئەنجام دێت؟ -چ ناسنامەیەک لە ئێستا و داهاتوودا بەرهەم دەهێنرێت- ئەمانە پرسیاری زۆر ئاڵۆزن و تا ڕادەیەکی زۆر هێشتا بێوەڵامن، ڕەنگە ئەوە دڵخۆشتان بکات، ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە کورتەبەسەرهاتێکی کەسی بهێنمە ناوەوە، نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر سیمینارێکم بۆ دەرچوان لەسەر ناسیونالیزم لە زانکۆی یێڵ پێشکەش کرد، لە دەستپێکدا داوام لە هەموو خوێندکارەکان کرد ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بخەنە ڕوو، تەنانەت ئەگەر تەنها بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، لە پۆلەکەدا سێ خوێندکار هەبوون کە لە چاوی منەوە لە ڕووی ڕوخساری دەموچاو و ڕەنگی پێستیانەوە 'چین'ی بوون، وەڵامی ئەو سێ خوێندکارە من و هەموو کەسێکی دیکەی ناو ژوورەکەی سەرسام کرد، یەکەمیان بە لەهجەیەکی تەواو ئەمریکی کەناری ڕۆژئاوا قسەی دەکرد، بە چەسپاوی گوتی کە 'چینیە'، هەرچەندە دەرکەوت لە ئەمریکا لەدایک بووە و هەرگیز سەردانی چینی نەکردووە، دووەمیان بە هێمنی گوتی 'هەوڵ دەدات تایوانی بێت'، ئەو لە خێزانێکی 'KMT' هاتبوو، کە لەگەڵ چیانگ کای-شێکدا ساڵی ١٩٤٩ ڕوویان لە تایوان کردبوو، بەڵام ئەو لە تایوان لەدایک بووبوو، لەوێ خۆی ناساندبوو: لەبەر ئەوە ئەو چینی نەبوو، سێیەمیان بە تووڕەییەوە گوتی: من سەنگاپوریم، نەفرەت، من زۆر بێزارم لەوەی ئەمریکییەکان وا بیر دەکەنەوە من چینیم، من چینی نیم! بۆیە دەرکەوت ئەو تاکە خوێندکارەی گوتی چینیە، ئەمریکی بوو.

## ناسیونالیزمەکانی کریۆل

(مەبەست لە کریۆڵ کەسێکە لە نەوەی پێستسپیی ئەورووپی بێت، بەڵام لە یەکیک لە وڵاتە کۆڵۆنیکراوەکان لەدایک بووبێت، وەکو بەریتانیەک لە هیندستان لەدایک بووبێت، یان فەڕەنسییەک لە جەزائیر یان ئیسپانیەک لە ئەمەریکای لاتین یان ڕەشپێستێکی ئەفەریقایی لە ئەمەریکا لەدایک بووبێت، هەندێک جار ئەم زاراوەیە بۆ دووڕەک لە ڕووی زمانەوە بەکار دەهێنرێت، واتا دروستبوونی زمانێک لە زمانی کۆڵۆنیالیست و زمانی ڕەسەنی ناوچەیی، ئەو زمانە پێی دەگوترێت زمانی کریۆڵ و قسەکەرانیشی بە هەمان ئەو ناوەوە دەناسرێن، ئەم تیزە بۆ دروستبوونی جۆرێک لە ناسیونالیزمیش بەهێند وەردەگیرێت-و).

ئەگەر وەک من گفتوگۆم کردووە، جیاوازییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەورووپا و ئاسیا، واقیعیترین یان سەرنجڕاکێشترین تەوەر نین کە بە درێژایی ئەو تەوەرانە بیر لە ناسیونالیزم بکەینەوە، ئەوا چ شتێک دەشێت جێگرەوەیەکی بەرهەمدارتر بێت؟ یەکێک لە مشتومڕە سەرەکییەکانی کتێبی 'کۆمەڵگە

خەیاڵییەکان'م ئەوەیە کە ناسیونالیزم بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ تێگەیشتن ئەستەمە بەبێ ئەوەی بیر لەو شێوە سیاسییە کۆنانە بکرێتەوە کە لێیانەوە پەیدا بوون، واتە شانشینەکان و بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتەکانی جۆرەکانی پێش مۆدێرن و سەرەتای مۆدێرن، سەرەتاییترین شێوەی ناسیونالیزم -شێوەیەکە کە من ناوم ناوە ناسیونالیزمی کریۆل- کە لە بەرفراوانیی گەورەی هەندێک لەو ئیمپراتۆریەتانەوە کە لەودیوی دەریاوەن، بەڵام هەمیشە نا زۆر لە دوور سەری هەڵدا، ئەوەش لە لایەن دانیشتوانی نیشتەجێی وڵاتە کۆنەکەوە پێشڕەوایەتی کراوە، کە هاوبەشی ئایین، زمان، داب و نەریت بوون لەگەڵ شاری گەورەدا، بەڵام تا دەهات هەستیان بە چەوساندنەوە و نامۆبوون دەکرد، لە لایەن ئەو شارە گەورەیەوە، ئەمریکا و دەوڵەتە جیاوازەکانی ئەمریکای لاتین کە لە نێوان ساڵانی ١٧٧٦ بۆ ١٨٣٠دا سەربەخۆ بوون، نموونە بەناوبانگەکانی ئەم جۆرە ناسیونالیزمەن، زوو یان درەنگ، یەکێک لە پاساوەکان بۆ ئەم ناسیونالیزمە کریۆلییانە، دیسان مێژووی جیاوازیان بوو، بەتایبەتی تێکەڵبوونی دیمۆگرافییان لە نێوان گەلانی نیشتەجێبوو و گەلانی ڕەسەندا، بۆ ئەوەی هیچ لەبارەی نەریتە ناوچەییەکان و جوگرافیا و کەشوهەوا و... تاد نەڵێین.

ئەم جۆرە ناسیونالیزمە کریۆلییانە هێشتا زۆر زیندوون و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت تەنانەت هێشتا بڵاو دەبنەوە، ناسیونالیزمی نیشتەجێکراوی فەڕەنسی لە کیوبیک لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە زیادبووندایە، هێشتاش لە کەنەدا لەسەر لێواری جیابوونەوەیە، لە وڵاتەکەی خۆمدا، لە ئێرلەندا، پرسی 'نیشتەجێکراو' لە باکووردا هێشتا پرسێکی سووتێنەرە و تا ئێستا ڕێگری لە یەکگرتنی تەواوی وڵاتەکە کردووە، لە باشووردا هەندێک لە سەرەتاییترین ناسیۆنالیستەکان، گەنجانی ئێرلەندی یاخیبوونی ساڵی ١٧٩٨، لە خێزانە نیشتەجێکراوەکانەوە هاتبوون، یان وەک باوباپیرانی خۆم کە بەشدارییان لەو یاخیبوونەدا کردووە، واتە لە بنەماڵەکانی تێکەڵاو لە نیشتەجێکراو و دانیشتوانی ڕەسەندا، بە ڕەچەڵەک سێلتیک-کاسۆلیکەوە هاتبوون، لە ئێستادا ئوسترالییەکان و نیوزلەندییەکان سەرقاڵی ناسیونالیزمە کریۆڵییەکانن، کۆشش بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە شانشینی یەکگرتوو بە تێکەڵکردنی توخمەکانی نەریت و هێماکانی ئەبۆرینی و مۆری دەکەن، تا ئێستا بابەتەکە بۆ ڕۆژئاوا دەشێت وا دەربکەوێت، بەڵام لە مەترسیی ئەوەی هەندێک سەرپێچی بکرێت، من حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم هەندێک تایبەتمەندیی ناسیونالیزمی تایوانیش بە ڕوونی کریۆلین، وەک چۆن بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک جیاواز، تایبەتمەندیی ناسیونالیزمی سەنگاپورەیان هەیە.

بازنە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەم ناسیونالیزمانە بریتین لە نیشتەجێکراوانی 'دەرەوەی وڵات' لە ناوچە کەنارییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی

شانشینی ئاسمانی، هەندێک لە دەوڵەتی ئیمپراتۆری هەڵهاتن، هەندێکیش لە لایەن ئەو دەوڵەتەوە ڕەوانەی ئەوێ کران، ئەم نیشتەجێکراوانە، هەندێک جار بە ئاشتییانە و یەکگرتوانە، هەندێک جاریش بە توندوتیژی خۆیان بەسەر دانیشتوانی پێشتردا سەپاند، بە شێوەیەک کە نیوزلەندا، بەرازیل، ڤەنزوێلا و بۆیری باشووری ئەفریقامان بیر دەخاتەوە، ئەم وڵاتە کریۆلییانە بە هاوبەشیکردنیان لە ئایین و کەلتوور و زماندا لەگەڵ شارە گەورەکاندا بە پلەی جۆراوجۆر، بە تێپەڕبوونی کات پەرەیان بە نەریت و هێما و ئەزموونی مێژوویی جیاوازدا و لە کۆتاییدا بەرەو سەربەخۆیی سیاسی هەنگاویان هەڵهێنا، کاتێک هەستیان کرد ناوەندی ئیمپراتۆری زۆر سەرکوتکەرە، یان زۆر لە دوورەوە جڵەوگیری دەکات، مرۆڤ نابێت ڕێگە بە خۆی بدات زۆر جەخت لەسەر گرنگیی دەگمەنی پەنجا ساڵی تایوان بکاتەوە لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئیمپریالیستی ژاپۆنیدا، دوای هەموو شتێک نیشتەجێکراوانی فەڕەنسی لە کیوبیک نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتیی بەریتانیادا ئازاریان چەشت و هۆڵەندییەکانیش لە باشووری ئەفریقا بۆ ماوەی نیو سەدەیەک بە هەمان شێوە ئازاریان چەشت، ئەوە ئاسان نیە گفتوگۆی ئەوە بکەین، کەلتووری ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەلتووری 'چینی'ی دەرەوەی وڵات لەچاو کەلتووری ئیمپریالیستی بەریتانیا لە دەرەوەی 'فەڕەنسا و هۆڵەندا' نامۆتر بووە.

مرۆڤ ناتوانێت بانگەشەی هیچ جیاوازییەکی سادە لە نێوان ڕەگەزپەرستانی ئەورووپی یان کریۆلە ڕۆژئاواییەکان و ئەوانی تردا بکات، ئەمریکا و ئەفریقای باشوور و ئەرجەنتین تا ئەوپەڕی ڕادە ڕەگەزپەرست بوون، بەڵام سەختە بڵێین کیوبیکییەکان لە کۆچبەرانی باشووری ڕۆژهەڵاتی چیندا بۆ تایوان یان کۆچبەرانی ژاپۆنی بۆ بەرازیل ڕەگەزپەرستتر بوون، ئەگەر ئەم مشتومڕە ڕاست بێت، ئەوا ئێمە شێوەیەکی کریۆلی ناسیونالیزممان هەیە، کە لە سەدەی هەژدە، نۆزدە، بیست و بە دڵنیاییەوە، هەروەها لە سەدەی بیست و یەکدا، لە ئەمریکا، ئەورووپا، ئەفریقا، ئەنتیپۆدەکاندا، هەروەها لە ئاسیاشدا لەناکاودا دەرکەوتووە و دەردەکەوێت، دیاردەیەکی جیهانی لەگەڵ یەک کاریگەریی لاوەکیی چاوەڕواننەکراودا: ئەمڕۆ زۆر نەتەوە هەن کە (بە جۆرە تایبەتەکانی خۆیان) لە زمانی ئیسپانی، فەڕەنسی، ئینگلیزی یان پورتوگالیدا هاوبەشن، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان خەیاڵی ئەوە بکات ئەوان 'خاوەنی' ئەم زمانەن، شتێکی جوانە لەبارەی 'چینییەکان'ەوە بیر بکەینەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دوای ئەو بەئاگاهاتنەوەیانەوە دێن.

دووەم شێوەی ناسیونالیزم، کە بە شێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگە خەیاڵییەکاندا تاووتوێ کراوە و لێرەدا وا دەردەکەوێت پەیوەندیدارە، ئەوەیە کە من بە شوێنکەوتووی هیو سێتۆن-واتسۆن، ناسیونالیزمی فەرمی ناوم بردووە، ئەم

شـێوەی ناسـیونالیزم لـە ڕووی مێژوویيـەوە وەک وەڵامێکی کۆنەپەرسـتانە بـۆ ناسـیونالیزمە جـەماوەری یـان باوەکـان لـە خـوارەوە سـەری هەڵـدا، کـە دژی فـەرمانڕەواکان و ئەرسـتۆکراتەکان و ناوەنـدە ئیمپراتۆرییـەکان ئاراسـتە کـرا، بەناوبانگترین نموونە لـە لایـەن ئیمـپراتۆری ڕووسـیاوە پێشـکەش دەکـرێت، کـە قەیسـەرەکان فـەرمانڕەواییان بەسـەر سـەدان گـرووپی نەتـەوەیی و چەنـدین پێکهاتەی ئایینیدا دەکرد و لـە بازنـەکانی خۆیانـدا بـە زمـانی فەڕەنسـی قسـەیان دەکرد، ئەمەش نیشانەیەکی جیاوازی شارستانی ئەوانە لەگـەڵ ڕەعییەتـەکانیان، ئەمە وەک ئەوە وا بوو تەنها جووتیارانی لادێنشین بە زمانی ڕووسی قسە بکـەن، بەڵام کاتێـک ناسـیونالیزمە جەماوەرییـە باوەکـان لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بـەناو ئیمپراتۆرییەتەکەدا بڵاو بووەوە (ئۆکرانی، فینلەندی، جـۆرجی و هـیی تـریش). لـە کۆتاییـدا قەیسـەرەکان دوای هـەموو شـتێک بڕیاریـان دا کـە ئـەوان ڕووسـیی نەتەوەیین و لـە سـاڵانی ١٨٨٠کانـدا -تـەنها ١٢٠ سـاڵ پێش ئێسـتا- دەسـتیان بـە سیاسەتێکی کوشندەی بەڕووسیکردنی ڕەعیەتەکانیان کرد، واتە دەتـوانین بڵـێین قەیسەرەکان و ڕەعیەتەکانیان بکەنە هەمان گەل، ئەمـەش بەتـەواوی ئـەوە بـوو پێشـتر بـەلاوە نرابـوو، بـە هـەمان شـێوە لەنـدەن هـەوڵی دا ئێرلەنـدا بکـات بـە ئینگلیزی (بە سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە)، ئەڵمانیای ئیمپراتۆری هـەوڵی دا بەشـی خۆی لـە پۆڵەنـدا بکـات بـە ئـەڵمانی (بـە سـەرکەوتنێکی زۆر کـەم)، فەڕەنسـای ئیمپراتۆری زمانی فەڕەنسی بەسـەر کۆرسـیکای ئیتـاڵی-زمانـدا سـەپاند (نیمچـە سەرکەوتن) و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەوڵی دا زمانی تـورکی بەسـەر جیهـانی عەرەبیدا بسەپێنێت (بەبێ هیچ سەرکەوتنێک)، لە هەموو دۆخێکـدا بـۆ هێنانـەوەی قسـەکانی خـۆم، هـەوڵێکی گـەورە بـۆ درێژکردنـەوەی پێسـتی کـورت و گـرژیی نەتەوە بەسەر جەستەی گەورەی ئیمپراتۆریەتی کۆندا هەبوو.

ئایـا مـرۆڤ دەتـوانێت بڵێت ئـەم شـێوەی ناسـیونالیزمە بـە جـۆرێکی دەگمـەن ڕۆژئاوایی یان ئەوروپی بووە؟ من وا بیر ناکەمەوە ئەمە شـیاو بێت، بـۆ نموونـە ئێمە دەتوانین دۆخی سەیری ژاپۆن بەهێند وەربگرین، کە لەم دواییەدا لە کتێبێکی سەرنجڕاکێشدا لە لایەن تێسا مۆریس سوزوکی تـاووتوێکراوە[٢]. ئـەم خانمـە لـە وردەکارییـەکی نایابـدا ئـەو گۆڕانکارییـە لـەناکاوە ڕوون دەکاتـەوە، کـە لەگـەڵ زیندووبوونـەوەی مێیجیـدا بـەو شـێوەیە هـات کـە دوورگـەکانی ئـانۆ و ڕیوکیـۆ لەبەرچاو گـیران و مامەڵـەیان لەگـەڵ کـرا، لـەمێژە ئـەوە سیاسـەتی شـۆگوناتی تۆکوگاوا بووە کـە جلوبـەرگی تۆکوگـاوا -ژاپـۆنی، یـان وەرگرتـنی داب و نـەریتی تۆکوگـاوا- ژاپـۆنی لـە ئاینۆکـان قەدەغـە بکـات. بـە هـەمان شـێوە، نـێردراوانی ڕیوکوس کە ستایشی ئیدۆیان دەکرد، ڕێنمایی کـران کـە تـا دەتـوانن جلوبـەرگی چینی سەیر لەبەر بکەن، لە هەردوو دۆخەکەدا بیرۆکەی بنـەڕەتی ئـەوە بـوو ئـەم گەلە پەراوێزییە (بەربەرییانە) تا ئەو شوێنەی دەشێت لـە ناوەنـدی ئیمپراتۆریـەت

جیـا بکرێنــەوە، بــەڵام لەگــەڵ دەرکــەوتنی ناسـیونالیزمی فــەرمیی مێیجیــدا، پێچەوانەبوونەوەیەکی تەواوەتیی ئەم سیاسەتە هاتە ئاراوە: ئـاینۆ، ڕیوکیـو ئێسـتا وەک جــۆرە ســەرەتایی و کۆنــەکانی هــەمان ڕەگــەزی ژاپــۆنی وەک خــودی ئۆلیگارشەکانی مێیجی دادەنران، هەموو هەوڵێکی قایلکەر و زۆر جاریش ناچـاری بۆ بە ژاپۆنکردنیان (بە سەرکەوتنی جیاواز) دەدرا، دەشێت گفتوگۆی ئەوە بکرێت یان بگوترێت سیاسەتی ئیمـپراتۆری دواتـر لـە کۆریـا و تـایوان پـەیڕەوی هـەمان لۆژیکی کردووە، دەبوو کۆرییەکان ناوی ژاپۆنی لە خۆیان بنێن و بە زمانی ژاپۆنی بــدوێن، تایوانیــەکانیش وەک بــرا بچووکــەکان دەشـێت دوای هــەمان گونجانــدن کەوتبن، لە کۆتاییدا ئەوان دەبن بە ژاپۆنی، بڕوا وا بوو، تەنانـەت ئەگـەر ژاپۆنـیی پلەدوویش بوونایە، هـەر هـەمان شـێوەی ئێرلەندییـەکان لـە بـەریتانیادا تـا سـاڵی ۱۹۲۳ و پۆلەندییەکان لە ئەڵمانیادا تا ساڵی ۱۹۲۰.

هەرچۆنێک بێت لە دوورەوە سەرنجڕاکێشـترین و گاڵتـەجاڕیترین دۆخ لـە لایـەن ئیمپراتۆریەتی چینیەوە -ئاسمانیەوە- فەراهەم کراوە، کـە لـە سـاڵی ١٦٤٤ەوە تـا ڕووخانی کەمتر لە ٩٠ ساڵ پێش ئێسـتا فـەرمانڕەوایی کـرد، ئـەویش لـە لایـەن بنەماڵەیەکی خانەدانی مانچو -و مـانچو زمـان-ەوە، بێگومـان هیچ شـتێکی سـەیر لەم بابەتەدا نیە، لـە سـەدەی یانزدەیەمـەوە، لـە بـەریتانیای مـەزن بنەماڵەیـەکی دەسـەڵاتداری ئینگلـیزی بـوونی نـەبووە: دوو فـەرمانڕەوای یەکـەمی بنەماڵـەی شاهانەی ئێستا، جۆرجی یەکەم و دووەم ئەڵمانی بوون تا ئەندازەیەکی تـەواو بـە ئینگلـیزی قسـەیان نـەدەکرد و هیچ کەسـیش بـە لایـەوە گرنـگ نـەبوو، ئـەوە نیشانەیەکی گرنگی تازەیی ناسیونالیزمی چینیە کە ئەم دۆخە سـەیرە تـا نزیکـەی ١١٠ ساڵ پێش ئێستا خەڵکێکی زۆر کەمی بێزار دەکرد، هیچ هەوڵێک نەبوو بۆ بــە مــانچویکردنی، یــان تەنانــەت بەمانــدەریکرنی دانیشــتوان، چونکــە شــکۆمەندی فەرمانڕەواکان وەک شوێنانی تر لەسـەر بنـەمای جیـاوازی بـوو نـەک لێکچـوون، ئیمــپراتۆری بێــوەژن. لــە کۆتاییــدا هــەوڵی دا دوژمنایــەتیی جــەماوەری لەگــەڵ ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکان بە ناوی نەریتی چینیەوە بەکار بهێنێت، بەڵام کـات بـۆ ئـەوە زۆر درەنـگ بـوو، شانشـینەکە سـاڵی ١٩١١ لـەناو چـوو و تـا ئەندازەیـەک مانچوسـەکانیش لـەناو چـوون، بـەناوبانگترین نووسـەری ئـەمڕۆ لـە چین، وانـگ شووە، کە مانچۆیە، بەڵام ڕاگەیاندن بۆ ئەم ڕاستییە ناکات.

کاتێک دواجار ناسیونالیزمی چینی سەری هەڵدا، ئـەوە تـا ئەندازەیـەک لـە ڕووی سەردەمی مێژوویی جیهانیـەوە درەنـگ بـوو، ئەمـەش بـوو کـە بـواری بـە 'لی تـا چــاوۆ'ی نایــاب دا وتــارێکی بــەناوبانگ لەســەر چین لــە ســەردەمی بەهاریــدا بنووسێت، کـە شـتێکی تـەواو گـەنج و نـوێ بـوو، بـەڵام لـە دۆخێکی زۆر تایبەتـدا سەری هەڵدا، کە بۆ ئەوە چەند بەراوردکارییەکی کەمی جیهـانی هەیـە، سـنووری چین بە قووڵی لە لایەن ئیمپریالیزمە جۆراوجۆرەکانی ئەو سـەردەمەوە بـڕدراوە،

لەوانــەش ژاپۆنیــەکان، بــەڵام بەڕاســتی چین داگــیر نــەکرا، تــا ئــەو کاتــە زۆر ئیمپریالیزمی کێبڕکێکەر هەبوون، تەنانەت بەریتانیای گەورە کە کێشەی قووتدانی هیندستانی فراوانی هەبوو، لە بـیری هەڵلوشـینی ئیمپراتۆریـەتی گـەورەی چینـدا، ڕەنگی چووبـوو (نزیکـترین بـەراوردکردن ڕەنگـە ئەسـیوپیای ئیمـپراتۆریی بێت)، سەرباری ئەوەش تا ئەو ئاستەی چینی ئیمپراتۆریی سنووری ڕاستەقینەی هەبوو، ئەمانەی لەگەڵ دەسەڵاتی قەیسەریدا بەڕووسیکردنی لاوازدا دەکردە هاوبەشـی کـە پێشـتر لـە دوا هەنگاوەکانیـدا بـوو، سـەرکەوتنی دەریـایی ژاپـۆن بەسـەر بەلەمـەکانی قەیسـەریدا، تـەنها شـەش سـاڵ پێش ڕووخـانی شانشـینی مـانچو، دوازدە سـاڵ پێش ئـەوەی دەسـەڵاتی قەیسـەری بگاتـە کۆتاییـە خوێناوییەکـەی، ڕووی دا. هەموو ئەمانە هانی زۆربەی ناسیۆنالیستانی نەوەی یەکەمی چینیـان دا، کـە خـەیاڵی ئـەوە بکـەن دەتـوانرێت ئیمپراتۆریەتەکـە بـەبێ گیروگرفـتی زۆر بـۆ نەتەوە بگۆڕدرێت، هەروەها لە هەمان سەردەمدا ئەمە خەونی ئینقـەر پاشـا بـوو لە ئەستەنبوڵ، هەروەها دوای سێ نەوە خەونی کۆڵۆنێڵ مێنگیستۆ ماریەم بوو لە ئەدیس ئەبابا، ئەمڕۆش خەونی کۆڵۆنێڵ پوتینـە لـە مۆسـکۆ، بـەم شـێوەیە بـەبێ بیرکردنەوەیەکی زۆر، ناسـیونالیزمی جـەماوەریی بزووتنـەوەی دژەئیمپریالیسـتی جیهانیان لەگەڵ ناسیونالیزمی فەرمی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمـدا یـەک خسـت، ئێمە دەزانین ئەمـەی دووەمیـان ناسـیونالیزمێک بـوو لـە دەوڵەتـەوە سـەرچاوەی گرتبوو، نەک لـە خـەڵک و بیرکردنـەوە لـە ڕوانگـەی دەسـتگرتن بەسـەر خـاک و بیرکردنەوە لە ڕزگـاریی جـەماوەرەوە، لـێرەوە دیمـەنی سـەیری کەسـێکی وەک سون یات سێن، کە ناسیۆنالیستێکی جەماوەریی ڕاستەقینەیە، بانگەشەی پــوچ و بێواتا بۆ هەرێمەکان -خاکەکان- لە ناوچە جۆراوجۆرەکـانی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا دەکات، ئـەوەش لەسـەر بنـەمای داگـیرکردنی خـاکی ڕاستەقینە یان خەیاڵی فەرمانڕەوا خانەدانەکان، کە زۆربەیان چینی نــەبوون و وا گریمانــە کرابــوو ناسـیونالیزمی جــەماوەری -چین- لــە دژیــان بجــەنگێت، دواتــر هەردوو لایەنی 'KMT' و 'CCP'، بە ڕێژەی جیاواز و لە کاتە جیاوازەکاندا دەستیان بەسەر ئەم میراتەدا گرت.

لە هەمان کاتدا ئیمپراتۆریـەتی چیـنی -ئاسـمانی- پێشـوو بـەو شـێوەیە دەگمـەن نەبوو وەکو ئەوەی پێش کەمێک باسم کردووە، تا ئەندازەیەکی جیاواز میراتگرانی لە سەردەمی جیـاوازدا هـاتن، بـۆ پەسـەندکردنی جـۆری ئـەو سـنوور و دەوڵەتـە نوێیانـەی ئیمپریـالیزم و ناسـیونالیزمی دژەکۆلۆنیـالیزم، بـە لایـەنی کەمـەوە لـە پەراوێزەکانـدا دایانڕشـتن کـە بریـتی بـوون لـە مـەنگۆلیا، کۆریـا، ڤێتنـام، بۆرمـا، هیندستان و پاکستان، ئەم پەسەندکردنە لەو بیرۆکە نوێیەوە سەرچاوەی گرت کە چینیـەکان نەتـەوەن، بـەم پێیـەش لـە ڕووی بنچینەییـەوە هـەمان شـێوەی دەیـان نەتـەوەی تـر لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان و لـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکانی پێشـتردا

نوێنەرایەتیی خۆیان کردووە، هەروەها مێژوونووسانی تایوان ئەوەیان نیشان داوە لە کاتە جیاوازەکانی نێوان ساڵانی ١٨٩٥ بۆ ١٩٤٥دا گرووپە فەرمانڕەواکانی سەر وشکانی بە شێوەیەکی کاریگەر دۆخی یاسایی تایوانیـان وەک کۆڵۆنیـەکی ژاپـۆن پەسەند کردووە، هەروەها بۆ سەربەخۆبوون لە ژاپـۆن پشـتگیریی خـەباتی گـەلی تایوانیان کردووە، هەروەک چۆن هەندێک جار ئەوەیان بۆ خەڵکی کۆریـا کـردووە، دژایەتییەکان لـە نێـوان ناسـیونالیزمی جـەماوەری و ناسـیونالیزمی فەرمیـدا، کـە ئـەمڕۆ لەسـەر وشـکانی بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش دیـارە (وەک پێشـتر گوتوومە) دەگمەن نین، مرۆڤ دەتوانێت لە بەشەکانی تری جیهاندا بیاندۆزێتەوە، بـەڵام ئـەمڕۆ بەتایبـەتی بـە هـۆی قـەبارەی چین و دانیشـتوانێکی زۆر و حکومەتێکەوە گرنگن، کە بە شێوەیەکی کاریگەر دەستبەرداری سۆشیالیزم بووە، کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان پاسـاوی دیکتاتۆریەتەکـەیی پێ دەدا، ئێسـتا هـەموو ئاماژەیـەکی ڕوو لـە ناسـیونالیزمی فـەرمی بـۆ ڕەوایەتیـدانێکی نوێبـووەوە بـە دەسەڵاتەکەی نیشان دەدات.

## دیمەنی ڕابردوو و داهاتوو:

یەک تایبەتمەنـدیی تـری ناسـیونالیزمی فـەرمی هەیـە کـە لـە سەرانسـەری ئـەم هەسارەیەدا مەیلی جیاکردنەوەی لە شێوەکانی تری ناسیونالیزمدا هەیە، لەوانەیە شتێکی دادپەروەرانە بێت بڵێین هەموو کۆمەڵگـە ڕێکخراوەکـان لـە سـەردەمانی پێشـوودا (تـا ئەندازەیـەک) پشـتیان بـە یـەکگرتوویی خۆیـان بەسـتبوو، بـە دیـد و ڕوانینەکانی ڕابردوو کە ئەوەندە نەیاری یـەکتر نـەبوون، ئـەم بینینانـە بـە نـەریتی زارەکی و شـیعری فۆلکلـۆر و فێرکردنـە ئایینیـەکان و مێژووەکـانی دەربـاری - پاشاکان- و... تاد دەگوازرانـەوە، ئـەوەی لـەم جـۆرە دیدگایانـەدا ئێجگـار سـەختە بدۆزرێتـەوە، بریتییـە لـە نیگەرانیـەکی چـڕ و پـڕ سـەبارەت بـە داهـاتوو، کاتێـک ناسیونالیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا پێی نایە ناو ئەم جیهانەوە، هەرچۆنێک بێت هەموو ئەمانە لە بنەڕەتدا گۆڕانکارییان بەسەردا هات، ئەو خێرایی تاودانەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری و سیاسی دەستی بەسـەردا گـرت، لـە لایـەن شۆڕشـی پیشەسـازی و سیسـتمی پەیوەندیکردنـە مۆدێرنەکانـەوە دەجووڵێـنرا، نەتـەوەی کـرد بـە یەکـەم فـۆڕمی سیاسـی، ئاکـاری کـە خـۆی بـە چەسپاوی لەسەر بیرۆکەی پێشکەوتن دامەزراند، هـەروەها هـەر لەبـەر ئەمەشـە تەنها لەم دواییانەدا چەمکی پاکتاوی ڕەگەزی داهێنرا، هەرچەندە تۆمارە کۆنەکان ئاماژە بە ناوی هەزاران گرووپ دەکەن کە بە درێژایی سەردەمەکان بە بێـدەنگی دیار نەماون و بە دەگمەن کەس بەڕاستی سەرنجی لەوە داوە یان بۆی نیگـەران بووە، هەروەها خێرایی گۆڕان و وزەی ئایندە بـۆ گۆڕیـنی بیرۆکـەکانی خـەڵک بـە شێوەیەکی ڕیشەیی سەبارەت بە ڕابردوو کاریگەرییان هەبوو.

من له 'کۆمەڵگە خەیاڵییەکاندا' هەوڵم دا سروشتی ئەم گۆڕانکارییە لـە ڕێگـەی بەراوردکردنیەوە لەگەڵ ئەو کۆسپانەی ڕووبەڕوومان دەبنـەوە، ڕوون بکەمـەوە. کاتێک ئەو وێنانەی خۆمانمان نیشان دەدرێن، کە لـە منداڵیمانـدا گـیراون، ئەمانـە کۆسپن کە تەنها یادەوەریی پیشەسازی، لە شێوەی وێنەدا بەرهـەمیان دەهێـنێت، دایک و باوکمان دڵنیامان دەکەنەوە ئەم منداڵانە ئێمەین، بـەڵام ئێمـە خۆمـان هیچ یادەوەرییەکمان لە بارەی ئـەوەوە نیـە کـە وێنـەمان گـیرابێت و نـاتوانین خـەیاڵی ئەوە بکەین دەبێت لە تەمەنی یەک ساڵیدا چۆن بووبین، بەبێ یارمەتیـدانی دایـک و باوکمان خۆمان نەدەناسییەوە، ئەوەی لەڕاستیدا ڕووی داوە ئەوەیە هەرچەندە شوێنەواری لەژمارەنەهاتووی ڕابردوو لە دەوروبەرماندا هەن –پەیکەر، پەرستگە، تۆمارکراوە نووسراوەکان، گۆڕەکان و شـوێنەوارە دەسـتکردەکان و... تـاد- ئـەم ڕابردووە تا دێت دەستی پێ ناگات و بۆ ئێمە دەرەکییـە، لـە هـەمان کاتـدا لەبـەر هەموو جۆرە هۆکارێک، هەست دەکەین ئەگەر تەنها وەکو جۆرێک لـە لەنگـەریش بێت، پێویستمان پێیـەتی، بـەڵام ئەمـە بـەو واتایەیـە ئـەمڕۆ پەیوەنـدیمان لەگـەڵ ڕابـردوودا زۆر زیـاتر سیاسـی، ئایـدیۆلۆژی، کێـبڕکێ، پارچەپارچـە و تەنانـەت هەلپەرستانەترە لەچاو سەردەمەکانی ڕابردوودا.

ئەمە دیاردەیەکی سەرتاپا جیهانیە و بنچینەییە بۆ ناسیونالیزم، بەڵام سەرزەمینی وشکانی چین جارێکی دیکـە زۆرتـرین نموونـەی پڕبایـەخمان پێشـکەش دەکـات، سـاڵی جارێـک لـەو پێشکەشـکردنە بـەردەوامیش دەبێت، حکومـەت دیمـەنێکی تەلەڤیزیۆنی سەرنجڕاکێش ساز دەکات، کە چەندین کـاتژمێر بـەردەوام دەبێت و تا ئەندازەیـەکی زۆر جـەماوەری دەبێت، ئـەو گەلـە جیاوازانـە نیشـان دەدات کـە دانیشتوانی کۆماری گـەلی چین پێـک دەهێنن، ئـەوەی لـەم نمایشـە درێـژەدا زۆر ئاشـکرایە، جیاوازییـەکی زەق و دیـارە لـە نێـوان گـەلی هـانی گـەورە و کەمینـە جیاوازەکاندا، کەمینەکان وایان لێ دەکرێت بە ڕەنگاوڕەنگترین پۆشاکی نـەریتیی خۆیانـەوە دەربکـەون، لەڕاسـتیدا دیمـەنێکی گەشـاوە دروسـت دەکـەن، بـەڵام هانەکان خۆیان ناتوانن بە جلوبەرگی نەریتییەوە دەربکـەون، هەرچەنـدە ئێمـە لـە تـابلۆ و تۆمـارە مێژووییـەکانی تـرەوە دەزانین کـە ئەمانـە لەڕاسـتیدا چەنـد ڕەنگاوڕەنگ و جوان بوون، بەم شێوەیە بۆ نموونە پیاوانی هـانی بـە قـاتی کـاری بازرگانیەوە دەردەکەون، کە لە مۆدێلە ئیتـاڵی و فەڕەنسـییەکان وەرگـیراون، کـە هیچ شـتێکی هانیـان پێـوە نیـە، بـەم شـێوەیە هانـەکان خۆیـان وەک داهـاتوو و کەمینــەکانیش وەک ڕابــردوو، لــە تابلۆیەکـدا نیشــان دەدەن، ئەمـە بەتـەواوی سیاسییە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوییش لە ئاگاییەوە نەبێت، ئەم ڕابردووە کە تێیـدا کەمینەکان نیشانەی بیـنراون، دیسـان بەشـێکە لـە ڕابردوویـەکی گـەورە کـە لـە ڕێگەیەوە کشـانی خـاکی دەوڵـەتی چین ڕەوایـەتیی پێ دەدرێت، ئـەوە بێگومـان ڕابردوویەکی چینیە.

بە شێوەیەکی سروشتی لـەم هێڵـەی گوتـاری فەرمیـدا، تـا ڕابـردوو کۆنـتر بێت باشترە، مرۆڤ دەتـوانێت سـەیرێکی ناڕاسـتەوخۆی زانخوازانـەی ئـەم دیاردەیـە بکات، ئەگەر ئێمە لایەنەکانی ئەو شوێنەوارناسییە لەبـەرچاو بگـرین کـە دەوڵـەت پاڵپشتیی دارایی دەکات، یەک لایەنی (بەتایبـەتی سـەیر) لـە کاردانـەوەدا بـۆ ئـەو تیۆرییـەی بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان پەسـەند کـراوە، پەیـدا بـووە؛ کـە چەشـنە جیاوازەکانی مرۆڤ بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەو شـوێنەدا دەرکـەوتوون کـە ئـەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقایە، ئاشـکرایە ئەمـە لـە بازنـە فەرمییەکانـدا بیرکردنەوەیـەکی دڵگیر نیە، کە باپیرانی کۆتایی گەلی هانی مـەزن، وەک هـەموو گـەلانی دیکـە لـە ئەفریقا ژیاون، نەک چین و بە زەحمەت دەتوانرێت وەکـو چیـنی وەسـف بکـرێن، کەواتە بۆ گەڕان بەدوای هەندێک پاشماوەی فیزیکیدا، لـە چوارچێـوەی سـنووری چینی ئەمڕۆدا، پارەیەکی بەرچاو خراوەتە بەردەست، کە ئەو پاشماوە فیزیکییانـە هەم کۆنترن و هەم لە هەر شتێکی ئەفـەریقا بەتـەواوی جیـاوازن، مەبەسـتی من لێرەدا ئەوە نیە گاڵتە بە پەکین بکەم، هەرچەندە گاڵتەپێکردنی ئەو تـەواو ئاسـانە، بەڵکو مەبەستی من جەختکردنە لەسەر بەراوردکارییەکـەی، ئاسـانترین ڕێگـە بـۆ نیشاندانی ئەمە ئەوەیە پێتان بڵێم کاتێک من زۆر منداڵ بووم لـە ئێرلەنـدا گـەورە بووم، دایکم لە کتێبفرۆشێکی دەستی دوو بەرگێکی ئەستووری بۆ دۆزیمـەوە کـە بۆ منداڵان نووسرابوو، ناوی مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی بوو، ئەو کتێبـە ئەسـتوورە لە بنەڕەتدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بڵاو کرابووەوە، کاتێک ئێرلەندا هێشـتا بەشێک بوو لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ئێرلەندا، بەشی درێژی دەستپێکی -کتێبەکە- نیشانی دەدات کە لەندەن بەتەواوی بە هەمان شـێوەی پـەکین بـەدوای ڕابردوویەکی زۆر کۆندا دەگەڕێت، ئەم بەشە باسی داسـتانێکی زارەکی دەکـات بە زمانی گێلیک، کە پێی دەگوترێت کتێبی مانگای دون (یان قاوەیی)، لە سـەدەی یازدەیەمی زاییندا تۆمـار کـراوە، کاتێـک وەک دەیـزانین زمـانی ئینگلـیزی هێشـتا بوونی نەبووە، ئەو دەمەی گەورە بووم، بە ڕێکەوت چاپێکی دواتـری هـەمان ئـەو کتێبەم دەست کەوت، کە لە ساڵانی ١٩٣٠دا بڵاو کرابووەوە، تا ئـەو کاتـە بەشـی هەرە زۆری ئێرلەندا سەربەخۆ بووبوو، لەبـەر ئـەوە سـەرت سـوڕ نـەمێنێت ئـەو بەشەی کتێبەکە لەسەر مانگای قاوەیی دیار نەمابێت، وەک ئەوەی هەرگیز بوونی نەبووبێت.

## شەڕی زمانەکان

با لە کۆتاییدا ڕوو لە شێوەیەکی تـری ناسـیونالیزم بکـەم، کـە تـا ئـەو جێگەیـەی دەتوانم بڵێم ئەم شێوەیە بە ڕوونی لە بنەڕەتدا ئەورووپییـە، هـەروەها دەپرسـین ئایا دەتوانرێت بگوترێت لە هەر ڕوویەکی کەڵکبەخشەوە بێت هێشتا ئەم شـێوەی

ناسیونالیزم-ڕۆژئاواییە، من بەم شێوەیە دەڵێم ناسیونالیزمی زمانـەوانی، کـە لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا لـە ئیمپراتۆریەتـەکانی خانـەدانانی ئـەورووپادا دەستی بە دەرکەوتن کرد و بنچینە فەلسەفییەکانی خۆی لە تیۆرییـەکانی هـێردەر و ڕۆسـۆوە وەرگرتـووە، بیرکردنـەوەی گرنـگ و بنچینـەیی ئـەوە بـوو هـەر نەتەوەیـەکی ڕاسـتەقینە بـە زمـان و کـەلتووری ئـەدەبیی تایبـەتیی خـۆی دیـاری دەکرا، کە پێکەوە گوزارشتیان لە بلیمەتیی مێژوویی ئـەو خەڵکـە دەکـرد، لـێرەوە وزەیەکی زۆر بۆ دانانی فەرهەنگ بۆ زۆرێـک لـە زمانـەکان تـەرخان کـرا کـە لـەو سەروەختەدا فەرهەنگیان نـەبوو، چیـک، هـەنگاری، ئۆکرایـنی، سـربی، پۆڵەنـدی، نەرویجی و... تاد بەرهەمە ئەدەبییە زارەکییەکان لە ڕێگەی چاپەوە تۆمار کـران و بڵاو کرانـەوە، چونکـە خوێنـدەواریی بـاو یـان جـەماوەری بـە هێواشـی کەوتـە زیادبوون، ئـەم بەرهەمانـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەژموونی زمانـە گـەورەکانی ئیمپراتۆریەتـەکانی خانەدانـەکان بـەکار هێـنران، وەک عوسـمانی، ئـەڵمانیی بـاڵا، فەڕەنسیی پاریسی، ئینگلیزیی پاشـا و لـە کۆتاییشـدا ڕووسـی موسـکۆڤیتی و... تاد، هەندێک جار ئەم هەڵمەتانە سەرکەوتوو بوون، هەندێک جـاریش سـەرکەوتوو نەبوون، لە هەر دۆخێکدا دەرەنجامەکەی بـە شـێوەیەکی سیاسـی دیـاری دەکـرا، سەرکەوتنەکان زۆر ناسراون و پێویست ناکات لێرەدا ئێمە پێیانـەوە خـەریک بین، شکسـتەکان کـەمتر ناسـراون و زۆر جێگـەی سـەرنجن، بـۆ نموونـە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا پـاریس لـە ڕێگـەی ڕکێفکـردنی سیسـتمی قوتابخانـە و زۆربـەی چاپەمەنیەکانـەوە لـە کەمکردنـەوەی ئـەو زمانـە زۆرانـە سـەرکەوتوو بـوو کـە لەڕاسـتیدا لـە فەڕەنسـا قسـەیان پێ دەکـرا و بـۆ پێگـەی زاری قسـەکردن یـان پاتۆیس، مەدرید کەمتر سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ئەو ژمارە زۆرەی زمان کە لە ئیسپانیادا قسـەیان پێ دەکـرا (بـۆ نموونـە کەتـەلۆنی و گالیسـی) بـۆ تـەنها زاری سادەی کاستیلیان، لەندەن لە لەناوبردنی تەواوەتیی زمانی گێلیک وەک زمـانێکی زینـدوو زۆر نزیـک بـووەوە، بـەڵام ئـەمڕۆ گەڕانەوەیـەکی بـەرچاوی بـە خۆیـەوە بینیوە.

ئەگەر بۆ ئاسیا بگەڕێینەوە، زۆر هەوڵی جۆراوجۆر بـۆ ناسـیونالیزمی زمانـەوانی دەبینین، کە بـۆ لێکۆڵینـەوەی بـەراوردکاری زۆر پڕبـەهان، جۆراوجۆرییەکـە خـۆی ئامـاژە بـۆ سـەختیی گفتوگـۆکردن لەسـەر یـەک شـێوەی ئاسـیایی ناسـیونالیزم دەکات، فـەرمانڕەوایانی مـێیجی نموونـەی پاریسـیان پـەیڕەو کـرد و شـێوەزاری تۆکیۆیـان بەسـەر بـاقیی وڵاتـدا سـەپاند و هـەموو شـێوەکانی تریـان بـۆ پێگـەی پەراوێزی زارەکان کورت کردەوە، لە سەردەمێکدا کە زمانی قسەکردنی کیوشـو لە هۆنشودا لە ئاستی تێگەیشتندا نەبوو، تەنانەت زۆر زیاتر زمـانی ڕیوکوسـەکان بوو، ئێمە بەو پرۆسێسە ئاشناین کە زمانی کانتۆنیس و هۆکین و هاکا و... تاد، کە

بە ئاشکرا بە مافی تایبەتیی خۆیان زمانن و بە هـەمان شـێوەی زمـانی ڕۆمـانی، ئیتاڵی و ئیسپانی بە شێوەیەکی شل بەستراوەن، لەژێر سایەی زمـانی نەتـەوەیی نـوێی ماندارینـدا بـۆ زارەکـانی ئاخـاوتن لـە تایلەنـد کـورت کراونەتـەوە، زمـانی تایلەندی بانکۆک هەژمورنی بەسەر ئەوەدا کرد کـە نـاوی بـە زارەکـانی بـاکوور و بـاکووری ڕۆژهـەڵات و باشـووری وڵاتەکـە دەبـرد، کـە ئاسـایی خـەڵکی بـانکۆک تێیناگەن.

دوو حاڵەتی دووڕەگیی سەرنجڕاکێش لە لایەن ڤێتنام و ئەندەنوسیاوە پێشکەش دەکرێن، لـە حاڵـەتی یەکەمـدا کۆڵۆنیالیسـتانی فەڕەنسـی سـوور بـوون لەسـەر ئەوەی کەلتووری شێواز، چینی مانـدێرناتا تێـک بشـکێنن، لـە ڕێگـەی سـەپاندنی بەڕۆمانیکردنی زمانی ڤێتنامی لە قوتابخانـە و دەزگاکـانی چـاپ و بڵاوکردنـەوەدا کە لـە ڕووی داراییـەوە پاڵپشـتیی ئـەوەی کـرد، لـە سـاڵانی بیسـت و سـییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ناسیۆنالیستە ڤێتنامییەکان تا دەهـات زیـاتر ئـەم شۆڕشـەیان پەسەند دەکرد و زیاتر درێژیان کـردەوە و بنـەمای خوێنـدەواریی بەکۆمـەڵیان لـە زمانی ڤێتنامیدا دروسـت کـرد، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی بنەڕەتییان لەگـەڵ نـەریتی ئـەدەبیی بونیـادنراودا لەسـەر کارەکتـەری سـینیفیدی سـەدەکانی پێشـوویان کۆتـایی پێ هێنـا، لـە -هیندسـتانی- ڕۆژهـەڵاتی هۆڵەنـدا، حکومەتی کۆڵۆنیال کە زۆر نادڵنیا بـوو لـە بـەهای جیهـانی هۆڵەنـدی و زۆر لـەوە چاوچنۆکتر بوو کە ئەو پارەیـە خـەرج بکـات کـە پێویسـت بـوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی زمانی هۆڵەندی لە ڕێگەی دوورگە گەورە زۆرەکانەوە، کە لە ڕێگەی شـێوەیەکی بەستانداردبووی زمانی کۆنی دوورگەکانەوە، کە زمانی مـالای بـوو، ئـەو کارەیـان دەکرد، تا کۆتـایی بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ناسیۆنالیسـتەکانی ئەندەنوسـیا بڕیاریان دابوو ئـەم زمانـەی ئێسـتا پـێی دەگـوترێت زمـانی ئەندەنوسـی، زمـانی ڕاسـتەقینەی نەتـەوەیی بێت، دوای ئـەوە زۆر زمـانی گـەورەی وەکـو جـاوانی، سوندانی، مادوری و بوگینز تەنها کران بە زمانی ناوچـەیی، هەرچەنـدە زۆربـەیان لە زمانی مالای کۆنترن و هەندێکیان نەریتی ئەدەبی زۆر کاریگەرتریان لە نەریتی زمانی مالایدا هەیە.

هـەردوو وڵاتی هیندسـتان و فلیـپین شکسـتیان هێنـاوە -ئەگـەر ئـەوە وشـەیەکی دروسـت بێت- لـە دروسـتکردنی زمـانێکی نەتـەوەیی لـە لایـەن هەموانـەوە پەسەندکراو، زمانی کۆڵۆنیـالیزم -ئینگلـیزی و ئـەمریکی- وەک زمـانی کاریگـەری دەوڵـەت و دەسـتەبژێری نەتـەوەیی دەمێنێتـەوە، کـەلتوورێکی ئـەدەبیی بـەهێزی زمان و ناسیۆنالیستی ئینگلیزی لە هەردوو وڵاتەکەدا بوونی هەیە و خـۆی لەگـەڵ کـەلتوورەکانی هینـدی، بـەنگاڵی، تامیـل، تاگـالۆگ و سـیبوانۆی کـەمتر بـەهێزدا گونجاندووە، پاکستانی کۆن دابەشبوو بۆ دوو نەتەوەی جیاواز، بەشـێکی بـە هـۆی سەرکوتکردنی زمانی بەنگالی لە لایەن کەراچییەوە، کە دواتـر بـوو بـە بزوێنـەری

ناسـیونالیزمێکی زمانـەوانی لـە بـەنگلادیش، کـە زۆر لـە ناسـیونالیزمە زمانەوانیەکانی زووتری یۆنان، نەرویج و چیکۆسـلۆڤاکیای کـۆن دەچێت، نوێـترین دەوڵـەتی نەتـەوەیی لـە ئاسـیادا، تیمـۆری ڕۆژهەڵاتـە، کـە سـەرەڕای قـەبارە بچووکەکەی زیاتر لە بیست گرووپی زمانەوانیی ئیتنیکی لەخۆ دەگرێت، کە زمانی پورتوگالی وەکو زمانی دەوڵەتەکـەی هـەڵبژاردووە و زمـانێکی سـادە کـە زمـانی 'تێتۆن'ە، وەک زمانی یەکێتیی نەتەوەیی هەڵبژاردووە.

زۆر ئەستەمە بڵێین ئەمڕۆ ناسیونالیزمی هیندی کـەمتر لـە ناسـیونالیزمی چیـنی جیددییـە، ناسـیونالیزمی تیمـۆری لـە ناسـیونالیزمی تایلەنـدی، ناسـیونالیزمی ئەندۆنیسی لە ناسیونالیزمی ژاپۆنی، یان ناسیونالیزمی تایوانی لـە ناسـیونالیزمی کـۆری، ئەگـەر مـرۆڤ بپرسـێت بـۆچی ئەمـە دەبێت وا بێت، بەتایبـەتی ئـەمڕۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە بەبێ بیرکردنەوە لە ڕۆڵی میدیای ئەلیکترۆنی نەشیاوە، کـە بۆ زۆربەی خەڵک لە ئێستادا پیادەی کاریگەرییەکی بەهێزتر لە چاپەمەنی دەکـات، کە دایکی ڕەسەنی ناسیونالیزمە، تەلەڤیزیۆن وا دەکـات لـە چرکەسـاتێکدا شـیاو بێت هەمان وێنە و هێماکان لە ڕێگەی زمانی جیاوازەوە بگەیـەنرێن، تەنانـەت بـۆ کەسانی بەئەستەم خوێندەوار و زۆر گەنجیش، جگە لەوەش خەڵکی زیاتر و زیاتر بـە ئاسـتی جیـاوازی شـارەزایی، خۆیـان بـە بـەکارهێنانی زمـانی جیـاوازەوە لـە چوارچێوەی جیاوازدا گرتووە، بەبێ ئەوەی ئەمە بە شێوەیەکی جیددی ناسـنامەی نەتەوەییان بگۆڕێت.

تەنانەت مرۆڤ دەتوانێت گفتوگـۆ بکـات، وەکـو ئـەوەی من لـە چوارچێوەیـەکی تردا کردوومە، پەیوەندیکردنە ئەلیکترۆنیەکان لەگەڵ ئەو کۆچکردنە زۆرانـەدا کـە لە لایەن سیستمی ئابووریی جیهـانیی ئێسـتاوە یـەک دەخـرێن، شـێوەیەکی نـوێی ڕقاویی ناسیونالیزم دروست دەکەن، کـە من پـێی دەڵێم ناسـیونالیزمی مـەودای دوور: ناسیونالیزمێک کە چیتر وەک پێشتر وابەستەی پێگەی هەرێمایەتی -شـوێنی خاک- نیە لە وڵاتی زێددا، هەندێک لە توندوتیژترین ناسیۆنالیستە سیخەکان بریتین لـە ئوسـتراليیەکان، ناسیۆنالیسـتە کرواتییـەکان، کەنەدییـەکان، ناسیۆنالیسـتە جەزائیرییەکان، فەڕەنسییەکان، چینیـەکان و ئەمریکاییـەکان، ئینتـەرنێت و بـانکی ئـەلیکترۆنی و گەشـتی نێودەوڵـەتیی هـەرزان بـوار بـەو جـۆرە خەڵکانـە دەدەن کاریگەرییـەکی بـەهێزیان لەسـەر سیاسـەتی وڵاتی ڕەسـەنی خۆیـان هـەبێت، تەنانەت ئەگـەر چیـتر نیازیـان نـەبێت لـەوێ بـژین، ئەمـە یەکێکـە لـە دەرەنجامـە گاڵتەئامێزە سەرەکییەکانی ئەو پرۆسێسانەی بە شێوەیەکی گشتی بە جیهـانگیری ناو دەبرێن، ئەوەش هێشتا هۆکارێکی ترە بۆ بڕواکردن بەوەی هـەر جیاوازییـەکی زەق و دیار لە نێوان ناسیونالیزمی ئاسیایی و ئەورووپیدا هیچ ڕەوایەتییەکی نیە.

سەرچاوە:

newlefterview-org/issues/ii9/articles/bendict anderson-:https://

## سەرچاوەکان:

بەشی یەکەم: ناسیونالیزم

1، See Berlin 1979, Smith 1991, Levy 2000, and the discussion in Gans 2003; for a more extreme characterization see the opening pages of Crosby 2005, and for a recent rich and interesting discussions of nationalist attitudes see Yack 2012, 2018،

2، For discussion of Gellner's views see Meadwell 2012, 2014, and papers in Maleševića and Hugarard 2007،

٣- ڕۆجەر سکرۆتۆن ئەم دوانە تێکەڵ دەکات بەو پێیەی بۆ ئەو دڵسۆزیی نەتەوەیی نیشتمانپەروەریی هەمان شتن: دڵسۆزیی کەسێک بۆ وڵاتەکەی، 'خۆشەویستیی سروشتی وڵات، هاووڵاتییان و ئەو کەلتوورەی یەکیان دەخات' (2004:ـ 4). لەڕاستیدا نیشتمانپەروەران بە گەل و ئەو خاکەی 'بە ماف' هیی خۆیانە وابەستەن، نیشتمانپەروەری هەوڵدان بۆ نووسینەوەی ئەو مافە بۆ ناو حکومەتێکی بێلایەن و فەرمانڕەوایی و سەروەریی یاسا لەخۆ دەگرێت، ڕۆجەر وا دەردەکەوێت بانگەشەی ئەوە بکات دڵسۆزی خاکی لە ڕەگوڕیشەی هەموو شتێکدایە، لەبەر ئەوە دژایەتییە زاراوەیی و چەمکییەکان لە ئەدەبدا هەموویان ڕوونن.

4، Habermas 1992 [1996]; see the discussion in Markell 2000; for a wider understanding of patriotism see Primoratz and Pavkovic 2007،

5، Including Renan 1882 and Weber 1924; for a recent defense, see Brubaker 2004 and for a comparison with religion, Brubaker 2013،

6، A very prominent proponent of the distinction is Hans Kohn 1965،

7، See a fine overview and discussion of his work in the collection by Malešević and Haugaard (eds،), 2007، See also Özkirimli, 2010, and for a strong, clear statement Greenfeld 2006،

٨- لای گێلنەر، ناسیونالیزم و دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە کاتدا پێکەوە دەڕۆن، بەرهەمی بەمۆدێرنکردن و بەپیشەسازیکردنن، مالێشڤیچ (2013، 2018) بە هەمان شێوە ناسیونالیزم بە دەوڵەت-نەتەوە دەبەستێتەوە، ڕۆڵی هاوپشتیی گرووپی کەم دەکاتەوە کە پێش لەدایکبوونی مۆدێرنیستی دەوڵەتێکی لەو جۆرە لەبەردەستدایە.

٩- تیلی، لە وتارەکانیدا لە کۆبەرهەمی ساڵی 1975دا، جەخت لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتی مۆدێرنی سەرەتایی، لە پێکهاتنی نەتەوەدا دەکاتەوە، گیدێنس ساڵی ١٩٨٥ دەوڵەتی ڕەهاخواز لەگەڵ بەناوەندبوون و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتیدا بە شتێکی چارەنووسساز دەزانێت، یەکگرتنی بەئەنجامهاتوو توانای خستنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی

دەبێت، بەرهەمە گرنگەکانی تری مۆدێرنیست بریـتین لـە بەرهەمـەکانی هۆبسـباوم ١٩٩٠، و بریویلی ٢٠٠١ و ٢٠١١.

10، It is being developed by Daniele Conversi (see his 2002, and also presentation of his views and discussions of Connor in Conversi 2018)،

11، See, for instance, MacCormick 1982; Miller 1992, 2000; Tamir 1993, 2019; Gans 2003; Moore 2009; Dagger 2009; and, for an interesting discussion, Frost 2006،

12، For an overview of Marxist approaches, see Glenn 1997،

١٣- بەڵام هەندێک لە نووسەران کە خۆیان وەک ناسیۆنالیسـتی لیـبڕاڵ وەسـف دەکـەن، بـە شێوەیەکی دیـار لـە نێویانـدا کیملیکـا '2001، 2003b، 2007b' بنـەما کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ بۆچوونەکەیان ڕەت دەکەنەوە.

14، I am adapting the excellent taxonomy of A، Kolers (2009: Ch، 1) to the topic at hand،

15، For instance, in their human rights (Buchanan 2004), pre-political Lockean property rights (Simmons 2001), individual resource rights (Steiner 1999), or political association rights (Wellman 2005)،

16، The view is explicit in Friederich Meinecke 1924 [1965] (Introduction) and Raymond Aron 1962 and very close to the surface in Hans Morgenthau 1946; for interesting links with contemporary nationalisms, see the paper by Michael C، Williams 2007 and the book edited by Duncan Bell (2008)،

17، For debates on partiality in general, see Chatterjee and Smith 2003 and, more recently, Feltham and Cottingham 2010،

18، See the anthologies McKim & McMahan 1997; Couture, Nielsen, & Seymour 1998; Miscevic 2000 and Primoratz and Pavkovic 2007; Sardoč 2017–،

19، And its various versions worked out in considerable detail by authors such as Yael Tamir (1993, 2019), David Miller (1995, 2000, 2007), Kai Nielsen (1998), Michel Seymour (2000) and Chaim Gans (2003)، See also the debate around Miller's work in De Schutter and Tinnevelt 2011 and Butt et al،, 2018،

20، For instance in Miller (2005a), Sung Ho Kim (2002) or Brian Vick (2007)،

٢١- بۆ گفتوگۆیەکی زۆر هاندەری سوود و زیانەکانی بەراوردکاریی هەریەکێکیان، سەیری توێژینەوەکانی ڕینەر باوبۆک (2004) و ویل کیملیکا (2004) بکەن، هەردووکیان لە دیکۆف 2004، یەکەمیان بەرگری لە بژاردەی ناخاک دەکات، دووەمیان بەرگری لە بژاردەی خاک دەکات.

٢٢-- بۆ باسێکی درێژکراوەی ئەم مشتومڕە، بڕوانە:

- Buchanan 1991،Moore 1998; and Gans 2003، J، Levy 2004, and the volume on secession by Pavković and Radan 2007, and the work of Christopher Heath Wellman 2005، An interesting volume from a legal perspective is Kohen 2006, and some interesting case studies are presented in Casertano 2013، For an extremely negative judgment see Yack 2012, Ch، 10،

٢٣- سەیری پێشکەشکردنی ورد و بەرگری بکە لە کیملیکا ٢٠٠١، کارە نوێیەکەی بەڕاستی ئینسایکلۆپیدیاییە (2007b) کە هێشتا ناوبەناو بەم جۆرە کەلتوورییبوون بە 'ناسیۆنالیست' ناو دەبات، بڕوانە: کورتکراوەیەکی کورت لە: -Kymlicka 2003a; and Gans 2003.

٢٤- بۆ نموونە 'Canovan 1996 ch 10' تامیر وا نیشان دەدات وازی لە نموونەی باڵای 'دەوڵەت-نەتەوە' هێناوە و بەو هۆیەوە دەستبەردای نەتەوەبوونیش بووە. سیمۆر (1999) ڕەخنە لە تایلۆر و کیملیکا دەگرێت کە پشتیان لە بەرنامەی ناسیۆنالیستیی ڕاستەقینە و پێشنیاری فرەکەلتووری لەبری ناسیونالیزم کردووە.

٢٥- بۆ ڕێبازێکی کۆمەڵناسییانەی زیاتر لە دیالێکتیکی جیهانی و ئێتنۆ-نەتەوەیی، سەیری پێشەکی بۆ دیلانتی و کۆمار ساڵی 2006 و بەشداریی دیلانتی لەو بەرگەدا بکە.

٢٦ - لێکۆڵینەوەیەک لەم ئاراستەیەدا لە لایەن کۆک-چۆر تان (2004، بەتایبەتی سەیری بەشی پێنجەم بکە) ئەنجام دراوە، بەڵام لە وتارەکەی دواتریدا ساڵی ٢٠١١ تەواو لە گوماندایە سەبارەت بەو یەکگرتنە (هەروەها سەیری کتێبەکەی ساڵی ٢٠١٢ بکە).

٢٧- پییێر ئاندرێ تاگوێف لە کتێبەکەیدا ساڵی 2015 سەبارەت بە پۆپۆلیزم، بە ناونیشان': La revanche du Nationalisme ' پۆپۆلیزم وەک جۆرێک لە ناسیونالیزم دەخاتە ڕوو، ئەو دەستەواژەی بەسوودی 'نەتەوەیی-پۆپۆلیست'ی داهێنا.

28، See, for instance, papers on populism and nationalism collected in Breuilly, Hutchinson, and Kaufmann 2019 and on migration in Nation and Nationalism, 2019،

29، Yack (2012: 203ff) starts from the same point to derive much more pessimistic conclusions،

30، For a recent debate see Nation and nationalism, thematic issue from 2019, in particular the paper by Eric Kaufmann (2019)،

٣١- لێرەدا کۆک-چۆر تان، بنەمایەک پێشنیار دەکات کە لە ڕێگەی ناوەڕاستی ئەرێنی دەچێت، لە نێوان توندڕەوییە نەرێنیەکان:

ئەوەی تێزی نیشتمانپەروەریی سنووردار پێویستی پێیەتی، کاتێک بۆ ئەو جیهانە نائایدیاڵە -نانموونەییە- جێبەجێ دەکرێت، کە هەرگیز دادپەروەری تێیدا بەتەواوی بەدی نایەت، ئەوەیە نیشتمانپەروەران دەبێت ئەرکەکانی خۆیان لە دادپەروەریی جیهانیش بە جیددی وەربگرن و دەبێت چالاکانە بەرەو ڕێکخستنێکی جیهانیی دادپەروەرانەتر هەوڵ بدەن، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت پیادەکردنی لایەنگری نیشتمانپەروەرانەیان ڕەوا بێت، لەوانەیە بایەخپێدانی تایبەتیی هاووڵاتیان نیشان بدەن، بەڵام دەبێت بە دڵسۆزی هەوڵی کەمکردنەوەی نادادپەروەرییەکانی پاشخانیش بدەن بە کارکردن بەرەو جیهانێکی یەکسانیخوازتر (2004: 161).

سەرچاوەکانی بەشی دووەم:


[1] Berlin, I، 1958، Two Concepts of Liberty in Berlin, I، 1969، Four Essays on Liberty، Oxford: Oxford University Press،

[2] Breauilly, J، 1996، Approaches to Nationalism in Gopal Balakrishnan (ed،) Mapping the Nation، London and New York: Verso،

[3] Geertz, C، 1973، The Interpretation of Cultures، New York: Basic Books،

[4] Hastings, A، 1997، The Construction of Nationhood: Ethnicity, Religion and Nationalism، Cambridge: Cambridge University Press

[5] Horowitz, D، 1985، Ethnic Groups in Conflicts، Berkeley and Los Angeles: University of California Press،

[6] Hutchinson, J، Smith, A،D، 1996، Ethnicity، Oxford: Oxford University Press،

[7] Hobsbawn, E،, Ranger, T، 1983، The Intervention of Tradition، Cambridge: Cambridge University Press،

[8] Hobsbawn, E، 1990، Nations and Nationalism since 1780، Cambridge: Cambridge University Press،

[9] Kedourie, E، 1960، Nationalism، London: Hutchinson،

[10] Shilds, E، 1957، Primordial, Personal, Sacred and Civil Ties، British Journal of Sociology, vol، 7،

[11] Shilds, E، 1972، The Intellectuals and the Powers, and Other Essays، Chicago: Chicago University Press

[12] Smith, A، 1999، Myths and Memories of the Nation، New York: Oxford University Press،

[13] Smith, A، 1986، Ethnic Origins of Nations، Oxford: Blackwell،

[14] Smith, A، 1991، National Identity، Harmondsworth: Pengium،

[15]van den Berghe, P،L، 1978، Race and Ethnicity: A Socio-biological Perspective، Ethnic and Racial Studies (Journal), vol، 1, no، 4،

[16]van den Berghe, P،L، 1995، Does race matter? Nations and Nationalism(Journal), vol، 1, no، 3،

[17]van den Berghe, P،L، 1987، The ethnic phenomenon، Westport: Praeger Publishers،

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم: تیۆرییەکان:

Anderson, B، (2006) “Imagined Communities – Reflections on the Origin and the Spread of Nationalism”، Revised Edition، London-New York: Verso،

Armstrong, J،A، (1982) “Nations before Nationalism”، Chapel Hill: The University of North Carolina Press،

Bakić, J، (2006) „Teorijsko-istraživački pristupi etničkoj vezanosti (ethnicity), nacionalizmu I naciji“، Sociologija, 48 (3): pp 231-264،

Barth, F، (1969), “Ethnic Groups and Boundaries”، Boston: Little, Brown and Company،

Beck, U، (1999) “What is globalization”، Cambridge: Polity Press،

Billig, M، (1995) “Banal Nationalism”، London-Thousand Oaks-New Delhi: SAGE،

Breuilly, J، (2008) “Introduction”، In Gellner, E، “Nations and Nationalism،2nd edition Ithaca-New York: Cornell University Press،

Brubaker, R، (1996) “Nationalism reframed – Nationhood and the national question in the New Europe”، New York: Cambridge University Press،

Brubaker, R، (1998), “Myths and Misconceptions in the Study of Nationalism“، In Hall, J، (Ed،), “The State of the Nation، Ernest Gellner and the Theory of Nationalism”, Cambridge: pp، 272-306،

Cohen, A، (1974) “Introduction: The Lesson of Ethnicity”، In Cohen, A، (ed،) “Urban Ethnicities”، London: Tavistock: pp، ix-xxiv،

Connor, W، (1994) “Ethnonationalism: The Quest for Understanding”،Princeton, New Jersey: Princeton University Press،

Galtung, J، (1996), “Peace by Peaceful Means – Peace and Conflict, Development and Civilization”، London: PRIO and SAGE Publications،

Gellner, E،, Breuilly J، (2008), “Nations and Nationalism”، Second edition, Ithaca-New York: Cornell university Press،

Hechter, M، (1975) “Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development, 1536–1966”، Berkley and Los Angeles: University of California Press،

Hobsbawm, E، (2007) “Globalization, Democracy and Terrorism”،Boston: Little, Brown and company،

Hobsbawm, E، (2016) “Nations and Nationalism since 1780”، Second edition, Cambridge: Cambridge University Press،

Hobsbawm, E،, Ranger, O، T، (1992) “The Invention of Tradition”،Cambridge: Cambridge University Press،

Williams H، (2016) “International Relations and the Limits of Political Theory”، London: Palgrave Macmillan،

Hylland Eriksen, T، (2010) “Ethnicity and Nationalism – Anthropological Perspectives”، Third edition، New York: Pluto Press،

Nairn, T، (1981) “The break-up of Britain”، London: NLB and Verso،

Nojman, I، B، (2011) “Upotrebe drugog - Istok u formiranju evropskog identiteta”، Beograd: Službeni glasnik, Beogradski centar za bezbednosnu politiku،

سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم:

1 See also Gellner’s lecture of 1982 (reprinted in 1987: ch، 2)، For critiques of this early formulation, see Kedourie (1971:19–20, 132); A،D،Smith (1983a: ch، 6)،

2 Gellner adds that, although other modern developments, from the Reformation to colonialism, have contributed to its spread, nationalism is basically a product of

industrial social organisation, exactly because cultural homogeneity is imposed by

the requirements of an industrial society, with the result that every modern state

must be legitimated in terms of the national principle (Gellner 1983:40–3)،

٢- گێلنەر دەشڵێت هەرچەندە پێشکەوتنە مۆدێرنەکانی تـر، لـە چاکسـازییەوە تـا کۆلۆنیـالیزم بەشـدارییان لـە بڵاوبوونەوەیـدا کـردووە، ناسـیونالیزم لـە بنەڕەتـدا بەرهـەمی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتیی پیشەسازییە، ڕێک لەبەر ئەوەی یەکسانیی کەلتووری لە لایەن پێداویسـتییەکانی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازییەوە، کە لە ئەنجامدا هـەموو دەوڵـەتێکی مـۆدێرن دەبێت لـە ڕووی بنەمای نیشتمانیەوە ڕەوا بێت بڕوانە Gellner 1983:40–3.

٣- ڕەنگە ئەزموونەکانی کۆچکەرانی چیک بێت بۆ ناو زمانی ئەڵمانیی ناوچە بۆهێمییـەکان لـە ئیمپراتۆریـەتیی هابسـبورگ کـە گێلنـەر لـە وێناکردنیـدا لـە مێشـکیدایە لـە ڕویتانیـەکان لـە مێگالۆمانیا، هەروەک چۆن ئەزموونی بیدۆنقیلەکانی مـەغریب کـە لـە کـاتی لێکۆڵینەوەکانیـدا لەسەر بەربەرەکان تووشی بوو، کە بـۆ بەشـێکی گـرنگی پێکهـاتنی پێشـووتری ئیلهامبـەخش بوو.

٤- بێگومان لێرەدا گێلنەر کۆمەڵە ڕەوەندە کۆنەکانی ئەرمەنەکان و جولەکەکانی لە مێشـکی خۆیدا وێناکرد، کە سەرەڕای فرە زمانی و ئابووری نەرم و نیان، دەرکەوت کە ئـایینی کتێـبی پیرۆزیان، بەربەستێکی تێپەڕنەکراو و" بۆشـاییەکی ئاکـاریی" لـە نێـوان ئـەوان و کۆمەڵگـەی خانەخوێدا داناوە، بڕوانە:Zenner (1991) Armstrong (1976) and)،

٥- گێلنەر زاراوەی 'پرۆلیتاریا' بەکار دەهێنێت، نەک بە مانا نەریتییەکەی مارکسـی سـەبارەت بـە کـرێی دەسـتکەتووی کرێکـارانی کـاری دەسـت، بـەڵکو زیـاتر لـە هـەموو جووتیـاران و گوندنشـینەکان لـە ڕووی کـاری جەسـتەیی و لـە ڕووی دەروونیـەوە، کـە بـە هـۆی بەمۆدێرنکردنەوە لە ڕەگ هەڵکێشرابوون.

-6 See my critique of the historical links between nationalist movements and industrialism, in A،D،Smith (1983a: ch، 6); see also Nettl and Robertson (1968: part I)،

7 For general critiques of evolutionary modernisation theories and their applications to contemporary social and political change, see Geiger (1967), Gusfield (1967), Dore (1969), Nisbet (1969) and A،D،Smith (1973b)،

٨- لە دوایین مشتومڕەکەیدا لەسەر ئەم بابەتە لە وارویک، گێلنەر (1996) ئیستۆنیەکانی وەک نموونەیەک لە کەلتوورێکی 'بەرز'ی تەواو مۆدێرن، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە: بۆچی ئیستۆنیەکان ئەو کەلتوورە بەرزەی ئاغا ئەڵمانیەکانیان یان دراوسێ ڕووسەکانیان وەرنەگرت، لەبری بەمۆدێرنکردنی کولتوری 'نزم'ی خۆیان؟ بڕوانە A،D،Smith 1996b. لە دوای مردنی خۆی ناسیونالیزمی بڵاو کردەوە. گێلنەر ( 1997) تێڕوانینی خۆی بۆ بنچینە نوێیەکانی نەتەوە تەواو گەورەتر کرد، سەبارەت بە گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی ئیستۆنیا، بڕوانە Raun 1987:23–4, 32–3, 53–6, 62–7, 74–80. بۆ بەکارهێنانی تیۆرییەکەی گێلنەر بۆ ناسیونالیزمەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بڕوانە گێلنەر 1994: بەتایبەتی بەشی ٢.

9 For the problem of ethnic volunteering in the First World War, see the discussion in

Breuilly (1993: ch، 2)،

10- On the French Third Republic and Lavisse, see Citron (1988); also more generally, Ozouf (1982)، For the case of Japan, see Lehmann (1982); for Turkey, Berkes (1964) and Kushner (1976), and for Nigeria, Igwara (1993)،

11 On Rousseau’s views of the nation and patriotism, see Cohler (1970) and Viroli (1995: ch، 3)، For Fichte’s nationalism, see Reiss (1955) and the critique in Kedourie (1960)، On Gökalp, see Lewis (1968: ch، 10) and Kedourie (1971: Introduction)، For Ben-Zion Dinur, see Dinur (1969)،

١٢- ئەوە واکەر کۆنۆر بوو کە بۆ یەکەم جار سەرنجی بۆ سروشتی فرەیی ئیتنیکی لە سەدا نەوەدی دەوڵەتانی جیهان لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی ڕیشەیی لە نموونەی 'بونیادنانی نەتەوە' ڕاکێشا، ئەوەش لە وتارێکی بەناوبانگدا بە ناونیشانی 'بونیادنانی نەتەوە یان تێکشکاندنی نەتەوە'. بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە (Connor 1972; reprinted in Connor: 1994: ch،2). هەروەها سەیری گفتوگۆکەی من بکە سەبارەت بە ناسیونالیزمی خاک یان ئیتنیکی لە ': in A،D،Smith 1991: chs 5–6' هەموو ناسیونالیزمەکان کۆشش بۆ یەکێتیی نەتەوە دەکەن، بەڵام هەموویان لە ڕوانگەی خاوێنیی ئیتنیکی و هاوچەشنیی کەلتوورییەوە بیر ناکەنەوە، هەر ئەم گۆڕانکارییە لە سروشتی ڕوونکردنەوەدا، کە وا دەکات زۆر قورس بێت، یەک تیۆری گشتی لە ئاستی جیهانیدا بۆ چەمکی نەتەوە پیادە بکرێت.

١٣- کێشەکانی پاراستن یان بونیادنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگە فرەکەلتوورییەکاندا سەرنجی خاوەن تیۆرییەکانی پاش مۆدێرنیتەیان داگیر کردووە، کە بایەخیان بە جیاوازیی کەلتووری لە دیموکراسییە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوادا دەدا، لە بەشی نۆی

ئەم کتێبەدا دەست دەخەمـە سـەر هەنـدێک لـەو پرسـانە، بـۆ نموونـە بڕوانـە: (1993Miller). هەروەها لەسەر سیاسەتی فرەکەلتووری، بڕوانـە (Kymlicka 1995: ch، 4 and Tamir 1995).

14 - On the Czechs and their nationalism, see Zacek (1969), Seton-Watson (1977:149–

57), Agnew (1993) and Pynsent (1994: chs 2, 4)، On the Finns and the rise of Finnish nationalism, see Branch (1985: Introduction), Singleton (1989) and Tagil (1995:

part III)، On the Ukrainian, see Portal (1969) and, for their growing sense of 232 Notes difference from Great Russians, see Saunders (1993)، On the Slovaks and the rise of Slovak nationalism, see Brock (1976), Paul (1985) and Pynsent (1994: ch، 2)،

15 For this general view, see Tonkin et al، (1989: Introduction); but cf، A،D،Smith (1997b)، For images of national exempla virtutis, see Rosenblum (1967: ch، 2)،

16 On Tilak's nationalist use of the Hindu religion and episodes from the past, see Adenwalla (1961) and Kedourie (1971:70–4)، For the recent development of Hindu nationalism in India, see van der Veer (1994)،

17 On this 'blocking presentism', see Peel (1989); for a more general critique, see A،D، Smith (1988, 997b)،

18 For discussions of 'ethnicity', see Tonkin et al، (1989) and Eriksen (1993)، For the relationship of ethnies to nations, see Chapters 7 and 8،

سەرچاوەکانی بەشی شەشەم:

1-Text of an address delivered in Taipei, April 2000،

2-Inventing Japan: Time, Space, nation, Armonk, NY 1998،